# چۆن دەبیت بە سەرکردە؟

ناوی کتێب: چۆن دەبیت بە سەرکردە؟
نووسینی: فیلد مارشاڵ مۆنتگمری
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: مقدم محمد حازم سليم
پیاچوونەوەی: د.احمد سويلم العمري
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەحمەد سەلام
بابەت: توێژینەوەی سیاسی
هەڵەچنی: سازان قادر
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عبدالرحمن
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 2500 دینار
ژمارەی سپاردن: 613 ی 2006
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم ساڵی 2007
کوردستان – سلیمانی
www.serdam.org

فیلد مارشاڵ مۆنتگمری

– لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە –

# چۆن دەبیت بە سەرکردە؟

لە عەرەبییەوە

**ئەحمەد سەلام**

سلێمانی 2007

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (390)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

## قسەیەکی کورت و ڕەوان

کاتێ ئەم کتێبەم بۆ یەکەمجار خوێندەوە، بیرێك لە مێشکما گەڵاڵە بوو کە ئەم کتێبە شایان بەوەیە کەلێنێك لەکتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە، دیارە ئەمڕۆیش لە هەموو رۆژێ زیاتر پێویستمان بەم جۆرە بابەتانەیە، بۆیە بڕیارمدا هەر چۆنێك بێ وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەوەیشی زیاتر هانیدام بکەومە سەر کەڵکەڵەی وەرگێڕانی ئەم کتێبە لەڕاستیدا ئەو بۆچوون و هەڵەو ڕەوتە کورتبینانە بوون کە تا ئێستا لەناو ئێمەدا بوونەتە قسە و قسەلۆکی سەر زمانی کەسانێك کە ئەتوانم بڵێم فرە لە خەسڵەتی سەرکردە و فرە لە بارودۆخی سەرکردایەتی نازانن، بۆیە هەمیشە کوێرانە تفەنگ بە تاریکیەوە دەنێن. بۆ نموونە لای ئێمە ئێستاش لەناو برێ خەڵکیدا زمانی ڕەخنە و پلار هاویشتن لەم سەرکردە و لەو سەرۆك و لەو پیاوچاك بۆتە بنێشتەخۆشەی ژێردانیان وەك بڵێی خۆیان زۆریان لە کاروکردەوەی ئەو سەرکردانە تێپەڕاندبێ و هیچیان بۆ کەس نەهێشتبێتەوە! کەم کەس هەیە لەناو ئێمەدا گوێی لەم قسانە نەبووبێ:

( ئێ... جا سەلاحەدینی ئەیوبی چی بۆ کورد کردوە؟!)

(شێخ مەحموود بۆچی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان رێك نەدەکەوت؟)

(بارزانی بۆ وایکرد و واینەکرد؟)

ئیتر دەیان پرسیاری وا سەیر و پڕ سەمەرە!

من شتێکی تازە نالێم ئەگەر بێم لێرەدا ئەو راستیە دووبارە بکەمەوە کە لەئەنجامی ئەو بابەتانەی لەسەر سەرکردە و سەرۆکی میللەتانی دنیاوە وتراون

لەم کتێبەدا یان لە هەر شوێنێکی دیدا باسێکی وام دیبێ یا خوێندبێتەوە کاتێ لێی وردبوومەتەوە بۆم دەرکەوتووە زۆر لەو خاڵە سەرەکیانەی ئەو کەسانەی لەدنیادا پێی ناسراون، کەم و زۆر ئەو خەسڵەت و پێناسانە لەناو سەرۆك و سەرکردەکانی ئێمەیشدا هەن و هەبوون بۆیە ئەگەر خۆمان لەڕاستیەکان نەدزینەوە و بەو پێوانە و هەڵسەنگاندنانە سەرۆك و پێشەوا ناودارەکانی خۆمان هەڵسەنگێنین و حیسابی بارودۆخی زاتی و مەوزوعی ناو خۆمان بکەین ئەوا دەکرێ دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە سەرکردەکانی ناو ئێمەش بەو پێوانانە دەچنە خانەی ئەوان و لەکات و سەردەمی خۆیاندا و (بگرە بۆ داهاتویشمان) دەکرێ بەنمونەی سەرکردەیەك لەو سەرکردانە دابنرێن کە ئەو خەسڵەت و پێناسانە دەیانگرێتەوە ، دیارە منیش ئەو هەقە بەخۆم ڕەوا دەبینم لە ئەنجامی ئەو تێبینی و سەرنجانەی دەربارەی سەرکردەکانی دنیا نوسراون و پەیڕوکراون لەو ڕوانگەیەوە دەتوانم سەرکردەکانی ناو خۆمان بخەمە خانەی ئەوانەوە ئەگەر لەڕیزی ئەوانیشدا نەبن هیچی وایان لەوان کەمتر نابێ. ئەگەر هەموو لایەك لەسەر ئەوە ڕێککەوتبن کە خەسڵەتەکانی هەموو سەرۆك و سەرکردەیەك لەم خاڵانەدا یەك دەگرنەوە وەکو (دڵسۆزیی و ئازایەتی و متمانەکردن بەخۆ و سەرنج ڕاگرتنی کۆمەڵگا و بڕیاردان لەکات وساتی خۆیدا سەبارەت بە مەسەلە و دۆزەگرنگەکان و خۆنەویستن و ..هتد).

ئەگەر سەرنج لەو خەسڵەتانە بدەین و زیاتر لەرەوشتی شۆڕشگێڕانەی سەرکردەکانی ناو خۆمان وردبینەوە ئەوا نەك هەر بەقسەی خۆمان بگرە تەنانەت ناحەزانیشمان دان بەوەدادەنێن کە زۆرسەرکردە و کەڵەپیاو لە خەباتی ڕۆژانەماندا هەڵکەوتون و جێدەستیان دیارە.

لەڕاستیدا کاتێ من خەریکی وەرگێڕانی ئەم کتێبە بووم بەم شێوەیە و بەم قەبارەیە ، ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت کتێبێکی ترم هەر بەم ناونیشانە و هەر هی ئەم پیاوە (فیلد مارشال مونتگری) لەکتێبخانەیەکدا بینی بە عەرەبی لەلایەن

(حەسەن مستەفا ئەلنەقیب)ەوە وەرگێڕداربوو بەناوی (السبیل الی القیادة) بەڵام تازە من لەم کارەبووبوومەوە ئومێدەوارم ئەگەر کەسێکی تر هەڵکەوێ کاریش لەوەدابکا خراپ نیە . ئەوەندە هەیە دەبێ ئەوەیش بڵێم ئەم کتێبە (الطریق الی القیادة) ئەگەر بە حەرفی وەرمگێڕایە دەبوو بڵێم (رێگا بەرەو سەرکردایەتی) ، لەو باوەڕەدام ئەم ناونیشانەیش زیاتر بۆ رۆمان و چیرۆك) دەست دەدا بۆیە بە قەناعەتی خۆم ناوم نا (چۆن ئەبی بەسەرکردە). ئیتر ئومێدەوارم ئەم کارەم خزمەتێك بگەیەنێ بە هەوادارانی ئەم بابەتە. دڵنیایشم هەر سەرکردەیەکی لای ئێمە ڕێچکەی سەرکردەکانی دنیا بگرێتەبەر ئەتوانێ میللەتەکەی بگەیەنێ بە کەناری ئازادی و سەربەخۆیی.

ئەحمەد سەلام

## سەرەتایەك

ناونیشانی ئەم کتێبەم وا هەڵبژارد (هەنگاونان بەرەو سەرکردایەتی = الطریق الی القیادة) لەبەر چەند هۆیەك تاکو ڕوونوڕەوانبێ بە بەرچاوی خوێنەرانەوە، ئەزمونی کردەنی (عملی) خۆم لەکاروباری سەرکردایەتیدا ئاشکرایە کارێکی سەربازیانەبووە ، بێگومان ئەم کارەیشم ماوەی پەنجا ساڵی بەردەوام بووە لە خزمەتێکی نەپساودا لەڕیزەکانی سوپای بەریتانیادا.

بەڵام وەك ئاشکرایە سەرکردایەتیش بۆخۆی چەندین مەیانی تری لێدەبێتەوە، لەوانە سەرکردایەتی نیشتمانی و سەرکردایەتی رامیاری و پیشەسازی و .. هتد. هەرچەندە من بۆخۆم شارەزاییم لەمانەی دواییندا لەڕادەی ئەو شارەزاییانەم نابن کە لەسەرکردایەتی سەربازییدا هەمبوون ..

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا لەنزیکەوە چاودێری ئەو چەشنە سەرکردایەتیەم کردووە .. باوەڕم وایە دەتوانم لێرەدا ئەزمون و تێبینی و زانیاریەکانی خۆم لەو ڕووەوە بخەمە ڕوو تاکو بتوانم سەرەتایەك لەو پرەنسیپانە ئاشکراکەم کە سەرکردایەتی دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ.

سەرەتا رەنگە هەندێ زەحمەتی بێتە ڕێمان چونکە هەر ناوی (سەرکردە = قائد) و سەرکردایەتی چەند مانا و زاراوەیەکی تری لێدەبێتەوە.. زۆر جار لەباسی سەرکردەدا مەبەستمان پێی ئەو کەسانەیە کە رۆژگار یا شانس یاخود لەڕێی پیلانێکەوە کارێ لەو کارانەیان دەستگیربووە، ئێمە لێرەدا باس لە سروشتی ئەو چەشنە سەرکردایەتیە ناکەین و باس لە کاریگەری چاکە و خراپەیان بۆ سەرخەڵکانی تر ناکەین.

مـن ئامـانجی سـەرەکیم ئەوەیـە لـەوە زیـاتر قولبمـەوە ئـەم کـارەم بـەو مەبەستەیە ئەو هۆییانە دیاری بکەم کە چۆن پیاو دەتوانێ لە پلەو ئاستێکی بالا و بڵندەوە خزمەت بەهاوولاتیانی خۆی بکات.

هیـوادارم ئـەوەی نووسـیومە جێـی رەزامەنـدیتان بـێ تاڕادەیـەکیش لەقسە و وشەی ئالۆزو پەناکی خۆم پاراستووە ، نەمویـستوە ئامانجە سـەرەکیەکانم نقووم کـەم (بەقـسەی بریقـەدار)، مـن ئامـانجم لەمـەدا وەکـو لـە سەرەتایـشەوە وتم ئـەوەبووە ئـەو هۆیانـە دیـاری بکـەم کـە تیایـا نیـشانیدەم چـۆن پیـاو دەتـوانێ دەسەلات بەسەر کەسانی تردا بگرێ بە مەبەستێك کە سوود و قازانج بـە خۆیـان و رۆڵەکانیان و نەوەی داهاتوو بگەیەنێ.

لە بەشی یەکەمدا ئەم مەبەستەم بەفراوانی و بەگشتی ڕوونکردۆتەوە. پاشـان لـە بەشـەکانیتردا سـەرکردایەتیم شـیکردۆتەوە ، بەڕادەیـەك چۆن هەنـدێ کـەس توانیویانــە ئــەو ســەرکردایەتیە بەڕێوەبــەرن، کــە زۆرجــار خــەڵکانێك هــاتوون کارەکانیان بەڕاست زانیون و خەڵکانی تریش بەپێچەوانەوە کارەکانیـان بـە هەڵـە بۆ لەقەڵەم داون.

لــە بەشــەکانی دوایــینی ئــەم کتێبــەدا بۆخــۆم هەنــدێ پرەنــسیپی گــشتیم دیاریکردوون کە لە ئەنجامی ئـەم نووسـینەوە بەدەرکـەوتون ئەگـەر بێتـو بـشێن، ئەوانە بە پڕەنسیپی گشتی دابنێین.

لەڕاستیدا من بۆخۆم گومان دەکەم لەوەی کەسێکی تر پێش من کتێبێکی وای لەم باریەوە دانابێ یا دەشێ من چاوم بەکتێبێکی وا نەکەوتبێ لەم بابەتە دووابێ (ئەگەر هەیش بووبێ). بۆیە دەڵێم بێ گومـانم لـەوەی کـە ئـەم بابەتـە بابـەتێکی قورسبێ و بـەڵێ تـا بـشڵێی قورسـە بەڕادەیـەك یـەکێ لـەهاوڕێکانم کـە ئەمـەم لا ئاشکرا کرد ویستی پشتم سارد بکاتـەوە لـەوەی نەکـەم نوسـینێکی وا بخەمـە ڕوو. بەلام من بۆخۆم بڕیارم دا لەم دەرگایە بـدەم جـا زەحمـەتبێ یـا سـووك و ئاسـان. ئەوەتا ئەمە ئەنجامەکەیەتی کە لەبەر دەستایە.

رەنگە یەکێکی تر ڕووبەڕووم بێتەوە و بابەتێك و دیدوبۆچونێکی باشتر بخاتەڕوو. ئەگەر شتێکی وا ئەنجام بدرێ ئەوە من لەلایەن خۆمەوە ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازم. ئەشێ لە کۆتایی ئەم کتێبەدا پێ رستی یەکگرتوانەی کتێبەکەت بەرچاونەکەوێ من بۆخۆم لە ئەنجامی (فهرست) تاقیکردنەوەی خۆمەوە گەلێ کەسانم بینیوە کە کتێب دەگرن بەدەستەوە خێرا هەوڵئەدەن بزانن ناوی خۆیان لە پێرەستی (فهرست)ی کتێبەکەدا هەیە یا نا ، ئیتر دوای ئەوە بەلای کتێبەکەدا ناچنەوە . لەڕاستیدا ئەم کتێبە بۆ ئەوە نییە هەر وا چاوێکی پیا بخشێنی و تەواو..

لەکۆتاییدا ئەوەیش بڵێم ، هەندێ هاوڕێم بە دەستنووسی کتێبەکەدا چوونەتەوە و پێشنیازی هەندێ لایەنی چاککردنەوەیان بۆ کردووم ، لەگەڵ ئەوەیشا لێرەدا ناویان نابەم نەوەك جۆرە (ئیحراجەییێەکیان) بۆ دروستکەم ، بەڵام لە کانگای دڵمەوە ئەوپەڕی سوپاسیان بۆ دەنێرم.

لەکۆتاییدا داوای لێبوردن ئەکەم ئەگەر بێتو لێرەدا بووبێتمە هۆی دڵ ئێشاندن و رق هەستاندنی کەسێك جا هەر کەسێك بێ.

نووسەر (مونتگمری)

# بەشی یەکەم
## مانای سەرکردایەتی

وەختێ کۆمەڵە کەسانێکی پیاو و ئافرەت کۆ دەبنەوە و کۆمەڵێك پێکەوە دەنێن یاخود کاتێ کۆمەڵ، کۆمەڵی بچووك دەبینین بێگۆمان هەستدەکەین ئەمانە پێویستە یەکێك هەبێ سەرکردایەتییان بکات و بەڕێوەیان بەرێت پاشان دەپرسین شێوەی ئەم سەرکردایەتییەچۆنە و، چۆن ئەو کەسە دەتوانێ سەرکەوتوانە دەسەڵاتی خۆی بە جێبێنێ..

ئێستا دەپرسین سەرکردایەتی یانی چی؟

سادەترین پێناسە بۆ سەرکردە ئەوەیە: (کەسێکە کە بتوانێ سەرکەوتووبێ لە قایلکردنی ئەو کەسانەی لە دەوری کۆبونەتەوە).

ئەشێ سەرکردە پیاوێکی پیاو چاك بێ و ئەشێت پیاوێکی دڵ رەق و کەللە رەقبێ، هەندێ کەس هەن زۆر زیرەك و زۆر ئازاشن، بەلاّم ناشێن بۆ ئەوەی دەسەلاّتی سەرکردایەتی بگرنە دەست، چونکە ئەمانە هەندێ پەرەنسیپی دیاریکراو هەن نایزانن و بگرە پەی بەو رێگایانە نابەن کە پیا دەڕۆن ئەو سەرکردەیەی کە لە ناخەوە خراپەی تیا خولقابێ رەنگە بۆ ماوەیەکی کەم وکورت لە کارەکانیا سەرکەوێ بەلاّم زۆر نابا وەك پشکۆیەك زوو دادەمرکێتەوە، هەر بۆ نموونە چەشنی سەرکردایەتی خراپەکاری وەکو (هیتلەر و مۆسۆلۆنی) سەرکردایەتی ڕاستەقینە و ساغ ئەوەیە کە لەسەر بناغەی متمانەی نێوان گەل و سەرکردە بنیات نرابێ.

سەرکردەی سەرکەوتوویش کەسێکە بتوانێ خۆشەویستی و رێزی خۆی لە ناو دڵ و دەروونی هاوولاّتیانیدا بچێنێ، کەواتە دەبێ بزانێ بە زمانێك قسەیان لەگەلاّ بکا تێیبگەن و دڵیانڕابگرێ.

ئەشێ پێناسەی سەرکردایەتی راستەقینە بەوە بکەین کە سەرکردایەتیەکە بتوانێ زمانی گەل یەکخات و هەوڵ و کۆششیان یەك بخات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی نیشتیماندا. بە واتایەکی تر دەبێ جۆرێك بێ لەو کەسایەتیانەی متمانەیان پێدەکرێ. دیارە ئەو توانا دارییەش دەبێ سووربوون و ویستێکی بەهێزی لەتەکدابێ چونکە توانا بەبێ ویستێکی دەسەلاتدارانە هیچ کاریگەرییەکی نابێ، هەروەها ئەوەی عەودالی سەرکردایەتیبێ دەبێ هەست و نەستی ئەوانەی دەورووپشتی خۆی دەورکردبێتەوە و چووبێتە قووڵایی ناخیانەوە تاکو دڵی هاووڵاتیانی خۆی بەلای خۆیدا رابکێشێ دیارە ئەگەر لەم ڕووەوە هاوسەنگییەك بکەین بۆمان دەردەکەوێ لەم بوارەدا پیاو لە ئافرەت زیاتر بۆ ئەم کارە دەشێ حەزرەتی عیسا جارێکیان لەبەردەمی قوتابیەکانیدا ئەمەی بۆ گێڕاونەتەوە و وتویەتی (راوکەرێکی باشی پیاوانەتان لێ دروست دەکەم).

مەبەستی حەزرەتی عیسا لەمە ئەوەیە کە چۆن فێریان کات بتوانن دڵی خەڵکی رابگرن، هەندێ لەو باوەڕەدان کە سەرکردایەتی بەهرەیە کە هەر لەدایك بوونی مرۆڤەوە لەتەکیا لەدایکدەبێ .. بەڵام من بۆخۆم (مونتمگری) باوەڕم وایە کە ئەم کارە بە راهێنان و شارەزایی دەستگیردەبێ.

لە مەیدانی سەربازیدا بە بڕوای من سەربازەکان زیاتر هۆگری ئەو سەرکردانە دەبن کە زیرەك و شارەزابن لە کاری خۆیانا تا ئەو سەرکردانەی کە کەم ئەزموون و کەم شارەزان، هەرچەندە بەشی خۆیان خاوەن شەخسیەتیش بن، ئەو سەرکردەیەی بڕوای بە ئەرکەکانی خۆی بێ و لە رادەی لێپرسراویەتی خۆی گەیشتبێ و بزانێ کارەکانی بە باشی بەڕێوەبەرێت سەرکردەی وا وەختی ئەوەی نابێ بیر لەوە بکاتەوە کە مەترسی گەمارۆیداوە، بۆیە ئەم جۆرە سەرکردانە هەمیشە سەرکەوتوودەبن لە بڕیاردانیانداو زۆرجار سەربازەکانیان بەرەو سەرکەوتن دەگەیەنن.

من بۆ خۆم لە ساڵی 1914 دا تاقیکردنەوەیەکی وام بەسەر هاتووە، ئەوسا (ملازم) بووم فەسیلێکی (پەلێکی) بچووکم بەڕێوەدەبرد، توانیم هەوڵێکی دزەکردنی ئەڵمانەکان تێکشکێنم.

هەروەها توانیم فەرماندەیی چەند دەورییەکی جێ پشکنی (دوریات استطلاعیة) بکەم لە ناوچەیەکدا کە پێشتر هیچ شارەزاییەکم لە بارەیەوە نەبوو.

هونەری ئەم کارانەیشم زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوێڕایەڵیەم بۆ فەرمان و ڕێنمایی فەرماندەکانم لە لایەك و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەو مەشق و ڕاهێنانەی لەکاتی ئاشتیدا ئەنجامم دابوون ئەمانە یارمەتییان دەدام زیاتر باوەڕم بە خۆم بێت و بتوانم لە کاتی تەنگانە و ڕۆژانی جەنگدا بەرەنگاری ئەو زەحمەتیانە ببمەوە کە دەهاتنە ڕێم بەم جۆرە گەلێ سەرکەوتنم بەدەست هێنا کە پێش من و لە پلەی ئەفسەری مندا کەسی تر بە دەستی نەهێنا بوون.

هەر ئەمەیش هانیدەدام ڕۆژ بە ڕۆژ هەنگاوبنێم تا ئەو ڕادەیەی بتوانم فەرماندەیی تیپ (فرقە) بکەم لەبەر ڕۆشنایی ئەمانە دەتوانم بڵێم سەرکردایەتی دروست دەبێ نەك دەخولقێ.

هەندێ نیشانەی سەرکردایەتی لەناو هەندێ کەساندا سەرهەڵدەدا بەڵام دەبێ ئەمە گەشەی پێبدرێ و زیاتر هان بدرێ بەتایبەتی لەناو سەرکردایەتی سەربازییدا.

چونکە سەرکردایەتی سەربازیی بۆ خۆی هەندێ پەرەنسیپ و ئوسولی خۆی هەیە دەبێ توێژینەوەی لەسەر بکرێ و ئامادەسازی بۆ بکرێ.

سەرکردایەتی ڕاستیەکەی سەرەڕای هێزی کەسایەتی لەو کەسەدا دەبێ ڕاستگۆیی لە تەك دابێ تا گیانی متمانەیی بچێنێ هەروەکو سەرەتاش باسمان لێوەکرد. خەسڵەتەکانی کەسایەتیش ئەوەیە کە ئامانجەکانی بە باشی بزانێ و

پاشان کاربکا بۆ بەدیهێنانیان، ئەمەیش بێگومان سووربوون و پێداگرتنی دەوێ تا ئەو ئامانجانەی پێ بهێنیتەدی.

سەرکردە دەبێ هەمیشە گەشبین بێ بەرامبەر بە تەنگانەش خۆڕاگر بێ بڕوای تەواوی بە پەرەنسیپە بالاَکانی ژیان هەبێت هێمن و خەم سارد بێ دادوەربێ لەناو کۆمەڵەکەیدا.. زۆر چاك لە هەست و نەستی کۆمەڵەکەی گەیشتبێ، بزانێ بە باشی کەسانی بەردەستی خۆی هەڵبژێرێ، باوەڕی بەوە بێ کە لێهاتوویی و شارەزایی یەکێکە لەو مەرجانەی کەسانی پێ دیاری دەکات و نزیکیان دەخاتەوە لە خۆی . هەروەها دەبێ بنبڕانە بڕیارەکانی ئەنجام بدا، ئەگەر وا نەبێ ئەوە متمانەی خۆی لەدەستدەدا و لە ئەنجاما پلەوپایەی شلۆقی پێ دەگا. لەگەڵ ئەمەیشدا پەروەردەکردنی گیانی وەرزشیش لە خۆیدا بەیەکێ لەوخەسڵەتانە دادەنرێ هەرچەندە خەسڵەتێکی سەرەکیش نیە.

ئەتوانی بڕیار لەسەر سەرکردە بدەیت کاتێ کە دادەنیشی لەگەڵیا یا لەکاتی بەستنی کۆنگرەیەکدا لەو شوێنانەدا دەتوانی هەڵیسەنگێنی .. ئەگەر هەستتکرد جێی متمانەتە، یا لە قسەوباسەکاندا ئاشکرا و ڕەوان قسەدەکا واتە پێچوپەنای نییە، ئەگەر توانی یەکە بە یەکەی کەسەکانی بەردەستی جیابکاتەوە، ئەگەر توانی هانت بدا و بتخاتە سەر ئەوەی لە دڵەوە کاربکەیت، ئەوسا بزانە ئەو کەسە سەرکردەیەکی سەرکەوتووە.

سەرکردایەتی ئەمڕۆ جیاوازی زۆرە لە چاو سەرکردایەتی جاران، ئەگەر جاران یەك چەشنە سەرکردایەتی بوو بێ ئەوا ئەمڕۆ چەندین جۆر سەرکردایەتی هەیە، هەر لە سەرکردایەتی رامیاریەوە بیگرە تا دەگا بە سەرکردایەتی پیشەسازی و سەرکردایەتی نیشتیمانی. دەبینین ئەمڕۆ لاوان زیاتر دوای ئەو چەشنە سەرکردانە دەکەون کە گیانی دڵسۆزی و نیشتمان پەروەری یان تیایە و لە هەموو هەنگاوێکیاندا بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دەخەنە لاوە.

جیاوازی ئاین هیچ لە بارەی پێکهێنانی سەرکردایەتییەوە ناگۆڕێ ئەوەتا ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە مەزنەکان هەر یەکە لە ئاینێکی جیاجیاوە سەریان هەڵداوە لەوانە (جەمال عەبدولناسر و نەهرۆ و تیتو)، لەبەر ئەوەیش کە ئاینە جیاجیاکان هەر یەکە بۆ خۆیان هانی مرۆڤ دەدەن دەستبگرن بەکاری چاکەوە و لە کاری خراپە بە دووربن بۆیە دەبینین پێغەمبەران لە کاری گەیاندنی پەیامەکەیاندا سەرکەوتووبوون.

من بۆ خۆم باوەڕم وایە کە سەرکردەکانی رۆژئاوا بەهۆی ئاینی مەسیحییەوە توانییان سەرکەون چونکە پابەندی ئەو کارە چاکانەبوون کە ئاین فەرمانی لە سەردا بوون لەوانەش دادوەری لەنێوخەڵکدا، هێمنی و خۆڕاگری و لەسەرخۆ کار بەڕێوەبردن و خۆ ڕاهێنان بەوەی دوای خۆشیی ژیان نەکەون و بەرەنگاری کاری خراپە ببنەوە.

سەرکردەیەك بیەوێ سەرکەوتووبێ لە کارەکانیا دەبێ ئامانجەکانی دیاری بکا و پاشان دەستبکا بە نەهێشتنی ئەو ئەگەرانەی دێنە رێی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بەردەوامبێ لەم کارەیدا ئەوجا بە ویژدانێکی پاکەوە بەوپەڕی ئازایەتی و دڵسۆزیەوە، کاربکا بێ ئەوەی بیر لە سوود و قازانجێك بکاتەوە بۆ خودی خۆی.

ئومێدەوارم بەم سەرنجە کورت و خێرایانە توانیبێتم وێنەیەك لەم ڕووەوە بخەمە بەردەستی خوێنەری ئازیزم، ئەشبوو من پێش ئەوەی بێمە ناو باسەکەمەوە دەشیا بڵێم و بڕوایشم وایە کە سەرکردە مەزنەکانی مێژوو (بوزا و عیسا و محەمەد) بوون ئەوەیشی زۆر سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە (هەرسێکیان) لەم دوو خەسڵەتەدا هاوبەشن.

## یەکەمیان: توانا لەسەر رامان و ووردبوونەوەی زەین

ئەوەی روون و ئاشکرایە هەر سێکیان بۆ ماوەیەکی دیار لە کۆمەڵگای خۆیان دوور کەوتونەتەوە، دیارە لەو ماوەیەدا ویستویانە رێگایەك بکێشن و لەسەری برۆن حەزرەتی عیسا لە تەمەنی 30 ساڵاندا پەیامەکەی خۆی ئاشکرا کردووە. بۆیە زۆر لەبارەی سەردەمی منداڵی و لاوێتی ئەممان لا ڕوون نییە هەر چەندە ئەوەمان زانیوە کە بەینا و بەینێك چۆتە چۆڵانی و دەرو دەشت. هەروەها پێغەمبەر (محەمەد) بۆ ماوەیەك گۆشەگیر بووە، ئەمەیش دووبارە دەبۆوە کاتێ ئیلهام یا سروشی (وحی) بۆ دەهات. سەبارەت بە (بوزا)ش دەڵێن بۆ ماوەی شەش ساڵ لەژێر سێبەری درەختێکا دادەنیشت و بیری دەکردەوە تا گەیشتە ئەوەی دەروازەی زانیاری بۆ کرایەوە و ئیتر کەوتە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی خۆی حەز ئەکەم لێرەدا لەسەر وشەی (رامان و ورد بوونەوە — الترکیز) کەمێ تیشك بخەمە سەر ئەم لایەنە چونکە مەسەلەی (وردبوونەوە) کارێکی گرنگ و پێویستە بۆ سەرکردە ئەشێ ئەم توانایە بە مەشق و ڕاهێنان پەروەردە بکرێ.

بەم چەشنە (سەرکردە) ئەتوانێ زۆر لە گیروگرفتەکانی بۆ ئاسان بێ و گرنگی بدا بەو لایەنانەی زیاتر گرنگن و ئەو لایەنانەیشی زۆر گرنگ نین بیانخاتە لاوە، بە واتایەکی تر دەتوانێ خڵتە و گەرد لە کانزایی بەهاو بە نرخ جیا بکاتەوە.

## دووەمیان/ توانای بڕیاردان

توانای بڕیاردان مەرجێکی پێویستە بۆ سەرکردایەتی هەر بۆ نمونە (عیسا و محەمەد) توانییان بڕیاری خۆیان بدەن پێش ئەوەی بانگەوازەکەیان بڵاوبکەنەوە و ڕایان لەسەر ئەوە جێگیربببوو کە دەبێ تێبکۆشن لەپێناو یەزدان و کاربکەن بۆ خزمەتی ئادەمیزاد بۆ ئەم مەبەستەیش نەخشەی رێیەکی ڕاستیان کێشا بۆ ژیانی مرۆڤ. هەروەها (بوزا)یش من باوەڕم وایە ئەم سێیانە مەزنترین

سـەرکردەن لـە مێـژوودا زۆر زەحمەتـە بتـوانین نـاوێکی تـازە بخەینـە ریـزی ئـەم ناوانەوە باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە تا ئێستا جێ دەستیان دیار و نەمرە.

ئایا ژیانی تایبەتمەندی سەرکردە هیچ کارێك دەکاتـە سـەر سـەرکەوتنەکانی؟ ئەبێ بە هۆی ژیانی تایبەتی خۆیـەوە لـە کۆمەڵەکـەی جیاوازییـەکی هـەبێ؟ مـن باوەڕم وایە بۆ سەرکەوتنی سەرکردە دەبێ خوو ڕەوشـتی بـەرز و داوێـن پـاك بـێ لـەوباوەڕەدام ئەگـەر سـەرکردەیەکی سـەرکەوتوو چرپەچـرپێك لەسـەر ژیـانی تایبەتمەندی بە دواوە بوو ئـەوا ڕێـزی لـەناو گەلەکـەیا نـامێنێ و متمانـەی لـەناو کۆمەڵـدا کـەم دەبێتـەوە. ئەگـەر سـەرکردەیەك شـتێکی وای لـێ ڕووبـدا ئەوسـا هەموو شتێك دەدۆڕێنێ.

سەرکردە دەبـێ بـە تـەواوی سـەری لـە کارەکـانی خـۆی دەرچـێ و بـە تـەواوی ئاگای لە دەوروبەری خۆی بێ هەمیشە شتی تازە فێر ببێ لـە هـەموو روویەکـەوە تاکو بتوانێ لە کات و شوێنی خۆیدا بەرەنگاری ئەم ڕووداوانە ببێتەوە کـە بـەرەو ڕووی دەبنەوە.

هەندێ شتی سادە و ساکاریش هەن بەڵام سـەرەڕای سـادەییان گرنگـی خۆیـان هەیە . من بـۆ خـۆم دان بـەوە دادەنـێم کـە چـەند جارێـك کەوتوومەتـە هەڵـەوە چونکە دەرکم بەو شتە سادە و ساکارانە نەکردوە.

ڕەنگە ئەم چیرۆکەی خوارەوە ئەو مەبەستە بە تەواوی بپێکێ:

لـە ئـەنجامی پەیوەندییـەکانم بـە ئـەوروپاوە چـەند بـرادەرێکم لـە شـارە جیاجیاکانی ئەوروپادا داوایان لێ کردم باسی (ژەنەڕال دیگول)یـان بـۆ بکـەم بـەو پێیەی پەیوەندیم لەگەڵیا پتەو بوو.

لەو هاوڕێیانە سەرۆك (تیتـۆ) و بـەڕێز (خرۆشـۆف) هـەر دووکیـان لـە بـارەی ژەنەڕاڵ دیگولەوە لێیان پرسیم، کە ئێستا هەڵوێستی چۆنە لە ڕاستیدا من چـاکم دەناسی و زۆریش پێی سەرسام (معجب) بووم دۆستایەتیمان زیـاتر لـە شـەڕەکانی سەردەمی هیتلەرەوە پتەو بوبون، ئەوسا زۆر جیـاوازبوو لـە چـاو ئێـستایدا بۆیـە

وەڵامەکەم بەم شێوەیە دەربڕیبوو کە (ئێستای لە جارانی باشترە) لە وەڵامەکەمدا زاراوەیەکی ئینگلیزی ئاشکرام بەکارهێنابوو، لێرەوە کێشەکانم سەریان هەڵدابوو، دەبوو ئەم زاراوەیە زیاتر روون بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبووم بۆ ئەو مەبەستەی پێویستی دەکرد.

لای (تیتۆ) ئەم چاکیەم شوبهاندبوو بەوەی کە وەك شووشەیەکی شەرابی کۆن وایە، لەسەر ئەمە لێ ی پرسیم ( تۆ چی ی لە بارەی شەرابەوە، دەزانی کە بۆ خۆت مەی ناخۆیتەوە) ئەمە یەکەم ژێر کەوتنم بوو.

ئەوجا لەگەڵ (خرۆشۆف)یشدا ویستم هیچ روونکردنەوە و راڤەیەك لەسەر ئەمە نەکەم، وەرگێڕەکەیشی لە وەرگێڕانەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە خرۆشۆف داوای فەرهەنگێکی کرد یارمەتیبدا، بۆ لێکدانەوەی ئەم مەبەستە وەختێ بە ناو فەرهەنگەکەدا بە دوای مەبەستەکەدا دەگەڕا هاواریکرد (ئا ئێستا تێگەیشتم دیگول بە شەراب مەست دەبوو) ئیتر ناچاربووم رێڕەوی قسەکانم بگۆڕم، هەر کە گەڕامەوە بۆ ئینگلتەرا خێرا پەنام بردە بەر فەرهەنگۆیەکی (ئۆکسفۆرد) ئای کە سەرم سوڕما کاتێ دەبینم مانای ئەو زاراوەیە واتەی ئەوە دەگەیەنێ (ئەو کەسەی بە شەراب مەست دەبێ) لە کاتێکا من بۆ خۆم بە هیچ جۆرێ مەبەستم بەو قسەیە ئەو زاراوەیە نەبووە، بۆیە بڕیارمدا جارێکی تر لە هیچ قسەیەکی نێودەوڵەتیدا زاراوەی لەم چەشنە بەکار نەهێنم.

## ـ چۆن سەرکردەی سەرکەوتوو بناسین؟

یەکەم بەلگە ئەوەیە سەرکردە بتوانێ متمانەی ئەوانە بە لای خۆیا رابکێشێ کە لەبەر دەستیا کاردەکەن.

سەرکردایەتی لەم سەردەمەی ئێستاماندا و بگرە لە هەموو سەردەمەکاندا بۆتە گرفتێکی سەرەکی. ئەگەر بتوانین بگەینە بڕیارێکی ڕاست و ڕەوان ئەوا دەکرێ بلێین ئامانجێکی گەورەمان پێکاوە.

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم کێشەیە پێویستیمان بە ئازایەتی و راستگۆیی هەیە. بۆیە دەبێ ئەو کارەی دەزانین تیایا لەسەر هەقین ئەنجامی بدەین چەند بە گرانیش لەسەرمان بکەوێ. ئەگینا ناتوانین قەت مەبەستەکانمان بپێکین، پێش ئەوەیشی زۆر درێژە بەم بابەتەمان بدەین حەز ئەکەم رایەك سەبارەت بەم کێشەیە دەربڕم، بڕوایشم وایە یەکەم شت کە پێویستە لەسەرکردەدا بەدی بکرێ ئەوپەڕی راستگۆیی و دڵسۆزی راستەقینە و قووڵ لە خەسڵەتیدا بەدی بکرێت دڵسۆزیەکی وای تێدا بێت ڕادە و سنووی بۆ نەبێ مەبەستم لەم دڵسۆزیە دڵسۆزییەکی خۆرسکیە کە لەگەڵ ئادەمیزاددا لە دایك دەبێ.. بە واتایەکی تر کەسێك بێ کە لە دنیادا جگە لە (دڵسۆزی) هیچی تر شك نەبات.

پاشان خەسڵەتی دووەم دێت کە ئەویش (خۆنەویستیە — انكار الذات) بە واتایەکی تر ئەوپەڕی گیانی خۆ بەختکردنی تێدا بێت لە پێناو ئەو مەبەستەی خزمەتی دەکا بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ قازانج و پاداشتێك بێت. پاش ئەمە خەسڵەتی سێیەم دێت کە ئەویش ئەوەیە دەسەلاتی خۆراگری تێدا بێت لەکاتی تەنگانەدا و لەوکاتە زۆر سەخت و ناسکەدا بتوانێ جەمسەری کارەکان بگرێتە دەست و نەهێڵێ رایەڵی سەرکردایەتی لێك بترازێ و متمانەی خەڵکەکە لە دەست بدا.

ئەبێ سەرکردە دەرك بە سروشتی ئەو خەڵکە بکات ئادەمیزادیش کەرەسەیەکی خاوە وەستای شارەزای خۆی دەتوانێ هەموو شتێکی لێ دروست بکا بەو پێیە سەرکردە دەتوانێ تاخمەکەی بەردەستی خۆی وا ڕابهێنێ هێز و توانایان لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێنێ کە بشێ هەموو فەرمانێکیان بە سەرا بدا. لەگەڵ هێز و توانایاندا بگونجێ. ئەگەر سەرکردە توانی ئەو وزە و تاقەتانە بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بەرێ ئەوسا زۆر لە مەبەستەکانی خۆی دەهێنێتە دی، ئەمەیش هۆکارێکی سەرەکین چ لە سەرکردایەتی سەربازیدا بێ یان سەرکردایەتی مەدەنیدا.

کرێکار و سەرباز هەردووکیان یەك چیزەن هەر چەندە لە هەمان کاتدا جیاوازن، ئەویش ئەوەیە سەرباز دەبێ گوێ ڕایەڵی فەرمانەکان بێت جا حەزی پێ بکا یا حەزی پێ نەکا هەرچەندە باشتر وایە کە هەمیشە تێ بگەیەنرێ کە ئەو فەرمانەی دەدرێ بە سەریا لە هەموو کاتێکا بە تایبەتی لە کاتی قورسی شەڕدا ئەوپەڕی ڕاستن و دەبێ ملکەچیان بێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان کرێکارێك و سەربازێکدا نیە و لە زۆر ڕووەوە لەیەکدەچن.

چەند بیرم لەم کێشەیە کردبێتەوە زیاتر قەناعەتم هێناوە کە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی سەرکردە زیاتر لە دەوری ئەم خاڵانەدا کۆ دەبنەوە و سوورم لەسەر ئەوەی کە دڵسۆزی و خۆنەویستن و بڕیاردان لەکات و ساتی خۆیدا (پێویستن بۆ سەرکردە) لە کۆتاییشدا زۆر بە کارێکی مەحاڵی نازانم وەڵام لەسەر کێشەی سەرکردایەتی بدەینەوە. ئەوەندە هەیە پێویستمان بە هەندێ کات هەیە حەزیش دەکەم هەمیشە ئەوە دووبارە بکەمەوە کە هەر کەسێ سروشتی خەڵکی باش ناسی و توانی لە کات و ساتی خۆیدا و لە تەنگانەدا بڕیاری بەجێبدا ئەوە ئەو کەسە شایان بەوەیە سەرکردەبێ. سەرکردایەتیش وێنەو شێوەی جیاجیای خۆی هەیە و لێرە بەدوا لە سەرکردایەتی سەربازییەوە دەست پێ دەکەین.

# بەشی دووەم

## سەرکردایەتی سەربازیی

بۆ خۆم ویستم لەم بەشەدا بە کورتی لەسەر بیرۆکەی سەرکردایەتی سەربازیی بدوێم پێش ئەوەی هەندێ نموونە بهێنمەوە لەسەر شێوازی پەیڕەوکردنی لە ڕابوردوودا.

جیاوازی ڕوونی نێوان سەرکردەی سەربازی و سەرکردەی ڕامیاری لەوەدایە یەکەمیان پەنا دەباتە بەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، بەڵام لە دوومیاندا زیاتر پەنا دەباتە بەر هێزی قەناعەت پێکردن و قایل بوون.

لەناو یاداشتنامە تایبەتیەکانی خۆمدا وەکو سەرکردەیەکی سەربازیی گەلێ تاقیکردنەوەی وام تۆمارکردوون. ئەشێ لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەم مادامەکی لە بەشی داهاتوودا باس لە هەندێ سەرکردەی سەربازیی دەکەم. ئەوی ئاشکرایە سەرکردایەتی سەربازیی زیاتر ئاسان دەبێ بۆ سەرکردەیەکی سەربازیی ئەگەر هاتوو لە پاڵ شارەزایی لە بواری سەربازییدا لەلایەنی ڕامیارییشدا شارەزایی هەبێ. مێژووی کۆن و دێرین ڕاستی ئەم تیۆرە (نظریة) دەسەلمێنێ، هەر بۆ نموونە (هانیبالی قەرتاجە) و (یولیویس قەیسەری ڕۆمان)ی (جەنگیز خان)ی ئیمپراتۆری مەغولستان. پاش ئەمانیش (جوستاف ئەدۆلف) کە لە ساڵی 1594دا لە دایکبووەو پاشان لە تەمەنی حەڤدە ساڵاندا بۆتە پاشای سوید، بەڕادەیەك سوپای سویدی لە ژێر سەرکردایەتی ئەم پاشایەدا سەرکەوتنی چاکی بەسەر هەمو سوپاکانی ئەوروپادا بەدەست هێناوە.

ئەم پاشایە بڕوای وابووە کە لێهاتوویی هۆکارێکی سەرەکیە دەبێ لە ڕیزی سەربازییدا پەیرەو بکرێ، بۆیە زۆرجار دەستبەرداری گەورە ئەفسەرەکانی

دەبۆوەو لە بری ئەوان ئەفسەری لێهاتوو و زیرەكی بەتەمەن بچوكتری لە جێیان دادەنا... هەروەها بڕوای وابوو ئەگەر هاتوو بارودۆخێكی زەحمەت و نالەبار تووشی هێزی جەنگاوەران بۆوە لە شەڕدا وەكو (كەم بوونەوەی تەقەمەنی و خۆراك و درەنگ گەیشتنی مووچە) نابێ هیچ لەمانە لە ورەو بڕوای سەربازی دڵسۆز كەم بكەنەوە.

ڕەنگە هەبووبێ زۆر لە (جوستاف ئەدۆلف) بە تواناتر بووبێ لە بوارەكانی تاكتیك و ستراتیژدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا ئەم پیاوە بە یەكێك لە مەزنترین سەركردە سەربازییەكانی مێژوو دادەنرێ.

پاشان (شارلی دوانزەهەم) كە لە ساڵی 1697دا لە تەمەنی پانزە ساڵاندا بۆتە پاشای سوید ناتوانین بیخەینە ڕیزی گەورە سەركردەكانی مێژوو چونكە هیچ بەلگەیەكمان بەدەستەوە نییە ئەوە بسەلمێنێ كە ئەم پاشایە سەركردەیەكی لێهاتوو بووبێ. بەڕادەیەك زیاد لە پێویست دڵی خۆی بەهێزی هاوپەیمانەكانی خۆشكردوە، گاڵتەی بەتوانای سوپاكانی ڕووسیا هاتوە، هەروەها تا بڵێی بێ ئاگابووە لە بارودۆخی سیاسەتی جیهانی، هەرچەندە تا بڵێی ئازابووە، بەڵام زیرەكی و ژیرێتی كەم تیابووە، بڕوای وابووە كە تاقە پاشایەكە دەتوانێ لە ڕیزەكانی هەرە پێشەوەدا شان بە شانی سەربازەكانی بجەنگێ تا ئەوەبوو لە ساڵی 1718دا لە نەرویج لە یەكێ لە پێگە جەنگیەكانەوە گوللەیەكی (قەناس)دای لە تەختی ناوچەوانی و كوشتی.

سەبارەت بەم سەركردەیە چوومە بنج و بناوانیەوە لە زمانی زۆر كەسانی وڵاتەكەی (سوید) بیستم كە لە كاتی شەڕا بە تەنگ ژیانی سەربازەكانیەوە نەدەهات و گوێی بەوە نەدەدا چەندیان لێ دەكوژرێ، بەڕادەیەك وڵاتەكەی لەو سەردەمەدا گەیشتە ڕادەی وێران بوون.

ئـەمڕۆ بـارودۆخ گـۆڕانی بەسـەرا هـاتووە، ئێـستا نـابینی پاشـاو قـەراڵی ئـەم سـەردەمە بـۆ خۆیـان بـچنە نـاو مـەیانی شـەڕەوە هـەروەها پەیوەنـدی لـە نێـوان سەرکردە و سەربازەکاندا بە تەواوی گۆڕاوە.

جاران سەرکردەکان بەدەستی خۆیان چەکیان هەڵدەگرت و ڕێـی سـەرکەوتنیان دەبڕی بێ ئـەوەی گـوێ بدەنـە هـیچ لایـەنێکی سیاسی، دیـارە ئـەمڕۆ بـەو چەشـنە ناڕوا.

ئـەم گۆڕانکارییـە لـە بـەریتانیادا دوای مردنـی (کرومویـل) لـە سـیپتمبەری 1658 وەدەسـت پێـدەکات. ئـەم پیـاوە ئەوسـا بەتـەواوی دەسـتی بەسـەر هـەموو ژیـانی بـەریتانیادا گرتبـوو، وای لێهـات میللـەت بڕیاریـدا ئـەو سـوپا گەورەیـە هەڵبوەشێتەوەو لە بری ئەوە بە سوپایەکی کەمتر بچێتە جەنگەوە نـەك ئـەم سـوپا گەورە و گرانە هەبێ لە کاتی ئاشتیدا، لەمەیشا میللـەت بڕیارەکـەی لـە جێـی خـۆی دابوو.

ئـەمڕۆ بڕیـاری هەڵگیرسـاندنی شـەڕو بـەڕێوەبردن کەوتۆتـە دەسـت پیـاوانی سیاسـەتمەدار و نوێنـەرانی گەل، ئەفسەریش لـە هـەر پلـەو پایەیەکدا بێت دەبـێ شـارەزاییەکی لـە بـواری سیاسـەتدا هـەبێت، دەبـێ بزانـێ ڕێـڕەوی وڵاتەکـەی بـەکام باری سیاسەتدا دەڕوا.

هەروەها جەنگی تازەی ئەمڕۆ پابەندە بەوەی جۆرە لە یـەك گەیـشتنێك هـەبێ لـە نێـوان پیـاوانی سیاسـەتمەدار و پیـاوانی سـوپادا. بۆیـە سـەرکردایەتی سـەربازی پێویستی بە شـارەزایی هونـەری کاریگـەری هەیـە بـۆ سـەر سـەربازەکانی تـا بتـوانێ گیانی ورەیان بەرز بکاتەوە.

مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتـەوە کـە گـەلێ لـە سـەرکردە سـەربازیەکان شـارەزایی تەوایان بووە لە هونەر و شێوازەکانی جەنگدا هەروەها توانـای ئـەوەیان بـووە چۆن گیانی ورە لە ناو سـەربازەکانیاندا بەرزبکەنـەوە. بۆیـە سـەرکەوتنەکانیان هەمیـشە

پابەنـدبووە بـە بەهرەمەنـدییان لەسـەرکردایەتی کردنـی سـوپاکانیاندا و بـە لێهاتوویی بەردەستەکانیان.

(جەنگیزخان) و (مارلبورو) و (لنجتون) و (نلسون) و (ناپلیۆن) شارەزاییەکی تـەواویان بـووە لـە هونـەری جـەنگ و سروشـتی ئـادەمیزاددا، هـەروەها بەردەستەکانیان لە فەرماندە مەیدانیەکان و ڕیز ئەفسەران (ضباط الصف) هەموو ئـازابوون و پـێش سـەربازەکانیان دەکـەوتن و تـا ڕادەی مـەرگ ئامـادەبوون سەنگەرەکانیان بپارێزن و کۆڵنەدەن، زۆر لەمانە لە مەیانی شەڕدا کوژراون و بێ دەنـگ چوونەتە ڕیـزی بیرچوونەوە بـەبێ هـیچ هـاتو هوریایـەك! . هەمیشەیش ئـەنجامی شـەڕ لەسـەر شانی ئـەمان یـەك لایـی بۆتـەوە. زۆرجار سـەرکەوتنەکان بەهۆی ئازایـەتی و باوەڕ قایمی ئەمانـەوە دەهاتـە دەست نـەك بـەهۆی ناوبـانگ و لێهاتوویی سەرکردەکانیان.

لە ڕاستییدا بەدەست هێنانی سەرکەوتن پابەندە بە لێهاتوویی سەرکردەو توانستی، هەروەکو پابەندە بـە ئازایـەتی فەرماندەکان و ڕیـز ئەفسەرانی (ضباط الصف) بۆیـە دەبێ ئەم دوو مەرجە هەبن تا ببنە زامنی بەدیهێنانی ئەو سەرکەوتنە.

یەکێ لە سەرکردە ناودارەکانی سەرکردایەتی سەربازیی (مارلبورو)یە، کە لـە ساڵی 1650دا لـە دایکبـووە، هێشتا منـداڵبووە، خراوەتـە بـەر خوێنـدن لـە قوتابخانـەی (قـدیس پـولس) لـە لـە نـدەن... ئـەم پیـاوە بۆتـە یـەکێ لـە هەڵکـەوتوەکانی بـواری سـەربازیی، هـەروەها لـە هونـەری دیبلۆماسـیدا شـارەزایی باشـیبووە، گەشەسـەندن و ڕاپەڕینی سوپای بەریتانی جێ دەستی ئەمی پێوە دیارە، بەڕادەیـەك سـوپای بـەریتانی لـەو سـەردەمانەدا بۆتـە بـەهێزترین سـوپاکانی ئـەوروپا، لـە پـاڵ گرنگیـدان بـە بـواری سـەربازی، گرنگـی داوە بـە لایەنـە مرۆڤایەتیەکانیـشی، بۆیـە هەمیـشە بەتـەنگ حەوانەوەی سەربازەکانیەوە هاتووەو لە ئـەحواڵی پرسـیون. لـە جەنگیشا بۆچوونێکی ڕاسـت و دروسـتی هـەبووە بـۆ لـە بەرچاوخـستنی هەڵوێـستەکان، لـە سـەختترین کـاتی

نالەباردا ئەم هێمنی و ئارامی خۆی پاراستوە، بڕوای تەواویشی بەخۆی هەبووە، بۆیە دەکرێ بڵێین یەکێکبووە لە سەرکردە مەزنەکانی بواری سەربازی.

ئەم سەرکردەیە لە ساڵی 1722دا کۆچی دواییکردوە. بەڵام (ولنکتۆن) کە لە ساڵی 1769دا لە دایکبووە، هەر لەو ساڵەدا کە (ناپلیۆن) تیا لە دایکبووە، بەرە و ڕووییەکیش نەبوونەتەوە تاکاتی شەڕی (واترلو).

ولنکتۆن یەکێکە لەو جەنگاوەرە ئازایانەی هونەری جەنگی یان لەکاتی خۆیدا بە تەواوی زانیوە، ئەم سەرکردەیە لە ساڵی 1852دا کۆچی دواییکردووە.

باوەڕم وایە کە (مارلبورو) و (ولنکتون) دوو سەرکردەی مەزنن لە ناو سەرکردە سەربازییەکاندا کە لە ئامێزی بەریتانیاوە هاتوونەتە مەیدانەوە. زۆر پێ داناگرم ئەگەر بڵێم ئەم دووانە دوو سەرکردەی مەزنی ناو مێژوون. نامەوێ زۆر لەسەر ئەم دوو سەرکردەیە بدوێم چونکە زۆریان لەسەر نووسراوە.

نەشمدەویست لەم کتێبەدا باس لەوانەبکەم کە ڕووبەڕووی (هیتلەر) جەنگاون بە تایبەتی ئەو سەرکردە سەربازییانەی هێشتا لە ژیاندا ماون لە وانەی من لە ژێر سەرکردایەتیاندا کارم کردووە، بەڵام ناکرێ باسی (ئالان بروك) نەکەم لە بەشی یەکەمدا وتم لە خەسڵەتە سەرەکیەکانی سەرکردە ئەوەیە کە دەبێ پیاوێکی دڵسۆزبێ و خۆنەویست بێ و بتوانێ لە کاتی خۆیا کارەکان یەکلایی بکاتەوە و بڕیاری لەسەر بدا.

بێگومان (ئالان بروك) یەکێك بوو لەوانەی ئەم هەموو خەسڵەتانەی تێدابوو، تەنانەت لێهاتوویی لە سەرۆکی ستوونی ئەرکانی جەنگی سوپا کەمترنەبوو. زۆر خاڵی لێکچوون لە نیوان ئەم و (چەرچل)دا دیار و ئاشکران.

هەروەها حەزدەکەم باس لە (هیگ) بکەم چونکە ئەمیش تا ڕادەیەکی زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەشێ هۆیەکەی ئەوەبێ کە هەردووکمان وەك یەك لە یەك پلەو پایەدابووین، ئەو سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیابوو لە باکووری ڕۆژئاوای

ئەوروپادا، ڕەنگە هۆیەکی تریش هەبێ ئەویش ئەوەیە کە هەردووکمان وەك یەك ڕووبەڕووی کێشەیەك بووبووینەوە.

(هیگ) تاکە سەرکردەبوو باوەڕی وابوو کە شەڕی یەکەمی جیهانی ئەشێ لە ساڵی 1918دا کۆتایی بێت، ڕای وابوو بۆ وەستاندنی شەڕەکە دەبێ هەندێ هەنگاوی ترسناك بنرێ لە هاوینی 1918دا ئەم بیرە بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات کاتێ (هیگ) وروژاندی ئەو کاتیش هێشتا تازە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکردبوو، بۆچوونەکەی وابوو کە تا ئەو کاتە (واتە ساڵی 1918) سوپاکانی ئەڵمانیا بەرەو ڕووخان دەچن، بەو شێوەیە توانی قەناعەت بە (فۆش)بێنێ و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی نەخشە و پلانیان جێبەجێدەکرد.

منیش لە ئابی 1944دا هەمان ڕێبازم پەیرەوکرد، کاتێ پێمداگرت لەسەر ئەوەی لە هەمان ساڵدا دەبێ شەڕەکە کۆتایی بێت بەو بڕوایەی کە سوپاکانی ئەڵمان گەیشتوونەتە حاڵەتێکی ماندوو بوون کە شایان بە بەزەیی پیاهاتنەوەبوون، بەڵام نەمتوانی لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆم قەناعەت بە ئەمریکیەکان بهێنم ئەوەبوو شەڕ تا ساڵی 1945ی خایاند.

دیارە بەردەوامی شەڕەکە بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە مانای کەڵەکەکردنی چەند لیستێکی تری تازەی کوژراوان بوو بۆ ئەم شەڕە. کێشەی سیاسیمان ئاڵۆزبوو، هۆی قایل نەبوونی ئەمریکیەکان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕەکە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئەوان کێشەی سیاسیانەی ئێمەیان بەلاوە مەبەست نەبوو، بۆیە لای ئەوان مەسەلە سیاسیەکان هیچ کاریگەرییەکی نەبوو بۆ سەر بڕیارە سەربازییەکان.

لەو باوەڕەدام کە (ئایزنهاوەر) هیچ ڕێنماییەکی سیاسیانەی لە سەرکردە سیاسیەکانی ئەمریکاوە یا لە سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزە هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیاوە پێ نەدەگەیشت.

من باوەڕم وابوو هەر بە تەنها سەرکەوتن لە شەڕدا مانای ئەوە نییە ئامانجە سیاسیەکانی پێ بێتە دی. بەڵکو دەبوو کۆتایی هێنان بەشەڕ، سەرەتای ئاشتی و

ئاسایش بۆ جیهان دەستگیر بکات. ئەگەر وانەبێ مانای وایە لە بری دوژمنە کۆنەکانمان دوژمنی تازەمان بۆ پەیدادەبێ. هەروایش دەرچوو، ئەوەبوو دوای شەڕی یەکەمی جیهانییش شتێکی واڕوویدا. من لەلایەن خۆمەوە ئامۆژگاری سەرکردەکانی دوا ڕۆژدەکەم کە زۆر ئاگاداری ئەم ڕاستیە بن، ئەویش ئەوەیە کەدەبێ شەڕ ئەنجامی تێکەڵاوبوون و توانەوەی هەردوو لایەنی سەربازی و سیاسی تێکەوێ، ئەگینا شەڕ دەبێتە ڕەشەکوژی (مجزرە) بۆ ئادەمیزاد بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە بەرەو سەردەمی ئەتۆمی دەچین.

دەبێ ئاماژەبەوەبکەین کە لە مێژوودا بە شێوەیەکی گشتی سەرکردەی سەربازیی کەم هەڵکەوتوون، ئەوەی زیاتر ئەو سەرکردانەی بەرزکردۆتەوە لە ئەنجامی شەڕەوەبووە. هەروەها مێژوو ئەوەی سەلماندوە کە ڕووداوەکان پیاو دروستدەکەن و ئەمەیش هیچ پەیوەندی بە تەمەنی مرۆڤەوە نییە، جاری وایە زوو هەل بۆ هەندێك هەڵدەکەوێ و جاری وایشە بۆ هەندێکی تر بەدرەنگ دەگا. جگە لەوەیش ئەشێ هەلێك بۆ کەسێك برەخسێ و ئیتر بە هەردووچنگی توند ئەیگرێ و بەرینادا، هەیشە هەلەکەی بۆ دێت و بەخۆی نازانێ لە بندەستیەوە دەردەپەڕێ. هی وایش هەن شانسیان لەو کەسانە زیاترە کەچی هەلیان بۆ نارەخسێ تا بتوانن لە سایەیدا تواناو بەهرەی خۆیان بەدەر بخەن.

هەر بۆ نموونە (ناپلیۆن) لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵی دابوو لە ساڵی 1796دا توانی باکووری ئیتاڵیا داگیربکا.

یا کەسێکی وەکو (وولف) لە تەمەنی سیی و دوو ساڵیدابوو کاتێ (کوبیك)ی گرت، کەچی دەبینین یەکێکی وەکو (مارلبورو) ئەستێرەی نەدرەوشایەوە تا تەمەنی نەگەیشتە چل و پێنج ساڵان ئەویش لە شەڕی (بلنهیم)دا بەدەرکەوت. هەروەها لورد (روبرتس) کە لە ساڵی 1834دا لە دایکبوو، تەمەنی گەیشتە شەست و هەشت ساڵان ئەوجاکرا بە سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا کە لە شەڕی خوارووی ئەفریقیادا هاوبەشیکرد لە ساڵی 1900دا.

دەبێ لێرەدا کەمێ لەسەر (ناپلیۆن) بوەستین بەو پێیەی یەکێکبووە لە سەرکردە مەزنەکانی مێژوو، تا بزانین چۆن لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا توانی سەرکردایەتی سوپا بکاو سەرکەوتووانە ڕۆڵی شەرەکان بگێڕێ.

لە ڕاستیدا سەرکردەیەکی بلیمەت بوو، توانی زۆر سوود لەو ڕێنماییە سەربازییانە وەربگرێ کە کاتێ ئەفسەربووە لە بەشی تۆپخانەدا، پاشان بەم تەمەنی لاوێتیەوە توانیویەتی لە ڕووی کردەنیەوە (عملی) هەموو تیورە سەربازییەکان ئەنجامبدا. لە کاتێکا ئەو تیورانە تازە سەریان هەڵدابوو، هەر لە تەمەنی بیست ساڵانیشەوە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە ناو شۆڕشی فەڕەنسادا. لە ساڵی 1794دا هێشتا تەمەنی بیست و پێنج ساڵبوو، پلەی ژەنەڕاڵی پێبەخشراوە، پاشان توانی ئەو ئاژاوەیە سەرکوت کات کە لە ئەکتوبەردا لە پایتەختی فەڕەنسا سەری هەڵدابوو.

لە ئەنجامی دەسەڵات گرتنی بەسەر ڕووداوەکاندا و بڕیاردان لە کات و ساتی خۆیدا توانی کۆماری فەڕەنسا بپارێزێ، بۆ ساڵی ئایندەکرا بە سەرکردەی هەموو سوپاکانی فەڕەنسا لە ئیتاڵیا، لەو کاتەوە ئەستێرەی بەختی درەوشایەوە و ئیتر (ناپلیۆن) لە بەرچاوی فەرەنسیەکان بووە پاڵەوانێك لە پاڵەوانەکانی مێژوو، وەك بڵێی هەمیشە قەرزارباری ئەم پیاوە بن.

ناپلیۆن بەیەکێ لەو نموونانە دادەنرێ کەلە کاتێکی زوودا بەخت یاری بووەو ئەمیش خۆی بۆ ئامادەکردوە و پڕ بە چنگی گرتویەتی تا لە دەستی بەردار نەبێ.

وەنەبێ ئەم سەرکەوتنانەی تەنها لەبەر ئەوەبووبێ کە هونەری سەربازیی باش زانیوە، بەڵکو بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە باشی توانیویەتی بچێتە ناخی خەڵکەکەوە و بە تایبەتی لە کاتی شەڕهەڵگیرساندندا. ئەوەتا دەبینین لە ساڵی 1796دا هێشتا لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیدا دەبێت کاتێ کە هێزێکی برسی پەرژوبڵاو شڕ و وڕ لەو بارەوە دەگۆڕێ بۆ سوپایەکی ڕێکوپێکی ئامادەباش و سازدراو بۆ گەرمەی شەڕ. دەسەڵاتی لەم تەمەنەیدا بەسەر ئەوانەی لە سەروخۆیەوە بەشارەزاییش و بە ئەزموونیشبوون بەلگەی ڕوون و ڕەوانی ئەوە

دەدەن بەدەستەوە کە ئەم کوڕە چۆن توانیویەتی بچێتە ناو ناخ و دەروونی ئەو خەڵکەوە.

میکافیلی لەم بارەیەوە دەڵێ:

"هونەری سەرکەوتنی مرۆڤ پابەندە بە دوو هۆکارەوە یەکەمیان خۆبەختکردن، دووەمیان چۆنیەتی سەرکردایەتی کردنی دەوروبەر".

ناپلیۆن بەهۆی ئەم هۆکارەی دواینیان توانی دەسەڵاتی بەسەر هەموو کیشوەری ئەوروپادا بسەپێنێ.

بەڵام کاتێ ئەم سەرکەوتنانەی (ناپلیۆن) تۆماردەکەین دەبێ ئەوەیش بڵێین کە هەموو ئەمانەی لە ئەنجامی ئەوەوە نەهاتوون وەکو گەورە سەرکردەکانی تری وەك (کرومویل) ئاسا بەهۆی ئەوەوە بووبێ کە گوایە بڕوای بە پیرۆزی کردەوە چاکەکان هەبوە بەڵکو ئەوەی پاڵی پێوەناوە بۆ ئەم شکۆدارییانە زیاتر گیانی خۆپەسەندی و شێتگیریی بووە، هەر ئەم شێتگیرییەش بوو لە ئەنجاما گەیاندیە ڕادەی ڕووخان و شکست هێنان.

حەز ئەکەم بەم بۆنەیەوە ئاماژە بە خاڵێکی تر بکەم، لە سەردەمەکانی کۆندا لە ڕابوردوو سەرکردەکانی سوپاو ئەو گەورە ئەفسەرانەی شەڕیان بەڕێوەبردوە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەبوون جگە لە دۆن (بلازاتورو)نەبێ. زۆر نموونەی لەم بابەتە هەن هەر لە سەردەمی (ولنکتۆن)ەوە و پێش ئەویش لە شەڕی ناوخۆی ئەمریکا و شەڕی قرم و شەڕەکانی خوارووی ئەفریقیا... کە ئەو سەردەمانە دەخوێنینەوە دەبینین ئەو سەرکردانەی شەڕیان بەڕێوەبردوە لە ڕیزی پێشەوەدابوون و شان بە شانی سەربازەکانیان جەنگاون. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی پەیوەندیەکانی (سیم و بێ سیمی = السلکیة و اللاسلیکة) سەرکردەکان گەڕانەوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی لە ناوەندەکانی سەرکردایەتی و پشتەوەی سوپاکان شەڕەکان بەڕێوەبەرن.

یەکێ لە مێژوو نووسە سەربازییەکان نووسیویەتی دەڵێ "شێوازی (بلازاتورو) بۆ بەڕێوەبردنی شەڕ لە پشتەوەی سوپاوە بۆتە هۆی ئەوەی لە شەڕی قەیسەردا

سـەرنەکەوێ (شـەڕی یەکـەمی جیهـانی)". لـە ڕاسـتییدا زۆر بـە کـەمی بینـراوە ئەفسەرە گەورەکان (پلەبەرزەکان) لە ڕیزی پێشەوە شەڕ بکەن، هەرچـەندە مـن بـۆ خۆم بڕوام بەوە هەیـە کـە دەبـێ سـوپا لـە پـشتەوە سـەرکردایەتی بکرێت... بـەڵام شەڕی هیتلەری زۆر خەوشی ئەم لایەنـەی بـۆ دەرخـستین، زۆر لـەو ڕووداوانـەمان بیـستوە کـە چـۆن لـە کـاتی شـەڕدا گـەڵێ لـە سـەرکردەکان پەیوەنـدی یـان بـە سـەربازەکانیانەوە نـەماوە سـەرەڕای ئـەو هـەموو توانـاو کەرەسـە پێـشکەوتوانەی لەبەردەستیانابوون، بۆیە دەبێ هەمیشە ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێ و بەهەنـدی وەربگـرین... سـەرکردایەتی سـەربازی پـێش هـەموو شـتێ کێـشەیەکی مرۆڤایـەتی بەدواوەیە، ئێمە نـاتوانین هـیچ سـەرکەوتنێك بەدەسـت بهێـنین تـا کارێـك نەکـەین متمانەیەکی بەرامبەرینەی تیا مسۆگەر بێت، ئەویش بەوە دەبێت کە گیـانێکی پـڕ لە سۆز و خۆشەویستی پێك بێت لە نێوان سەرکردەی لێهاتوو لەلایەك و لـە نێـوان فەرماندەکان و ڕیز ئەفسەران و سەربازەکان لەلایەکی ترەوە.

دەبـێ سـەرکردە کـارێکی وابکـات جارجـارێ سـەربازەکانی خـۆی لـە هێڵـەکانی پێـشەوە ببینـێ، هـەروەها پێویـستە ئەوانـەی ئـەمڕۆ سـەرکردایەتی سـوپادەکەن و بەرپرسـن لـە بـەڕێوەبردنی شـەڕ لەگـەڵ ژمارەیـەکی کـەمی یاریـدەدەرانیان لـە ڕیزەکانی پێشەوەی شـەڕبن نـەك لەسـەر شێوازی (بلازاتـورو) سـەرکردایەتی سـوپا لەدوای دواوەبکەن و ژمارەیەکی زۆریش لە یاریدەدەران لە خۆیان کۆبکەنەوە.

ئەگـەر قـسە هـەر ڕامانبکێـشێ دەبـێ ئامـاژە بـەو دەسـتەی سـەرکردایەتی یاریـدەدەرە بـدەین کـە (ئولـسیس جرانـت)ی سـەرکردە باسـی لێوەدەکات کە چۆن سـەرکردایەتی پێـنج سـوپای کـردوە لـە ڕووبـەرێکی نیـوەی ڕووبـەری ئـەوروپادا، هـەموو ئەوانەیـشی لـەو دەسـتگای سـەرکردایەتییەدا یارمـەتیان داوە ژمارەیـان لـە چواردە ئەفسەر زیاتر نەبووە.

ئێـستا بـا بێینـە سـەر بابـەتێکی تـر، هـەر بـۆ نموونـەیش بـاس لـە هەنـدێ لـەو سەرکردە سەربازییانە دەکەین کە لەگەڵ بارودۆخی باسەکەماندا دەگونجێن.

## بەشی سێیەم
## هەندێ نموونە لەسەر سەرکردە سەربازییەکان

هەموو سەربازێك لە ڕێی ئەو بابەتە تیوریانەی پێی دەگا فێری هونەرییەکانی شەڕدەبێ هەر ئەمەیش بەشێکی زۆری ڕۆشنبیری سەربازییانەی پێدەبەخشێ لە پاڵیشیا زۆرجار لەو مەشقە سەربازییانەوە زانیاری بەدەست دێنێ.

کەواتە زانیاری تیۆری بنچینەی یەکەمی پێکهێنانی سەربازەو تاقە کۆڵکەیەکیشە پشتی پێ دەبەستێ.

کاتێ کە سەربازێك دەچێتە ریزی سوپاوە چەند کتێب و نامیلکەیەکی سەربازی دەدەنێ کە بە زمانێکی ساکار و سادە ئامادەکراوە تاکو بتوانێ بە ئاسانی بیخوێنێتەوە لە سەرەتادا بە ئاسان دێتە بەرچاوی بەڵام پاش ئەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئەم کتێبانە زۆر لایەنی هونەری سەرکردایەتی یان پشت گوێ خستووە، هەروەها وا ڕەچاو دەکا کە ئەم کتێبانە پوختەیەکی کۆنیان پشت گوێ خستووەو زیاتر پوختەیەکی شەڕی نوێیان لەبەرچاوگرتووە، ئەمەیش بە گەورەترین هەڵە دادەنرێ کە تێی دەکەون.

ئەوی ڕاستیبێ پەرەنسیبی سەرکردایەتی دەکەوێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆنی مێژوو، ناپلیون هەمیشە ئامۆژگاری ئەفسەرەکانی خۆی کردووە کە مێژووی جەنگ بخوێننەوە و زیاتر ئاگاداری مێژووی سەرکردە سەربازییەکان بن، هەروەها دەبینین میکافیلیی لە کتێبەکەی خۆیدا لە (میر) دەڵێ:"ئەو پیاوەی بە دوای شکۆداریدا عەوداڵە پێویستە کتێبەکانی مێژوو بخوێنێتەوە و لە کاری گەورە پیاوان ورد بێتەوە، بزانێ چۆن توانیویانە لە گەمەی شەڕدا

سەرکەوتووبن، بەوە هۆی سەرکەوتنەکانیانی بۆ دەردەکەوێ هەروایش هۆی شکستیەکانیان دەزانێ" لەو بڕوایە دام ئەم ئامۆژگاریانە باشترین ئامۆژگاریین بۆ کەسێ بیەوێ لە گەمەی جەنگ ورد بێتەوە.

ئێستا با لەبەر رۆشنایی ئەم ئامۆژگاریانەوە چاوێك بە ڕێرەوی هەندێ لەو سەرکردە سەربازییانەی رابردوودا بگێرین و پەردە لەسەر ئەو نهێنینانە لابەرین کە بوونەتە هۆی سەرکەوتن یا ژێرکەوتنی ئەوان، تاکو بەم باسەمان رێ بۆ سەرکردەکانی سەدەی بیستەم خۆش کەین چونکە لەوباوەڕەدام کە ئەشێن بۆ ئەم مەبەستەی من دەمەوێ قسەیان لێوەبکەم لە پاڵ ئەو شارەزاییە سەربازییەی هەمە هەق بە خۆم دەدەم خەسڵەتەکانیان شیی بکەمەوە تیشکی ڕەخنەیش بخەمە سەرکارەکانیان، بۆ ئەم شوێنەیش باشتر وایە لە دوو سەرکردەی سەردەمانی دێرین بدوێم، یەکێ لەوانە (جەنگیزخان)ە کە لە سەدەی دوازدەهەمدا ژیاوە، ئەم سەرکردەیە هێرش و شاڵاوەکانی بە نموونەی پەرەنسیبی (مبدا) لەش سووکی و دەست پێشخەر دادەنرێ لە تیۆرەکانی جەنگدا، دووەمیانیش (فون مولتکە) یە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە یەکەم کەس ناو دەبرێ کە داهێنەری ئەو پەرەنسیبەیە کە دەڵێ:"میللەت دەبێ لە کاتی جەنگدا لە خزمەتی سوپادا بێت" ویستم باس لەو دوو سەرکردەیە بکەم تاکو بەراوردیان بکەم لەگەڵ سەرکردەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری ئاشکرا بکەم کە سەرکردە سەربازییەکان بە درێژایی سەردەمەکانیان نەخشەیان لەسەر هەمان ئەو شێوازانە داڕشتووە کە ئەمڕۆ سەرکردەکانمان لەسەری دەڕۆن. هەروەها بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنم کە هەمان ئەو پەرەنسیبە سەربازییانەی سەرباز فێری دەبن هەر ئەو پەرەنسیبانەن کە لە کۆنترین سەردەمەکانی مێژوودا بەکارهاتوون.

## جەنگیزخان

ئـــەو هـــەموو ســـالآنەی دوای هەرەســـهێنانی ئیمپراتۆریـــەتی رۆمـــانی سەرکردایەتیەکی سەربازیی وای لەگەلّ خۆیا نەهێنا شایانی باس بێ هەر چەندە ئەو ماوەیە شەڕێکی زۆری تیا بەرپابووە تەنانەت خوێنێکی زۆریشی تیارژاوە. ئەوەندە هەیە لەم ماوەیەدا شەڕی خاچەکان لە بەرچاو دەگیرێن، هەر چەندە ئەویش سەرکردایەتیەکی سەربازی وای تیا هەلّنەکەوت سوودێکی وامان پێ ببەخشێ.

سەرکردایەتی ئەو سەردەمە کەمتر بەلای زیرەکیدا چووە، سەربازەکانی زۆرتر مەیلیان بەلای چەکی قەلّغانیدا دەچوون بۆ ئەوەی بیانپارێزێ.

لەش سووك نەبوون و زۆر گوێیان بە چەکی تەقینەوە نەداوە بگرە ڕەگەزی غافلگیری (المباغتە) لەو سەردەمەدا ئەوەندە رەچاونەکراوە. جەنگیزخان لە سالّی (1162) لە دایك بووە، باوکی مەنگۆلی بووەو، سەرکردەی یەکێ لە خێلّەکانی ئەو سەردەمەبووە.

جەنگیزخان هێشتا تەمەنی سیازدە سالآنی تێنەپەڕاندبوو کاتێ باوکی دەمرێ، لەم تەمەنی مندالّیدا پاش ئەوەی جێی باوکی دەگرێتەوە باوەڕی وابووە کە شەڕ پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێ بەسەر سەرەك خێلّەکانی تردا زالّبێ، لەم کارەیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بە درێژایی چل سالّی رەبەق شەڕ لە دوای شەڕ بەردەوامبوو بۆ سەر خێلّەکانی دەوروبەری. هەرچەندە مێژوو بە درێژایی ئەم شەڕانەی سەرکەوتنی گەورە و مەزنی بۆ تۆمارنەکردووە بەلآم زۆر سوودی لەم شەڕانە بینیوە و فێری ئەوەی کردووە چۆن بگاتە مەبەستەکانی خۆی بێ ئەوەی یەك تۆزقالّ سۆز و میهربانی بۆ کەس بهێلّێتەوە.

له ساڵی 1213دا کاتێ تەمەنی گەیشتە پەنجاو یەك ساڵ توانی گەورەترین سەرکەوتن بە دەست بێنێ کاتێ کە ئیمپراتوریەتی چینی داگیرکرد. هەر چەندە چینیەکان هەموو ئومێدێکیان خستبووە سەر شوراکەیان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بەمەیش پەرەنسیبی لەش سووکی و بەهرەی جەنگیان لە دەستدا لە مەیانی جەنگدا متمانەی تەواویان خستبووە سەر شورا مەزنەکەیان بەڵام جەنگیزخان سەرکەوتووانە توانی کەلێن بخاتە شوراکەوەو لە سێ لاوە درزی تێخست و لێشاوی هێزەکەی توانییان ئیمپراتۆریەتی چین رامالْن.

شەش ساڵی خایاند تا جەنگیزخان توانی سوپای مەنگولی رێك بخاتەوە سەرەڕای درندەیی هێزەکانی مەنگولیا، کەچی پاش ئەوەی تێکەلاو بە شارستانیەتی چین بوون توانییان سوپایەکی مەزن پێك بێنن کە پێشتر شتی وانەبووە.

هەموو هێزی مەنگولیەکان سوارەبوون، چەکەکانیشیان بریتی بوون لە شمشێر و ڕم و کەوان، لە شەڕدا تیریان دەهاویشت و پێش هێرش بردنیش دوژمنەکانیان تۆپباران دەکرد لە تۆپ باران ئەوەندە لێهاتوو بوون زۆر بە باشی نیشانەکانی خۆیان دەپێکا، لە شەڕیشدا زۆر لەش سووك بوون، هەروەها دەستگای هەواڵگرییان ئەوەندە چالاکبوو، دەکرێ بوترێ هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنیان دەگەڕایەوە بۆ چالاکی ئەو دەستگایە، ئەمە بێجگەلەوەی دەستگای پروپاگەندە و تابوری پێنجەمیان ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی لە کەم کردنەوەی ورەی دوژمنانیان، هەروەها زۆرجار ناپاکانیان لە ڕیزی دوژمناندا دەچاند تاکو ترس و تۆقاندنیان تێدا بوروژێنن.

ژمارەی کوژراو لە داگیرکردنی چیندا خۆی دەدا لە هەژدە ملیۆن کەس زیاتر، لەو کاتەوە ناوی هێزەکانی مەنگولیا بەوە ناسران کە ترس و لەرز دەخەنە دڵ و دەروونی خەڵکیەوە، بەم جۆرە ڕۆڵێکی کاریگەرییان گێڕا بۆ ئیفلیجکردنی ریزەکانی دوژمنیان.

جەنگیزخان وا ناسراوە کە دڕندەترین سەرکردەی سەربازی بووە لە مێژوودا، هەرچەندە دوای ئەو کەسانی تر هەڵکەوتن کە دەکرا شایان بەوەبن ئەم نازناوەی لێ بسەننەوە، لەگەڵ ئەوەیشا دەکرێ بوترێ دڕندەیی (جەنگیزخان) بە پێی ئەو سەردەمە لە جێی خۆی دابووە، چونکە ئەگەر بەو دڕندەییە نەبوایە نەیدەتوانی ئاوا بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵ بێت، هەروەها بۆ ئەوەی بشتوانێ سەرکردایەتی پیاوەکانی خۆیشی بکات کە هەر هەموویان لە پیاوانی خێڵەکی بوون و بەرەق و توندودرندە ناسرابوون. بۆیە دەشێ خەسڵەتی توندوتیژی بخەینە پاڵ خەسڵەتەکانی تری ئەم سەرکردەیە.

ئەگەر لە هێرش و شاڵاوەکانی (جەنگیز خان) وردبینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شارەزاییەکی چاکیبووە لە هونەرییەکانی جەنگدا کە ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێن، لەوانە ڕەگەزی غافلگیری و لەش سووکی و هێرشی چڕ و زامنکردنی پاراستنی هێزەکانی و دەست پێشخەری کردن لە هێرشدا و روخاندنی ورەی دوژمنان، ئەمە جگەلەوەی هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا نەخشەکانی بپارێزێ هەروەها باوەڕی و دابوو بۆ مسۆگەرکردنی ستراتیژیەت دەبێ بە تاکتیکی جەنگی ئەنجامیبدا ئەویش بە مەشق پێ کردنێکی چاکی هێزەکانی.

دەبێ لە کۆتاییدا ئەوە بڵێین کە ئەم سەرکردەیە ئامادەنەبوو جڵەو بەرەڵڵاکات بۆ ئەو کارە سەرەڕۆیانەی کە باوەڕی وابوو یا گومانی وابوو ئەگەر بکرێن زۆر لەسەر هێزەکانی دەکەون.

بۆم هەیە ئەم سەرکردە مەنگولیە (جەنگیزخان) لە ریزی سەرکردە مەزنەکانی سەربازیی لە مێژوودا دابنێم، هێرش و شالاوەکانی نموونەیەکن شایان بەوەن لە توێژینەوەی هونەرییەکانی جەنگدا سوودیان لێ وەربگیرێ.

ئەمە و سەرکەوتنەکانی ئەم سەرکردەیە درێژەی کێشاوە لە ڕۆژهەڵاتەوە گەیشتۆتە هیندستان و لە ڕۆژئاوایشەوە گەیشتۆتە پولەندا و هەنگاریا، هەر چەندە لە ساڵی 1227دا کۆچیدوایی کردووە بەڵام هێرش و شاڵاوەکانی سوپای

مەنگولیا تا دوای مردنیشی هەر بەردەوام بووە، تا زیاتر بەرەو ڕۆژئاوا و باکوور بۆتەوە، ناوچەی ناوەڕاستی ڕووسیای داگیرکردووە تەنانەت گەیشتۆتە ناو مۆسکۆش لە سالی 1241دا بە تەواوی سەرکەوتنەکانی خۆی لە پۆلەندا و هەنگاریا جێگیرکردووە، ئەگەر هەندێ ئاژاوەی ناوخۆ نەبوایە کە بۆتە هۆی ئەوەی سوپای مەنگولیا بکشێتەوە، ئەوا بێگومان هەموو کیشوەری ئەوروپای داگیردەکرد.

ئێستا دەبێ بڵێین چ پەندێك لە مەوە فێردەبین؟ بڕوام وایە کە بلۆکی ڕۆژئاوادەبێ زۆر چاك چاودێری گۆڕانکارییەکانی کیشوەری ئاسیا بکات بەو پەڕی ئاگایی و پارێزییەوە، چونکە هیچ دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان سوپای بە هێزی تیا هەڵکەوێ بتوانێ بلۆکی ڕۆژئاوا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

## فون مولتکە

هەڵبژاردنی (فون مولتکە) لە نەوەی سەدەی نۆزدەهەم مانای ئەوەنییە بازم دابێ بەسەر سەد ساڵی ڕۆژگاردا.

لەو ماوەیەدا گەلێ کەسایەتی ناودارو سەرکردەی مەزن هەڵکەوتوون لەوانە (روبەرت بروی) ، (ئەدواردی سێیەم) و (هەنری پێنجەم) و (لورین) و (مارلبورو) و (ناپلیون) و (نلسن) و (ولنکتون) و (روبەرت لی)...

ئەم سەرکردانە هەر هەموویان ناوبانگیان دیارە و زۆریش لە بارەیانەوە نووسراوە شتێکی تازەی وانابینم بیخەمە سەرباسەکانیان و سوود ببەخشێ. بەریتانیا لە سەردەمە کۆنەکاندا و تا سەردەمی (مارلبورو) و (ولنکتون) لەڕێی دەریاوە پیاوانی دەنارد بۆ جەنگ، ڕژێمێکی ڕێکوپێك و ئامادەکاریی بۆ جەنگ

شتێکی وانەبوون شایان بە باسبن، خۆ گەلی بەریتانیا ئەوە هەر بەجارێ ئاگای لە زۆرشت نەبوو چۆن دێت و چۆن دەڕوا.

بروسیا یەکەم دەوڵەت بوو باوەڕی بەو بۆچوونە بوو کە دەبێ میللەت هەمووی بچێتە ژێر چەکەوە (بچێتە خزمەتی سەربازییەوە) بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕ.

بائێستا باس لەو سەردەمەی مێژووی ئەڵمانیا بکەین کە تیایدا بیرو بۆچوونی خزمەتی ناچاری (الخدمە الاجباریە) جاڕی بۆ دەدرا بۆ بەرەنگار بوونەوەی جەنگ.

(فون مولتکە) ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لەم ڕووەوە، بەو پێیەی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی بروسیابوو توانی سوپای بروسی ڕێکبخات، ئەم پلەو پایەیەی لە ساڵی 1857دا پێدرا تا سی ساڵیش دوای ئەوە هەر لەو پلەو پایەیەدابوو لە ژێر فەرمان و ڕێنمایی سیاسەتمەداری ناودار (بسمارك)دا کاریدەکرد.

(بسمارك) باوەڕی وابوو کە چارەنووسی بروسیا و دامەزراندنی ئیمپراتوریەتی ئەڵمانیا بە شەڕنەبێ نایەتە دی، بۆیە بە پێویستی دەزانی کە دەبێ سوپایەکی بە هێز بخوڵقێنێ بۆ ئەم مەبەستەیش (رون)ی وەزیری جەنگ و (فون مولتکە)ی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی شەڕی سوپایی پشتگیرییان لێدەکرد.

مولتکە بە مامۆستای ڕێکخستن دادەنرێ، ئەم شارەزاییەی لە ئەنجامی ئەزموونی کارەوە دەستگیربوو بوو، باوەڕی وابوو ئەگەر دەوڵەت بیەوێ شەڕ بکات دەبێ هەرچی توانا و وزەی ئادەمیزاد هەیە هەر هەمووی تەرخان بکات بۆ بەرەنگار بوونەوەی پێویستیەکانی جەنگ و هەرچی هۆیەکانی گواستنەوەیش هەیە دەبێ بیانخاتە بەردەستی سوپاوە، لە ساڵی 1870دا لەسەر ئەم بناغەیە توانی سوپای ئەڵمانیا ڕێك بخات.

کاتێ فەرمان دەرچوو بۆ سوپای ئەڵمانیا کە بەرەو سنوورەکانی فەرەنسا بکەوێتە رێ بە نیازی شەڕ ئەوەبوو دوو هەفتەی نەخایاند دوو ملیۆن سەرباز بە هەموو چەك و کەرەسەیەکەوە ئامادەسازبوون.

مولتکە لە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵیدا بوو کاتێ پلەی سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی بروسیای پێ سپێردرا لە ساڵی 1857دا، مولتکە لە سەرەتادا وەکو ئەفسەرێکی کارگێڕی (ئیداری) لە خزمەتی سوپادا کاری دەکرد، هیچ پلەو پایەیەکی پێ نەدرابوو ئەم پلە بەرزەیان پێبەخشێ، سەرو سیمایەکی کلاسیکی پان و پۆڕی هەبوو، ئەتووت قوتابیەکە هێشتا بە دوای زانیاریدا عەودالە، یا کەسێکە هەمیشە لە گۆمی خەیاڵاتا نقووم بووە.

لە ڕاستیدا مولتکە خاوەن پەرەنسیبێکی گرنگ بوو لە هونەری جەنگدا توانی هێڵی ئاسنین بەکاربهێنێ بۆ خزمەتی تاکتیکی جەنگی و بە نیازی لەش سووکی لە ڕووی ستراتیژەوە.

(ناپلیون) لەبەر ئەوەی رێگاوبانی بە تەواوی بە دەستەوە نەبوو لەگەڵ ئەوەیشا لە ڕووی هەواڵگرییەوە دەستگاکەی لاوازبوو ناچار بوو هێزە سەرەکیەکانی پاش ماندووبوونێکی زۆر بگوێزێتەوە بۆ شوێنی لە بارو گونجاوتر تا لەوێوە بتوانێ گورزی تەواو بوەشێنێ، بەڵام مولتکە لەسەر ئەم پەرەنسیبە تازەیە توانی هێزەکانی بگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی خۆی مەبەستی بوون و لەڕێی هۆیەکانی جیاجیای گواستنەوە کە گرنگترینیان هێڵی ئاسنین بوو، زۆر بە ئاسانی و خێرا توانی هێزەکانی لە ڕۆژئاواوە بگوازێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و بە پێچەوانەیش، ئەمەیش شێوەیەکی نەرمەکی (مرونە) بۆ پەیداکرد لە ڕووی ستراتیژیەوە، ئەگەر بهاتایە و شەڕ لە هەر لایەکی بەرەوە بوایە و بگرە لەیەك بەرەیش زیاتر بوایە ئەم خەمی نەبوو.

مولتکە جارێکیان ئاشکرای کردووە کە ڕێکخستنی ڕاست و بە تەنگەوەهاتن بە هۆیەکانی گواستنەوە گەلێ لە بنیاتنانی قوللە و قەلا باشترە لەسەر سنوورەکان، ئەمەیش بێگومان رایەکی ڕاست و دروستە.

لەم گۆڕانکارییە لە هۆیەکانی گواستنەوەو بەکارهێنانیان بۆ خزمەت سوپاکان کارێکی وایکرد هەندێ ئالۆگۆڕ لە نێو بەرنامەی سەرکردایەتی سەربازییدا پەیدابێت.

بەم چەشنە توانی بەم هۆیەوە دەسەلات بگرێ بەسەر ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی بە جۆرێ بتوانێ باشتر بخولێتەوەو لەسەر پانتاییەکی فراوانتری سەر زەوی شەڕبکەن، هەروەها بەم پێیە توانرا دەستەی سەرکردایەتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە بەپێی بارودۆخی شەڕەکە.

ناپلیون باوەری بە گویرایەڵی کوێرانە بوو، هەروایشی لە فەرماندەکانی خۆی دەویست، دڵنیا نەبوو لە کەسیان بۆیە کاری سەرەکی نەدەدایە دەستیان، ئەو نامتمانەییە وای لێدەکردن زۆرجار شکستییان دەهێنا... بەلام مولتکە فەرماندەکانی خۆی واپەروەردەکردبوو کە هەمیشە بیرلەوە بکەنەوە باوەڕیان بە خۆیانبێ لە کاتی پێویستدا و نەخشەکانیان بە پێی باوردۆخی چاوەرونکراو دابڕێژن، هەروەها ڕێیەکی ڕاست و رەوانی بۆ فەرماندە و دەستەی سەرکردایەتی دەکێشا تا لە سەری برۆن.

لێرەدا مەزنی سەرکردەی ئەڵمانەکان پتر دەردەکەوێ کە چۆن بە توانایەکی بەدەر دەیانتوانی نەخشەی فێلاویانە بکێشن لە کاتی هێرشبردندا، هەروەها واناسرابوون کە لە توانایاندا هەبوو بە پیلان و فرت و فێڵ چۆن خۆیان دەربازبکەن.

چەند لەبارەی دەستەی سەرکردایەتی ئەڵمانیاوە بوترێ بێگومان هێشتا لەوە زیاتر جێی سەرسوڕمانی جیهان بوون، یەکەم دەست پێشخەری لە بواری

نەخشەدانانی جەنگیدا بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە ئەوەندە هەیە (هیتلەر)بووە هۆی لە ناوبردن و نەهێشتنی ئەم بەهرەیەیان.

شێوازی سەرکردایەتی کردنی (مولتکە) لە شەڕەکانی دژی فەرەنسا لە ساڵی 1870دا لە چاو شێوازی هەموو سەرکردەکانی تر جیاوازی هەبوو، کاری شەڕەکەی لە بنکەیەکی سەرکردایەتی لە پشتەوەی سوپاکەی بەڕیوەدەبرد، نەخشەی ورد و زۆرچوونە ناو وردەکارییەکانەوە گەورەترین خەسڵەتی ستراتیژی ئەم کارەی بوون، ئەم دوو ڕەگەزەی زیاتر بە لاوە گرنگبوو تا ئەوەی بە تەمای گریمان (احتمالات)بێ یا پشت بە مانۆڕ ببەستێ، ئەیزانی کە فەرەنسیەکان ئامادە باش نەکراون بۆ جەنگ لە کاتێکا ئەم راستیە لای زۆر کەسی تر شاراوەبوو، ئەوەیشی مێژوو دەیسەلمێنێ ئەوەیە کە خۆ بەخشە فەرەنسیەکان بێ چەك و بەکەلوپەلی مەدەنیەوە چوبوونە بەر ناوەندەکانی خزمەتی سەربازییەوە، هەروەها سەرکردایەتی فەرەنسا بێ ئەوەی بەرنامەیەکی ئامادەکراوی سازدابێ چووە ناو شەڕەوە، تەنانەت ئەو هەواڵەمان (کاتی خۆی) خوێندەوە کە چۆن پەلیکی (فەسیلیکی) فەرەنسی لە شارێکی سەر سنوور لە شەمەندەفەر دابەزی بوون بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن کە ئەم شارە لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە دەستی بەسەراگیراوە.

نەخشەی (مولتکە)وابوو کە زۆر لەسەرخۆ هێزەکانی بەرەو سنووری فەرەنسا بکەونە رێ لەسەر شێوەی بەرەیەکی پان و پۆری یەکگرتوو و یەك ڕیزی تا بە تەواوی ڕووبەڕووی فەرەنسیەکان ببنەوە، لەوە دەچێ پابەندی نەخشەیەکی سەرەکی نەبووبێ بەڵکو زۆرترین مەبەستی ئەوەبوو، زۆر بەڕێکوپێکی و خوراگرانە سوپاکەی بەرەو پێش بچێ، مولتکە زۆر لە سەرکەوتنی هێزەکەی دڵنیابوو، بۆیە هەموو هێزەکەی بلاوکردۆتەوە و هەر هەمووی بەرەو هێڵی پێشەوە ناردوە، ئەوەی ویستی بۆی هاتەدی، بە بڕوای من ئەم نەخشەیەی لەسەر خەیاڵ دانەرشتووە بەڵکو لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و نەخشەی ورد دای ڕشتوە،

ئـەم نەخـشە پـڕ لـە وردەکارییانـە ئـەوەیان سـەلماند کـە سـەرکەوتنیان زیـاتر مسۆگەرترە لەو نەخشانەی لەسەر بناغەیەکی تیۆری دادەڕێژرێن.

ئێستا با بزانین (فون مولتکە) چی بە هونەری سەرکردایەتی سەربازیی بەخشیوە؟

ئەوەی ئاشکرایە ئەم بوو پەرەنسیبی (میللەت دەبێ لە خزمەتی سوپادا بێت) لە سەردەمی شەڕدا ئەمەی چەسپاند. هەر ئەمەیش بوو ڕۆڵی ئەوەی گێڕا کە پەرەنسیبی لەش سووکی لە ستراتیژدا بەکاربرێ بۆ گەشەدان بە هۆیەکانی گواستنەوەو بە تایبەتیش لە هێڵی ئاسنیندا. ئەمە جگەلەو چاکە کارییانەی خستیەناو بەرنامەی سەرکردایەتی سەربازییەوە، بە بڕوای من سەرکەوتنی بەسەر (ناپلیونی سێیەم)دا ناچنە خانەی ئەو سەرکەوتنانەوە ئەگەر پێشتر ئەوە بزانین، (ناپلیونی سێیەم) بۆ خۆی سەرکردەیەکی وا شارەزا و لێهاتوونەبوو.

ئە توانین (فون مولتکە) بەیەکێ لە گەورە سەرکردە سەربازییەکان دابنێین؟ مـن بـۆ خـۆم لـە ڕوویەکـەوە گومـان لـەوە دەکـەم، ئەوەنـدە هەیـە ئـەم پیـاوە سەرۆکایەتی سوپایەکی دەکرد کە سوپاکە بۆ خۆیان ئاگری نیشتمان پەروەری لە دەروونیاندا کلپەی سەندبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێ بە ڕێکخەر و بیرمەندی ناو بەرین نەك بە بلیمەتی ناو شەڕ.

سەرنج:

1ـ دەبێ لێرەدا نووسەر مەبەستی لە سەرباز ئەو (قوتابیانەی کۆلێژی سەربازی) بێ کە بۆ یەکەمجار لە کۆلیژ وەردەگیرێن، ئەگینا سەربازی ئاسایی بە دەگمەن تیایانا هەڵکەوێ خویندن و نووسین بزانێ. (ا. س)

2ـ نووسەر لەم کتێبەدا لە زۆر شوێنا بە ویژدانەوە سەرکردە و سەردەمەکانی هەڵسەنگاندون کەچی زۆرجێی سەرنجە لە شەڕی خاچەکاندا خۆی لە سەرکردایەتی سەرکردەیەکی وەکو سەلاحەدین ئەیوبی پاراستوە. (ا . س)

## سەرکردە سەربازییەکانی سەدەی بیستەم
## جەنگی یەکەمی جیهانی
## 1914 – 1918

پاش ئەوەی گەیشتینە ئەو سەردەمەی تیایا پەرەنسیبی (میللەت دەبێ لە خزمەتی سوپادا بێت) پێویستە پەنجا ساڵ بازبدەین بۆ پێشەوە بەواتایەکی تری بەرەو شەڕی قەیسەر 1914 – 1918 یا ئەو شەڕەی ناو دەبرێ بەشەڕی یەکەمی جیهانی.

گەلێ سەرکردەی سەربازیی گەورە هەن ئەشێ لەم باسەماندا شایان بەوە بن قسەیان لەسەربکرێ، بەڵام من لێرەدا تەنها باس لە دوانیان دەکەم – کە ئەوانیش ئێستا لە ڕیزی مردواندان –هەردووکیان لە بەرەی ڕۆژئاوادا کاریاندەکرد لە فەرەنسا کە من بۆ خۆیشم لەو ساڵەدا (1914) تا ماوەیەکی زۆر لەوێ بووم جگە لەو ماوەیە نەبێ کە بەهۆی برینداریەکی سەختەوە لە ئینگلتەرا تیماردەکرام.

### فرنش

هەر چەندە سەرەتای مانگی ئابی 1914 لە ژێر سەرکردایەتی ئەم پیاوەدا کارم دەکرد بەڵام بۆ جارێك چییە لە نزیکەوە نەمبینیوە، ئەوەی لێرەدا باسی لێوەدەکەم ئەو قسانەن کە لە هەندێ لەو کەسانەوە دەمبیستن یا لە ئەنجامی ئەو توێژینانەوەن کە بۆ خۆم هەڵمهێنجاون کاتێ لەو سەردەمەدا سەرکردەی گشتی بووە، (فرنش) ئەفسەرێکی سوارە بوو، ناوبانگی لەو کاتەوە سەری هەڵدا کە بەشداریکرد لە شەڕی خوارووی ئەفریقیادا، کاتێ لە ساڵی 1908دا بۆ

یەکەمجار چووە ڕیزی سوپاوە، ئەوسا ئەم پیاوە بەیەکێ لە مەزنترین سەرکردەکانی ئینگلیز ناو دەبرا. پاشان پلەی بەرز بۆوە، تا بووە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی ئیمپراتۆریەت، بەڵام ناچار بوو لە ساڵی 1914دا دەست لە کار بکێشێتەوە پاش ئەوەی ناوی لە دۆزی ئیرلەندادا کەوتە سەر زاران، بەڵام بۆ جاری دووەم هەر لە ساڵی 1914دا بانگکرایەوە بۆ خزمەت و سەرکردایەتی هێزەکانی بەریتانیا کە بڕیاربوو بەرەو فەڕەنسا بکەوێتە ڕێ و لە جەنگدا شانبەشانی سوپای فەڕەنسی هاوبەشی بکات. (فرنش) زیرەکییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەلام تا بڵێی پابەندی کاری سەربازی بوو. هەروەها هێزێکی دووربین و خوڵقاندنی تێدابەدی دەکرا. ئەم خەسڵەتانەیشی پێویستبوون تاکو سەرکەوتووبێ لە کارەکەیدا کە سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەریتانیا بوو لە فەڕەنسا، بەڵام ئەم کارەی زۆری نەخایاند ئەوەندە نەبێ لە ئابی 1914وە دەستی پێکردو لە ساڵی 1915دا کۆتایی هات.

ئەوسا تەمەنی لە دەوروبەری شەست و دووساڵاندابوو، بۆخۆی لە ساڵی 1852 لە دایکبووبوو، بەڵام دەبێ بپرسین هۆی شکستی لە کوێ دابوو؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەبێ چاوێك بەو ڕووداوانەدا بگێڕین کە هاوچەرخی ئەو سەردەمە بوون کە ئەمی تێدا سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا بوو لە فەڕەنسا. لە ئابی 1914 بەخۆی و هێزەکەیەوە گەیشتنە فەڕەنسا، بەتەواوی بێ ئاگابوو لە نەخشەکانی فەڕەنسا بگرە لەو ڕۆژەدا هیچ کەسێك لە لەندەن لەو بارەیەوە زانیاری تەواوی نەبوو، لەگەڵ نهێنی نەخشەکانی فەڕەنسیدا ئەم توانی بگاتە بنج و بناوانی و ئەو هەڵانەیشی بۆ دەرکەوت کە فەڕەنسیەکان تێی کەوتبوون. فەڕەنسییەکان پشتیان بەوە بەستبوو بۆ پێکهێنانی سوپاکەیان کە زۆرترین کەس کۆ بکەنەوە و، فرێیان دەنە مەیانی شەڕەوە، فەڕەنسا لە ئابی 1914دا زیاد لە یەك ملیۆن کەسی یەدەگیان سازدابوو، بەڵام کاتێ ئەمانە هاتنە بەر بنکە سەربازییەکان بەشی ئەوەندە

خۆراك و کەرەسە و چەکیان بەدەستەوە نەبوو بژێوی ئەمانەی پێ دابین کەن، بگرە بایی ئەوەندە ئەفسەریان لەبەر دەستانەبوو بتوانن فەرماندەیی ئەم ژمارەیەی پێبکەن. قسەیەکی باو کەوتبووەسەر زاری فەرەنسیەکان لە کاتی هێرش بردندا ئەویش (بژی فەرەنسا، بۆ پێشەوە) بوو بووە دروشمیان. لە 20ی ئابدا هێرشی فەرەنسیەکان لە ناوچەی باشووری (مەتنر)ەوە دەستی پێکرد، پیادەکانیان بەرگێکی شین و سووریان لە بەردابوو، بەڵام بەرگی تۆپچیەکانیان مەیلەو ڕەش و زێڕین بوو، سوارەکانیشیان خۆیان لەپشت زریپۆشەکانەوە دەشاردەوە. هەرچەندە ئەڵمانەکان دەستپێشخەر بوون لە هێرشەکەیاندا بەڵام لە هەمان کاتا فەرەنسیەکانیش هێرشیان دەست پێکرد بێ ئەوەی بارودۆخەکە لێك بدەنەوە، تەنانەت مۆڵەتی ئەوەیان بەخۆیان نەدا بەرچاویان ڕوونبێتەوەو لە توانای خۆیان بگەن ئایا دەتوانن هێرشێکی بەرامبەرێنە بەرپا بکەن یان نا؟ لە ئەنجامی ئەمە فەرەنسیەکان تووشی زیانێکی زۆر بوون، هەر بەم هێرشە شێتگیرانەیان زیاد لە 300000هەزار کوژراویاندا. تەنانەت ئەو کەلوپەلە ڕەنگاوڕەنگەیان گیانی لە مردن قورتارنەکردن، لەلایەکی تریشەوە ئەو دزەیەی ئەڵمانەکان لەسەر خاکی بەلجیکاوە کردیان کاریگەریکی زۆری بوو بۆ تێکشکاندنی باڵی چەپی هێزەکانی هاوبەشی فەرەنسا و بەریتانیا.

وا چاوەڕوان دەکرا هێزەکانی بەریتانیا کە لە بەرەی لای چەپی شەڕەکەدا بوون، تووشی زیانێکی زۆرتر بن بەڵام بڕیاری زیرەکانەی (فرنش) بە کشانەوەی هێزەکەی خۆی لەگەڵ هێزی سوپای پێنجەمی فەرەنسیدا کە لەلای ڕاستیەوەبوو لە ژێر سەرکردایەتی ژەنەراڵ (لیرزاك)بوو، ئەو بڕیارەو ئەو خۆڕاگرییەی هێزی پیادەی بەریتانیەکان و تەقەکردنیان ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەوەدا کە هێزەکان تووشی کارەساتی گەورە نەبن، سیرجون فرنش لە نزیکەوە ئاگای لە وەزعی سوپای فەرەنسابوو، بەڵام ئەوە نازانم تا چەند ئەو بیروبۆچوونانەی لای فەرەنسییەکان و لای ژەنەڕاڵ (جوفر) بە تایبەتی کە ئەوسا ئەو سەرکردەی

گشتی سوپاکانی فەڕەنسا و لێپرسراوی یەکەمی بەڕێوەبردنی شەڕ بوو لە بەرەی فەڕەنسادا چەند بە هەند وەرگیراوە. بەڵێ ئەوە نەزانراوە تا ئێستا ئەو بیروبۆچوونانە بەرامبەر (فرنش) چۆن بووبێ.

لە ڕۆژی دووەمی سبتەمبەری ساڵی 1914دا فرنش نامەیەك بۆ جوفر دەنووسێ و تیایا داوای لێ دەکا سوپای بەریتانیا هەموویان ئامادەن هاوبەشی شەڕبکەن ئەگەربێت و فەڕەنسیەکان ئامادەبن بۆ جاری دووەم لە ناوچەی (مارن)ەوە شەڕ دەست پێ بکەنەوە، بەڵام جوفر ئەم داوکارییەی ڕەتکردەوە. شەڕی (مارن) دەستی پێکرد بێ ئەوەی جوفر دەستی تیا هەبێ بەڵام ناچار کرا لەسەر بڕیاری ژەنەڕاڵ (گالینی) کە حاکمی سەربازیی پاریسبوو هاوبەشی بکا، پانتایی بەرەی شەڕەکە ئەوەندە درێژ بووبۆوە تا گەیشتە دەریای باکوور هەر لەبەر ئەوەش ناونرا (کشان بەرەو دەریا) هێزەکانی بەریتانیا لە بەلجیکا زۆر زەحمەتیان کێشا بە تایبەتی لە شەڕی یەکەمیاندا لە (ئاراسی) لە پاییز و زستانی ساڵی 1914دا. لەگەڵ تەواوبوونی ساڵی 1914دا بارودۆخەکە لە نێوان هێزەکانی ناکۆکدا جۆرە سڕبوونێکی تێکەوت، ئەوەبوو سەنگەر دابەسترا هەر لە سویسراوە بەرەو باشوور تاکو دەریای باکوور ئیتر کپیەك باڵی کێشا بەسەر پانتایی بەرەی شەڕدا. هەر کە زستان هات سەربازەکان وایان لێهات لەبەر ماندووبوون بوونە مایەی بەزەیی پیا هاتنەوە، شەڕەکەبووە شەڕی نێوان سەنگەرەکان، سەربازەکان سەر بە وڵاتانی ئەڵمانیابوون. هەروەها شورای تەلبەندی درکاوی بڵاو بۆوە، هەر بەیناوبەینێك تۆپباران دەستی پێدەکرد، هیچ لایەك نەیتوانی بگاتە بەری لایەکەی تریان. هیچیان نەیاندەتوانی بارەکەی بەلایەکا بخا بۆیە تا دەهات ژمارەی کوژراوەکان پەرەی دەسەند.

لە ساڵی 1915دا (فرنش) زۆر دڵسۆزانە ویستی لایەنی (جوفر) بگرێ بەو پێیەی لێپرسراوی یەکەمی بەرەی ڕۆژئاوابوو ئەم دڵسۆزیەی وای لێکرد چەند جارێك سەرەڕۆیی بکات بەڵام تێیا سەرنەکەوت. بۆ نموونە لە (نوف شایل) لە

مارسی (1915)دا هەوڵێکیدا لەو هەوڵەدا ژمارەی قوربانیەکانی بەریتانیەکان لە 20.000هەزار کوژراو زیاتری تێپەڕاند بەڵام بێ ئەوەی سوودێك دەستگیربکات. هەر لە سێبتمبەری هەمان ساڵدا جارێکی تر لە پێگەی (لووس) دیسانەوە فرنش شەڕێکی ناسەرکەوتووانەی ئەنجامدا کە ئەمە بووە دواشکستیەکانی فرنش لەم شەڕەیشدا نزیکەی 95000هەزار سەربازی بەریتانی گیانیان لە دەستدا بەڕادەیەك حوکمەتی لەندەن تەواو نیگەران بوو لەسەر ئەوە بڕیاریدا (فرنش) لە سەرکردایەتی سوپا لابرێ و لە بری ئەو (دوگلاس هیگ) بووە سەرکردەی هێزەکانی بەرەی شەڕ.

(جوفر)یش هەر بۆ ساڵێکی تر لەو کارەیدا مایەوە پاشان لە دیسمبەری 1916 پلەی بەرزکرایەوە بۆ پلەی مارشاڵی لە فەرەنسا و ئیتر سەرکردایەتی بەرەی شەڕی جێهێشت.

ئێستا دەپرسین ئایا (فرنش) بە سەرکردەیەکی مەزن دادەنرێ من لە لایەن خۆمەوە بە (نەخێر) وەڵامی ئەمە دەدەمەوە، بۆ بڕیاردانیش لە سەرشتێکی وادیارە دەبێ لە بارودۆخ و ڕاستیەکانی ئەو سەردەمە بکۆڵینەوە، ئەشێ بڵێین (فرانش) بوو بووە قوربانی ئەو بارودۆخەی دەوریان دابوو، ئەمیش نەیتوانی بەرەو ڕوویان ببێتەوە دیارە ئەنجامیش بێ سێ و دوو شکستی بەدوادادێ. زۆری دڵسۆزی بۆ (جوفر) ببووە نموونەی قسەوباس بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە سەرکردەیەکی مەزن بووبێ. دەکرێ ئەوەیش بخەینە پاڵ قسەکانمان ئەویش ئەوەیە چارەنووسی گەیاندبوویە ئەم تەنگەتاوەو وای لە چارەنووسرابوو ببێتە ژەنەڕاڵێکی گەورە لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی 1914 – 1918.

ئێمەی بەریتانیەکان وا ڕاهاتووین کە لە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕدا تووشی کارەساتی خوێناوی ببین ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەم تەرخەمیەمان بەرامبەر بە سوپاکەمان لە کاتی ئاشتیدا ئیتر هەر کە شەڕدەست پێدەکا دەبینی دەکەوینە بارودۆخێکی خراپەوە لە ڕووی کەمی چەك و تفاقەوە.

جاری وایشە ساڵ و دوو ساڵمان پێدەچێ ئەوسا لەسەر پێدەوەستین، لەم کاتانەدا زۆر لە سەرکردەکان لە بارەگای سەرکردایەتیەوە ڕەوانەی مەیانی شەڕدەکەین، ئیتر هەموو خەون و خەیاڵێکمان دێتەسەر ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنین بێ ئەوەی گوێ بەلایەنی تر بدەین.

من ئامۆژگاریم لێرەدا ئەوەیە: لە سەرەتای شەڕدا هەوڵ مەدە ببێتە سەرکردەیەکی گەورە، من بۆ خۆم لە سەرەتای شەڕی هیتلەردا لە ساڵی 1939دا ژەنەڕاڵ بووم، فەرمانم بۆ دەرچوو لە ترسناکترین ناوچەداکاربکەم بەڵام دەربازبووم و قورتار بووم، پوختەی مەبەست واچاکە بۆ ئەفسەر لە سەرەتاکانی شەڕدا لە پلەی (عەقید) دابێ سەری ڕەحەتە چونکە هیچ لە پیاوانی سیاسەتمەدار و پیاوانی ڕۆژنامەنووسان نایناسن.

## هێگ

(هێگ)یش وەکو فرنش لە تیپی سواران بوو، لە ساڵی 1914دا سەرکردەی ناوچەی (درشوت)ی دەکرد لە ئینگلترا، ئەوسا لە تەمەنی پەنجاوسێ سالاندابوو کاتێ فەرمانی بۆ دەرچوو سەرکردایەتی فەیلەقی یەکەمی هێزەکانی بەریتانیا بکات لە فەڕەنسا، لە مانگی ئابی ئەو ساڵەدا کاری گرتە دەست، من بۆ خۆم هیچ هەلێکم بۆ نەڕەخسا بۆ جارێکیش بیبینم.

لەو ڕۆژانەدا لە ڕیزی (پیاوچاکان) دادەنرا چونکە بڕوای وابوو کەبەرەی ڕۆژئاوای ئەوروپا ترسناکترین بەرەی شەڕە، هەر لەوێش چارەنووسی یەکلایی دەکرێتەوە، یا ئەوەتا سەرکەوتنی لێوەدێ، یا شکستی و بەزین بۆیە هەمیشە دەیگووت:

(پێویستە ئینگلترا چی خەڵك و چەك و فیشەك و توانای هەیە هەر هەمووی تەرخان بکات بۆ بەرەی ڕۆژئاوا چونکە بەرەی لای ڕۆژهەڵات ئەو گرنگیە

ستراتیژیەی نییە. بۆ بەلگەی ئەمەیش زۆرجار ئامازەی بەو شالاوەی (گالبیولی)دەکرد، کە ستراژیەتی ڕۆژهەلات ئەو گرنگیە نادا بەدەستەوە، ئەگەر کەمێ لەو شالاوە وردبینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە 25ی ئەبریلی سالی 1915دا دەستی پێکردو لە 8ی یەنایری سالی 1916 بەدامالینی سەرجەمی هێزە هاوبەشەکان کۆتایی هات پاش ئەوەی زیانێکی قورسی پێگەیاندن. بە بڕوای من ئەم سەرەڕۆییەی (گالیبولی) کارێکی زۆرمەزن بوو، ئەگەر لە سەرەتاوە بەدەنگیەوە بچووینایە گومان نابەم سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست دەهێنا بەلام چونکە پێچەوانەی ئەوەمانکرد شکستمان هێنا.

لە تەموزی سالی 1916دا شەڕی (سوم) دەستی پێکرد و تا نۆڤمبەری هەمان سالی خایاند، زیانەکانی ئەم شەڕە گەیشتنە زیاتر لە 400000چوارسەد هەزار کوژراو و بریندار، هەر لە ڕۆژی یەکەممان ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە 20000بیست هەزار کەس و نزیکەی 40000هەزاریش بێ سەروشوێن بوون.

لە بەهاری سالی 1917 سوپای فەڕەنسا تووشی زیانێکی قورس هات لە ئەنجامی هێرشێك بۆ سەر شاری (نیفیل)، هەر بەهۆی ئەم شکستیەوە جۆرە یاخی بوونێك لە ناو ڕیزەکانی سوپادا بەرپابوو، بووە مایەی ڕووخانی ورەیان.

(بیتان) داوای لە هێزەکانی بەریتانیا کرد کە لەپشت (جوفر)ەوە بوون زیاتر یارمەتییانبدەن تاکو ئەم فشارە لەسەر هێزەکانی فەڕەنسا کەم بێتەوە. (هێگ) پاش دوو دلیەکی زۆر ڤایلبوو، ئیتر لە پێگەی سێیەمدا لە (ئیپر) لە مانگی تەمووزی سالی 1917دا شەڕ دەستی پێکرد تا زستانیش هەمووی بەردەوام بوو، بەگرتنی بەرزاییەکانی (باسشندیل) کۆتایی پێهات. باران بەخور دەباری و بەردەوام بەڕادەیەك هەموو سەر زەوی کردبوو بە قوڕو چلپاو، سەربازەکان بەدەم شەڕەوە دەکەوتنە ناو قوڕەکانەوە کە ئاوی باران دایپۆشیبوون زۆریان لەو قوڕانەدا نقوومدەبوون و دەخنکان، زیانی بەریتانیەکان لەم شەڕەدا گەیشتە

25000 بیست و پێنج هەزار کوژراو و بێ سەروشوێن، وای کردبوو نیشانەی ترس بەسەروسیمای سەربازە بەریتانیەکانەوە دەردەکەوت هەر کاتێ باس لە یادگاریەکانی شەڕی (باسشندیل) بکرابایە، تا ئێستایش ئەم دیاردەیە کاریگەری دیارە. پاشان شەڕی (کامبری) وەکو نموونەی ئەزموونێکی شکۆمەندی باسدەکرێ بۆ ڕادەی خۆڕاگری. (لیدل هارت) سەبارەت بەم شەڕە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا کە لە ژێر ناوی (تانکەکان)دا لە ساڵی 1959دا بلاویکردۆتەوە نووسیویە دەڵێ:"گەورەترین خەسڵەتی ئەم شەڕە لەوەدایە کە بە شێوازێکی زۆر فراوان (تانکی) تیادا بەکارهاتووە" لە سەرەتادا لە 20ی نۆڤمبەری 1917دا سەرکەوتنمان بەدەست هێنا بەلام هەمووی (10) ڕۆژی پێنەچوو ئەنجام بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆتایی هات ئەویش بە هۆی ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییە پڕ هەلانەی لە سەرکردایەتی بالاوە پێمان گەیشتن. هەرچەندە گەلێ هەلی باشمان لە دەستدا لەم شەڕەدا بەلام ئەکرێ لە ڕووی سەربازیی بەریتانیاوە بە خالێکی گۆڕانکاری دابنرێ.

ئەو ژمارەی زیانانەی لە ساڵی 1917 تۆمارکرابوون بووە مایەی بیر وروژاندنی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا (لوید جورج) پاش ئەو شکستیەمان لە شەڕی (سوم)دا گومانێکی لا دروستبوو بوو، متمانەی بە (هیگ) کزبوو بوو پاشان ڕایەلی ئەم گومانەی زیاتر لاکەلەکە بوو کاتێ لە شەڕی (باسشندیل)یش ئەنجامێکی خراپترماندا بەدەستەوە.

(هیگ) زۆر دلگرانبوو بەوەی کە متمانەی سەرەك وەزیرانی لە دەستدابوو، ئەمەیشی بە تەواوی لە بەڕێوەبردنی کارە جەنگیەکانیدا پێوە دیاربوو. هەرچەندە ساڵی 1917 بۆ (هیگ) بەو ئەنجامە ناخۆشە کۆتایی هات بەلام بە بڕوای زۆرکەس سووربوون و خۆڕاگرییەکانی بوونە هۆیەکی گرنگ بۆ سەرکەوتنەکانی لە شەڕداو ڕووخانی سوپاکانی ئەلمانیا لە نۆڤمبەری ساڵی 1918دا.

پاش ئەوەی سوپاكانی ئەڵمانیا لە ساڵی 1918 لە شەڕی (سوم) لە 11ی مارس شكستی هیناو پاشان لە شەڕی (لیز) لە 9ی ئەبریل و لە شەڕی (شمان دی دام) لە 27ی مایو. هێگ قەناعەتی وابوو كە لەو ساڵەدا شەڕ دەباتەوە ئەگەربێتو بزانین چۆن لێهاتوانە ڕۆڵی خۆمان دەگێڕین، من بۆ خۆم ئەوسا لە پلەی (رائد)یدا بووم و لەو سێ شەڕەدا هەر سێكیان بەشداریم كردوە. باوەڕم وایە كە سەركەوتنەكانی ساڵی 1918مان زۆر ئازایەتی و گەلێ مەترسی دەویست، كتێبێك سەرنجی ڕاكێشام لە ژێر ناونیشانی (سەركردایەتی عەزیمەتدار) كە لەلایەن دەستەیەك مێژوونووسانی سەربازیی ئەمریكیەوە لە ساڵی 1959دا بڵاوكراوەتەوە: لەم كتێبەدا هاتووە دەڵێ:

چالاكیەكانی (ئارنهیم) لە سەبتەمبەری ساڵی 1944دا بە شایەدی هەموو لایەك بە كارێكی ستراتیژی ئازایانە لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام ئەوەی زۆر بەلامانەوە گرنگە لەم ڕووەوە ئەوەیە كە ئەم مێژوونووسانە زۆر جیاوازییان لە نێوان ئەو سەركەوتنە مەزنەمان نەكردووە لە (نۆرماندی) لە ئابی 1944 و لەگەڵ ئەو سەركەوتنەمان لە هاوینی ساڵی 1918دا لە فەڕەنسا.

هیگ تاقە پیاوێكی ڕیزەكانی سەربازیی بوو باوەڕی وابوو كە ئێمە لە شەڕی یەكەمی جیهانی و بە تایبەتیش لە ساڵی 1918دا سەر دەكەوین. كەچی (فوش) هەرچەندە لە پایەی سەركردەی گشتی باڵای بەرەكانی ڕۆژئاوابوو زۆر لەوە دڵنیا نەبوو. بەڵام هیگ هەر هانی دەدا بەردەوامبێ تا لە 11ی نۆڤمبەری ساڵی 1918دا ڕاستی بۆچوونەكانی بەدەركەوتن. ئەمەیش گەورەترین دەسكەوت بوو (هیگ) بەدەستی هێنا. لەم ڕووەوە (جون پورت) لە ساڵی 1959دا نووسیویە دەڵێ:

هیگ لەوەدا سەركەوت كە جیهانی بۆ ماوەی ساڵێك لە بەرەنگاربوونەوە پاراست، ئەگەر وانەبوایە دەبوو ژمارەیەكی زیاتر بخەینە سەر زیانەكانمان لە بواری سەربازی و مەدەنیشدا، ڕەنگە لە زیانەكانی شەڕی (باشسشندیل) زیاتر

بوایە، ئەشێ هەنـدێ لـەم بۆچـوونەدا لەگـەڵما نـەبن بـەڵام ئـەوەیش دەڵـێم پـاش تێپەڕبوونی بیست و شەش ساڵ تووشی هەمان هەڵوێست (موقف) بووینەوە.

لەو باوەڕەدام زۆر بەزەحمەت بتوانین جێی (هیگ)بکەینەوە لە نێوان گەورە سەرکردەکانی سەربازیی لە مێژوودا، بێگومان ئەم پیـاوە گـەلێ هەڵـەی لـە دەست قەوما، لە ژێر سەرکردایەتی ئەمدا زیانەکانی سوپای بەریتانیا گەیشتنە ڕادەیەك کە لە ژێر سایەی هیچ سەرکردایەتی یەکی تردا ئەوەندە زیانی پێنەکەوتوە.

هەرچەندە کورتبین بوو بەڵام تا بڵێی ئازاو دڵقایم بـوو زۆر بـاوەڕی بـەخۆی هەبوو لە ڕاوبۆچوون دەربڕیندا قەت دوودڵ و ڕاڕانەبوو، بۆ خـۆی ڕای تایبـەتی هەبوو سەبارەت بە جەنگ، هەر هەڵێکی بۆ بـرەخسایەبێ دوودڵـی ئـەنجامی دەدا، هەرچەندە سەرکەوتوو بوو لـە بەدەسـت هێنـانی سـەرکەوتندا بـەڵام بۆچوونێك هەیە دەڵێ دەتوانرا ئەو سەرکەوتنانە بەڕێگایەکی باشتر بەدەست بهێنێ.

ئێـستا لـە باسـی دوو سـەرکردەی نـاوداری سـەربازیی دەبینـەوە لـە مێـژووی بەریتانیا کە ئەوانیش (فـرنش و هـیگ)بـوون، هـەر وا باسـەکە ڕایکێـشاین بـەلای ئـەوەدا بـاس لـە دوو سـەرکردەی فەرەنـسیش بکـەین کـە ئـەوانیش (جـوفر) و (فۆش)بوون، ئەوەندە هەیە (فرنش و جوفر) بە پێچەوانەی (هیگ) و (فۆش) تـا کۆتایی نەمانەوە. با ئەم سـەردەمەی مێـژوو بـە چـەند ڕسـتەیەکی ئـەو کتێبـەی (سیر ونستۆن تشرشل) کۆتایی پـێ بێـنین کـە لـە بەشـی دووەمیـدا بـە ناونیـشانی (کێشەکانی جیهانی) دەڵێ:

"ئەشێ لە داهاتوودا باس لە هەنـدێ لـە گـەورە پیـاوانبکرێ کـە سـەردەمانێك بـەخت یاریـان بـووە بـەڵام کـەوتوون، دەبـێ لـەم ڕووەوە بـۆ خوێنـەری ڕوون بکەینەوە کە هەندێ بوختانی ڕەق دژ بەو پیاوانەدەکرێ لە کاتێکا ئـەوان بەشـی خۆیان ئەرکی خۆیان بەجێهێناوەو کەوتوون، ئەشیا ئەوانـەی سـەرکەوتوون وەك ئەمانەیان بەسەر بهاتایە بەڵام بەخت و شانس یاردەی داون و لە هەڵخکیـسکاندن پاراستوونی".

دەبا ئێستا بۆ ئەم باسە لێرەدا بوەستین بەڵام دەبێ هەمیشە ئەم قسانەمان (ئەوانەی سەرەوە) لەبەر چاوبێ کە هەر کاتێ دێینەسەر باسی هەندێ لە سەرکردەکان لە بەشەکانی داهاتوودا.

## سەرکردە سەربازییەکانی سەدەی بیستەم

## شەڕی جیهانی دووەم

## 1945 – 1939

لەو باوەڕەدام لێرەوە دەگەینە ئەو مەبەستەی من بۆی دەگەڕام کە ئەویش خانەی سەرکردایەتیە، نیازم نییە باس لەو سەرکردانە بکەم کە لەکاتی جەنگدا کارم لەگەڵاکردوون و هێشتا لە ژیانا ماون. بەڵکو ئەوەی ڕاستی بێ هاتووم لێرەدا دووانم لە وانە هەڵبژاردوە کە ئێستا مردوون و لە ژیانا نەماون ئەوانیش (جورت) و (ویڤل)ن ئەویش نەك لەبەرئەوەی ناتوانن وەڵامم بدەنەوە بەڵکو زیاتر بەو نیازەوەیە کە مەبەستەکەی من دەپێکن و هەردووکیشیان بەگەورە سەرکردەکانی شەڕ ناسراون.

## جورت

بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1920دا چاوم بە (جورت) کەوت پەیوەندیشی نەك هەر بەمنەوە بەڵکو بە هەموو ئەفسەرێکی تریشەوە لە سنووری کار نەدەترازا... من بۆ خۆم بە ڕاوبۆچوونەکانی لەو کاتەدا سەرسام بووم، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا و زیاتر شارە زا بوون و ئەزموونم وردە وردە سەرسوڕماویەکەم بەرامبەری کز دەبووە، وام دەهاتە بەرچاو کە (جورت) وەك نموونەی کەسێکی پەشۆکاوم دەهاتە بەرچاو، هەر چەندە زۆردەچووە، بنج و بناوانی وردەکارییەکانەوە بەڵام

نەیدەتوانی زۆرجار کێشەکان لەیەك جیابکاتەوە، زۆر بە قووڵی لە ستراتیژیەتی شەڕی یەکەمی جیهانی ورد ببۆوە و زۆرجار باسی شەڕەکانی ساڵانی 1914ی دەکرد و زۆر شەیدای (هیگ)بوو بە تایبەتی لە کاری بەڕێوەبردنی شەڕەکانیدا تەنانەت لەو کاتانەشدا کە بۆخۆی سەرکردەی گشتی هێزەکانی بەریتانیا بوو لە فەڕەنسا لە نێوان ساڵانی 1939 و 1940دا.

ئەم هەڵوێستەیم بەدڵ نەبوو، چاوەڕوانی شتی وام نەدەکرد لە سەرکردەیەکی گشتی لەو پلەیەدا بێ، بەڵکو حەزم دەکرد گوێم لە ئامۆژگاری و ڕێنماییە هونەرییەکانی بێ کە ئەشێ سوودی لێ ببینین لەو شەڕانەماندا لەگەڵ ئەڵمان. حەزم دەکرد ئەوە بزانم کە شەڕەکانی ساڵانی 1940 چۆن بەڕێوەدەچن نەك شەڕەکانی ساڵانی 1914.

(هوربلیشا) وەزیری جەنگی بەریتانی لە ساڵی 1937 (جورت)ی بۆ ئەوە دەستنیشانکرد ببێ بە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی ئیمپراتۆریەت. ئەم دەستنیشانکردنە مایەی قایلنەبوونی زۆر بەی ئەفسەران بوو، چونکە دەیانزانی کە کورتبینە و ڕادەی زیرەکی لەو ئاستەدا نییە.

هەرچەندە کاتی خۆی یەکێ بووە لە فەرماندە مەیدانیەکانی سەردەمی ئەوسا، بۆیە سەرکردایەتی کردنی ئەو لە ڕادەی (لیوا)یەك تێپەڕی نەکردبوو کاتێ هەڵبژێردرا بۆ ئەم پایە گرنگەی ئێستای.

بەپێی بارودۆخ دووجار هەلم بۆ هەڵکەوت بینیم لە نێوان ساڵی 1935 و 1937دا، لەوێدا خەمبار هاتە بەرچاوم چونکە دەستبەرداری ژنەکەی بووبوو، هەروەها لە ساڵی 1941یشدا کوڕەکەی گیانی لە دەست دابوو، لەوەێش دەچوو پەیوەندی لەگەڵ وەزیری جەنگدا بەرەو خراپی چووبێ. من بەوەم نەزانیبوو تا شەڕی هیتلەری بەرپابوو، ئیتر گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە (هوربلیشا) دەیویست بەم دەستنیشانکردنەی بۆ سەرکردایەتی گشتی هێزەکانی بەریتانیا لە فەڕەنسا بەو نیازەوە بوو تا لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هەروەها ئەم دامەزراندنەی بەدڵی

زۆربەی زۆری ئەفسەرە گەورەکان نەبوو، چونکە هەموو باوەڕیان وابوو کە شایان بەو پایەیە نییە.

من ئەوسا سەرکردەی تیپی سێیەم بووم بە پلەی (ماجور ژەنەراڵ)، جۆرت ئەوسا لە تەمەنی پەنجاو سێ ساڵی دابووکاتێ ئەو پایەیەی پێ بەخشرا لە ساڵی 1939دا، سەرکردایەتی دوو فەیلەقی دەکرد و بۆ هەر فەیلەقەیان (دیل) و (ئالان بروک)ی لە ژێر دەستا بوو، کە ئەو دوانە هەر یەکەیان بگری لە ڕووی سەربازی و هونەری سەرکردایەتی باڵادا لەو بەتواناتربوون. (جورت) لەمڕووەوە ناڕەحەت بوو.

ئەو هەڵەیەی (جورت)ی تێکەوت لەوەدابوو کە سەرکردە سیاسی و سەربازیەکانی خۆی لە لەندەن ئاگادار نەدەکردەوە لە ڕاستیەکانی هەڵوێست (موقف) لە فەڕەنسا، قەت سکاڵای نەدەگەیاند بە ڕادەیەك لە لێپرسراوانی لەندەن وایە کە هەموو شتێ لە بەرەی ڕۆژئاوادا ئارام و هێمنە. کەچی لە ڕاستییدا بارودۆخ بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەبوون. جورت کە سەرکردەی گشتی بوو زۆر حیسابی بۆ مەسەلە گەورەکان نەدەکرد ئەوەندەی خۆی بەشتە هیچ و پووچەکانەوە خەریك دەکرد، وەك مەسەلەی کەل و پەل و کەرەسەو چۆنیەتی کڵاو لەسەرکردن و هەڵگرتنی دەمامکی دژ بەگازی ژەهراوی، کە ئەمانە بۆ خۆیان کاری فەرماندەو سەرکردەکانی تر بوون نەك کارێکی وابن سەرکردەی گشتی کاتی خۆی پێوە خەریك بکات.

لە 10 مایو ساڵی 1940 هێرشی ئەڵمانەکان دەستی پێکرد هێزی ئینگلیزی و فەڕەنسی شڕو وڕکرد، جورت هەستی بە مەترسی بارودۆخەکە کرد، دەرکی کرد بەرنامەکەی بەرەو شکست بوون دەڕوا، ویستی لە بیرو خەیاڵەکانی ڕابوردووی شەڕەکانی ئەوسا خۆی دەربازبکات بەڵام تازەکار لە کار ترازا بوو، ئیتر بە یەکجاری بۆی ڕوون بۆوە کە زۆر کاروباری لە دەست داوە. لێرەدا ڕاستی خۆی بۆ دەرکەوت و دەستی کەوتە ڕوو، دیتی تاقە چارە ئەوەیە هێزەکانی

فەڕەنسا بەخێرایی بکشێتەوەو هێزەکانی بەریتانیایش بگەڕێنەوە بۆ ئینگلترە تاکو خۆیان ئامادەکەن بۆ شەڕێکی تر، قەت رۆژی 20مایوی ساڵی1940م لە بیرناچێ کاتێ جورت یاخی بوو لەوەی فەرمانەکانی وەزارەتی بەریتانیا بەجێ بێنێ ئەو کاتەی لەو ڕۆژەدا لە بنکەی سەرکردایەتیەوە (ئیرنید)ی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی ئیمپراتۆریەت هات بۆ لای و فەرمانەکانی لەندەنی پێ ڕاگەیاند کە دەبێ (جورت) بۆ خۆی بەتاقی تەنیا بکێشێتەوە بەرەو باشوور تا لەگەڵ هێزەکانی فەڕەنسیدا یەك بگرنەوە، بەڵام جورت ئامادە نەبوو ئەم نەخشەیە جێبەجێکات، من باوەڕم وایە ئەو نەخشەیە ڕاست نەبوو لە مەدا (جورت) لەسەر هەق بوو. ئیتر لە بری ئەوەی بەپێی ئەو فەرمانانە بکێشێتەوە، دژە هێرشێکی لە خوارووی شاری (ئاراس) دەست پێکرد و بەو هێرشە توانی شاڵاوی هێزەکانی ئەڵمانیا ڕابگرێت کە لە ژێر سەرکردایەتی ڕیوی بیابان (ڕۆمل)دا بوو. لە ڕۆژی 21 مایو دەستی کرد بەنەخشەی کشانەوە بەرەو (دنکرك)، بەم چەشنە (جورت) بەخۆی و نزیکەی چارەکە ملیۆنێك سەرباز گەڕایەوە ئینگلترا پاش ئەوەی هەرچی کەرەسەو تفاقێکیان هەبوو هەر هەموویان لە فەرەنسا و بەلجیکا جێهێشت، ئەو کەرەسانەی کە کارگەکانی ئەو سەردەمانە هەموو توانا و ووزەیەکیان تیا بەکارهێنابوو بۆ بەرهەمهێنانیان هەمووی بەفیڕۆچوو.

ئیتر جورت جارێکی تر نەگەڕایەوە مەیانی شەڕ، زۆریش دلگران بووبوو، چونکە ئازاو دڵسۆزبوو، خاوەن کەسایەتیەکی بە هێزبوو، شانازیی بەشەرافەتمەندی خۆیەوە دەکرد. پاش ئەمە کرا بە حاکمی (جبل طارق= چیای تارق) پاشان بوو بە حاکمی دۆرگەی (ماڵتا) لەوێ ڕۆڵێکی چاکی بینی و توانی هەموو سەنگەرە بەرگرییەکان پتەو بکات لەم کارەشیدا سەرکەوتوو بوو چونکە بەدڵی خۆی بوو، پاشان بۆ دواجار لە ساڵی 1944 لە فەلەستین دامەزرا.

هەر لەو ساڵەدا نەخۆشی زیفی لێ سەندو کۆچی دواییکرد. بە بڕوای من جورت بووە قوربانی مانۆڕەکانی سیاسەت ئەوەبوو (هوربلیشا) لە خشتەی برد بۆ ئەنجامدانی مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی، بۆیە خستیەبەر ڕۆشنایی ڕۆژنامەنووسان و دەستنیشانی کرد بۆ پلەی سەرکردایەتی هێزەکانی بەریتانیا لە فەرەنسا تاکو خۆی لە دەست قورتار بکاو جێی بۆ تەخت بێت.

ئەگەر جورت سەرکردایەتی تیپێکیان پێ بسپاردایە پاشان ڕێیان بدایە بۆ خۆی ڕێی خۆی بگرێتەبەر ڕەنگە بگەیشتایەتە سەرکردایەتی فەیلەقێك و لەوە زیاتری تێنەپەڕییایە، بەڵام پاڵیان پێوەنا بۆ پلەی بەرزتر، لەکاتێکا کەسانی تر هەبوون لەو بەتواناتر بوون بۆ ئەو پلەو پایانە، بەم جۆرە بەرەو ئەو کۆتاییە خەمگینەیان برد.

بەڵام دەبێ ئەوە لە بیرنەکەین کە لە ناخۆشترین بارودۆخدا توانی ئەوپەڕی ئازایەتی بنوێنێ و توانی بڕیاری کاریگەری خۆیبدا ئەوەیشی مەبەستمەئەو ڕووداوەی لە مایوی ساڵی 1940دا ڕوویدا بەوە توانی باشترین خزمەت بە وڵاتەکەی بگەیەنێ، لەو باوەڕەدام ئەگەر بهاتایەو لەو کاتەدا شکستی بهێنایە ئەوا تووشی گەورەترین کارەسات دەهاتین، بەڵام گیانی بەوەبوو شکستی نەهێنا.

## ویفل

ویفل لە تەمەنی پەنجاو شەش ساڵاندابوو کاتێ شەڕی جیهانی دووەم دەستی پێکرد، زۆر لەگەڵ (جورت)دا جیاوازییان هەبوو، ژیانی سەربازییانەی لە سەرەتادا وەکو فەرماندەی کەتیبەی چلودوو بەدەرکەوت، سەرەڕای ئەوەیش زۆر ڕۆشنبیربوو حەزی بە شارەزایی زیاتر هەبوو، من بۆ خۆم دووجار لە ژێر سەرکردایەتی ئەم پیاوەدا کارم کردوە یەکەمیان ئەوسا هێشتا لە پلەی (رائد)یدا بووم بۆ جاری دووەم لەپلەی (عەمید)یدا بووم. بۆیە هەلم بۆ ڕەخسا لە

نزیکەوە ئاگام لە جموجۆڵەکانی بێت. زۆر پێی سەرسام بووم لەلایەك لەبەر ورە بەرزی و شارەزایی تەواوی و لەلایەکی تریشەوە لە ڕوانگەی خەسڵەتەکانی سەربازییەوە کە بڕیارەکانی خۆی لەسەر دەدا.

ڕۆژ بە ڕۆژیش تا دەهات پەیوەندیمان پتەوتردەبوو، هەر چەندە لێپرسراویشم بوو بەڵام لە کاتی لێدوان لەسەر کارەکانم وایەنەدەکرد هەست بکەم ئەو سەرۆکە و من لەبەر دەستیام، لە هاوینی ساڵی 1939دا هات بۆ قاهیرە تاکو سەرکردایەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێتەدەست، وایش ناسرابوو لەو کاتەدا کە شارەزاترین کەسێکە لە ناو هێزەکانی بەریتانیادا. هەروەها بە تواناترین کەسێك بوو کە سەری لە مەشق و راهێنان دەردەچوو. لە ئەزموونی ساڵی 1941دا (ویفل) لە سەرکردایەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گوازرایەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی هێزەکانی بەریتانیا لە هێندستان، ئیتر ئەوەبوو (ئەکلنك) لە بری ئەو گوازرایەوە بۆ قاهیرە.

(ویفل) ساڵێك لەوێ نەمایەوە دیسانەوە لە ئابی 1942دا گەڕایەوە ئیتر بە جووتە (ویفل) و (ئەکلنك) لە ساڵی 1941دا وەجێ گۆڕکێ یاندەکرد، وای لێ هات لە ساڵی 1942دا شان بەشانی یەك کاریان دەکرد، دیارە ڕۆژگاریش وای دەویست، لە هاوینی ساڵی 1943دا (ئەکلنك)کرا بەسەرکردەی گشتی هێزەکان لە هیندستان پاش ئەوەی (ویفل)کرا بەحاکمی گشتی ئەو شوێنە.

لە ڕاستییدا دوورخستنەوەی (ویفل) لە سەرکردایەتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو کاتە ناسکەدا کاری لەسەر هەست و دەروونی کرد بەڵام زۆر لێبوردانە و بە دڵێکی قایمەوە کارەکەی وەرگرت و ئامادەیی خۆی نیشاندا کە ئامادەیە هەر کارێ خزمەتی گشتی تیا بێ ئەم بەدڵ وەریبگرێ. (ویفل) بیرمەندێکی مەزن بوو، مێشکی کراوەبوو بلیمەتبوو لە کاری ستراتیژیدا، جگەلەوە نووسەرێکی بەتواناشبوو، هەروەها ئەو وانانەی لە زانکۆی (کامبردج) سەبارەت بە سەرکردەو سەرکردایەتی دەیوتنەوە و پاشان لە ساڵی 1941دا

بلاویکردنـەوە باشـترین بابـەت بـوون کـە لـەو ڕووەوە خوێندبێتمـەوە. باوەڕیـشم وایـە ئـەو کتێبـەی کـە لـە سـاڵی 1940دا بلاویکـردەوە یەکێکـە لـە کتێبـە هەرەباشـەکانی ئـەو سـەردەمانە، بـەڵام ئـەم پیـاوە مەزنـە بـۆ شکستی هێنـا، بـە بڕوای من هۆی شکستیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکی:

هۆکاری یەکەمیان ئەوەبوو زۆر توند نـەبوو لەگـەڵ ئەوانـەی لـە ژێـر دەسـتیا کاریانـدەکرد. هـەر چـەندە دەیـشیزانی کـە بـە کـەڵکی ئـەو فەرمانانـە نایـەن، بـۆ خۆی دانی بەم هەڵەیەی خۆی دانا کاتێ لە ساڵی 1949 پێکەوە لە نیۆیۆرکـەوە بەسواری پاپۆڕی (کوین ماری) دەگەڕاینەوە و لەم ڕووەوە قسەمان دەکرد.

هۆکاری دووەمیان: دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەیدەتوانی پەیوەندی بـاش لەگـەڵ بۆچوونی سەربازییدا یەکخات، بۆیە پێویستە سەرکردەی لێپرسراو بـەڕوونی ڕای خۆی بخاتە ڕوو، بەجۆرێ لایەنەکانی سەرکەوتن و ژێرکەوتن ڕوونبکاتـەوە، ئـیتر ئەگەر فەرمانێکی وای بۆ دەرچوو ئەگەر پێشی قایل نەبێ دەبێ ئەنجامیبدا، هەر چـەندە بـەزۆری سـەرۆکە سیاسـەتمەدارەکان زۆرگـوێ بـەبیرو بۆچـوونی لایەنـە سـەربازییەکان نـادەن، بـەڵام ئەشـێ جـار بـەجارێ وەریبگـرن، هـەر بـۆ نموونـە باسەرەڕۆییەکەی (یونان) بخەینە ڕوو کەلە بـەهاری ساڵی 1941دا ڕوویـدا، لـە فەبرایـەری ئـەو سـاڵەدا (ئیـدن) وەزیـری جـەنگی بـەریتانی بـەیاوەری (دیـل) سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگی هێزەکانی ئیمپراتۆریـەت پێکـەوە سـەردانێکی ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتیانکرد، ڕایـان وابـوو کـە هێـز بنێـرن بـۆ یونـان تـا ئەڵمان دەربکەن ئەگەر هاتوو ویستیان ئەو شوێنە داگیر بکـەن ئـەوەبوو لـە ڕۆژی 6/ئـەبریل لـە هـەمان سـاڵدا کارەسـاتەکە ڕوویـدا، لـە ڕاسـتییدا نـاردنی هێـزی بـەریتانی بـۆ یۆنـان لـە ڕووی گۆشـە نیگـای سـەربازییەوە کـارێکی سـەرکەوتوانە نەبوو، بەڵکو کارەساتێکی خراپی بەدواوەبوو، هەرواش دەرچوو، لەوەدا بۆچوونی لایەنـە سـەربازییەکان ڕاسـت دەرچـوو، پـاش ئەمـە کارەسـاتی دووەم لـە دۆرگـەی

(کریت) لە مایوی ساڵی 1941 دووبارە بۆوە، بەم جۆرە ئەو هێزە بەریتانیـەی بۆ ئەو دورگەیە نێردرا تووشی زیانێکی زۆرهات.

ئەو هەڵەیەی (ویفل) تووشیهات ئەوەبوو قسەی لەسەر ئەو بڕیارە دەرنـەبڕی بۆ ناردنی هێزەکان بۆ یۆنان و هیچ دەنگی ناڕەزایی دەرنەبڕی لـەم بارەیـەوە کـە دەبوو لەو شوێنەدا وەکو کەسێکی سەربازیی لێهاتوو ڕای ڕەوانی خۆی دەربڕیایـە، بگـرە بەپێـچەوانەوە زۆر بـە پەرۆشـەوە بـەرەو پـیری بۆچوونەکەچـوو، بـۆ ئـەو مەبەستەش دەبوو بـەرەی لای بیابـانی ڕۆژئـاوا لای خـوارووی (بنغـازی) لاواز بکا لەوێوە هێز بنێرێ بۆ یۆنـان، ئیـتر لەم بەرەیەدا ژمارەیەکی کەم مەشقی هێزەکـان مانــەوە کـە زۆر کەرەسـەو تفاقیـان کـەم بـوو، هەرچـەندە ژەنـەڕاڵ (ئۆکۆنـۆر)ی سـەرکردەی هێزەکـانی بیابـانی ڕۆژوئـاوا بـەم بڕیـارە ناقـایلبوون. (ویفـل) بـڕوای وابوو ئەگەر ئەڵمان بیشیەوێ هێـزی پاڵپـشت بنێـرێ بـۆ هێزەکـانی ئیتاڵیـا ئـەوە بەلای کەمەوە دوو مانگی دەوێ بۆ ئـەو کـارە، کەچـی لـە پـڕ (هیتلـەر) (ڕۆمـڵ)ی بەسەر دوو تیپی تانکەکانی (بانزەر)ەوە نارد بۆ ئـەفریقیا، ڕۆمـل لـە 31مارسـدا واتـە پـێش ئـەوەی هێزەکـانی ئـەڵمانیا یونـان داگیربکـەن بـە حـەوت ڕۆژ، ئـەو هێرشی خۆی دەست پێکرد، ئیتر هێزەکانی بەریتانیا ناچاربوون لـە (سـیرانیکا)وە بکـشێنەوە بـەرەو سـنووری میـسر پـێش کۆتـایی ئـەبریل، هـەروەها ئابلۆقـەی (تەبرق)درا، لەیەکی مایو سوپای ئەڵمانیا توانیان هێزەکانمان لە یۆنان دەربکـەن، هەروەها توانیان لە یەکی یونیو لە دۆرگەی (کریت)یش دەرمان بکـەن. بەرامبـەر بەمـە حکومـەتی بـەریتانیا متمانـەی بـە (ویفـل) کزبـوو لـە سـەر ئـەوە لـە 5 تـەمووزی سـاڵی 1941 لـەکار لای بـرد. مـن هەمیـشە بـڕوام وابـوو کـە خۆهەڵقورتاندنمان لە یونـان و کریت و سیرانیکا گـەورەترین هەڵـەبوو تووشمـان هـات و لـە ئـەنجامیان تووشـی گـەڵێ زیـانی گیـانی و مـاددی بـووین، هـەروەها باوەڕموابوو کە دەبوایە (ویفل) بەئاشکرا قایل نەبوایـە بـەو سـەرەروییەی یونـان

هەر چەندە (ئيدن) و (ديل)يشى لە پشتبوو، چونكە هەرچيەكبێ ئەم سەركردەو لێپرسراوى ڕاستەوخۆى ناوچەى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستبوو.

ئەوەى مايەى سەرسووڕمانە لە هەفتەى يەكەمدا لە فێبرايەرى ساڵى 1941 (ويفل) توانى هێزەكانى ئيتاڵيا لە ئەفريقيا و حەبەشە تێكشێنێ لەو كاتانەدا بە يەكێ لە سەركردە لێهاتووەكانى سەردەمى خۆى ناويدەركردبوو، تا واى لێهات ناوى (ويفل) بەسەر زمانى هەموو بەريتانيايەكەوەبوو، بەڵام پێنج مانگى نەخاياند دواى ئەو شكۆمەندييەى لە پايەكەى خۆى دوورخرايەوە چونكە متمانەى حكومەتى بەريتانياى لە دەستدابوو. بەڵام حكومەتى (تشرشل)ى فرەلايەن پاش لادانى جارێكى تر هێنايەوەو لە پايزى ساڵى 1943 كردى بەحاكمى هيندستان پاش ئەوەى كەسێكى ترى چنگ نەكەوت ئەو شوێنەى پێ پڕبكاتەوە، بەڵام حكومەتى (ئەتلى) كرێكاران ديسانەوە متمانەى پێى نەماو لە مارسى ساڵى 1947 نارديەوە بەدوايا.

ئەوەى جێى سەرنجە (ويفل) لەسەر هيچ كارێكى گرنگدا زۆر جێگير نەدەبوو، ژيانى بريتى بوو لە بەرزبوونەوە بۆ حەواو پاشان دابەزين بەرەو نزمانى، هەروەها بۆ خۆيشى زۆر باش نەيدەزانى هەڵسوكەوت بكا لەگەڵ سەركردە سياسەتمەدارەكان، كە ئەمە ڕۆڵێكە دەبێ هەموو كەسێ بيزانێ.

ئەوەى پێويستە ئاماژەى بۆ بكەين ئەو تاكە سەركەوتنەى (ويفل)ە دژ بە ئيتاڵيەكان لە ئەفريقيا و حەبەشەدا، هێشتا نەگيرسابۆوە لەگەڵ سوپاى ئەڵمانىدا هێزەكەى تووشى هێرشى (رومل) و هەردوو تيپى (بانزەر)هات لە خوارووى (بنغازى) لە بەهارى ساڵى 1941دا ئەشێ توشى هەڵە هاتبێ لە ڕادەى هێزەكەى ئەڵمانيا كاتێ ڕازى بوو بەوەى هێرشێكى ژێركەوتوانە بەرێتە سەر يۆنان.

هەروەها كاتێ بوو بەسەركردەى گشتى لە هيندستان لەوێش كارى بەڕێوەبردنى شەڕەكانى خوارووى ڕۆژهەڵاتى ئاسياى پێ سپێردرا، وەكو زانيشم

دیسان لە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی جاپانیشدا تووشی هەڵەهات، ئەو وای نەدەزانی کە ئاوا لە شەڕا خۆگر و ئازایەتی دەنوێنن بە شێوەیەکی کە هێزەکانی بەریتانیا بەرەنگاری وایان کەم تووش هاتووە، وابزانم ئەمریکیەکانیش لەمەدا پشتگیریی لە بۆچوونەکانم دەکەن.

هەرچۆنێك بێت ئەو هێزانەی لە ژێر سەرکردایەتی ئەو دابوون جگە لە کارەسات و نەگبەتی بەو لاوە هیچی تریان لێ چاوەڕوان نەدەکرا، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (سەنگافورا)مان لە فەبرایەری ساڵی 1942 لە دەستچوو، ئەمە بێجگە لەو دەستوەشاندنە کوشندانەی تووشی دەسەڵاتی بەریتانیا هات لە ئاسیادا.

لە ڕاستییدا (ویفل) تووشی گەلێ کێشەهات کاتێ کە سەرکردەی گشتیبوو پاشان کە بوویش بە حاکمی هیندستان، من دان بەوەدا دەنێم کاریگەرییەکی زۆری بەسەرمەوە هەبوو، بەڕادەیەکی زۆر سەرسامی ئازایەتی و دەست پاکیەکانی بووم زۆریش دڵگرانبووم کاتێ هەواڵی کۆچی دواییم بیست چونکە لە ڕاستییدا هاوڕێیەکی وەفادار و دڵسۆزم لە دەستدا.

## پوختە

ئەوەی ئاشکرایە لێرەدا باسم لەشییکردنەوەی هەندێ کەسایەتی سەربازیی کردووە هۆیەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموون و زانیاریانەی لەم مەیاندا هەمن، ئێستا با هەوڵی کورتکردنەوەی ئەو ئەنجامانە بدەین.

لە سەرەتادا ئەوەم ڕوونکردەوە کە پەرەنسیبەکانی شەڕی ئەمڕۆ هەمان ئەو پەرەنسیبانەن کە لە سەردەمی (جەنگیزخان)دا بەکار دەبران، ئەوەندە هەیە شەڕی تازەی ئەمڕۆ هەندێ ئاڵۆزی تێکەوتوە، ئەو ئاڵۆزیانە بونەتە هۆی زەحمەتی جێبەجێکردنی ئەو پەرەنسیبانە.

شەڕی ئەمڕۆ هونەرێکی بەرزە، ئەوی بیەوێ پلەو پایەی باڵای سەربازی بگرێتە دەست پێویستی بەوە هەیە شارەزاییەکی باش لەو هونەرە سەربازییانە وەربگرێ و دەبێ ئەقڵی خۆی بە هەموو شتێکی تازەی ئەو مەیدانە ڕۆشنبیرکات. تاکو ئەگەر هاتوو کاتێکی زەحمەت ڕووبەڕووی بۆوە، بتوانێ خۆی بۆ ئامادە بکات.

دەبێ سەرکردە بە (عەزم)بێ و خێرا و هێمنانە بتوانێ بڕیاری خۆی بدات، هەموو ڕاڕایی و دوو دڵیەك ئەگەر بۆ سەربازێك بەهەڵە دابنرێ ئەوە بەنیسبەت سەرکردەوە دەچێتە خانەی تاوانەوە، سەرکردە دەبێ بزانێ چۆن بەردەستەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ، دەبێ لە کاتی شەڕدا ڕەقبێ و نابێ بە هیچ جۆرێ چاو لە هەڵە بپۆشێ، بەتایبەتی کە دەزانێ گیانی سەربازەکانی وا لە ناو لەپی دەستیایەتی. سەرکردەی سەرکەوتوویش هەر ئەوە نییە لە شەڕا سەرکەوتوو بێ بەڵکودەبێ ئەو سەرکەوتنەی بە کەمترین زیان بەدەست بینێ. هەروەها لە خەسڵەتەکانی سەرکردەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەبێ ئازابێ و لەکات و شوێنی خۆیا ڕووبەڕووی مەترسیەکان بێتەوە، هەروادەبێ پەیوەندییەکی باش لەگەڵ سەرکردە سیاسیەکاندا ببەستێ و دەرك بەوە بکات کە بڕیاردانی جەنگ و ڕێنمایی کردنی لە دەستی ئەواندایە و بەڵام دەبێ تا ئەوپەڕی پێویست لەگەڵیانا ڕاستگۆ و سەریح بێت، ئازایانەو لە بڕوایەکی پتەوەوە ڕای خۆی دەربڕێ با ئەو ڕاییەشی لەگەڵ ڕای ئەواندا یەك نەگرێتەوە.

سەراحەتی سەرکردە لەگەڵ لێپرسراوەکانی خۆیداو تەنانەت لەگەڵ سەربازەکانیشدا لە کاتی شەڕو ئاشتیدا زۆر پێویستن و دەبێ پەیڕەوی بکات.

لەبەرئەوەی بۆ خۆم ژیانم لە خزمەتی سوپادا بردۆتە سەر هەر لە ساڵی 1914وە کاتێ کە سەرکردایەتی پەلێکم دەکرد بۆ هێرش بردنە سەر سەنگەرەکانی ئەڵمانەکان پاشان وردە وردە پلەم بەرزبۆوە تا وام لێهات سەرکردایەتی چەند سوپایەکم دەکرد کە ژمارەی سەربازەکانی خۆی دەدا لە دوو

ملیۆن سەرباز لە باکووری ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ساڵی 1944 بۆیە پێویستە هەندێ لەو ئەنجامانە بخەمە ڕوو کە لە ماوەی شارەزایی دوور و درێژی خۆمدا لەم بوارەدا بەسەرم هاتووە و بەتایبەتی لەم بەندەدا باسی گەڵێ لایەنم کردوە لەم بابەتەوە ئەگەر بمانەوێ باس لە سەرکردە سەربازییەکانی کۆن بکەین و بەراوردیان بکەین لەگەڵ سەرکردەکانی ئەمڕۆماندا ئەبێ ئەوە بڵێین کە ڕۆژگار گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەر یەکە لە (مارلبورو) و (ولنجتون) پشتیان بە خۆیان دەبەست بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن، بەڵام ئەمڕۆ سەرکردە بە سەرۆکی دەستەیەك دادەنرێ، دەستەیەکی گەورە و مەزن. سەرکردایەتی باڵای ئەمڕۆ لەجاران ئاڵۆزتر و زەحمەت ترە، سەرکردەی باڵا دەبێ بزانێ چۆن دەستەی ئەرکانی جەنگی خۆی هەڵدەبژێرێ و پیاوێکیشیان بەسەرەوەدابنێ بلیمەت بێ و بتوانێ چۆن کارەکانی ڕێکدەخا و چالاکیەکانی بەڕێوەدەبا، پاشان دەبێ هەر بەیناوبەینێك لە هەواڵی سەربازەکانی بپرسێتەوەو ناسراوبێ لە ناویانا، باوەڕناکەم شێوازی سەرکردایەتی کردن لە بەرەی فەڕەنسیدا لە سەرەتای شەڕی جیهانی یەکەم (1914 – 1918) سەرکەوتنی بەدەست بهێنایە لە شەڕی هێتلەریدا وەکو لەم بەندەدا ڕوونمکردۆتەوە چونکە بە درێژایی ساڵی 1914 – 1918 نە (فرتش) نە (هیگ)م نەبینین هەر چەندە بۆ خۆم لە ژێر سەرکردایەتیاندا دەجەنگام. سەرکردەی ئەمڕۆ ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێ ئەگەر بە تەواوی نەچێتە بنج و بناوانی هەست و نەستی خەڵکەکەو نەزانێ کاریگەری جەنگ چییە بۆ سەرژیانیان.

دەبێ ناخ و دەروونی ئەو خەڵکە شیکاتەوە و بچێتە قووڵایی دەروونیانەوە، دەرکبەوە بکات کە سەربازەکانی ئیمان و قەناعەتی تەواویان بە شەڕ هەیە و دڵنیان تیایا سەردەکەوێن.

بۆ ئەوەیش دەبێ ئەوپەڕی دادخوایی لە نێوان سەربازەکانیدا بەکاربهێنێ. ئەگەر ئەوەی لە سەربێ ئامانجی شەڕو سەرکەوتنەکانی بخاتە مێشکی

سەربازەکانیەوە، ئەوە دەبێ پێش هەموو کەسێ بۆ خۆی قەناعەت بەوە بێنێ، من بۆ خۆم دیومە هەمیشە ئەو سەرکردە سەربازییانە سەرکەوتوو بوون کە بۆ خۆیان شەڕیان بەڕێوە بردوە و باوەڕیشیان بەدادخوایی مەسەلەکەیان بووە.

دەکرێ سەرکردەبکەین بە سێ بەشەوە:-

1- ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامەکەیان هەیە بەڵام توانایی ڕووبەڕووبوونەوە و خۆڕاگرییان تێدا نییە، کە ئەم تواناییەش مەرجێکی سەرەکییە بۆ بردنەوەی شەڕ، ئەم جۆرە سەرکردانە بەزۆری ژێرکەوتن بەشیانە.

2- ئەوانەی توانای خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی ڕووداوەکانیان بەباشی تیا بەدی دەکرێ (ولنجتون) باشترین نموونەیە بۆ ئەم جۆرەیان.

3- هەمیشە هەموو ئەم خەسڵەتانەی تیایە و باوەڕی قووڵیان بەشکۆمەندی پەیامەکەی خۆیان هەیە، وەکو (نلسن) لەشەڕی (سانت ڤنسنت) و (تەرفئەلئەغەر).

بەکورتی ئەوەی بیەوێ سەرکردایەتی شەڕێك بکات دەبێ خۆڕاگربێ و ماندوو بوون نەزانێ و چاوەڕوانی هەموو کارەساتێکی قورس بکات و ئامادە باشیش بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی و باوەڕی تەواوی بەئامانجەکانی خۆی هەبێ. غیرەت و ئازایەتی تا ڕادەیەکی زۆر تێدابێ و ئامادە بێ زاڵبێ بەسەر مەترسیەکاندا لە کات و ساتی خۆیدا.

## بەشی چوارەم
## سەرکردایەتی ڕامیاری (سیاسی)
## (ئەلفرید) و (کرومویل)

ڕەنگــە کــارێکی قــورس بــێ بــەلای ســەربازێکی وەکــو منــەوە لــە بابــەتی سەرکردایەتی ڕامیاریـەوە بـدوێم، بـەلام لەگـەڵ ئەوەیـشا بـە پێویـستم زانـی لـەم بابەتـە بـدوێم تـا بگەینـە ئـەو مەبەسـتەی ئـەم لێکۆڵینـەوە و باسـەی پـێ پێـك بێنین.

لێرەدا کارێکی بەراورد کاری دەگرمەبـەر لـە نێوان سـەرکردایەتی ڕامیـاری و ســەرکردایەتی ســەربازییدا (میکـافیلی) وای دەبینــێ کــە سیاســەت مانــای هێــز سەپاندنە بەسەر خەڵکیدا بۆیە دەبێ ئەم هێز بەکار هێنانە بەبێ دوودڵی بـەکار بهێنرێ (ئەکنون)یش بڕوای وایـە کـە (هێـز) ئـەنجامی وێـران کـاری بـە دواوەیـە، ئەوەی ئاشکراو ڕوونە (میکافیلی) مەبەستی قسەکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی دەربەگایەتی کە ئەو سەردەمانە مـەزەبی دیکتاتۆریـەت زیـاتر جێگیربـووە، بـەلام ئــەمرۆ هەڵبەتــە بــارودۆخ گــۆڕاوەو ســەردەم ســەردەمی دیموکراتیــەت و نەتەوایەتییە بۆیە ناکرێ ئەو ڕایە بۆ ئەمرۆ دەستبدا. ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە پێـشەوای ڕامیـاری ئـەمرۆ (هێـز) هۆشـی لەبـەر بڕیـوە و پەرەنـسیپەکانی لـە بیرچـۆتەوە بۆیـە سـەروەری و کـارە بەهادارییـەکانی پـشتگوێ دەخـا، لـە کاتێکـا ئـەمرۆ پێـشەوایی نیـشتمانی ئـەوەی بـڕوای بـە پەرەنـسیپەکان هـەبێ وردە وردە خەریکە لە جیهانداکەم دەبێتەوە.

ناکۆکی ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان هێز و پەرەنسیپەکاندا پێویستیان بە وتووێژێکی ئاشکراو ڕوون هەیە لە نێوان سەرکردەکانی جیهانی ئازاد و سەربەخۆدا ئەویشدەبێ لەبەر ڕۆشنایی ڕەهەندە نوێیەکان بێ کە کۆمەڵگای گەشە کردووی هاوچەرخ دەیخوازێ.

جیاوازیش لە نێوان سەرکردەی سەربازی و سەرکردەی سیاسیدا لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە سەرکردەی سەربازی لەبەر ڕۆشنایی فەرمان و ڕێنماییەکاندا سەرکردایەتی سەربازەکانی دەکات، بەڵام سەرکردەی ڕامیاری پەنا دەباتە بەر شێوازی قەناعەت پێکردن و بەس، دیارە هەر دوو لایش دەبێ توانای هەڵسەنگاندێکی باشی بارودۆخەکەیان لاهەبێ، دەبێ هەر یەکەیان ئەوە بزانێ لە چ کاتێکدا پێویستی بە ئازایەتیەو لە چ کاتێکیشا پێویستی بە تەنگەوە هاتنە هەروەها دەبێ بزانێ چۆن چاك و خراپ لە یەك جیادەکاتەوە، کاتێ کە بارودۆخەکە قەیرانی تێدەکەوێ یا کار لە شیرازە دەردەچێ، کەواتە ئازایەتی و هەڵسەنگاندن دوو مەرجی پێویست و کاریگەرن بۆ هەر دوو لایان.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گرنگترین خەسڵەت بۆ سەرکردە ئەوەیە متمانەی بە خۆی هەبێ و گیانی ووزە و چالاکی تیابێ.

سەرکردەی سەربازیی سەرکەوتوو کەسێکە کە بڕوای بە توانای خۆی هەبێ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی. ئەم متمانەیەش بەوە دێتە دەست کە توانای ئەوەی هەبێ باس لە گیروگرفتەکانی خۆی بکاو ڕەگەزەکانی ئەو گیروگرفتانە بخاتە بەرچاوی خۆی پاشان ئەو ڕەگەزانە ریزبەند بکاو بەپێی گرنگییان بە جۆرێ رێ بەوە نەدا کە خاڵە هیچ و پووچەکان زاڵبن بەسەر خاڵە گرنگەکاندا متمانەی سەرکردە بە خۆی گیانی ورە لە ناو سەربازەکانیدا بە هێز دەکاو وایان لێ دەکا کە هەمیشە هەست بەوە بکەن کە ئەوان لە دوژمن بەهێزترن، هەر ئەمەیش وایان لێ دەکا سوربن لەسەر ئەوەی کە هەر بۆ خۆیان لە شەڕدا سەرکەوتوودەبن، دیارە چاندنی گیانی ورە و قەناعەت هێنانیش بەسەربازان بۆ ئەم کارانە هەر

بەوە دێتەدی کە سەرکردە ڕاستەوخۆ پەیوەندی پێیانەوە هەبێ و لێیان نەپچڕێ.

من بۆ خۆم (مونتگمری) جار جارێ سەربازانم کۆدەکردەوە و قسەم بۆ دەکردن لە بارەی هەنگاوەکانی داهاتوومان و ڕۆڵی بەرچاوی هەریەکەیان لەو کارانەی پێیان دەسپێرم بۆ دەخستە ڕوو.

بەبڕوای من ئەو سەربازەی ڕۆڵی خۆی بە باشی بزانێ و ئەوەیش بزانێ کەی و بۆچی ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ ئەوە مەحاڵە ئەو کەسە لە کارەکانیا تووشی شکستی ببێ، بەداخەوە ئەم کارەم لە ناو سەرکردە رامیاریە سەربازییەکانی خۆمانم بەدی نەکردووە لە ناو بلۆکی ڕۆژئاوادا بە پێچەوانەی ئەوە، ئەم دیاردەیە لە ناو هەندێ لە سەرکردەکانی بلۆکی ڕۆژهەلاتیدا بەدی دەکرێ.

هەروەها ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشام هەندێ دەبینم ئەوەندە گوێ بە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان نادەن یا ڕێز لە بۆ ئەو کەسانە دانانێن کە هەمیشە سەرچاوەی هێزن بۆیان، ئەوە نالێم کە جاری وایە لە کاتی هەلبژاردندا حسابێك بۆ ئەو خەلکانەدەکەن دیارە ئەمەیش بۆ فریودان و چاو بەستەکی یەو هیچی تر.

پێشەوای ڕامیاری کاتێ دەدوێ بۆ ڕۆلەکانی میللەتەکەی بە مەبەستی ئەوەی لایەنگیریان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ بەپێچەوانەی ئەوە سەرکردەی سەربازی پێویستی بە کاری دەنگدان نیە پشتگیری لێ بکات چونکە ئەو بۆ خۆی دەزانێ کە هێزێکی شاراوە لە دڵ و دەروونی پیاوەکانیدا هەیە و ئەویش پێویستی بەو هێزە نهێنییە هەیە بەلام گرنگ ئەوەیە بزانێ چۆن ئەم هێزە بە باشی و بە ڕاستی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. ئەگەر لەوەدا سەرکەوت و دڵی ئەوانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا ئەوە ئەوپەڕی ئاواتی دێتەدی، کەواتە ئەو هێزەی دەبێ لای سەرکردەی سەربازی لەبەرچاوبێ ئەوەیە کە دەبێ هەمیشە متمانەیەکی هاوبەشی لە نێوان خۆی و سەربازەکانیدا هەبێ.

جیاوازییەکی تر هەیە لە نێوان پێشەوای ڕامیاری و سەرکردەیەکی سەربازی ئەویش ئەوەیە یەکەمیان بە پەلە بڕیاری خۆی نادا بە پێچەوانەوە کەسی دووەم (سەرکردەی سەربازی) لەو کارەدا دەستوبرد دەکا...

کەواتە پێشەوای ڕامیاری پێشئەوەی بڕیارێك بدا دەبێ ڕەزامەندی لایەنگرانی خۆی وەربگرێ بەڵام سەرکردەی سەربازی هەمیشە پابەندی فەرمانی خێراو یەکلاکەرەوانە (حاسمانە)دەبێ بە بڕوای من هەر دوو لایەن ڕاستن هەر چەندە جیاوازی دەبینرێ لە شێوازی کاری ئەو دوو لایەنەدا.

ئەوەی شایانی باسە زۆر لە سەرکردە مەزنەکانیی سەربازی لە مێژووی بەریتانیادا شارەزایی باشیان لە کاروباری ڕامیاریدا بووە، بۆ نموونە (کرومویل) ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی بوو پێشئەوەی بکەوێتە ناو ژیانی سەربازییەوە هەروەها (مارلبورو) لە مانۆری ڕامیاریدا دەست باڵاتر بوو لە چاو شارەزایی بوونی لە سیستەمی سەربازییدا بە ڕادەیەك لەو کاتانەدا کە لە سەروی پلەو سەروەری سەربازیدا بوو توانی کاروباری ڕامیاری دەرەوەی بەریتانیا لە بارەگای سەربازی خۆیەوە لە ناو جەرگەی مەیدانی شەڕدا بەڕێوەبەرێت.

هەروەها (ولنکتون) ئەندامی پەرلەمانی ئێرلەندی بوو پاشان بووە ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیزی و، ئینجا بۆ ماوەیەکی کەمیش کاری سەرەك وەزیرانی گرتە دەست. لە لایەکی تریشەوە ئەوەی پێشەوای ڕامیاری لە سەرکردەیەکی سەربازی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە پێشەوای ڕامیاری ئەتوانێ لە هەموو کاتێکا بە ئازادی بیر و ڕای خۆی دەربڕێ، بەڵام سەرکردەیەکی سەربازی هەلی وای دەستگیرنابێ لە کاتی ئاشتیشدا ڕێز و حورمەتێکی وا بۆ پیشەکەی نامێنێ.

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمەی هەوادارانی ڕیزی سەربازی زۆرجار هەست بەو زەحمەتیانە ناکەین کە ڕووبەڕووی کەسانی سیاسەتمەدار دەبێتەوە و بگرە زۆرجار تۆمەتی سستی و خاووخلیچکی دەخەینە پاڵیان و ئیتر بیرمان بۆ ئەوە ناچێ کە ئەرکی سیاسەتمەدار لەوەدایە کە دەبێ ڕای گشتی ساز بکات بۆ

پێکهێنانی کابینەیەکی وەزیری یا خود دەبێ بەدەم ئەو خاڵانەوە بچێ کە بەرهەڵستکاران دەیوروژێنن ئەمە و سنووری پابەندبوونی بە خەرجییەکانی دارایی هەمیشە دەبێ لەبەرچاوبن. ئەمە لە کاتێکا ئێمەی دەستەی سەرکارانی سەربازی قەت پابەند نابین بەڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانەی پاڵمان پێوەدەنێ بۆ بڕیاردان لە سەر کارێك پێویست بکات. لە ڕاستیشدا سەرباز بە زەحمەت لەو کارانە دەگا کە ئەمڕۆ سەرکردایەتی سیاسی ئەنجامیان دەدا، بەتایبەتی ئەمڕۆ میللەتان گەلێ لە پەیوەندیەکانی خۆیان لە دەست داوەو هاوسۆزییان کزبووە لە نێوان خۆیان و پێشەواو سیاسیەکاندا. لەم بارەیەوە ئەگەر هاتوو پێشەوایەکی سیاسی دەستبەرداری مەنتیقی هێز بو ئەوا سەرکەوتنی لە کاروباری ڕۆژانەیدا پابەنددەبێ بە کەسایەتی خۆیەوەو بەس. ئێستا باس لە دوو پێشەوای سیاسی و نیشتمانی بەریتانیدەکەین کە هەڵسوکەوتیان تەواو لە یەکدی جیابووە، ژیانی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر بەڵام کەسایەتی دوومیان بۆ نزیکەی سێ سەد ساڵ لەمەوبەر.

## ئەلفریدی مەزن و کرومویل

بۆیە ئەم دووانەم هەڵبژارد چونکە هەردووکیان سەردەمانێك فەرمانڕەوایەتی ئینگلترایان بەڕێوەبردوە. ماوەی حوکمڕانی (ئەلفرید) نزیکەی بیست و هەشت ساڵی خایاندوە، بەڵام کرومویل بە هەمووی پێنج ساڵ فەرمانڕەوایەتی بەدەستەوەبووە. هەردووکیشیان تا ڕادەیەك لە تەمەنێکی زوودا کۆچی دوایی یان کردوە. (ئەلفرید) لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا مردووەو (کرومویل)یش لە تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەتوانین بڵێین (ئەلفرید) یەکێك بووە لە هەرە مەزنەکانی مێژوو بگرە مەزنترین پاشابووە کە تائێستا فەرمانڕەوایەتی ئینگلترای گرتبێتە دەست، لەوەیش

زیاتر کارو پەرەنسیپەکانی بەمردنی کۆتایی یان نەهاتووە بەڵکو لە پاش مردنیشی شوێنەواریان لەبەرچاون و ماون. هەر بۆیە دوای خۆی (ئەدوارد)ی کوڕە گەورەی و پاشان (ئەسیلسنان)ی کوڕەزای هەمان ڕێچکەی ئەویان گرت و لەسەر ڕێبازی ئەو کارو دەسەڵاتیان بەڕێوەبردوە، لە ڕاستیشدا لە سەردەمی ئەمانەدا ئینگلترا یەکێتیەکی وای بەخۆیەوە دیوە کە پێشتر وێنەی نەبوو بێ.

سەبارەت بە (ئولیڤەر کرومویل)یشەوە بەڕاستی پیاوی ڕۆژانی تەنگانە بووە، هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی بۆ ئەوە تەرخانکردوە کە دەسەڵاتی کەمینە بسەپێنێ بەسەر گەلی ئینگلیزیدا، بەلام بە چەشنی (ئەلفرید) سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە بۆ خولقاندنی یەکێتی.

بە مردنی ئەم پیاوە گەلێ کاری چاکە لە دەست چووە، لەگەڵ ئەوەیشا کاتێ لە ساڵی 1658دا مرد کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر دڵ و دەروونی خەڵکی، بەڵکو بەوەندەشەوە نەوەستان هاتن لە ساڵی 1660دا لاشەکەیان لە گۆڕەکەی دەرهێنا بە زنجیر بەسەر شاری (نیبورن)ەوە هەڵیانواسی، پاشان سەریان لە لەشی کردەوە بەسەر دارتەلێکەوە هەڵیانواسی لە سەر سەربانی هۆڵی (وستمنستر) تا ببێتە پەند بۆ کەسانی تری.

## دەبا ئێستا بزانین چۆن سوود لە ژیانی ئەم دوو پیاوە دەبینین:

## ئەلفریدی مەزن

هەر ڕێبوارێك لە شاری (ئالتون)ەوە بێت بەرەو شاری (ونشستر) لەبەر دەروازەی شارەکەدا پەیکەرێکی (ئەلفرید) پاشای ئینگلترای بەرەو ڕوو دەبێتەوە لە چوار ڕێیانە سەرەکیەکە ڕەپ ڕاوەستاوە دەستی ڕاستی خستۆتە سەر مشتۆی شمشێرەکەی وەك پاسەوانی پایتەختە کۆنەکەی بکات. ئەم پەیکەرە ئەو ساتانەم دێنێتەوە بەرچاو کە لە کاتی ئاهەنگی پاشایەتیدا چۆن شمشێری وڵاتەکە

دەبڕێتەبەر کلیسای (روستمنستر) تا لەویٚ لە پالٚ ئەم قسانەی خوارەوە پێشکەش بە پاشابکریٚ.

(بەم شمشێرە دادخوایی دەچەسپێنم و تۆوی خراپە لە ڕەگ و ڕیشە دەردێنم پێش ئەوەی بگاو سەردەربێنیٚ). ئەلفرێد لە شاری (وانتاج) لە سالٚی 849دا لە دایکبووە واتە پاش تێپەڕبوونی سیٚ سەد سالٚ بەسەر جێگیربوونی (ساکسون)یەکان بۆ یەکەمجار لە شاری (وسکس) پاشان بە منداڵی لەگەلٚ باوکی کە پاشابوو بەرەو (ڕۆما) بەڕێکەوتوە. ڕەنگە ئەم گەشتەی کارێکی گەورەی کرد بێتە سەرباری ڕۆشنبیری و مێشکی زیاتر کردۆتەوە چونکە لەویٚ یەکەم وانەی خوێندنەوەی دەست پێکردوە.

بەلاٚم هێشتا منداڵبووە دەستی لە خوێندن هەلگرتووەو چۆتە ڕیزی سوپاوە و شان بە شانی هەر دوو برا گەورەکەی چۆتە مەیدانی شەڕەوە بۆ بەرەنگاری لە هێرشی دانیمارکیەکان.

ئەلفرید هێشتا لە تەمەنێکی پێش وەختدابوو کە توانی دلٚی سەربازەکانی ناو سوپای (وسکس) کە زۆربەیان جوتیاربوون بەلای خۆیدا ڕابکێشیٚ. بە ئاسانی دەیتوانی داو بۆ براکانی بهۆنێتەوەو پاشایەتیان لە دەست دەربێنیٚ، بەلاٚم گیان پاکی و دوور کەوتنەوەی لە خۆویستی و سپلەیی پالٚی پێوەنا پێچەوانەی ئەو کارە بگرێتەبەر، ئەوەبوو دلٚسۆزانە پشتگیری لە براکانی کردو هەموو تواناو ووزەی خۆی تەرخانکرد بۆ خزمەتی پاشایەتی و ولاٚتەکەی.

ئەوەبوو توانی لە سالٚی871دا بە هێزی پەرەنسیپی بە هاداری و ئەقلٚ و دانایی خۆیەوە هێشتا لە تەمەنی بیست و یەك سالەی دابوو توانی زیانێکی قورس بە دانیمارکیەکان بگەیەنیٚ لە شەڕی (ئاشدون) توانی بەسەریانا سەرکەویٚ و ناچاریان بکا دەست لە شاری (وسکس) هەلٚبگرن.

لە کۆتایی ئەو سالەدا و پاش مردنی براکەی ئەلفرید لە تەمەنی بیست و دوو سالٚیدابوو بە پاشا. هەرچەندە پاشایەتی گرتنە دەست کارێکی ئەوەندە

ئاسان نەبوو چونکە وڵات بەهۆی شەڕی دەستەویەخەی لەگەڵ دانیمارکییەکان کە خاوەنی کەشتی گەلێکی دەریایی بەهێزبوون، ئەلفرێد بۆ ماوەی پێنج ساڵی ڕەبەق بە بەردەوامی لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بووە لەگەڵ دانیمارکییەکان و ئامادە نەبووە ملکەچی دەسەڵاتیان بێت، هەر ئەنجامی ئەم تێکۆشانەی ناچاری کرد بیر لە پێویستی پێکهێنانی کەشتیگەلێکی ئینگلیزی بکاتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دانیمارکیەکان کە هەمیشە لە دەریاوە هێرشیان دەهێنایە سەریان بۆیە بیری لەوەدەکردەوە تێکیان بشکێنێ پێش ئەوەی بە تەمابن بگەنە ناو دورگەکەوە، هەر بۆیە باوەڕی بەوە هێنا ئەگەر بێتو کەمێ کات بەسەربەرێ و ورەی میللەتەکەیش لە ئاستی خۆیا ڕابگرێ ئەوە بێگومان لە ئەنجاما سەردەکەوێ.

پاش شەڕی (ئاشدون) هەلی بۆ هەڵکەوت بە تایبەتی کەزانی دانیمارکیەکان سەرقاڵن بە باکووری ناوەڕاستی ئینگلتەراوە، ئیتر کەوتەوە ڕێکخستنەوەی کاروباری باج و نەخشەدانان بۆ بنیاتنانی کەشتیگەلیەکی دەریایی.

لە ساڵی 876دا هەندێ سەرکەوتنی بەدەست هێناو توانی دانیمارکیەکان لە وڵاتەکەی دوور بخاتەوە بەڵام پاش ساڵێك بە هێزێکی زۆرەوە گەڕانەوەو (ئەلفرید) و سوپاکەی و (وسکس) یان تێکشکاند. ئەلفرید ناچاربوو ڕابکات، هەڵات بەرەو (ئەسلسی) لە (سمرست) بەڵام لە حەشارگەکەی لە (سمرست) جارێکی تر کەوتەوە خۆی و دیسانەوە سوپا پەرژ و بڵاوەکەی ڕێکخستەوە و نوێنەری خۆی نارده لای هەوادارانی و پەیوەندی پێوەکردن بە نیازی سازادانی کۆبوونەوەیەك بوو ئەوە بوو لە ساڵی 878دا ئەم کۆبوونەوەیەی سازدا هێزەکانی بەرەو باکوور کەوتنە ڕێ لەوێ ڕووبەڕووی هێزی دانیمارکیەکان بۆوەو ئەلفرید بەسەریانا سەرکەوت و وای تێکشکاندن ناچار بوون دانیمارکیەکان خۆیان بەدەستەوە بدەن.

لێرەوە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئینگلیزیدا دەست پێ دەکات ئەلفرید بە بیرتیژی خۆی دەرکی بەوەکرد ئەگەر لەسەر نەشوەتی ئەم سەرکەوتنەی بەسەر دانیمارکیەکاندا سوربێ لەسەر ئەوەی لە ئینگلترا دەریان بکات هیچ دوور نیە بۆ تۆڵەسەندنەوە جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆیە ڕازی بووبەوە لە ئینگلتەرادا بمیننەوەو تەماحی مانەوەی یەکجارەکی خستە بەردەمیان و داوای لێکردن شەرەنگێزی ڕەت بکەنەوەو بە ئاشتی بژین، بەم چەشنە ڕێی بۆ خۆشکردن کە بەرەو شارستانیەت مل بنێن و ڕوو بکەنە ئاینی عیسایی، ڕەنگە ئەمە مەزنترین کار بووبێ کە پاشایەکی ئینگلیزی ئەنجامی دابێ.

ئەلفرید باوەڕی وابوو کە نەخشەی جەنگی پێویستە لەسەر سیاسەتێکی ڕاست و ڕەوان دابڕێژرێ ئەگەر وانەبێ ئەوسا شەڕ دەبێتە بەشێك لە کۆمەڵ کوژی ئادەمیزاد بەمەدا دەردەکەوێ کە لە ئەنجامی ئەم دووربینییەی هەزار ساڵ پێش سەردەمی خۆی کەوتوە. ئای کە ئێستا چەند پێویستیمان بەم تیورە هەیە لە کاتێکا ئێمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دەژین (ئەم ئاماژەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دانانی کتێبەکە بەزمانی ئەسڵی ئینگلیزیەکەی - وەرگێڕ).

ئەلفرێد لەو کەسانە نەبوو بە خەیاڵ بژی بەڵکو هەمیشە لە دواڕۆژی دەڕوانی، ئەو ئەوەی دەزانی کە سوپای تری دانیمارکی هەیە و دەتوانێ لە کەناری شەتاوی ئینگلیزیدا دابەزێ و ئەوەی بنیاتی ناوە بیروخێنێ لەبەر ئەوە دەبینین سەرەڕای ئەوەی ڕەزامەندیدا بە نیشتەجێ بوونی سوپا تێکشکاوەکەیان و مامەڵەیەکی باشی لە گەلاکردن بەلام لە هەمان کاتیشا خۆی ئامادەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێکی تازە بۆیە کەوتە ڕێکخستنەوەی سوپاکەی و کەشتیگەلیەکی دەریایی بە هێزی پێکەوەنا.

کاتێ سوپاکانی (فایکنگ) پێیان نایە سەر خاکی ئینگلستان ئەلفرید ڕووبەڕوویان بۆوە بە سەختی تێکیشکاندن و لە ولاتەکەی دەری کردن، بەم چەشنە ئەلفرید بە ژیری خۆی و لێهاتوویی سەربازیانەی توانی ئینگلتەرا ڕزگار

بکاو بەمە ئومێدێکی تازەی بە عیساییەکان بەخشی، بۆیە دەکرێ بڵێین کە مەزنی ئەلفرید زیاتر لە چەسپاندنی ئاشتیدا بەدەردەکەوێ تا شەڕ بەرپاکردن.

بەدڵنیاییەوە دەتوانین ئەلفریدی جەنگاوەر لە ناو ڕیزی پێشەوەی سەرکردە سەربازییەکانی مێژوو وەکو سەرکردەیەکی مەزن دابنێین کە خاوەنی دڵێکی قایمبووە کە توانیویەتی بەرگەی تەنگانە بگرێ و لە هەمان کاتا توانی سوپاکانی خۆی ڕێك بخاتەوە. مێژوو ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە جەنگاوەران هەمیشە دوای سەرکردە سەرکەوتوەکانیان دەکەون، کەچی ئەوەی مایەی سەرنجە (ئەلفرید) سەرەڕای ئەوەی دووجار تووشی نوشوستی و شکستی هاتوە لەگەڵ ئەوەیشا جوتیارە ئینگلیزەکان متمانەی تەواوی خۆیان پێ بەخشیبوو تا ڕادەی مردن بە دواییەوە بوون. ئەمەیش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ دڵقایمی ئەم پیاوە لە کاتی تەنگانەدا و هەروەها کەسایەتی و چوست و چالاکیەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان دەبینی لە سەرکەوتنەکانیدا. لەلایەکی تریشەوە وەکو پێشەوایەکی نیشتمانی بەخششێکی زۆری بە میللەتەکەی بەخشیوە.

شارەزاییەکی تەواوی لە نەخشە ڕێژی خانوودا بووە بۆ خۆیشی زانیویەتی بنیاتی بنێ، هەروەها زۆر لەوانەی ئەم پیشەیەیان زانیوە لە سەردەستی ئەم، هونەرە فێربوون، جگەلەوەی لەو ڕێیەوە کتێبەکانی ئایینی عیسایی و ئەدەبی وەردەگێرا بۆ زمانێکی میللی تا لەو ڕێیەوە خەڵکەکە ڕۆشنبیر بکات و بەهرەی خوێندن و شارەزایی یان پەرەپێ بدا. لەگەڵ ئەوەیشا ئایین پەروەر بووە و پابەندی ئاینی عیسایی بووە.

ناکرێ کارە چاکەکانیمان لەبیربچێ هەر ئەو بوو میللەتەکەی لە زۆر نەهامەتی ڕزگارکرد بێ ئەوەی هەوڵی ئەوەبدا دەست درێژی بکەنە سەرکەس. هەمیشە بە هێزی کەسایەتی خۆیی و بەهاو شکۆداری دەسەڵاتی خۆی دەسەپاند، لە ساڵی 899دا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەشێ مەرگی وا لە ناکاوی هۆکارەکەی زیاتر بگەڕێتەوە بۆ خەباتی بەردەوام و بەشداربوونی

هەمیشەیی لە شەڕە ترسناکەکاندا مردنەکەی هەستێکی خەمناکی قووڵی خستەسەر دڵ و دەروونی گەلەکەی. تەنانەت لەم بارەیەوە مێژوونووسێکی ناودار وتویەتی:"ئەم پیاوە لە هەموو کەسێ زیاتر دەستی بووە لە بنیات نانی ئینگلتەرەدا".

من بۆ خۆم دەیخەمە ڕیزی هەرەپێشەوەی سەرکردە سەربازییەکان جگەلەوەیش لە ڕیزی گەورە پیاوانی نیشتمانپەروەری دادەنێم هەر چەندە زۆر بەدەگمەن ڕێك دەکەوێ ئەم دوو خەسڵەتە لە یەك کاتا بە یەکەوە کۆببنەوە. هەموو شتێکی بە ئینگلتەرا بەخشی، ئەم پیاوە لەو تەرزانەیە کە دەبێ هەموو کاتێ بەدوایاندا بگەڕێین.

## ئۆلیڤەر کرومویل

ئێستا دێینە سەرباسی پیاوێکی تر کە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە، ئەگەر چاو بگێڕی لە دەرەوەی باڵەخانەی ئەنجومەنی گشتی لە لەندەن لەبەر دەروازەکەیدا پەیکەرێکی (ئۆلیڤەر کرومویل) دەبینی ئەوەی مایەی سەرسووڕمانە پەیکەری پیاوێك لە شوێنێکی وادابنرێ کە بڕوای وابووە مەحاڵە فەرمانڕەوایی لە ڕێی پەرلەمانەوە ئەنجام بدرێ، تەنانەت لە سەردەمی خۆیا بۆ سێ جار پەرلەمانی هەڵوەشاندۆتەوە تا لە کۆتاییدا بووە بەیەکێ لە دیکتاتۆرەکانی سەردەمی خۆی. لە شوێنێکی تر زۆر دوور نا لەو شوێنەو لە بەردەمی کلێسەی (وشنستەر) پەیکەری (ئەبراهام لنکۆلن) دەبینینن ئەم پیاوە لە ژیانی خۆیدا بڕوای پتەوی بە حوکمەتی پەرلەمانی و فەرمانڕەوایی زۆرینەبووە، من سەرم لەوە سووڕدەمێنێ چۆن بڕوای بە کرومویلبووە کە ئەو

پیاوە باوەڕی بە مافی گەل نەبووە بۆ هەڵبژاردن، لە کاتێکا (ئـەبراهام لـەنکوڵن) یەکەم کەس بووە بناغەی دیموکراتیەتی چەسپاندوە.

ئۆلیڤـەر کرومویـل لـە (هەنتجـدن) لـە 25 ئـەبریلی سـاڵی 1599 لـە دایکبووە. زانیارییەکی کەم لە بارەی سەردەمی منداڵی و لاوێتی زانـراوە، هەنـدێ بۆچوون هەیە دەڵێن بە زۆری سـەردانی مـاڵی مـامی کـردووە لـە (هەتـشینروك)، زۆر شیمانە هەیە کە چاوی بە میرزادە (شارل) کەوتبێ کە بەتەمەن تەنیا ساڵێك جیاوازی لە نێوانیان بووە، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیـە کـە بـەفیتی (کرومویـل) تووشی لە سێدارەدان هاتووە...

لەبـەر ئـەوەی (کرومویـل) پـەروەردەی دێهاتیانـە بـووە بۆیـە زۆر حـەزی بەسواری ئەسپ بووە، تا وای لێ هاتووە بۆتە شۆڕەسواری سـەردەمی خـۆی و گـەلێ سوودیشی لەم ئارەزووەی بینیوە هـەروەکو لـە شـوێنێکی تـری ئێـرەدا باسـی لێـوە دەکەین.

خوێندنی سـەرەتایی تـەواو کـردوە پاشـان لـە سـاڵی 1616دا چۆتە کۆلیـژی (سون سیکس) هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە حەڤدە ساڵان، بـەڵام لـە سـاڵێ زیـاتر تیا نەماوەتەوە و ئـیتر دەسـتی لـە خوێنـدن هـەڵگرتووە و هـیچ بەڵگەنامایەکشی دوای ئەوە دەستگیر نەکردوە. هۆی ئەمەیش دەبەستێتەوە بەوەی کە لـە یونیـۆی ساڵی 1617دا باوکی کۆچی دوایکردووەو ئیتر ناچاربووە بگەڕێتەوە بـۆ شـاری (هەنتجدن) بۆ ئـەوەی کاروبـاری موڵـك و زەویـە کـشتوکاڵیەکانیان بەڕێوەبـەرێت کە لە پاش باوکی جێ ماوە. پاشان ڕوویکردۆتە لەندەن بۆ ئەوەی (یاسا) بخوێنێ تا کاروبارەکانی خۆی پـێ بـەڕێوە بـەرێت و پێویـستی بـەوە نـەبێت پـەنا بەرێتـە بەر ڕاوێژکارێکی یاسایی. پاشـان لـە ئۆگـستۆسی سـاڵی 1620دا کـچی یـەکێ لـە گـەورە بازرگانـەکانی شـارەکەی هێنـا کـە سـاڵێك لـە خـۆی گـەورەتر بـوو، ئـەم خێزانەی زۆر بە ئەمەك بـووە بـۆی و هەشـت منـداڵی لێـی بـووە. هەرچـەندە لـە سەرەتای ساڵانی یەکەمی ژنگواستنەوەی دا تووشـی نەخۆشـی هـات بـەدەم ئازارو

خـەونی ترسـناکەوە دەینالانـد، بـەلام زۆری نـەبرد تەندروسـتی بـەرەو چاکبوونەوەچوو و هاتەوە سەر دۆخی جارانی، لەگەڵ ئەوەیشا هەنـدێ تەبیعـەت تونـدبوو زۆرجـاریش توشـی توڕەبـوون دەهـات و لـە ئـەنجامی ئەوەیـشەوە توشـی کێشەدەهات بەلام لە پڕ دەهاتەوە سەر خۆو هێمنانە چارەی ئـەو هەلانـەی خـۆی دەکردەوە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر بڕوای بە ئاین قایم بوو.

بـەم جـۆرە ژیـانێکی دێهاتیانـەی بەسـەربرد و خـەریکی کاروبـاری موڵکـەکانی بوو زۆرجار گەشتی ڕاووشکاری دەکرد بەخۆی و سەگ و بازەکانیـەوە هاوبەشـیان دەکرد.

ئەو ڕۆژانە هەواڵەکان بە سستی دەگەیشتن، هەنـدێکیان هەسـتیان دەوروژانـد، هەروەها سەری سووڕدەما لـە ڕێبـازی سیاسـیانەی دەرەوەی شـا (جـێمس) تـا ئـەو کاتـەی مـردو دوای خـۆی (شـارلی یەکـەم)ی کـوڕی هاتـە سـەرتەختی پاشـایەتی شایانی وتنە پێشتر وتمان کە لە شاری (هەتشنبروك) چاویان بە یەکترکەوتووە.

ئەم میرە خوشـکی شای فەرەنـسای کاسـولێکی خواسـت ئـەم کـچە لـە تەمـەنی پازدە ساڵیدا بوو، ئەم ئافرەتە گەڵ لە ڕینماییەکانی کڵێسەی پاپای ڕۆمای لەگـەڵ خۆیا هێنایە ناو کۆشکی شایانەوە.

ئۆلیڤەر بەرامبەر بەم حاڵەتەی ناو کۆشکی شایانە نیگەران بووە هەر چـەندە زۆر گوێی نـەدەدا بـەو کارانـە لـە سـەردەمی شـا (جـیمس)دا بـەلام سـەرنجیدا کـە ڕەفتاری شازادەی تازە شارل زۆر لە ڕەفتاری باوکی جیاوازترە. تەنانـەت هـەواڵ و دەنگۆی والە (هەنتجدن)ەوە دەگەیشتن کە شازادە (شارل) لە ئاین هەڵگەڕاوەتـەوە و گاڵتەی بەکاری پەرلەمانی دێ... لەسەر ئەمـە زۆر نیگـەران بـوو، هەسـتی کـرد وەکو عیسایی مـەزەبێك و دڵسۆز بـۆ وڵاتەکـەی پێویـستە ڕادەیـەك بـۆ ئـەو کـارە دابنـێ، هـەر بۆیـە خـۆی پـالاوت بـۆ پەرلـەمان لـە یەنایـەری سـالی 1628دا بـە نوێنەرایەتی شاری (هەنتجدن) هەڵبژێردرا.

پەرلەمان لە 17 مارسی 1628دا کۆبۆوە، ئۆلیڤەر سەرەتا ڕۆڵێکی بچووکی گێڕا ئەوە بوو لە فەبرایەری ساڵی1629دا لێدوانێکی ئاینی پێشکەشکرد.

ئەمەیش یەکەم جاری بوو کە ڕووبەڕووی کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنەبێ، خولی پەرلەمانی ئەو ساڵە لە سێی مارسی 1629 کۆتایی هات ئەویش لەکەش و هەوایەکی وا گرژاوی دابوو تیایا دوانێك دژ بە پاشا درا ئەویش ناچار بوو پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە ئیتر پەرلەمان بۆ ماوەی یازدە ساڵ لە کارکەوت.

ناڕەزایی میللەت لە ساڵانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان تا دەهات پەرەی دەسەند، ئۆلیڤەر لەم ساڵانەدا زۆرتر بەکاروباری موڵکەکانیەوە خەریکبوو، بەڵام پەشێوی ژیان و باری سیاسی هانیدا موڵکەکانی بفرۆشێ و خۆی تەرخان کات بۆ ژیانی سیاسی کە زۆر بە پەرۆشەوە لەو ساڵانەدا چاودێری گۆڕانکارییەکانی دەکرد.

تا دەهاتیش کار بەرەو خراپی دەچوو بە تایبەتی پاش ئەوەی ئەسکوتلەندیەکان بەو گۆڕانکاریانە قایلنەبوون کە پاشا دەیویست تێهەڵکێشی ڕێنماییەکانی ناو کڵێسەی بکات. (شارل)ی پاشا بەم ڕەفتارە ناڕەحەت بوو لەسەر ئەوە بڕیاریدا بە زۆری چەك ئەسکوتلەندیەکان بخاتە ژێر بارەوە، لەبەر ئەوەیشی باری دارایی بەرەوکزی دەچوو بۆیە بیری لەوە دەکردەوە ژیانی پەرلەمانی ببوژێنێتەوە تاکو لەو ڕێیەوە پارەی جەنگ کەوێ و سوپای پێ بەڕێوەببات.

پەرلەمان لە ئەبریلی ساڵی 1640دا لەکەش و هەوایەکی پڕ لە ناڕەزایی بەرامبەر بە پاشا و گەورەی قەشەکان کە یارمەتی پاشای دەدا بۆ گۆڕانکاریەکانی ڕێنمایی ئاینی پاشا ناچاربوو لە 5 مایو لە پاش خولێکی سێ هەفتانە دیسانەوە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە. لەبەر کورتی ماوەی ئەم پەرلەمانە ناوبرا بە پەرلەمانی کورت خایەن.

پاشان پاشا ڕووبەڕووی شەڕ بۆوە لەگەڵ ئەسکۆتلەندیەکان بەڵام لە 28 ئوگستوسدا لە شەڕی (نیوبرن) تووشی شکستی هات و ناچاربوو جارێکی تر داوابکات پەرلەمان دەست بەکاربێتەوە تاکو لەو ڕێیەوە بڕێ پارەی دەستگیر بێت.

پەرلەمانی تازە کۆبووە ئەمجارەیان ناوبرا بە پەرلەمانی درێژخایەن لە نۆڤەمبەری ساڵی 1640دا لە کەش و هەوایەکی پڕ لە هەڕەشەی هەلگیرساندنی شۆڕشدا دانیشتنی خۆی بەست، ئۆلیڤەر کرومویل نوێنەرایەتی (کامبریدج)ی دەکرد.

کارەساتەکان یەك بەدوای یەکدا دەهاتن میللەت متمانەی بە پاشا نەما ناچاربوو لە ساڵی 1642دا (لەندەن) بەجێ بهێڵێ نەهاتەوە تا کاتی ئەوەی درا بە دادگا و لە دادگایشدا... لە ساڵی 1649دا فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

لە ناوەڕاستی ساڵی 1642 شەڕی ناوخۆ بەرپابوو، ئەم شەڕە بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی شا شارڵی یەکەم لە 30ی یەنایەری ساڵی 1649دا لە سێدارە درا، پاشان لە یۆنیۆی ساڵی 1650 شارل پاشای دووەم هاتە سەر تەختی پاشایەتی لە سەردەمی ئەویشدا شەڕی دووەمی ناوخۆ دەستی پێکردەوە بەلام بە تێکشکانی سوپای ئەسکوتلەندی و هەڵاتنی شارل پاشای دووەم بۆ فەرەنسا کۆتایی بە شەڕەکەهات.

ئۆلیڤەر کرومویل بە مانای سەربازی سەرباز نەبوو چونکە لەو کاتەدا هێشتا سوپایەکی هاوچەرخانە لە ئینگلتەرا دانەمەزرابوو، ئەم بڕی زانیاری سەربازی لەو خوێندنەوانەوە دەسگیربووبوو کە لەسەر (جوستاف ئەدولف)ی پاشای سوید خوێندبوویەوە لەگەڵ ئەوەیشا بۆ خۆی خاوەن ئەقڵێکی وابوو توانای ڕێکخستنی هەبوو ئەیشزانی چۆن دڵی خەڵکی بە لای خۆیدا ڕابکێشێ.

هەر ئەم هۆکارانە بوون یارمەتیان دا ببێتە ڕاهێنەر و سەرکردەی لێهاتووی خاوەن پلەو پایە. تا ڕادەیەکی باش توانی سەرکەوتووانە سوپایەکی هاوچەرخ بنیات بنێ، هەروەها زۆر سەرکەوتووانە توانی کارێکی وابکات جوتیارەکان بکا بە سەربازی ڕاستەقینە و بتوانن چەك هەڵبگرن، ئەم هەنگاوەی سەرەتای ڕێگابوون بۆ هێنانەدی سەروەریە سەربازییەکانی.

سەرکەوتنی ئەم پیاوە لەوەدابوو کە خۆی خولقاند ببێتە سەرکردەی شۆڕەسواران، ئەوەی زیاتر یارمەتیدا لەم کارەیدا ئەوە بوو لە ژیانیدا زۆر حەزی بە سواری ئەسپ بوو، هەر ئەمەیش زەینی بە لای ئەوەدا برد کە پیاوانی سوارە ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە شەڕی نوێدا.

توانای لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ جوڵان و کارکردنە سەر وورەی دوژمن بۆیە من بۆ خۆم لە ڕیزی شۆڕەسوارانی جیهان دادەنێم.

باوەڕم وایە ئەگەر ئۆلیڤەر کروموێل شان بە شانی هێزەکانی ناو پەرلەمان لە دژی هێزەکانی پاشا نەوەستایەتەوە سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا و بگرە شەڕی ناوخۆشیان دەدۆڕاند، ئەوەیش ئەوەی دەگەیاند کە دەبوو بنەماڵەی (ستیوارت) بە یارمەتی ئەسکوتلەندیەکان یان ئیرلەندیەکان یا خود یارمەتی هەر هێزێکی بێگانە بگەڕانایەتەوە و دەسەڵاتیان بگردایەتەوە دەست، هەروەها لەو باوەڕەدام کە ناو بانگی سەربازی ئەم پیاوە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵمەتەکانی بۆ سەر ئیرلەندا کە زۆر ئازایانە سەرکردایەتی ئەم هەڵمەتەی کرد و زۆر بە توند و تیژی دەستی خۆی وەشاند.

بەهەر حاڵ دەبێ لە ڕیزی گەورە پیاوانی مێژووی دابنێین ئۆلیڤەر لە تەمەنی پەنجا و دوو ساڵاندا بوو کە توانی بەسەر ئەسکوتلەندیەکاندا سەر بکەوێ لە شەڕی دووەمی ناوخۆدا ئیتر بووە یەکە پیاوی ئینگەلتەرا و سوپا، یەك پارچە پاڵپشتی گرت و لە دوایەوە وەستا، بەمە بووە ئومێدی گەلی ئینگلیزی و ئومێدی دوا ڕۆژیان بەوەوە بەند بوو دەبا ئێستا بزانین چۆن ئەو حەوت

ساڵانەی دوایی تەمەنی بە سەردەبا کە وەك ئاشکرایە لە سێپتمبەری 1658دا کۆچی دواییکردووە.

ئۆلیڤەر زانی چۆن دەسەڵاتی خۆی بەڕێوە ببات و زانی چۆن سەرپەرشتی پەرلەمان بکات و بناغەی حوکمەتەکەی دابنێ و کاروبار لە 10 ئەبریلی ساڵی 1653دا خەریکبوو دەشڵەژا، کاتێ پەرلەمان ویستی بەوە قایل بێت کە بڕیارێك بسەپێنی مافی ئەوە بدات بە ئەندامانیو ئەوە ڕەتکەنەوە کە ئەگەر بێت و لە دواڕۆژدا هەر ئەندامێکی تازە خۆی بپاڵێوێ لەسەر بنکەیەکی خاڵی، کاتێ ئەم بڕیارە دەگاتە بەر گوێی کرۆمویل لە (هوایت هۆل)ەوە بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە پەرلەمان لە (وست منستەر) پەلێ سەرباز دوای خۆی دەخا و دەچێتە ناو هۆڵی پەرلەمان گوێ دەگرێ لەو و تووێژانە و لە ڕقانا دەکوڵێ.. کاتێ قسەکەرەکە بۆ جاری سێیەم بڕیارەکە دەخوێنێتەوە بە پێی عورفی ناو پەرلەمان، کرۆمویل هەڵدەستێتە سەرپێ، بە ئاشکرا ڕای خۆی بە ئەندامانی ناو پەرلەمان ڕادەگەیەنێ پاشان بانگ لە سەربازەکانی دەکا و کابرای قسەکەر ڕاپێچ دەکەن و پێشی خۆیانی دەدەن، هۆڵەکە چۆڵ دەبێ و کرۆمویل دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بەم چەشنە کۆتایی بەژیانی پەرلەمانی دێت، کە بە پەرلەمانی درێژخایەن ناسرا بوو، ئیتر وڵات بێ پەرلەمان و بێ حکومەت دەمێنێتەوە تەنیا پیاوێك دەمێنێتەوە کە پێش ساڵێك لە مەوبەر پەرلەمان پلەوپایەی سەرکردایەتی سوپاکانی ئینگەلتەرا و ئۆسکەتلەندا و ئێرلەندای پێ بەخشیبوو، بەم چەشنە ئۆلیڤەر کرومویل دەبێتە تاکە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی لە بەریتانیا.

ئەوەی شایانی باسە وڵات لە سەردەمی ئەمدا پێشکەوتنێکی سەربازی بە خۆیەوەدیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا مێژوو دوو هەڵەی گەورەی لەسەر تۆمارکردووە. یەکەمیان بەوەی رازی بوو شارل پاشای یەکەم لە سێدارە بدرێ دووەمیان بەوەی بە زەبری چەك پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە.

لە ڕۆژی 4ی یولیوی ساڵی 1653 پەرلەمانی یەکەم لە سەردەمی کرومویل دانیشتنەکانی خۆی بەست، بەڵام لە 12ی دیسەمبەری هەمان ساڵ ئەندامەکانی ناو پەرلەمان دەستیان لە کارکێشایەوە، چونکە نەیانتوانی هاوکاری لەگەڵ ئەو پیاوەدا بکەن، ئیتر وڵات بە فەرمانی سەربازییەوە بەڕێوەدەچوو پاشان لە 3ی سێپتەمبەری ساڵی 1654دا پەرلەمان دەست بەکاربوو بەڵام دیسانەوە تووشی ڕووبەڕووبونەوەهاتن لەگەڵ ئۆلیڤەردا سەبارەت بە چۆنیەتی دەسەڵات گرتنی بەسەر سوپادا، پەرلەمان باوەڕی وابوو کە حوکمەت بە هیچ شێوەیەك ناچەسپێ ئەگەر بەتەواوی سوپا لە ژێر دەسەڵاتی پەرلەماندا نەبێ، کەچی (ئولیڤەر) بە پێچەوانەی ئەم ڕایە بیری دەکردەوە هەر بۆیە لە 22ی ئایەری ساڵی 1655دا دیسانەوە پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە، لەم کاتانەدا هێزی دووقات پەرەی سەند وبووە بە هێزترین کەس لەچاو هەموو پاشاکانی ئینگەلتەرا هەر لە سەردەمی (ولیم)ەوە تا دەگات بەم سەردەمانەی ئێستا. ئەوەندە هەبوو هەموو هێزی خۆی لەو دەسەڵاتەوە هێنابوو کە بەسەر سوپاوە هەیبوو.

پاشان ئینگەلتەرای دابەشکرد بە سەر یازدە دەڤەردا بۆ هەر یەکەیان ئەفسەرێکی بەپلەی ژەنەراڵ دانا بۆ بەڕێوەبردنی، دوای ئەوە بیری لەوە دەکردەوە پەرلەمانێك پێك بهێنێ ئیشی ئەوەبێ فەرمانەکانی بەجێبهێنێ و بەس.

لە ساڵی 1656دا خەرجی پێویست بوو بۆ ئەوەی شەڕی دژی ئیسپانیای پێ بکات، بۆیە ئۆلیڤەر ناچاربوو داوا لە پەرلەمان بکاتەوە دانیشتنی خۆی دەست پێ بکاتەوە ئەوەبوو لە 17ی سەپتەمبەر کۆبوونەوەی سازدا، لەو دانیشتنەدا ئەنجومەنی لۆردات (کە ئۆلیڤەر بۆ خۆی ئەندامەکانی دادەنان) لەگەڵ ئەنجوومەنی گشتیدا بەگژیەکدا چوون، تا دەهاتیش ناکۆکیەکانی نێوانیان پەرەی دەسەند، ناچار ئۆلیڤەر دیسانەوە لە 4 فبرایەری ساڵی 1657دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیدا.

هەموو ئەم ڕووداوە یەك لە دوای یەکانە ئۆلیڤەری بە تەواوی ماندووکرد و تووشی نەخۆشی بوو، لە جێگایا کەوت تا لە 3ی سەبتەمبەری ساڵی 1658 کۆچی دواییکرد و بە تایبەتی لە دوای مردنی کچەکەی کە بە مردنی ئەو کچەی ئێجگار نارەحەت بوو.

من ئۆلیڤەر دەخەمە ریزی هەرە پێشەوەی سەرکردە سەربازییەکان بەڵام لە هەمان کاتا بە دۆڕاوترین پێشەوای سیاسی دادەنێم چونکە لە نێوان ساڵانی 1653 – 1658دا هەوڵیدا پێنج جۆرە حوکمەت پێکەوە بنێ بەڵام لە هەموویاندا سەرکەوتوو نەبوو، هەوڵی دەدا شتێك دروست بکا کەچی لە ئەنجاما هەر خۆی هەوڵی ئەوەی دەدایەوە ئەوەی دروستی کردووە تێکی بشکێنێتەوە، هەروەها هەوڵیدا سیستەمی دەسەڵاتی کەمینە بە سەر زۆرینەدا بسەپێنێ لەمەیشدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

بەڵام دوای مردنی کار بەرەو کوێ چوو؟

لە 10ی دیسەمبەری ساڵی 1660دا پەرلەمان بە تێکڕای دەنگ هەردوو ئەنجومەنەکەی ڕازی بوو بەوەی لاشەکەی لەگەڵ لاشەی چوار کەسی تردا بە زنجیر بەندی لە (وستمنستەر)ەوە بگوازنەوە بۆ (نیبورن) لەوێ بۆ ماوەیەك بەکفنی زنجیربەند کرایەوە هەڵواسرا و پاشان سەری ئۆلیڤەریان لە لاشەکەی کردەوە و بەسەریەکێ لە دار تیلەکانی سەر سەربانی هۆڵی (وستمنستەر)ەوە هەڵواسرا تا خەڵکەکە بیبینن ئەمەیش تا ساڵی 1684ی خایاند.

# بەشی پێنجەم

## (ئەبراهام لینکۆلن)

ئێستا با هەنگاو بنێین بەرەو سەدوپەنجا ساڵ بەر لەئێستا و باسێك لە (لەنکۆلن)بكەین. تا ئێستایش زیاد لە دوو هەزار كتێب لەسەر ئەم پیاوە نووسراوە، زەحمەتە بۆ یەكێكی وەكو من شتێكی تازە بخەمە سەر ئەو نووسینانەی كەسانی تر پێش من نووسیویانە. بەڵام ئەوەندە هەیە ڕەنگە خوێنەرانی ئەم كتێبە شتێكی ئەوتۆ لەسەر ئەم پیاوە نەزانن كە چۆن گەیشتۆتە سەر تەختی سەرۆكایەتی كۆماری ئەمریكا، چۆن بەرزبۆتەوە بۆ ئەو پلەیە و توانیویەتی یەكێتی ئەمریكا بپارێزێ، لە كاتێكا مەترسی هەڕەشەی پارچەپارچە بوونی لەسەر بووە لە وەختێكا بووە كارەساتێكی مرۆڤایەتیانە خەریك بووە تیا بقەومێ. هەر بۆیە پێویستە لە سەرمان هەوڵی ئەوە بدەین و بزانین چ جۆرە خەسڵەتێك لەم پیاوەدا هەبووە تا بتوانێ ئەركی ئەو پلەو پایە ترسناكە بگرێتە ئەستۆ و بەلای ڤازانجی گەلی ئەمریكادا بشكێتەوە.

هەر ئەمەیشە هانمان ئەدا لە بارودۆخی چۆنیەتی ژیانی بكۆڵینەوە تاكو بزانین چ بارودۆخێكی بۆ ڕەخساوە بگاتە ئەم پلەوپایە گرنگە. شەڕی ناوخۆی ئەمریكا یا شەڕی ویلایەتەكان (هەر وەكو ئەمریكیەكان خۆیان وای ناو دەبەن نزیكەی زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر بەرپابوو، ئەم شەڕە لە ساڵی 1861 بەرپا بوو، ئەوسا لە نكۆلن لە تەمەنی پەنجاو دوو ساڵاندابوو، ئەگەر ئەوە

بزانین ئەم پیاوە لە ساڵی 1809دا لە باوکێکی جوتیار لە ولایەتی (کنتاکی) هاتۆتە دنیاوە دایکیشی ڕۆژێ لە ڕۆژان کیژۆڵەیەکی بیژی (زۆڵ) بووە لە کابرایەکی خزمەتکار دەڵێن ئەم (دایکەش) لەگەڵ کیژێکیدا هاتۆتە ویلایەتی (کنتاکی).

لە نکۆڵن لە بنەماڵەیەکی هەژار پەروەردەبووە، هەمیشە گێرەو کێشە وەکو سێبەر بەدوایەوە بووە، ئەویش بە هۆی ئەوەی باوکی جێی بە خۆی نەدەگرت لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەگەڕا بەنیازی ئەوەی پارچە زەویەکی چنگ کەوێ بەکەڵکی کشتوکاڵ بێت، ئەبراهام بە هیچ جۆرێك لە ڕووی خۆڕەوشتیەوە نەدەچۆوە سەر باوکی تەنانەت زۆر بیروڕا هەیە کە دەڵێن لەوە ناچێ ئەم پیاوە کوڕی ئەو باوکە بووبێ، نەك هەر لە شێوەدا لەیەك نەدەچوون بگرە لە بەژن و قەڵافەت و خوو ڕەوشتیشدا لە یەکەوە نزیك نەبوون.

بۆ خۆیشی لەنکۆلن ڕای خۆی لە باوکی نەدەشاردەوە چونکە بە پێچەوانەی باوکی ئەم بۆ خۆی تا بڵێی دڵسۆز و دەست پاك بوو.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بوو دایکی مرد، زۆر خەفەتی بە مردنی دایکی خوارد. سێ ساڵ بەسەر مردنی دایکیدا تێپەڕی نەکردبوو باوکی بۆ جاری دووەم بێوەژنێکی مارەکرد سێ منداڵی لێ بوو.

لەنکۆڵن ئەم ئافرەتەی خۆش دەویست چونکە ئافرەتەکە سۆزی دابویە و دەیلاواندەوە ئەم خۆشەویستیەشی تا دەهات پەرەی دەسەند. مایەی سەرسوڕمانی هەموو کەسێك بوو کە لە نکۆڵن دایکی خۆش دەویست پاشان ڕێزی لەم ژنەی باوکی دەگرت لە کاتێکا لە نێوان باوکی و ئەم ژنەدا ناکۆکیەکی زۆر هەبوو.

ڕەنگە هۆکاری ئەمەیش بگەڕێتەوە بۆ ناهەمواری ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژیا، بۆخۆی دەڵێ باوکم دەپەرست بەڵام زۆر زەحمەتم دەچێشت تا لە دایکم

نزیك ببمەوە هەڵەی ئەمەیش دەگەڕیتەوە بۆ خۆم هەروەكو لە یاداشتنامەكەمدا ئاماژەم بۆ كردوە.

لەنكۆڵن بە پچڕپچڕ خوێندویەتی، سەرەتا چۆتە ئەو قوتابخانەیەی نزیك بـە ماڵی خۆیـان بـوو، بـەڵام هـەر كـاتێ هـەلی خوێنـدنی قوتابخانـەی بـۆ نەڕەخسابێ پـەنای بردۆتـە دەوروبـەری خـۆی بـۆ تـەواوكردنی خوێندنەكـەی، بـەپێی ئـەوەی لەسـەر ئـەم پیـاوەم خوێندۆتـەوە لـەوە دەچـێ بـەرێكوپێكی لـە قوتابخانـە نەیخوێنـدبێ، هـەر تـەنیا سـاڵێك یـا كـەمتر خوێندویـەتی بـەڵام ئەشـق و خۆشەویـستی بـۆ زانـست پـاڵی پێوەدەنـا كـە خـۆی ڕۆشـنبیر بكـات زۆرجـار لـە خوێندن و نووسینەوەدا بۆڕی زۆر كەسانیی ناوچەكەی دەدا، هەروەها زۆرجار بۆ دۆست و كەسی بنەماڵەكەی بابەتی دەنووسیەوە، زۆر مـەیلی دابـووە خوێندنـەوە بە قووڵی دەیخوێندەوە، زیاتریش هۆگری خوێندنەوەی كتێبە بـە نرخـەكان بـوو لـە نووسـینەكانی و وتارەكانیـدا ئـەوەیان دەسـەلماند كـە بـە باشـی لـە (ئینجیـل) گەیشتوە. چیرۆكنووسێكی زمان شیرین بـوو، زۆرجـار كەسـوكار و هاوڕێكـانی لـە دەوری كۆدەبوونەوە گوێیان لەو چیرۆكانەی دەگرت كە بۆ خۆی داینابوون.

كاتێ گەیشتە تەمەنی دوازدە ساڵان بـۆ خـۆی بـژیوی خـۆی پەیـداكردوە بـەو وردەكارانـەی كـە بـۆ دراوسـێكانی دەكـرد. زۆر بـە خێرایـی هەڵدەكشا هێـشتا لـە تەمــەنی نــۆزدە ســاڵاندابوو درێــژی بــاڵای گەیــشتە شــەش پێیــان، هــەروەها دەستەكانی درێژدەبوون و قاچەكانی گەورە دەبـوون. لەشـێكی پتـەوی هـەبوو كـە دەیتـوانی هـەموو ئیـشێكی قورسـی پـێ هەڵـسوڕێنێ، زۆرانبـازی دەزانـی و لـەم گەمەیەدا شارەزایی تەواوی هەبوو. هێڵی پڕ لـە چـاڵ وچـۆڵ بەسـەر و سـیمایەوە دیاربوو، ئەمەیش هۆیەكانی زیاتر دەگەڕایەوە بۆ ئەو زەحمەتیی و ناخۆشـیانەی لە سەرەتای ژیانیا تووشی هاتبوو بەهۆی كەم خۆراكیەوە. ئەوجا كاتی ئەوەی بـۆ ڕەخـسا لـە مـاڵ بـچێتە دەرێ و ڕووبكاتـە دنیـای فـراوان تـا لـەوێوە ژیـانی خـۆی دەست پێ بكا..

سەرەتا دوکانێکی لە گوندێکا کردەوە و شتومەکی دەفرۆشت، پاشان لە پۆستەخانە دامەزرا، دوای ئەوە وەك خۆبەخشێك (متطوع) لە ساڵی 1832 بەشداری کرد لە شەڕی هیندیە سوورەکاندا بۆ ماوەی هەشتا ڕۆژ لەم شەڕەدا هاوبەشی کرد کە بە شەڕی (هەڵۆی ڕەش) ناوبرا. ئەو تاقمەی لەگەڵیان هاوبەشی ئەم شەڕەی دەکرد لە ناوخۆیانا هەڵیانبژارد بە فەرماندەی خۆیان و هەقی ئەوەیش سەدو بیست دۆلار موچەیان بۆ بڕیەوە، لەم ئەزموونە سوودێکی باشی چنگ کەوت ئیتر بۆ خۆی هونەری شەڕ و ژیانی سەربازی فێربوو سەرەڕای ئەوەی فێری ئەوەبوو چۆن سەرکردایەتی خەڵکی بکات و لە بەهایی کاری سیستەمی و ڕەوشت باشی گەیشت هەر ئەمەیش وای کرد لە ژیانی داهاتوویدا سوودێکی باش لەو خەسڵەتانە وەربگرێ.

پاشان بڕیاریدا ببێ بە پارێزەر، ئەم پیشەیە قازانجێکی زۆری لێدەکەوتەوە بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند، خەڵکەکە هەڵپەی ئەوەیاندەکرد زەوییان چنگ کەوێ... ئیتر لەم ماوەیەدا (لنکۆلن) خووی دایە سیاسەت قسەی ڕۆژانەی خەڵك لە پاڵ کاروباری کشتوکاڵی سیاسەت بوو، ئەم توانی توانای خۆی دەربخا لەم ڕووەوە و بە قسە و گفتی شیرینی توانی سەرنجی خەڵکەکە بەلای خۆیدا ڕابکێشێ.

لە ساڵی 1834دا کە ئەوسا تەمەنی لە دەوروبەری بیست و پێنج ساڵان دابوو- بە نوێنەری دەستەی یاسادانان (تەشریعی) و لایەنی (ئەلینوی) هەڵبژێردرا، ئیتر بۆ ماوەی چوار خوڵ لەسەر یەك ئەم کارەی ڕاپەڕاند، ئەمەیش دیسانەوە تاقی کردنەوەیەکی باشبوو لە ژیانیدا، بەتەواوی لە ڕیساکانی سیاسەت و فرتوفێڵی سیاسەتمەداران گەیشت و زانی چۆن دڵی دەنگدەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێ..

(لنکۆڵن) چووە ڕیزی پارتی کۆمارییەوە، زۆر پرسیار وروژێنرا کە بۆچی ئەم پارتەی هەڵبژارد کە لەگەڵ پارتی دیموکراتیدا جیاوازیان لەوەدابوو کە ئەم زیاتر

چینی سەرمایەداران و پیاوانی کاربەدەستی لەخۆگرتبوو، بەڵام من وای بۆ دەچم کە هۆی سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لنکۆڵن خۆشی بە سەرۆکی حزبی دیموکراتی (جاکسون) نەدەهات لە پاڵ ئەوەیشدا گەلێ لە پیاوانی ناو حزبی کۆماری خۆشیان دەویست چونکە لە سەرەتای دەستبەرکاربوونی لە کاری سیاسەتدا گەلێ پشتگیرییان لێکرد.

با ئێستا کە شتێ لە بارەی مەیلی سۆزداری و ژیانی خێزانی ئەم پیاوە باس بکەین.. لەوەدەچوو زۆر سەروسەودای لەگەڵ ئافرەتاندا خۆشنەبووبێ، زۆر دەترسا تێکەڵاویان بێت و زۆرجار لە تاو شەرمی خۆی لە ڕوو دادەما، بەهەر حاڵ زۆر سەرکەوتوو نەبوو لەگەڵیانا، کۆتایی یەکەمین خۆشەویستی زۆر بەختیار نەبوو، کچێکی خۆشویست بە ناوی (ئان رتلدج) کە کچی خاوەن ئۆتێلێکی بچکۆلانە بوو، ئەم کچەی کاتێ ناسی بەڵێنیان بە یەکتردا ببنە هاوسەری یەکتری بەڵام لە پڕ کچە مرد، بە مردنی کچەکە تەمێکی خەمگینی قووڵ کاری لە دڵی لنکۆڵن کرد بە ڕادەیەك تا چەند ساڵێکیش بەدەستیەوە تلایەوە. خۆشەویستی دووەمی جیاوازیەکیی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ خۆشەویستی یەکەمیدا لە ڕووی کۆتاییەوە.

لە جاری سێیەمدا چاوی کەوت بەکچێك لە کچەکانی ناو کۆمەڵگا ناودارەکان ئەویش (ماری تود) بوو، ئەم کچەی لە ساڵی 1839دا خۆشویست، کچەکە کچی بەڕێوەبەری بانکێك بوو لە ویلایەتی (کنتاکی)، ئەم کچە زۆر بە هەڵپەبوو لە پاڵ ئەوەیشدا هێزو توانای ڕۆشنبیریەکی باشی هەبوو، بەڵام زوو زوو تووڕە دەبوو، ئەم کچە زیرەکە هەر لە یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ (لنکۆلن)دا هەستی کرد کە ئەم پیاوە لەو تەرزانەیە بتوانێ بگاتە (کۆشکی سپی) بۆ چوونەکەیشی ڕاست دەرچوو (لنکۆلن)یش بۆ خۆی پێشتر لەم تەرزە کچانەی نەدیبوو بۆیە بەم کچە سەرسام بوو ئەوە بوو لە ساڵی 1840دا خواستی بەڵام پاش ماوەیەك هەستی کرد کە دەستی بۆ نادا خوازبینیەکەی هەڵوەشاندەوە کەچی کچە هەر

دەست بەرداری نەبوو لە ژێر شالآوی فرمێسك ڕشتن و پەشیمانیەوە (لنكۆلن)ی ناچار كرد دەست لە بڕیارەكەی هەلگرێ. بەلآم لە ڕۆژی گواستنەوەدا بووك هات و چەند لە كلێسە چاوەڕوانی (لنكۆلن)ی كرد كەچی هەر نەهات.

زۆرجار لەسەر لاپەڕەكانی ڕۆژنامەدا گەلی چیرۆكی لەم بابەتانە دەخوێنمەوە سەبارەت بەو كچانەی لە دواساتدا وای نیشان دەدەن كە ناتوانن بەرەو ڕووی ئەم چەشنە هەلوێستانەببنەوە لەبەر ئەوە ناچار دەبن لە مالەوە بمێننەوە یا هەلدێن و ناچن بۆ كلێسە، من وامدەزانی كە پالەوانانی ئەم چەشنە چیرۆكانە چ نێربن یا مێ ئەم كارەیان لەكەم ئەقلییانە، ئێستا دانی پێدا دەنێم كەلەوەدا بەهەلە چووبووم، ئەم كارە بەسەر (لنكۆلن)یشدا هات كەچی هیچ كەم ئەقلیەكیشی پێوە دیار نەبوو... ئەگەر زنجیرەكانی ئەم چیرۆكە بەسەر كەینەوە بۆمان دەردەكەوێ كە لنكۆلن گەلێ پەشیمانی دەردەبڕی و لەبەر شەرمی زۆری ناچار دەبێ سەردانێكی پزیشكێكی دەروونناسی بكا، ئەویش ئامۆژگاری دەكا تا هەفتەیەك لە مالەوە دەرنەچێ.

ورده ورده باری تەندروستی لنكۆلن بەرەو باشی دەچوو هەروەها سەبارەت بە (ماری تود)یشەوە ئەویش بەرەو باشی دەچوو، ئیتر هاوڕێكانیان توانییان لێكیان نزیك بخەنەوە لە چاوپێكەوتنێكا خۆشەویستی ڕاستەقینە بەسەر دلی هەردوولایانا زالبوو، ئەوەبوو لە نۆڤمبەری سالی 1842دا بوون بە هاوسەری یەكتری و لەئەنجاما چوار مندالیان بوو، یەكێكیان بەناوی (ئەدوارد)ەوە لە تەمەنی چوار سالیدا مرد. و دووەمیشیان (دیلی) لە تەمەنی یازده سالیدا لە كۆشكی سپی گیانی سپارد. سەبارەت بە ژیانی هاوسەری یان وەكو زانراوە سەركەوتوو نەبووە، ئەویش وەك ئاشكرایە لنكۆلن پیاوێكی كەم فیزبووە و لە خێزانێكی هەژار پەروەردە بووبوو ئافرەتەكەیش حەزی بە كەل و پەلی گران بەهاو خشل و زێری گران و خۆدەرخستنی ناو ئاهەنگەكان دەكرد، ئەم چەند حەزی بە ژیانی سادەو گۆشەگیری دەكرد ئەو (ژنەكەی) بە پێچەوانەی ئەم بوو

سەرەڕای ئەوەش ژنەکەی توند تەبیعەت بوو، هەر ئەم سروشتی پەیوەندیەیان بووە هۆی جیاوازی تەواو لە نێوانیان و بگرە هەمیشە لە ململانێ و شەڕە قسەدا بوون، زۆرجار لنکۆلن کە لەم دەمەقالانە دەبوژە خێرا دەچووە نووسینگەکەی خۆی و دەکەوتە پیاچوونەوەی یاساکان و شیکردنەوەی باری سیاسی و تەرخانکردنی کاتی بۆ خزمەتی گەل. لنکۆلن لەم تاقیکردنەوە دەربازبوو بۆ ئەوەی بتوانێ چۆن گیانی لاوازی دەروونی خۆی ببەزێنێ، یا چۆن بتوانێ لە ناخۆشترین بارودۆخدا زاڵبێ بەسەر گیروگرفتەکانیا. لە ساڵی 1846دا لینکۆلن هەڵبژێردرا بۆ (کۆنگرێس) زۆر کتێب و نووسینی لەو مێژووەوە و دوای ئەو مێژووەیش باس لە چیرۆکی ژیانی ئەم پیاوەدەکەن.

ناوبانگی وەکو پارێزەرێکی ناودار دەنگیدایەوە، هەر بەهۆی کارەکانیەوە گەلێ شار و وڵاتان گەڕا و لە زۆر بۆنەو شوێن وتاری دەخوێندەوە، بەوە خەڵکێکی زۆر ناسییان وای لێهات ناوی کەوتە سەر زاری هەمووان لەو کۆنگرەیەی لە مایوی ساڵی 1860 لە شاری شیکاغۆ بەسترا وەك پاڵێوراوی حزبی کۆماری هەڵبژێردرا بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری، لە چواری مارسی ساڵی 1861 (لنکۆلن) ڕووی کردە نووسینگەی سەرۆکایەتی لە واشنتۆن ئەوسا تەمەنی لە دەوروبەری پەنجاو دوو ساڵاندابوو، ئەرکێکی قورسی وای کەوتە سەرشان کە کەم کەس پێشتر توانیویەتی ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، ژیانی لە ناو زنجیرەیەك کێشە و وێنەی تێکۆشانێکی سەخت بردە سەر تا لە ئەبریلی ساڵی 1865دا کوژرا کە هەموو چەند هەفتەیەکی بەسەر نەبردبوو بۆ بەسەربردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتیەکەی.

لەو سیما سەرەکیانەی بە ژیانی (لنکۆلن)ەوە دیارن ئەوەیە زانیویەتی چۆن سەرکردایەتی گەلی ئەمریکا بکا بە تایبەتی کاتێ کە گرفتی کوێلەکان هاتە ئاراوە. وەختێ یەکێتی سەری هەڵدا چاندنی لۆکەو تووتن لەسەر شانی کوێلەکان لە ولایەتەکانی باشوور ئەنجام دەدرا، سپی پێستەکان لە بری ئەوەی خۆیان کاری

چاندنی ئەو شوێنانە بگرنە ئەستۆ دەهاتن بە زۆر ئەو کوێلانەیان دەهێنا ئەو زەویەیان پێ دەچاندن.

یەکێکی وەکو تۆماس جفرسون –سەرەك کۆماری پێشوو- باوەڕی وابوو کە سیستەمی کۆیلایەتی سپی پێست لە ڕەش پێست جیادەکاتەوە هەمیشە گەورەترین هەڵەبووە کە ڕووبەڕووی میللەتی ئەمریکا بۆتەوە. لە ساڵی 1807 لە کاتی سەرۆکایەتی دووەمیدا یاسایەکی دەرکرد بەو پێیە قەدەغەی کرد کە کۆیلە بهێننە ناو ئەمریکاوە.. هەر چەندە سیستەمی کۆیلایەتی بە یەکجاری قەدەغە نەکرا لە ترسی ئەوەی نەوەك کارەساتێك لە ویلایەتەکانی باشووردا بەرپابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا جفرسون هەمیشە بڕوای وابوو کە نەك هەر نابێ سیستەمی کۆیلایەتی بەردەوام بێ بەڵکو دەبێ ڕێی لێ بگیرێ.. لەگەڵ ئەوەیشا چاندنی لۆکە زۆرجار دەبووە هۆی دەرکردنی کۆیلەکان، یا تەنانەت وای لێهاتبوو هەڵبژاردن و بەخێوکردنی کۆیلەکان بوو بوونە بازرگانێکی سوودبەخش، بەڕادەیەك وای لێهات ژمارەی ئەو ویلایەتانەی بازرگانیان بە کۆیلەوە دەکرد بەرز بووەوە لە شەشەوە گەیشتە پازدە.

ناوچەی باکوور زۆر پێویستیان بە کۆیلەنەبوو چونکە زیاتر پشتیان بە پیشەسازییەوە بەستبوو، هەروەها باوەڕیان وابوو کە سیستەمی کۆیلایەتی ناکۆك دەبێ لەگەڵ بەڵگەنامەی جاردانی سەربەخۆییدا، کە بەپێی ئەم پەرەنسیبە دەبێ یەکسانی بۆ هەمووان دابین بکرێ، هەر چەندە من بۆ خۆم (مونتگمری) باوەڕم بە پەرانسیبی یەکسانی نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا هەموومان بەرامبەر بەخوا یەکسانین –ئەوەندە هەیە کاتێ لە دایك دەبین توانا و بەهرەمان لەیەك جیادەبێتەوە، منداڵ کە گەورە دەبێ و دەبێ بە پیاو یا ئافرەت ئەم جیاوازییەی تیا بەدی دەکرێ و گەشە دەکا، ئەم هەویرە ئاو زۆردەکێشێ با زۆر لە سەری نەڕۆین.

ناكۆكی له نێوان باشوور و باكووردا تا دەهات پەرەی دەسەند ئەویش لەسەر جیاوازی بۆچوونیان له چارەسەركردنی كێشەی كۆیلەكان، ئەم ناكۆكیە گەیشتە ئەوپەڕی گرژی بە ڕادەیەك خەریك بوو بەشێ له ویلایەتەكانی باشوور لەناو یەكێتی بكشێنەوەو بۆ خۆیان یەكێتیەكی نوێ پێكبهێنن كه هیچ پابەند نەبێ بە یەكسانیەوە، لایان وابوو كه نابێ (ڕەش) لەگەڵ (سپی)دا هاوتابن، گەیشتە ڕادەیەك ئەم یەكێتیە ئاشكرابكەن چونكە بەهیچ كلۆجێ باكوور بەوە ڕازی نەدەبوو دان بەمەدابنێ...

له ڕاستیشدا له فەبرایەری ساڵی 1861دا (جفرسون دافید) وەكو یەكەم سەرۆكی ئەم یەكێتیە تازەیە هەڵبژاردرا.

ئەم كێشەیە بەرەو ڕووی لنكۆلن بووەوە، ئەم باوەڕی وابوو كه سیستەمی كۆیلایەتی بە پێی ڕۆژگار و بەتێگەیشتنێكی ئاقلانە هەر دەبێ چارەسەربكرێ.

بەڵام باوەڕی بەوە نەدەهێنا كه ئەم یەكێتیە جارێكی تر دروست دەبێتەوە ئەگەر هاتوو تووشی هەرەس هێنان ببێتەوە، وای لێدێ ویلایەتەكانی باكوور بە چەشنی ئەوروپایان لێدێ كه بۆ خۆی كێشوەرێك بوو بەڵام ململانێ و ناتەبایی ئابووری و جەنگ لەیەكی ترازاندبوو، هەروەها بواری دابوو كه پاراستنی یەكێتی یەكە كارێكی پێویست و گرنگە بۆ پاراستنی سیستەمی دیموكراتی.

لنكۆلن له نۆڤەمبەری 1861ی هەڵبژێرا بەڵام تا مارسی 1862 كه كاتی دەسەڵات گرتنە دەستی بوو كەچی هیچ دەسەڵاتێكی ئەوتۆی نەبوو، له هەمان كاتیشا حوكمەتی دیموكراتی كاتێ بڕیارێكی دابوو كه حوكمەتی فیدرالی بۆی نییە ڕێ له هیچ ویلایەتێك بگرێ بۆ جیابوونەوە له یەكێتی یەكە بەمانایەكی تری نەدەكرا ئەو یەكێتییە شایان بە پاراستن بێت.

ئای (لنكۆلن)ی بەستزمان! لای خۆیەوە وای هەستدەكرد كه بەرپرسی یەكەمە له پاراستنی ئەم یەكێتییەدا و ئەشتوانێ نەهێڵێ ئەم كارەساتە ڕووبدا بەڵام دەسەڵاتیشی بەسەریا نەدەشكا.

یەکەم شت کە لنکۆلن توانی بیکات ئەوەبوو کاتێ دەسەلاتی گرتە دەست هەولێدا ئەو بڕیارە دوابخا بەلام کارەساتەکان پێش وەخت کەوتبوون. لە ئەبریلی 1861 سەربازگای هێزەکانی فیدرالی لە قەلای (سمتەر) لە ویلایەتی باشوور تووشی هێرشێك بۆوە لە لایەن هێزەکانی یەکێتی تازەوە ئەوەبوو لە ئەنجاما قەلاکە شکاو خۆیدا بە دەستەوە.

ئەوەی ڕوویدا لەسەرو هەموو وزەو توانایەکەوە بوو. باکوور خۆی بۆ شەڕسازدا هەروەها باشوریش، ئەوەبوو شەڕی ناوخۆی ئەمریکا بەرپابوو. لێرەدا زیرەکی ئەبراهام لنکۆلن سەرهەلئەدا. لە چوارچێوەی باسەکەمان دەرنەچین با بێین باس لەوەبکەین چۆن ئەم پیاوە توانی ڕووبەڕووی ئەو کێشە و کارەساتانە بێتەوە کە بە سەریا دەبارین، یا چۆن وێنەی ئازاراوی ئەو بارودۆخە بکێشین کە لەوە نەدەچوو کۆتایی دیار بێت. هەروەها مەبەستمان نییە بزانین ئەم پیاوە لەم زریان و تەوژمە قایمدا چۆن توانی پاپۆڕی ئەم یەکێتیە بەرەو کەناری ئارامی بەرێت و لە ئەنجاما ببێتە بە هێزترین یەکێتی کە لە جیهاندا بناسرێ و ئەم ولایەتە یەکگرتووەی ئەمریکی لێ پێك بێت کە ئێستا بەهێزترین دەولەتی دنیایە لەسەر ڕووی زەمین.

ئەوەی زیاتر مەبەستمانە لێرەدا باسی لێوەبکەین ئەو کەسایەتیە خۆیەتی دەمانەوێ شتێ لە کەسایەتی ئەم پیاوە بخەینە ڕوو. ئەم پارێزەرە بێ فیزە توانی بگاتە لقە پۆپەی سەروەری بەڕادەیك یادویادەوەری ئەو پیاوە ئێستا پایەی خۆی گرتووە لە دڵ و دەروونی هەموو ئەمریکیەکدا بەدەولەمەند و هەژاریانەوە بگرە لە دڵ و دەروونی هەموو ئادەمیزادا بەڕێزەوە جێی خۆی کردۆتەوە. من لەو باوەڕدام کە نهێنی مەزنی ئەم پیاوە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خۆشەویستی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خەلکی ئاسایی ناو کۆمەلەکەی، گەلەکەی خۆی خۆشی دەویست و ژیانی خۆی لە خزمەتیان تەرخان کردبوو هیچ شتێکی بۆ خۆی نەدەویست نە سامان نە پلەوپایە، خۆپەرست نەبوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان بە

کەش و فشەوە خۆی پیشانی گەلەکەی نەداوە، بگرە هەر ئەمەیشی بە خەیاڵدا نەهاتووە، دەستپاکیشی لە ئاستی دڵسۆزییەکەی دابووە، تاقە ئارەزوویەکی هەبووە ئەویش چۆن خزمەتی گەلی ئەمریکا بکا و چۆن یەکێتی ناوخۆ بپارێزێ.

لنکۆلن باش گوێی لە بەرامبەرەکەی دەگرت، هەوڵی ئەدا بەدڵێکی فراوان شتەکان وەربگرێ و بڕیاری خۆی لەسەربدا، ئەگەر هەر بڕیارێکیشی دابێ لێی پەشیمان نەبۆتەوە و ئامادەبووە باوردۆخ هەر چۆنێ کەوتبێتەوە لێی پاشگەز نەبێتەوە، ئەو وتار و خوتبانەی لە بۆنە جیاجیاکاندا داونی ئەوە دەسەلمێنن کە چەند بە قووڵی لە بنچینەکانی ژیان گەیشتوەو چۆن وەکو سیاسەتمەدارێکی سەردەمی خۆی مەسەلەکانی بە سادەیی بۆ خەڵکەکە شییکردۆتەوە بەڕادەیەك هەموو کەسێکی لە ڕیسا و ڕێنمایی ئەنجامەکان گەیاندوە.

من بۆ خۆم (مونتگمری) زۆر سەرسام بووم بە بۆچوونەکانی ئەم پیاوە کە وەکو سیاسەتمەدارێکی ناو کۆمەڵگای دیموکراتی کە ناکرێ بۆچوونەکانی بەسەر کۆمەڵدا بسەپێنێ چۆن توانیویەتی بەو شێوازەی خۆی ئەو خەڵکە بەرەو ڕێگایەکی ڕاست بەرێت و نەخشەی ئەو هەنگاوانەیان بۆ دابڕێژێ کە ئامانجەکانی نەتەوایەتی پێ دێنە دی. هەمیشە ئاماژەی بەوە دەکرد کە ئەوانەی بیانەوێ دوارۆژ بنیات بنێن دەبێ یارمەتی کۆمەڵ (خەڵکی)بدەن و دەبێ هەردەمیش پابەندی دادوەری بن، ئەوەیش بڵێین کە خاوەنی زمانێکی پاراوبوو دیارە ئەمەیش هۆکارێکی ترە بۆ سەرکەوتنەکانی، ئەگەر ئەم سەرکەوتنانە بەندبن بە هەوڵ و کۆششی خۆیەوە هەروەکو پێشتریش وتمان ئەوە بێگومان مایەی سەرسوڕمانە بۆ ئەم پیاوە.

جگە لەمانەیش هەر بۆ خۆی کۆمەڵێ خەسڵەتی باشی تری تێدابوون لەوانە خواپەرستی و بڕوای بە ئاینی عیسایی بووە و هەمیشە ئاماژەی بەوەدەکرد کە دیموکراتیەت ئەگونجێ لەگەڵ ئەم ڕێڕەوەدا، چ ئاین چ دیموکراتیەت هەردووکیان مرۆڤ بەرەو ڕێی ڕاستیو سەربەرزی و شکۆداری دەبەن، من زۆر سەرسام بووم

بەشێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لەگەڵ فەرمانـدەی سوپاکانیدا لـەکاتی شـەڕی نـاوخۆدا، وەکو سـەرۆك کۆمارێـك دەبـوو هەمیـشە بـۆ خـۆی ڕاسـتەوخۆ ئـەرکی ڕاپەڕاندنی شەڕو سیاسەتیش بەڕیوە ببات، شارەزایی سەربازی خۆی لە هاوبەشی کردنی شـەڕی (هـەڵۆی ڕەش)دا بەدەست هێنـابوو کـە لـە سـاڵی 1832دا دژ بـە هندیـە سوورەکان بـەرپای کردبـوو هـەروەکو پێشتریش ئاماژەمـان پێـدا. ئەگـەر بەراوردێك لە نێوان ئەم و (تشرشل)دا بکەین لە شـەڕی دژ بـە هیتلـەردا دەبـنێن هـەمان دەسـەڵات و هـەمان بەرپرسـیارێتیان هـەبووە، ئەوەنـدە هەیـە تـشرشل شـارەزاییەکی زیـاتری لـە کاروبـاری جـەنگی و هونـەری سـەرکردایەتیدا هـەبوو، ئەگەرچی ئـەم کـاتێکی زیـاتری دەویـست بـۆ هەڵبـژاردنی فەرمانـدەکانی خـۆی و دەستنیشانکردنیان بۆ شوێنی شیاوی خۆیان.

بەڵام لنکۆلن زیاتر بە خوێندنەوەی کتێبی سـەربازییەوە خـەریك دەبـوو ئـەو کتێبانـەی لە بارەی هونەریەکانی جەنگ دەدوان کە لـە کتێبخانـەی کۆشـکی سـپی دەسـتگیردەبوون لـەم ڕێیـەوە پـەرەی بـە زانیارییـەکانی خـۆی دەدا تـا وای لێهات ڕاوبۆچوونەکانی سەبارەت بە ڕێڕەوی شەڕ گەیشتە ئاستی ڕاوبۆچوونی سەرکردە سـەربازیەکان ئەگـەر نـەڵێن ئەوانیـشی تێدەپەڕانـد. هـەر بۆخـۆی سەرپەرشـتی ڕێڕەوەی شەڕەکەی مارسی 1862کرد کاتێ کە کەسێکی وای چنگ ئەکەوت ئەو شوێنەی بۆ پڕبکاتەوە، ئاسـتێکی وای چـنگنەکەوت ئـەو شـوێنەی بـۆ پڕیکاتـەوە، نەخـشەدانانی شـەڕەکانی لـە ئاسـتێکی بـەرزی پـڕ لێهـاتوویی دابـوون، تەنانـەت ئەگەر جارجارە لە هەندێ شوێنا شکستی هێنابێ ئەوە هۆیەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هەڵـەی ئـەو کەسـانەی ئـەنجامیان دەدا، ئـەتوانین بڵـێین پـێ داگرتنـی لەسـەر تێگەیشتنی شێواز و هونەری جەنگ وایکردبوو بە مامۆستای هونـەری سـتراتیژ و شێوازی شەڕ ناو بنرێ.

لـە دواییـدا ئـەوەی عـەوداڵی بـوو بـۆی هاتـە دەسـت کـاتێ -سـوپاس بۆخـوا- سەرکردایەتی جەنگی بـە ژنـەڕاڵ (ویـسیس گرانـت) سـپارد لـە فەبرایـەری سـاڵی

1864دا. بەڵام دەبێ ئەوەیشمان لەبیرنەچێ کە سەرەڕای ئەوەی هاوبەشی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبردنی جەنگی دەکرد لە هەمان کاتا گیروگرفتی سیاسی و ئابووریشی چارەسەردەکرد، بە ڕادەیەك توانی لە جاران بەهێزتر پەیوەندیەکانی باکوور یەك بخاتەوە، هەر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی خۆم لەم بارەبەوە دەتوانم بڵێم ئەگەر سەرکردایەتی لێهاتوویی ئەو پیاوە نەبوایە ڕەنگە زیانەکانی شەڕی ناهەمواری ناوخۆ زیانی گیانی و ماڵی زیاتری پێ بگەیشتایە لەبەرئەوە ئەتوانین بڵێن ئەو نەك هەر یەکێتی گەلی ئەمریکای پاراست بەڵکو ڕادەیەکیشی دانا بۆ تەشەنە نەکردنی پلانەکانی لە کیشوەری ئەمریکادا.

لە ئاهەنگی بیرەوەری شەهیدانی شەڕی (گنسیرگ) لە نۆڤەمبەری ساڵی 1863دا لەو وتەیەدا دڵتەنگی خۆی بەرامبەر بە شەڕی ناوخۆ دەربڕی و ئومێدی کۆتایی هاتنی ڕاگەیاند، هەروەها بە ئاشکرا بیروڕای خۆی سەبارەت بە دیموکراتیەتی ڕەها دەربڕی. ئێستا با کۆتایی بەم باسەم لەسەر لنکۆلن بهێنم و ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە سیمای کەسایەتی ئەوی دەردەخست ئەویش دڵ نەرمی و خۆشەویستی ئەو پیاوەبوو بۆ منداڵان ئەم خۆشەویستەیەی لەو هەڵوێستەیدا بەرچاو دەکەوێ کە دەینواند بەرامبەر بە (دیلی) کوڕی کاتێ لە سەرەتای ساڵی 1862دا لەگەڵیاندا دەبێ، لەو کاتەدا لنکۆلن لە ناو کۆشکی سپیدا ئاهەنگێکی خوانی سەر لە ئێوارە بۆ میوانەکانی ساز دەکا، پاش ئەوەی پێشوازیان لێ دەکا دەچێتە سەرەوە بۆ لای کوڕەکەی و ماوەیەکی زۆر بەدیاریەوە دەمێنێتەوە، ڕۆژگار دێت و دەڕوا کوڕە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی دەرویشت تا مرد ئەم مردنەی منداڵەکەی کارێکی زۆر دەکاتە سەر لنکۆلن، تا چەند مانگێك باری ئەو خەم و پەژارەی پێوە دیاردەبێ. من بۆ خۆم دانبەوەدا دەنێم ئێستایش کە پەیکەری (ئەبراهام لنکۆلن) لە واشنتۆنی پایتەخت دەبینم هەست دەکەم بەلای خۆیا ڕامدەکێشی بەو سەرو سیما زەبرەیەوە کە بەسەر باڵەخانەی (کابیتول)ەوە

وەستاوە پیاو هەست دەکا کە گەورەیی و مەزنی باڵی کێشاوە بەسەریەکێ لەو پیاوە مەزنانەی مێژوو کە تا دنیا دنیا بێ بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

## بەشی شەشەم

## جەواهیر لال نەهرۆ

ئێستا با باس لە سەرکردەیەکی نیشتمانی و پێشەوایەکی نیشتمانی و پیاوێکی سیاسەتمەداری دووەم نەتەوەی ئەم جیهانە لە ڕووی ژمارەوە بکەین کە ئەویش (نەهرۆ)یە پەیوەندیم بە (نەهرۆ)وە بۆ چەند ساڵێك لە مەوبەر دەگەڕێتەوە بەواتایەکی تر بۆ ساڵی 1946 خۆشمویست و هەمیشە پێی سەرسام بووم، بۆ چوار ڕۆژ لە ماڵی سەرەك وەزیران مامەوە لە (نیودلهی) بۆ نووسینەوەی ئەم بەشەی کتێبەکەم، تاقە میوانیان بووم و لەگەڵ کچە لێهاتووەکەیدا خاتوو (ئەندیرا گاندی) و منداڵەکانیدا ژیانێکی خێزانی ئاساییمان بەسەردەبرد، هەموو لەسەر یەك مێزی خواردن لەگەڵ منداڵەکاندا دادەنیشتین، وەختێکی زۆرمان بەدەم قسەوە لە ژووری پێشوازیدا یاخود بەدەم پیاسەی ناو باخچەکەدا یا لە کاتی ژەمێکی خواردندا بەسەردەبرد، بە تایبەتیش کاتێ منداڵان وەختی نووستنیان دەهات و دەچوونە سەر جێگای خۆیان.

بەم شێوەیە پێشوازیکردنم لە لایەن پێشەوای چوارسەد ملیۆن ئادەمیزاد و حسێب کردنم بەیەکێ لە ئەندامانی ناو خێزانەکە بەختێك بوو کەم کەس بەختی وای دێتەڕێ. لەم سەردانەمدا گەلێ لە تیشکی ڕووناکی کەسایەتی

(نەهرۆ)م لائاشکرابوو، کە بەڕاستی دانایی و ژیرو فامێکی ڕاستەقینەی سەبارەت بە گرفتەکانی جیهانم لای ئەم پیاوە دەستدەکەوت کە زۆرکەس ئەم شارەزاییەیان کەمە.

(دەلهی)م جێهێشت و پڕ بەدڵ دڵنیابووم کە ئەم پیاوە –بێ هیچ گومانێك- یەکێکە لە مەزنەکانی جیهان، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی چاوەڕوانی رای خوێنەر بین لەم ڕووەوە باشتر وایە بە چاوێکی دیقەتەوە لەم پیاوە بڕوانین. ئەم پیاوە لە نۆڤەمبەری ساڵی 1889 لە (ئەڵلا ئاباد) لە دایك و باوکێکی ناودار لە دایکبووە، تاقانەی دایك و باوکی بووە خوشکەکەی (مسس باندیت) لە ساڵی 1900 لە دایکبووە، دایك و باوکی سۆزێکی تایبەتی یان پێبەخشیوە نەچۆتە بەر قوتابخانە تا تەمەنی گەیشتۆتە پازدە ساڵان ئەوجا چۆتە قوتابخانەی (هارۆ) لە ئینگلتەرا.

باوکی لە جێ زیندەگی خۆی لە (ئەڵلا ئاباد) بەپیشەی پارێزەریەوە خەریکبووە، زۆر دەوڵەمەندبووە و باوەڕی وابووە پارە کە هەر بۆ خۆشی ژیان باشە نەك بۆ کۆکردنەوە، بۆیە پارەیەکی زۆر لە مشت و ماڵکردنی ماڵەوەیدا خەرجکردوە بە ڕادەیەك ئەو ماڵەی پڕکردوە لە وێنەی هونەری بەرز لە شێوەی زەوق و چێژی ڕۆژئاواییانە... زۆر کەس هاتوچۆی ماڵیانی کردوە، نەهرۆ گوێی بۆ قسەو باسەکانیان ڕاگرتووە کە زۆرجار باسیان لە دەسەڵات داریێتی ستەمکاری بەریتانیا کردوەو باسیان لەو شێوازی مامەڵە قێزەونانە کردوە کە ئینگلیز بەرامبەر بە هندیەکان ئەنجامیان دەدا. ئیتر لەگەڵ خۆیا ڕقی ئەستوور دەبوو بەرامبەر بە فەرمانڕەوایی بێگانە بۆ وڵاتەکەی ئەمە بێ ئەوەی ڕقی لە خودی ئینگلیز بێتەوە وەك تاکەتاکەی خەڵکی، نەهرۆ باوکی خۆش دەویست و لە هەمان کاتیشا لێی دەترسا بە تایبەتی بەرامبەر بەو لێپرسینەوە نواندنەی کە جارجارە لەسەر هەڵەیەك لە هەڵەکانی لێی دەپرسیەوە.

نەهرۆ لە ساڵی 1955 چووە فوتابخانەی (هارۆ) بەڵام زوو بۆی دەرکەوت کە کەش و هەوای ئەو فوتابخانەیە لەگەڵ تەبیعەتی ئەو ناگونجێ ئەوەندەی نەبرد پاش دوو ساڵ دەستی لەوێ هەڵگرت چووە (ترنتی) لە (کامبریدج) لەوێ خووی دایە سیاسەت و بەدوای هەواڵەکانی هەڵبژاردندا بە پەرۆشەوە دەگەڕا و زۆر پەرۆشی ئازادی بوو بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونەکانی خۆی بە ئاشکرا بخاتە ڕوو تا ئەو وزە و توانایەی لە (هارۆ) نەیدەتوانی دەربڕێ لێرەدا ئاشکرایان کات گرفتی هند لەگەڵ کولینیالزمدا شێوەیەکی تازەی لە خۆگرتبوو، چست و چالاکیەکی تەواو کەوتبووە ناو خەڵکەکەوە نەهرۆ دەیزانی چی ڕوودەدا بۆیە زۆر شۆڕشگێڕانە چاودێری بارودۆخەکەی لای خۆیانی دەکرد.

نەهرۆ زۆر پابەندی ڕینماییەکانی ئایینی نەبوو، ڕقی لە وشکی و خۆبەستنەوەی ڕەوتی ئایینی بوو، حەزی دەکرد لەم قاوغە خۆی دەربازکات، ئەمرۆش هەروەکو دوێنێ وایە لەبەرچاوم هەرچەندە بۆ خۆی لە (هندوسیەکان) بوو بەڵام زۆرجار لایەنە باشەکانی ئایینی (عیسایی)یشی پێباشبوو. لە ساڵی 1910دا (کامبریدج)ی جێهێشت پاش ئەوەی دبلۆمی لە زانستە سروشتیەکان وەرگرت و ئینجا ڕووی لە (لەندەن)کرد بۆ خوێندنی (یاسا) ئەوێیشی ساڵی 1912 تەواوکرد و گەڕایەوە (هندستان) پاش ئەوەی نزیکەی حەوت ساڵ لێی دوور کەوتبۆوە.

لە هندستان بە کاری (یاسا)وە خەریکبوو، لە دادگای باڵا دامەزرا لە سەرەتادا بە کارەکەی دڵخۆشبوو پاشان وردە وردە لێی بێزاربوو، پاش ئەوە بە سیاسەتەوە خەریکبوو، چووە پاڵ پارتی (کۆنگرە)وە لە ساڵی 1914دا شەڕی یەکەمی جیهان بەرپابوو لە بەهاری ساڵی 1916دا ژنی هێنا لە کۆتایی هەمان ساڵدا چاوی بە (گاندی) کەوت.

لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا چاوی کەوت بە خاتوو (انی بیسانت) هەر لەو وەختەوە شێوازی قسەو زمان پاراوی ئەوی بەدڵداچووبوو وەختێ لە ساڵی

1912دا گەڕایــەوە هندســتان دیــسانەوە بــۆ جــاری دووەم چــاوی پێکەوتــەوەو لەگەڵیا لە ژێر دروشمی (هندستان بۆ هندیەکان) پێکەوە کاریانکرد، ئەم ئافرەتــە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە هەڵگیرساندنی گیانی ورە و بوژاندنــەوەی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازی هندستان کە پاشان کەوتە ژێر چاودێری نــەهرۆوە. شــەڕی یەکــەمی جیهانیی لە ساڵی 1918دا کۆتایی هات، هندستان وەك مەنجەڵ دەکوڵا لە ناخیا شۆڕشێکی حەشاردابوو، جوتیاران کە بەشی زۆری هندستان پێکدەهێنن هەستیان بە بێزاری دەکرد بەرامبەر بەو باوردۆخەی دەورو خولی دابوون.

لێــرەدا پێویــستە بــاس لــەوە بکــەین کــە چــۆن گانــدی ســەرۆکی بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی هندســتان ڕۆڵــی دەگێــڕا، باســکردنیش لەگانــدی ئێجگــار پێویــستە چونکە نەهرۆ بۆ خۆی یەکێکبووە لە قوتابیەکانی ئەو پیاوە. مــن بــۆ خــۆم گــەلێ بابــەتم لەســەر گانــدی خوێندۆتــەوە، هــەموو ئــەو شــتانەی لەســەری نووســراون نووسینەوەیان هەقی تەواوی ئەو پیاوەیان بەویژدانەوە خستۆتە ڕوو.

هەرچەندە مــن چاوم بــەم پیاوە نەکــەوتووە بــەڵام بــەلای منــەوە ئــەم پیــاوە کەسێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو خاوەنی هێزێکی لــە ڕادەبــەدەر بــووە بــۆ کاریگــەر خــستنەسەر خــەڵکی و ڕاکێــشانیان بــەلای خۆیــدا جــا ئــەو کەســانە لــە ڕادەی تاکەتاکەی کەساندا بووبن یا کۆمەڵێ کەسان بووبن دیارە بۆ ئــەم کارتێکردنــەیش هیچ پەنای نەبردۆتە بەر شێوازی خوارو خێچی کــە زۆرجــار هەنــدێ لــە پێــشەوا سیاسەتمەدارەکانی تر پەنای بۆ دەبەن. نەهرۆ پێی ڕاگەیاندم کە زۆرجــار وابــووە چ خۆی چ کەسانی تری زۆر لەســەر شــتێك لەگــەڵ ئــەم پیــاوەدا تێکچوونە بــەڵام لەگەڵ ئەوەیشا ئەمە کاری نەکردۆتە سە ئەو پێوەندیە بە هێزەی لەگەڵیانا هەی بووە.

بێگومــان کەســایەتیەکی سەرســوڕێنەرە تــوانی قــسەی ملیۆنــەها هنــدی بکــا بەیەك بە جۆرێ کە کەسی تر کاری وای لە دەست نەهاتووە. هــەروەکو نــەهرۆش دەیووت ئەم خەسڵەتە نامۆیەی ئەو هەیبوو وای لێکردبوو ئاوا بگاتە ئەم پایەیــە

و لە دڵ و دەروونی ملیۆنەها خەڵکی جێی خۆی بکاتەوە، چاکەو دڵنەوازیەکەی و خۆرەوشتی ببوونە نموونەی باسی هەموو خەڵکەکە.

ئەو کەل و پەلەی دەیپۆشی بریتیبوو لە پارچە قوماشێك لە خۆیەوە ئەپێچا، خانووەکەی بریتی بوو لە کوختێکی لە خشتی قوڕین پێکەوەی نابوو. مەبەستی بەم خۆڕاگری و کەم فیزیە تاببێتە نموونەی یەکێك لە ڕۆڵەکانی ناو گەل هەر بەم شێوەیەش بانگەوازی بۆ بیرو بۆچوونەکانی خۆی لای خەڵکەکە دەکرد.

فەلسەفەی وابوو کە دەبێ لەگەڵ ڕۆڵەکانی (گەل)دا بژی و هەمان هەست و نەستی ئەوانی هەبێ و هەست بە ئازاریان بکات بەم چەشنە ڕێی ئازادی و سەربەخۆیی یان بۆ ڕۆشن کاتەوە.

هەر بەم چەشنەش ئامانجەکانی خۆی هێنایە دی و یاخی بوونێکی ئاشتی خوازانەی بەرپاکرد و بڕیاریدا کە بە هیچ جۆرێ لەگەڵ داگیرکەراندا دەست تێکەڵ نەکەن بێئەوەی پەنا بەرێتە بەر توندوتیژی.

شتێکی سەرنج ڕاکێش لە ناخی ئەو پیاوەدا هەبوو، خۆی لە وێنەی پیاوێکی سادە لەکەلوپەلدا لاواز لە لەش و لاردا تەنها پارچە قوماشێکی بەخۆیەوە دەئاڵاند کەجێی شەرم و شورەیی پێداپۆشێ لەگەڵ ئەوەیشا سیحری لەوەدابوو بە ملیۆنەها خەڵکی لە دەوری کۆ دەبوونەوەو خۆشیان دەویست و دەیانپەرست.

بارودۆخی گەل لەو کاتەدا وێنەیەکی ترس و شڵەژانی پێوە دیاربوو ترس لەو چارەنووسەی چاوەڕوانی دەکردن کاتێ وەختی بەگژاچوونی حوکمەت دەهات و کە ئەمەیش چاری ناچاریی یانبوو لەم حاڵەتەدا تاقە هیوایەکیان گاندی ڕابەر و سەرکردەیان بوو بۆ شەڕی سەربەخۆیی یان. بەم چەشنە گاندی پێشەوایەتی گەلیکرد لە ساڵی 1919دا لەم ساڵەدا شاڵاوە، بە ناوبانگەکەی خۆی دەست پێکرد کە ئەویش پەیمان بوو لەگەڵ تاخمەکەی خۆیدا لەسەر پرۆسەی یاخی بوونی ئاشتی خوازانە و خستنەڕووی کێشەی نیشتمانی بۆ ململانیەکی ئازاد و کراوە...

نەهرۆ پاش ئەوە باسی ساڵانی خەبات و تێکۆشانی خۆیانی بۆکردم باسی لە هاتووچۆکانی گاندی کرد لە پەناو سەرانسەری هندستاندا بەناو شارو دێهاتەکاندا بە سواری ئۆتۆمبێل یا بەپێ یا جاری وابووە لە خانەی سێیەمی شەمەندەفەرەکاندا سواردەبوو، جەماوەریش پەیتا پەیتا بەرەوپیری دەچوون و گوێیان لەوتە بەنرخەکانی دەگرت. لە کۆبوونەوە فراوانەکاندا قسەی بۆ نزیکەی سەد هەزار کەس دەکرد هەندێك گوێیان لە قسەکانی دەبوو، هەندێکی تریان لەبەرئەوەی بڵندگۆ نەبوو ئەسڵەن گوێیان لە قسەکانیشی نەدەبوو بەڵام خەڵکەکە هەر بە بینینی قەناعەتیان بە بۆچوونەکانی هەبوو پاشان لەم و لەوەوە دەیبیستەوە چی وتوە و چی نەوتوە، زۆرجار ئەم پیاوە قۆڵبەست دەکرا بە تۆمەتی ئەوەی گوایە خەڵکی بۆ شۆڕشکردن هاندەدا و دەخرایە بەندیخانەوەو ماوەیەك دەمایەوە و بەرەڵلادەکرا لەبەرباری تەندروستی. کەچی زۆری نەدەبرد دیسانەوە دەبرایەوە بۆ بەندیخانە.

چەند ساڵێك بەم شێوەیە لە بەندیخانەدا دەمایەوە هەرچەندە لە ماوەی بەندی لە چاو نەهرۆ حەوت ساڵ کەمتر بەندیخانەی چەشتوە.

ساڵی 1920 سەرەتا ساڵێکی پڕ نەهامەتی بوو، نامەوێ باس لەوە بکەم لەم ماوەیەدا چی ڕوویداوە ئەو کاتەی دەسەڵات گەیشتە دەست گەل لە 15 ئۆگستۆسی ساڵی 1947دا ڕووداوەکان گەیشتنە ڕادەیەك کە ئیتر لەوە زیاتر پشتگوێ خستن و دواخستنی هەڵنەدەگرت.

دەسەڵات درایە دەست گەل و لە پاڵیشیا پەرەنسیپی دابەشکردن دەستی پێکرد، ئەوەبوو (جەناح) دەوڵەتی (پاکستان)ی پێکەوەنا و (ئەحمەد)یش بووە سەرەك وەزیرانی هندستان نرخی هەموو ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی بە خوێنی ڕۆڵەکانی خۆی پاراوکرد کە لە ساڵی 1947 کۆتایی هات ئیتر وردە وردە ڕووداوی کوشتن کەم بووەوە بەواتایەکی تر پاش کوشتنی گاندی لە یانەیەری 1948 ئیتر بەیەکجارەکی کوشتن و بڕین کۆتایی هات. بۆ ساڵی

دوایی و بەپێی بانگەوازنامەی لەندەن هندستان بووە کۆمارێکی سەربەخۆو خاوەن سەرەوەری خۆی لە چوارچێوەی (کومنولس)دا و پەردە لەسەر خەبات و تێکۆشانێکی درێژخایەنیدا درایەوە لە 26ی یەنایەری 1950دا کاربە (دەستوور)کرا، ساڵانە هندستان لە مسەری تا ئەو سەری ئاهەنگ بەم ڕۆژەوە دەگێڕێ کە پێی دەوترێ، ڕۆژی سەربەخۆیی).

ئێستا با بێینەوە سەر باسی نەهرۆ بزانین هیچی تر ماوە دەربارەی ئەم پیاوە بیڵێین. بەو لێکۆڵینەوانەم سەبارەت بە تێکۆشانی هندستان لە پێناوی سەربەخۆییدا بۆم دەرکەوت کە ڕۆڵەکانی میللەت سوورن لەسەر خەباتی بەردەوامیان ئەویش بەوەدا دەردەکەوێ کە کاتێ لە ساڵی 1919دا لە (ئەمرتسار) ژەنەراڵ (دایر) فەرمانیدا بە سەربازەکانی کە تەقە لەو حەشاماتە بکەن کە پێشتر هەموو کۆبوونەوەیەکی میللی قەدەغەکرا بوو) لەم ڕووداوە زیاد لە 1200 کەس پێکران لەوانە 380 کەسیان کوژران، نەهرۆ پشتگیری لەم بۆچوونەم کرد وتی ڕووداوی (ئەمرتسار) وەکو خاڵێکی یەکلاکەرەوە وابوو لە پەیوەندیەکانی نێوان ئینگلیز و هندستاندا بە ڕادەیەك بە هێدمەیەکی (شۆکێکی) ترسناك دادەنرێ بۆ سیاسەتی ئەوان و کاریگەری بۆ سەر ژیانی سیاسیانە یان هەر ئەمەیش وایکردووە ڕێی سیاسەت بگرێتە بەرو تك تك خوێناویش لە جەرگیەوە بباریێ.

هەروەها ویژدان ئازاری دەدا کە خۆی دەبینی لەم ژیانە خۆشەدا دەژی و بە ملیۆنەها جوتیاریش بە دەست نەبوونی و هەژارییەوە دەناڵێنێن هەستیکرد کە پێویستە لەسەری پەیوەندییان پێوە بکات و لە نزیکەوە ئاگای لە کێشەکانیان بێ چارەسەری گرفتی هەژارییان بکات، هەر ئەوەبوو لە ساڵی (1920)ەوە کەوتە گەشت و گوزار بۆ توێژینەوە لە بارەی ژیانی خەڵکی دێهاتەکان و ڕاڤەکردنی مەسەلەی نیشتمانی و چۆنیەتی هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنی ئازادی و سەربەخۆیی، زۆر جار باسی گاندی و حزبی (کۆنگرە)ی بۆ جوتیارەکان دەکرد

بۆی باسکردم کە لە سەرەتادا هەستی بەشەرم دەکرد چونکە هێشتا بە تەواوی بە قووڵی نەچوو بووە ناو باری هەژاری و نەهامەتی جوتیارانەوە، وای دەزانی وەکو زۆر کەسانی تر کە ئەم بارودۆخە هەروابووەو هەروایشدەبێ، ئەمە جگەلەوەی کە پێشتر ئاوا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خەڵکی نەبوەتەوە و قسەیان بۆ بکات، بەڵام زۆری نەبرد راهات لەگەڵیان و چووە ناو دڵە میهرەبانەکانیانەوە بەم چەشنە توانی زاڵبێ بەسەر هەستی شەرم و لاوازی خۆیدا وای لێهات زۆر بە ئاسانی بێئەوەی هیچیان لێ بشارێتەوە کەوتە قسە لەگەڵیانا. ئەمە تا ساڵی 1921ی خایاند بەردەوام گەشتی بەناو دێهاتەکاندا دەکرد چونکە بڕوای وابوو کە جوتیارەکان پێویستیان بەوەیە هەمیشە لەگەڵیان بێت تا وزەی پێویستیان پێ ببەخشێ بۆ بەردەوام بوون لە کاری جووڵانەوەی یاخی بوونی ئاشتی خوازانەیاندا.

ئەم پەیوەندییە پتەوەی نێوان نەهرۆ و ملیۆنەها هاوڵاتی تێکۆشەر لە ساڵی 1920ەوە تا ئێستا لەم چیرۆکەدا بەدی دەکرێ. ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی دیسەمبەری ساڵی 1959 لەکات و ساتێکی زۆر زوودا گەیشتمە (نیودەلهی) لەوێ لەسەر خوانی سەر لە بەیانی چاوم بەم بنەماڵەیە کەوت لە کاتێکا کە بەرەو ئەو شوێنە دەبوومەوە کە تەرخانکرا بوو بۆ جێی حەوانەوە لە سەرە رێدا خەڵکێکی زۆرم بەدیکرد لەبەرماڵەکەی بەڕێز نەهرۆ دانیشتبوون وەختێ لە بارەی ئەم دیاردەیە لە نەهرۆم پرسی وای وەڵام دامەوە کە ئەم دیمەنە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە ئیتر هەر کەسێ لە جوتیاران و قوتابیان و کەسانی تر دێنە (دەلهی) و ئەم لەشاربێ ئاوا ڕۆژانە سەر لە بەیانیان لە سەعات 6.30ی هەموو بەیانیەك دەچێتە دەرێ بۆ پێشوازی کردنیان، لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی"وەکو دەبینی ئێستا من بوومەتە بەشێك لە دنیای دەلهی داوام لێکرد کە رێمبدا یاوەری بکەم لەیەکێ لەم پێشوازی کردنانەی بۆ هاوڵاتیانی لەم داواکاریەمدا سەرکەوتوو بووم و هەلم بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە چاودێری لایەنێکی

گرنگی کەسایەتی ئەم پیاوەبکەم کە لە بارودۆخێکی واداهەست دەکەم، کەم وێنەیە لەم پێشوازی کردنەدا بەدی دەکرێ ئیتر بە ناو ریزەکانی خەڵکەکەدا دەڕوا و لەگەڵ ئەمیاندا قسەدەکا و ئەویان گەردانەی گوڵ دەکاتە ملی و ئەمیش گوڵ بەسەر منداڵەکاندا دەپرژێنێ و ئەوانیش بە خۆشیەوە دەیقۆزنەوە سەرم سوڕما لە شێوازی ئەو خەڵکە کە هەر یەکەیان بە جۆرێك چاویان لە نەهرۆ بڕیبوو بەڕێز و شکۆداریەوە تێیان ئەڕوانی تەنانەت ئەوەیش بەرگوێ کەوتووە کە نەهرۆ چوبێتە هەر شوێنێکی ناو هیندستان بەم جۆرە پێشوازی لێکراوە پێش ئەوەی بگەمە نیودەلهی بە چەند ڕۆژێك بیستبووم کە نەهرۆ چۆتە (بومبای) بۆ کردنەوەی پەیمانگایەکی زانستی پاشان بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەردانی یاریگایەکی (کەرەکیت)ی کردوە کە لەوێ یاریەکی میللی نێوان تیپی هیندی و ئۆستڕالی تیا کراوە و جەماوەرێکی زۆر بۆ سەیری یاریەکە هاتوون لە یاریگاکە خێرا جەماوەرەکە یاریگایەکەیان بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی بچن نەهرۆ ببینن بەم جۆرە یەك بینەر لەناو یاریگاکەدا نەماوە ناچاربوون بێ جەماوەر یاریەکەیان بەڕێوەبەرن، گوێگرتن لە نەهرۆ کاتێ هەموو بەیانیان قسە بۆ ئەو حەشامەتەی بەر ماڵەوەیان دەکات جۆرە سیحرێك و سەرنجێك لەگەڵ خۆیا ڕادەکێشێ، کاتێ لە ساڵی 1908 لە هیندستان بووم زمانی دەدوا و چاودێریم دەکرد کاتێ دەمبینی زۆر ئاساییانە لە بابەتی زانستی یانە دەدوا بۆ قوتابیان و لە بارەی کشتوکاڵیشەوە قسەی بۆ جوتیاراندەکرد پەرەنسیپەکانی (مبادئی) نەهرۆ هەر هەمان ئەو پەرەنسیپانەبوون کە (گاندی) پەیڕەویکرد بوون بۆیە ژیانی خۆی تەرخانکرد بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ملیۆنەها هاوڵاتی هندستانی هەر ئەمەش وایکردبوو خۆشیان بۆی و متمانەی تەواوی پێببەخشن یەك ریز لە دوایەوە بوەستن.

نەهرۆیش بۆ خۆی هەستیکرد بوو کە پێشەوایەکی سیاسەتمەدارە و میللەتی لەگەڵدایە، هەروەها لەوە گەیشتبوو کە کاری پێشەوایەتی گرفت و زەحمەتی بە

دواوەیـە، لـەبارەی ئـەو گیروگرفتانـەوە گـەڵێ باسـی بـۆ کـردم هـەروا ئـەوەی بـۆ ڕوونکردمەوە کە دەبێ سەرکردە ئازایانە دەسەڵاتی خۆی بـە جێبهێنـێ بـەڵام بـە ڕادەیەك میللەت بتوانێ بچێتە ژێر ئەو دەسـەڵاتەیەوە ئـەگینا وای لێ بەسـەر دێ میللەت گوێ رایەڵی بڕیارەکانی نابێ و ئەنجامیش دەگاتە ئەوەی ئەو سـەرکردەیە شکست بهێنێ و بکەوێ. بۆیە دەبێ دەسـەڵات و بڕیارەکـانی بـە چەشـنێ پـەیڕەو بکات کە میللەت قەناعەتی پێ بکات، (گانـدی)یـش بـۆ خـۆی وایـدەکرد بۆیـە لـە ڕێی قەناعەتـەوە میللـەتی ئاڕاستـەدەکرد دیـارە ڕادەی دڵسۆزی و دەسـتپاکی ئـەو پیاوە کاریگەریەکی گەورەیان هەبوو بۆ قەناعەت پێهێنانی ئەو ملیۆنەها خەڵکە لەبەر ئەم هۆیانە و ڕەنگە چەند هۆیـەکی تـریش بـووبن وایـان لەنـەهرۆ کردبـێ کـە بـاوەڕ بـەوە بهێنـێ کـە پێـشەوایەکی نیـشتیمانپەروەر دەبـێ هـەزار و یـەك حیساب بۆ گیروگرفتەکانی ناوخۆ بکات و هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەیان دابنێ بـێ ئـەوەی سیاسـەتی دەرەوەش پـشتگوێ بخـات، ئـەم بۆچـوونەی نـەهرۆ تـەواو پێـچەوانەی بۆچـوونی زۆربـەی زۆری سـەرەك حوکمەتـەکانی دی بـووە چـونکە ئەمان بە پێچەوانەوە زۆربەی کاتی خۆیان بۆ کاروباری دەرەکـی تـەرخان دەکـەن و کەم لا لە کێشەکانی نـاخۆی کۆمەڵـەکانیان دەکەنـەوە نـەهرۆ کتومـت وەك مـن دەیڕوانیە وەزیرەکانی کە کاتی تەواوی خۆیـان تەرخانناکـەن بـۆ بیرکردنـەوە لـە بارو گوزەرانی گەلەکەیان لە کاتێکا بە حیسابی خۆیـان نوێنەرایـەتیان دەکـرد لـە وڵاتێکا کە سیستەمی دیموکراتی پەرلـەمانی پـەیڕەودەکات. جارێکیـان پێـی گـوتم کە بەم دواییانە لەوەزیرەکانی خۆی پرسیوە، ئایا دەکرێ واز لە سـەرەك وەزیـری بهێنم بەلانی کەمەوە بۆ ماوەی سـاڵێك تـا بتـوانم پەیوەنـدیم لەگـەڵ جوتیـارانی گونـدەکان تـازە بکەمـەوە هـەر وەکـو خـۆی دەڵـێ بـەو مەبەسـتەی (پاتریـەکانم شەحن کەمەوە) و بەڵێنشم دانێ ئەگەر حەزبکەن پاش ئەو ماوەیـە دەگەڕێمـەوە سەرکاری سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵام هاوڕێکانی ئـەم بۆچوونەیان ڕەتکردۆتـەوە و ئەمیش ناچاربووە بە قسەیان بکات.

منیش لەم بارەیەوە ڕای خۆم بەوە بۆ ڕوونکردەوە کە دەبێ لەبەر ئەوە بۆچوونەکەتیان ڕەتکردبێتەوە چونکە بیریان لەوە کردۆتەوە کە کەسێکی تریان دەستناکەوێ جێی تۆیان بۆ پڕ بکاتەوە. بەیانیەکیان کە لە باخچەکەدا پیاسەماندەکرد لێم پرسی دەبێ سەرکردەیەکی سەربازی یا سیاسی چەند پێویستی بە پەرەنسیبی خۆنەویستی (انکار الذات) هەبێ، ڕایەکەیم لەم بارەیەوە زۆر لا پەسەندبوو کاتێ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مەسەلەی خۆنەویستی بۆ سەرکردە لەوەدا دەبینێ کە ئەو کەسە نابێ بە هیچ جۆرێ بیر لە پلە و پایە و دەسکەوتی ماددی بکاتەوە، ئەوەیشی خستەسەر بۆچوونەکان و گوتی بەلام لە ڕوانگەی دنیای دەرەوە مەسەلەی خۆنەویستی بە زەحمەت دێتەدی، چونکە ئەگەر بتەوێ جڵەوی سەرکردایەتی بگریتە دەست ئەوا دەبێ سەرکردە بە تەنگ ڕواڵەتی دەرەوەی خۆیەوە بێت تا بە شێوەیەکی شیاو لەبەر چاوی دەوروبەری دەرکەوێ ئەمەیش لە ڕوویەکی ترەوە دەیخاتە بازنەی ڕەخنە لێگرتنەوە لەلایەن ئەوانەی خۆیان بە دۆستی دادەنێن یا لەلایەن ناحەزانی سیاسی ئەو کەسەوە و زۆرجار بەوە تاوانباری دەکەن کە ئەو کەسە خۆپەرستە!

نەهرۆ جەختی لەسەر ئەوەدەکرد کە بنیاتنانی کەسایەتی کارێکی پێویستە و نابێ سەرکردە قەت لە ترسی ڕەخنە لێی پاشگەز بێتەوە بەڵکو هەمیشەدەبێ وا هەست بکات کە خۆی ڕاستەو کار و کردەوەکانیشی بە قازانجی ئەو دەشکێنەوە.

نەهرۆ حەز بەوە دەکا باس لەو ساڵانەی بکات کە لە بەندیخانەدا بەسەری بردون کە بە هەمووی گەیشتۆتە نزیکەی نۆ ساڵ کە درێژترینیان ئەو دوو ساڵ و نیوەبووە و تیایا خۆی خەریك کردوە بە خزمەتکردنی باخچەی بەندیخانەکەیەوە چونکە لە پاڵ ئەوەی حەزی بە گوڵ و باخ و باخات بووە لە هەمان کاتا ویستویەتی گەشەیەك بە چالاکی ڕۆژانەی خۆی بدات لە بەندیخانەدا ڕێی جگەرەکێشانی لێ قەدەغەکراوە و ئەو خواردنەشی لە بەندیخانە دەییاندایە

خواردنێکی باش نەبوو، تەنانەت زۆرجاریش کە هاوڕێکانی خواردنیان بۆ هێناوە تا دەگەیشتە دەستی وەردیانەکان نیوەیان لێدەدزیەوە بۆ خۆیان.

لەو سەردەمانەدا بەڕێوەبەری بەندیخانەکان لەو ئەفسەرانە هەڵدەبژێردران کە لە ناو دەستگا پزیشکیەکانی سوپای هیندیدا کاریان دەکرد، دیارە ئەوانیش زانیارییان سەبارەت بە پەیڕەو و پرۆگرامی بەندیخانە شتێکی ئەوتۆ نەبووە، لەگەڵ ئەوەیشا نەهرۆ و بەندییە سیاسییەکانی تر تا ڕادەیەك مامەڵەیەکی باش دەکران.

هەر ئەوەیش وایکرد لە کاربەدەستانی حوکمەتی ئێستای هیندستان هەوڵێکی باشتربدەن بۆ چارەسەرکردنی سیستەمی بەندیخانەکان و دانانی کەسانی شارەزاو لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری بەندیخانەکان. هەر هیچ نەبێ بەرامبەر بە بەندییە سیاسیەکان نەهرۆ بەزەیی بە حاڵی بەندییەکاندا دەهاتەوە، تەنانەت جارێك لە جاران پێی ڕاگەیاندم کە زیاتر بەزەیی بە حاڵی بکوژەکاندا هاتۆتەوە تا گروپەکانی تر ئەم بۆچوونەی سەری سوڕماندم و ناچار هۆی ئەم کارەم لێ پرسی لە وەڵاما پێی گوتم تاوانی ئەو کوشتنانەی پێشتر خۆئامادەیی و ئامادەسازی یان بۆدەکرێ زۆر لەوە کەمترن کە لە ئەنجامی هەڵەیەکی کتوپڕی تورەبوونەوە سەر هەڵئەدەن، بە بۆچوونی نەهرۆ ئەم جۆرە بکوژانە لەم بابەتەن و ڕێیان دەکەوێتە بەندیخانەوە بە زۆری هاووڵاتی دڵسۆز و شەرەفمەندن. لەلایەکی ترەوە بەبڕوای نەهرۆ دز و گیرفان بڕ شایان بەوەن کە پیاو ڕقی لێیان بێتەوە چونکە دزان گروپێکن بە تەبیعەتی خۆیان لە ڕێی ڕاست لایانداوە لەبەر ئەوە ناشێ لە ناو هیندستاندا دزێکی دڵسۆز هەبێ منیش (مونتگمری) پشتگیری لەم ڕایەی نەهرۆدەکەم و لە سەرو ئەوەیشەوە دەڵێم ناشێ دزی دڵسۆز لە هیچ وڵاتێکی تریشدا هەبێ.

لە درێژەی باسماندا لە سەر ژیانی ناو بەندیخانەی هەمیشە ئەوەی دەهێنایەوە بیرم لە بەندیخانە لە سیاسەتمەدارێکی شۆڕشگێڕەوە گوڕا تا ببێتە

سەرەك وەزیران تەنانەت جارێك لە جاران بۆی باسکردم کە لایەنی گرنگ و مەزنی پەیامەکەی خۆی لە سەردەمی خەبات و شۆڕشی نیشتمانیدا بە ئەنجام گەیاندووە منیش ئەوەم بۆ ڕوونکردەوە کە پەیامی ڕاستەقینەی ئەو سالانی داهاتوو پەردەیان لەسەر هەڵدەداتەوە، هەر بۆیە دەبێ پێش ئەوەی کۆتایی بەم بەشە بهێنین ئاماژەیەك بەو خاڵە بکەین کە مەزنی نەهرۆ بۆ بەرزکردنەوەی سەروەری هیندستان لە ڕێڕەوی خەباتی دوور و درێژی ئەودا بەدەردەکەوێ.

ئەم پیاوە بە پەرۆشەوە سەردەمی داگیرکردنی بەریتانیای لە یادە بۆیە هەمیشە ئاواتی ئەوە دەخوازێ کە هیندستان لە چنگی سیستەمی کۆمنویڵسی بەریتانی دەربهێنێ، بەڵام کارێکی قورستری لە پێشە، هیندستان لە ئەنجامی خەباتێکی میللیانە و لەسەر حیسابی ژیانی خۆی سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، ڕێبازێکی ئایدۆلۆژی دیاری لە پشت نەبووە تا چوار سەد ملیۆن هاووڵاتی پەیڕەوی بکەن، ئەم بزووتنەوەیەی ئەم میللەتە پشتی بە ڕێکخستنێکی پتەو نەبەستوە بێجگە لەو داواکاریانەی (گاندی) داوایکردوە لە دەست و پەیوەندیەکانی کە ئەویش گوێڕایەڵی و پاڵپشتیکردنی کاری ڕێك و پێك بووە، بە واتایەکی تر بزووتنەوەی ئەم میللەتە لە پاراستنی گاندی و پاشان نەهرۆ سەرچاوەی گرتوەو هیچی تر ئاشکرایە لەبەری سنووری باکووری هیندستان وڵاتی (چین) هەیە بە خۆی و حەوت سەد ملیۆن کەسەوە (ئەوسەردەمە) دیارە ساڵانەش بە ڕادەی 15 ملیۆن خەڵکی ئەو شوێنە پەرەدەسێنێ، (چین)یش بۆ خۆی ئایدۆلۆژیای خۆی هەیە کە لەسەر سیستەمێکی پتەوو سەرکردایەتیەکی ڕاستگۆ بنیات نراوە.

ئێستا پرسیار لەوەدایە ئایا چین و هیندستان ڕۆژێ دێ ڕێك بکەون و هێزیان بکەن بەیەك و هێزێکی 1500ملیۆن کەس لە بیست ساڵی داهاتوودا پێکەوە بنێن. بۆ خۆم (مونتگمری) ئاواتی ئەوە ناخوازم چونکە بڕوام وایە کە بلۆکی ڕۆژئاوا زۆر پێویستی بە هیندستانە.

ئەتوانم بڵێم خەباتی گەلی هیندستان لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیدا زۆر جیاوازە لە خەباتی وڵاتانی تری وەکو میسر و عێراق و سیلان و کۆنگۆ لە کاتێکا خەباتی میللەتانی ئەم وڵاتانە ڕیشەی لەسەرئەوە بەندبووە کە میللەت هان بدرێ و بۆ خۆیشیان وزەیەکیان تیادایە کە هەمیشە لە چاوەڕوانی تەقینەوەدابن، دەبینین ئەم کارە لە هیندستاندا بە پێچەوانەی ئەو کارەوەبووە، هەرچەندە پانتایی هیندستان فراوان بووە و ژمارەی دانیشتوانی لە چوارسەد ملیۆن کەس بەرەو ژووردەبێ.

بەهەرحاڵ هەر شتێ لە پاشەڕۆژدا لە ئاسیا و بە تایبەتی لە هیندستان ڕووبدا ئەوە بێگومان سەرچاوەی ئەو کارە هونەریە بۆ نەهرۆ دەگەڕێتەوە، ئەگەر تەمەن مۆڵەتی بدا کە ئێستا وا لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا ئەوا بێگومان کێشەی کشمیر چارەسەر دەکا و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ پاکستانیش پتەودەکا. ئەوسا کاروبار لە ئاسیادا بەرەوباشی دەڕوا بەڵام ئەگەر بێتو شکستی لە مەدا بهێنێ ئەوا کەسێکی تر ناتوانێ جێی ئەو پڕ بکاتەوە (شاشا نەرۆ) (بژی نەهرۆ) بەم دروشمە ملیۆنەها خەڵکی هیندی هاوار دەکەن. ئەگەر کەسێك هەبێ شایان بە مەزنی بێ ئەوا ئەو کەسە (نەهرۆ)یە، من بۆ خۆم لە ڕیزی پێشەوەی سەرکردە سیاسیە مەزنەکانی دنیای دادەنێم.

زۆرجار بە خەیاڵمدا دەهات کە بەراوردێك لە نێوان نەهرۆ و ئەبراهام لنکۆلن بکەم و هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لە ژیانیاندابووە بەڵام هەر یەکەیان لەوڵاتی خۆیدا گەیشتۆتە پلەی لوتکەیی. هەروەکو زانیومانە نەهرۆ کوڕی تاقانەی پیاوێکی پارێزەری دەوڵەمەندی ناودار بووە و توانیویەتی لە ئاستێکی باشدا زانستی دەستگیر بکات، چۆتە هارۆ و کامبریدج بەڵام لنکۆلن کوڕی کابرایەکی جوتیاری هەژاری نەخوێندەوار بووە کە ناوی خۆی بە زەحمەت نووسیوە، دایکیشی خوێندن و نووسینەوەی نەزانیوە، لنکۆلنیش بۆخۆی تەنها

ساڵێك بە ڕێکوپێکی خوێندۆیەتی ئەویش لەو ماوەیەدا بۆ چەند هەفتەیەك بووە و پاشان لەو خوێندنەش پچڕاوە.

بەهەرحاڵ هەریەکە لەو دوانە گەیشتونەتە پلەی سەروەری، لەم ڕێڕەوەدا نەهرۆ توانیویەتی ببێتە سیاسەتمەدارێکی شۆڕشگێڕ و لەم پێناوەدا نۆ ساڵی بەندیخانەی چەشتوە، بەڵام لنکۆلن توانیویەتی لەم بەڵایە (بەندیخانە) خۆی بپارێزێ لەگەڵ ئەوەیشا لە ئەنجامدا کوژراوە هەرچەندە لەو ماوەیەدا هەر ئەوەندەی بۆ کراوە نیوەی پەیامەکەی تەواو بکات.

ئەوەی شایانی باسە نەهرۆیش هەر دیسانەوە نیوەی پەیامەکەی خۆی تەواوکردوە، چونکە هێشتا وەکو گرفتی هەژاری و نەبوونی لە هیندستاندا پێویستی بە هەوڵ و کۆششی زیاتر هەیە.

## بەشی حەوتەم

## ژەنەراڵ دیگۆل

جارێکیان وتارێکم بە پێنوسی (موریس ئەدلان) خوێندەوە تیایا بەم جۆرە لە خەسڵەتی دیگۆل دەدوا:-

"سیمایەکی باوکانەی پێوەیە، جارجارە تورەدەبێ بەڵام بە تەواوی بەرگەی ناڕەحەتی دەگرێ، وەکو حەزرەتی موسا وایە، توانی سەرکردایەتی گەلە ماندووکەی بکات تا گەیاندیە ئاسۆی بڵندی مەزنی".

ئەو بەراوردەی نێوان ئەم دوانە خۆشەویستیەکی لە دڵما ڕواند خەریك بوو لەیەك بەشدا باسی هەردووکیان پێکەوە بکەم پاشان وام بە باشزانی کە بەشێکی سەربەخۆ بۆ حەزرەتی موسا بە تەنیا تەرخان بکەم، ئەم دوانە لەشتێکا یەك دەگرنەوە ئەویش ئەوەیە کە هەر دووکیان دەبوو سەر لە نوێ بنیاتی کیانی میللەتەکەیان دابڕێژنەوە.

لە ساڵی 1940دا فەرەنسا تاڵاوی شکستیەکی نۆشی بەدەست هێزەکانی ئەڵمانیای هیتلەریەوە لە ئەنجاما تووشی بێزاربوونێکی کوشندە هات و ڕووبەڕووی قەیرانێکی دەروونی پچڕپچڕهات.

ئیتر حاڵ گەیشتە ئەوەی میللەتەکە پێویستی بەسەرکردەیەك بێت لەم کەوتنە دەربازی بکات، پێشڕەوی بکات لە ڕێیەکی ڕاستەوە بەرەو ئایندەیەکی ساغ و سەلیمی بەرێت.

پاش چەند ساڵێك لە تێکۆشان کە تیایا فەرەنسا تووشی گەلێ کەش و هەوای سەخت و گێژەلوکەی نەهامەتی هات لە ئەنجاما بە سەرکردەیەکی وەکو دیگۆل ئەو ئاواتەی هاتەدی.

## شارل دیگۆل

کوڕە سەربازێك بووە پاش خزمەتکردنی لە ڕیزی سوپادا بۆ کارێکی ئاینی چۆتە یەکێ لە کولیژەکانی (جزویت) لە پاریس، شارل دیگۆل پێش ئەوەی بچێتە کۆلیژی سەربازی لە (سان سیر) لەیەکێ لە قوتابخانەکانی (جزویت) خوێندویەتی بۆیە دەکرێ بە ئاسانی لەوەبگەین کە چەند پابەندی ئایین بووە، کاتێ کە کۆلێژی (سان سێر)ی تەواو کردووە لە ساڵی 1911دا داویکردووە لە کەتیبەی پیادە سیی و سێ دای بنێن چونکە زۆرسەرسام بووە بە (بیتان)ی فەرماندەی ئەو کەتیبەیە، ئەوەی مایەی سەرنجە کەس باوەڕی بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕۆژێك بێت (لە ئابی ساڵی 1945)دا ژەنەراڵ دیگۆل داوای دادگاییکردنی (بیتان)ی مارشاڵی سەربازی فەرەنسا بکات. بە تاوانی ئەوەی لە کاتی شەڕدا دەستی لەگەڵ دوژمناندا تێکەڵاوکردووە، لە ڕاستیشدا (بیتان) دادگاییکرا و فەرمانی لە سێدارەدانی درا، بەڵام دیگۆل فەرمانەکەی بۆ سووك کردو بڕیاری بەندکردنی درا بۆ ماوەی 2ساڵ لە یەکێ لە قەڵاکاندا بەسەری برد و پاشان مارشاڵ (بیتان) پاش دەرچوون لە بەندیخانە فەرمانی بۆ دەرچوو بە دەستبەسەری لە ماڵەکەی خۆیدا لە (ئەنتیب) بمێنێتەوە، خەریکە لە ئەسڵی مەبەستەکەمان دەردەچین.

کاتێ (بیتان) بۆ یەکەمجار (دیگۆل)ی دیت هەستیکرد کە ئەم پیاوە زۆر لە هاوڕێکانی جیاوازترە بۆیە یەکسەر لە دەستەی فەرماندەیی خۆی دایمەزراند دیگۆل مامۆستابوو لە هونەری جەنگدا و بیرمەندێکی سەربازی پێش سەردەمی خۆی کەوتبوو لەو سەردەمەی فەرەنسادا کتێبەکەی بەناوی (سوپای دوا ڕۆژ) کە لە ساڵی 1934دا بڵاوکردەوە پاش ئەوەی هێتلەر بە ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی

گرتە دەست باشترین بابەتی نووسینی ئەو سەردەمانە بوو هەر چەندە ئەوسا نرخێکی ئەوتۆی نەدراوەتێ.

کتێبەکە بەشێکی زۆری بریتیە لە یاداشتەکانی خۆی دەربارەی جەنگ لەو یاداشتانەدا داوای ئەوەدەکا کە پەلەبکرێ لە پێکهێنانی سوپایەکی ئامادەساز و تانکی زرێپۆشی بخرێتە ژێر دەست و لە ئاستێکی مەشقی وا دابێ کە بتوانێ هێرش بەرێتەسەر ئەو یەکستانانەی[1] هێزی تانکیان لەبەردەستایە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بلاوبوونەتەوە.

بەرای من (مونتگمری) هێزێکی وا کەبریتی بێ لەسەد هەزار سەربازی ئامادە باشی و سێ هەزار تانکی لەبەردەستابێ بێگومان سەری ڕمی هەموو بزاوتێکی هێرش بردن پێکدەهێنێ گومان لەوەدانابێ کە هێزێکی وا مەترسی دنێتەوە، دیگۆل چاك بۆ مەبەستەکان چووبوو، ئەم بۆ چوونانە لە سالانی 1940دا ئەگەر لەلایەن پێشەوا سیاسیەکانی ئەوسا بە هەند هەڵبگیرانایە بێگومان بارودۆخ بە جۆرێکی تر دەشکایەوە، داواکارییەکەی بۆ پێکهێنانی هێزێکی زەبر وەشێن لە پاڵ بوونی سوپایەکی ئامادە باش لە فەرەنسادا سیاسیەکانی ئەو سەردەمانە پێیان هەرس نەدەکرا، چونکە باوەڕیان وابوو ئەگەر هێزێکی واپێك بێت هیچ دوورنییە هەڕەشە لە سیستەمەکەیان و کۆمارەکەیان بکات، بۆیە پەرلەمانی فەرەنسی دژی ئەو گۆڕانکاریانە وەستا و بڕیاری دابوو سوپایەکی گەورەی پێکهاتوو لە سەربازی نوێ زۆر چاکترەکە لە هێزێکی بچکۆلە پێکهاتبێ لە سەربازی ئامادەباش و مەشق پێکراو. ئەتوانین ئەوەش بڵێین دیگۆل لە ژێر ئەو کاریگەرییانەدا بوو کە هێتلەر لە ئەڵمانیا سەرکەوتنیان پێ بەدەست هێنابوو ئەوەبوو هەر کە لە ساڵی 1933دا دەسەڵاتی گرتە دەست یەکسەر سەر لە نوێ سوپای ئەڵمانیای دامەزراندەوە.

---

([1]) یەکستان : وحدة عسكرية

هەر لەو کتێبەیدا دیگۆل دیسانەوە ئەو پێشبینیانەی خۆی دووبارە کردۆتەوە کە فەرەنسا پێویستی بە سەرکردەیەك هەیە، چونکە کاتێ لە ساڵی 1940دا قەیرانەکە ڕوویدا ئەوسا لە فەرەنسا سەرکردەیەکی وانەبوو بتوانێ بەرامبەر ڕووداوەکان بوەستێتەوە.

بیتان گەلێ یارمەتی دیگۆلیدا و پشتگیری کرد هەر ئەمەیش بوو وای لە دیگۆل کرد ئەم چاکەیەی لەبەرچاو بێ بۆیە کاتێ کتێبی دووەمی دەرکرد پێشکەش کردنەکەی تەرخانکرد بۆ بیتان ئیتر پەیوەندییان تا دەهات پتەوتردەبوو، هەر ئەمەیشبوو وای لە بیتان کرد (وسلی تەعمیدکردن)ی ناو نانی کوڕەکەی دیگۆل لە ئەستۆی خۆیبگرێ و ناوی بنێ (فیلیپ) بە خۆشی (فیلیپ)ی مارشاڵی پێشووی فەرەنسا.

دیگۆل دەیویست فشار بخاتە سەر (بول رینۆ) بۆ ئەوەی بیر وڕایە سەربازییەکانی خۆی لە ڕێی ئەوەوە بسەپێنێ بەڵام هەمیشە (رینۆ) کارەکانی ڕووبەڕووی لیژنەی سەربازی دەکردەوە و ئەوانیش پێی قایل نەدەبوون و ڕەتیان دەکردەوە.

لە مانگی مارسی 1940دا (رینۆ) بووە سەرەك وەزیران لە جێی (دلادییە) من بۆ خۆم بە تەواوی ئەو کاتەم لە بیرە چونکە ئەوسا لەبەری هەرێمی (ئسار) گەشتێکی پشکنینم بە دەستەوە بوو بەو پێیەی بەشێك لە تیپەکە لەسەر هێڵی (ماجینو) کاری پێ سپێردرابوو، بۆیە دەبوو هەوڵدەم زانیاری زیاتر لەسەر سوپای دوژمنان کۆ بکەمەوە، کە گەڕامەوە ترسێکی زۆرم لێ نیشت، سەبارەت بە بارودۆخی سوپای فەرەنسی، ئەم بیرو بۆچوونەیشم لە یادداشتە تایبەتیەکانی خۆمدا تۆمارکردووە، (رینۆ)ش دیاربوو بەم بارودۆخە قایل نەبوو، چونکە گومانی هەبوو کە سوپای فەرەنسی بتوانێ بەرگەی بەری ئەو لافاوە بگرێ کە هێزەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ خۆیان هێناویانە. لەوەدەچێ بیر بەلای ئەو کولونیلە

لاوەداچوو بێ کە هەموو گیانی هێز و ورەیە و فەرماندەیی تیپێکی زریپۆشی دەکاو پێشتریش پێی قایل نەبوو، لەو کاتانەدا دیگۆل گەیشتبووە پلەی ژەنەراڵی.

لە سەرەتای مانگی یوینوی 1940 لەو کاتانەدا کە هێزەکانی بەریتانیا ناچارکران لە دەنکرك بکشێنەوەو بگەڕێنەوە بەرەو ئینگلتەرا لەو کاتانەدا (رینۆ) دیگۆلی کرد بە جێگری وەزیرای بەرگری نیشتمانی، بەڵام ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی بەسەریەکا دەکەوتن، ئیتر نەك دیگۆل بەڵکو کەسی تر هیچی بۆ نەدەکرا سوپای ئەڵمانی پەیتاپەیتا سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا و هێزی شکست خواردووی فەڕەنسی پێش خوی دەدا.

حکومەتی فەڕەنسی جێی خۆی گواستەوە بۆ (بوردۆ) لە 16 یوینو (رینۆ) دەستی لە کارکێشایەوەو مارشاڵ (بیتان) حکومەتێکی نوێی پێکەوەنا، ئەوسا دیگۆل لەو مەبەستە گەیشت دەبێ ئەوە چ حکومەتێك بێت ئەو حوکمەتەی بە تێکشکان قایلبێ، و خۆی بدا بەدەست ئەڵمانەوە لەبەر ئەوە بڕیاریدا فەڕەنسا جێ بهێڵێ ئەوەبوو لە 17 یونیو پلانەکەی خۆی ئەنجامدا، لە سەعات نۆی سەر لە بەیانیدا سواری فرۆکەیەکی بەریتانی بوو بەرەو لە ندەن لەو ڕۆژەدا فەڕەنسا کەوت و میللەتیش کیان و قەوارەی خۆی لە دەستدا، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا دیگۆل لە ڕادیۆی لە ندەنەوە بەیاننامەیەکی بۆ گەلی فەڕەنسا بڵاوکردەوە ئیتر لەو ڕۆژەوە دیگۆل مەسەلەی بنیات نانەوەی فەڕەنسای لەبەرچاوگرت و کەوتە خۆی بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی فەڕەنسا لەوانەی توانیبویان بەرەو ئینگلتەرا هەڵبێن و لەگەڵ هەموو ئەو فەرەنسیانەی لەهەر کوێ هەبوون یەکیان پێ بگرێتەوە، دیگۆل ئەوەی سەلماند کە فەڕەنسا شکستی بەدەست هێناوە، بەڵام بەو پەڕەنسیبە قایل نەدەبوو باوەڕبهێنێ کە ئیمپراتۆریەتی فەڕەنسا نەمابێ، بۆیە قایل نەبوو بەو سەرکردایەتیەی حوکمەتی (فیشی) سەپاندبووی چونکە ئەو سەرکردایەتیە ئەوە نەبوو کە فەڕەنسا ئومێدی پێی بێ، هەر لێرەوە بڕیاریدا کە

خـۆی نموونـەی ئـەو سـەرکردە دڵسۆزەبێ بـۆ فەڕەنـسا بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش بنکەیەکی سەرکردایەتی بۆ خۆی لە (لەندەن) دامەزراند.

ساڵانی دوای ئەوە جیهان زۆر پەشۆکا بـوو، زیـاتریش ئـەو کاتانـە پەشـۆکاوی پێوە دیاربوو کە یونیوی ساڵی 1944 دەسـت نیـشانکرا بـۆ کـاتی هێـرش بـردن ئـەو کاتـەی هاوپـەیمانان بەڵێنیانـدا لـە ڕێـی دەریـای (مـانش)ەوە دابەزنـە نـاو شەتاوی (نورماندی)یەوە.

ئـەم پیـاوە بـاوەڕی بـە مـەزنی فەڕەنـسا و متمانـەی تـەواوی بـە توانـای میللەتەکەی گەیاندبوویە ئەو باوەڕەی کە لـە ژێـر سـەرکردایەتی ئـەودا جارێکی تر هەڵدەسێتەوە، ئەم باوەڕ و قەناعەتەی وایکرد کە پاش هەڵسانەوەی فەڕەنـسا وەکو سەرکردەیەکی دڵسۆز ئەم پلەو پایەیە بۆ خۆی دەستگیر بکات.

لـە 30 یونیـوی سـاڵی 1940 ژەنـەراڵ (ویجانـد) کـە وەزیـری بـەرگری نیشتمانی بوو لە حوکمەتی (فیشی) کە (بیتـان) سـەرۆکایەتی دەکـرد فـەرمانێکی بـۆ دیگـول دەرکـرد کـە خـۆی تەسـلیم بـە بەندیخانـەی (تولـوز) بکات و ئامـادەی دادگای سەربازی بێ بە تۆمەتی هەڵاتن لە سوپا پاشان لـە ژێـرەوە بـە نائامـادەیی (غیابی) فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو.

پـاش ئـەوە دۆزەکـە ڕوون و ئاشـکرایە و دیگـۆل ڕێکخراوێکـی پێکـەوەنا بـۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هێزەکانی فەڕەنسا لە بەریتانیا تـا هاوکاری بکـەن لەگـەڵ بزووتنـەوەی بـەرخودانی لـە فەرەنـسا، بـەم چەشـنە دیگـۆل لـە سـاڵی 1944دا گەڕایەوە فەڕەنسا و کۆماری چوارەمی پێکەوەنا.

لــە ســەردەمانێکا کــاتێ کــە ســەرۆکایەتی حوکمــەتی گرتــە دەســت پــاش ڕزگارکردنی فەڕەنسا تاوانبارکرا بەوەی کە هاوکاری کۆمەنیستەکان دەکات، بـەڵام ڕاستی ئەو نیازی ئەوەبوو فەڕەنسا لە دەسەڵاتی کۆمەنیستەکان دوور بخاتەوە لـە مەیشا سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

بـۆ خـۆم چـاکم لـەبیرە کـاتێ لـە 15 یونیـوی سـاڵی 1944دا سـەردانی نورماندیم کرد، هەر کە ئێمە لە کردنەوەی ڕێگایەکی دڵنیایی دابـووین لەبـەرەی شەڕدا دیتم زۆر پەشۆکاوە و زۆر پەلەیەتی بگەڕێتەوە فەڕەنـسا، پێـوەی دیـاربوو دڵی بۆ گەڕانەوەی خێرایی ئەو شوێنە لێ دەدا.

کـاتێ گەڕایـشەوە ژەنـەراڵ (کـونج) فەرمانـدەی هێزەکـانی فەڕەنـسای لـە (عەلەمین) و یەکێ لـە پیـاوانی وەزارەتـی دەرەوەی فەڕەنـسا بـەناوی (کولیـە) لـە تەکـدابوو زۆر بـەختیاربوو بـەم گەڕانەوەیـە، داوای یارمەتیـەکی لێکـردم منـیش ئۆتۆمبێلەکەم دایە تا (بایو)ی بەرێت پێشنیازم بۆ کرد کە (کولیـە) راسـپێرێ لـە گێروگرفتی دانیشتوانی ئەم شارە بکۆڵێتەوە تا برێ لە ئـەرکی ئـەوان لەسەرشـانی ئێمە سووك بێت و پێشنیارەکەی وەرگرت و بە ئەنجامیشی گەیاند.

دەستگاکانی (هوایـت هـول) بـە هاتنـەوەی دیگـۆل خۆشـحاڵ نـەبوون، حـەزیان بـەوە نـەدەکرد دیگـۆل حوکمەتەکـەی لـە فەڕەنـسا پێکبینـێ تـا ئـەو کاتانـەی پانتایەکی زۆرتر لە ئەڵمان دەسەننەوە، بەڵام من بـۆ خـۆم حـەزم بـە گەڕانـەوەی دەکـرد تـاکو ئـەم ئەرکـە لـە کـۆڵ مـن بکاتـەوە، لەبـەر ئەوەشـبوو زۆر یارمـەتی (کولیە)ماندا ئەم یارمەتیەیشمان جێـی خـۆی گـرت و تـوانیم زیـاتر کارەکـانم بـۆ مەسەلە جەنگیەکان تەرخان بکەم، هەروەها لەوەیشدا یارمـەتی دام کـاتێ لـە نـاو (لەنـدەن)دا قـاوی ئـەوە بـڵاو بـۆوە گوایـە هێزەکـانی بـەریتانیا خـەریکی ڕاو و ڕووتـن، هـەر ئەوەیـشبوو وایلێکـردم ئـەرکی کۆکردنـەوەی ڕاسـتیەکانی بخەمـە ئەستۆ، دەست بکا بە پشکنین تا بیسەلمێنێ کە ئەو قاوە قـاو و پڕۆپاگەندانـە درۆ و دەلەسـەن، خـوا یـار بـێ ڕاسـتی ئـەم ڕووداوانـە لـە بەشـەکانی تـردا ڕوون دەکەینـەوە، بەداخـەوە لـەوێ بـە شەخـسی منیـان تاوانبـارکردبوو کـە گوایـە ئـەو تاوانانە بەدەستی من کراون، ئەوەیـشی ئـەو تۆمەتـەی بـۆ هۆنیبـووە کۆلـۆنێلێکی لای خۆم بوو کە لە ژێر فەرماندەییمدا کاری دەکرد، دیگۆل وەك هەموو کەسێکی تر زۆر ناسکبوو، بە بروای من هەڵاتنی بۆ ئینگلتەرا لە یونیـوی سـاڵی 1940دا

خۆشترین کاتبوو لەم ساڵە پڕ لە کارەسات و کاولکارییەدا نەك هەر تەنها بۆ فەرەنسا بەڵکو بۆ سەرجەم گەلانی دنیای ئازاد و سەرفرازیش باش بوو.

هەندێ خەسڵەت لە دیگۆلدا هەبوو هەر ئەو خەسڵەتانەش بوون گەیاندیانە ئەم پلەوپایە بەرزە، لەوانە زۆر دڵسۆزبوو بە کەسایەتی خۆیەوە دەینازی ئەمەش نەك هەر دۆستانی بگرە ناحەزانیشی بۆیان دەسەلماند، هەروەها توانای ئەوەی هەبوو لە جێی خۆیدا بڕیاربدا و جێبەجێشی بکات ئیتر بارودۆخ هەر چۆنێك بێت تەنانەت ئەگەر بیشیزانیایە بڕیارەکانی لە ئەنجامیشدا نایەنە دی ئەوا لە قسەی خۆی پاشگەز نەدەبۆوە، کاتی خۆی بە وردەکاریەوە بە فێرۆ نەدەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە تەنگ نەخشەدانانەوە دەهات بۆ ستراتیژیەتی ئایندەی.

کاتێکیش لە یەنایەری ساڵی 1946دا لە کاری سیاسەت دوورکەوتەوە وەختێکی زیاتری بۆ ڕەخسا، تا تیابیر بکاتەوە ئەوەبوو لەو ساڵە بە دواوە لە ماڵەکەی خۆی لە (کۆلۆمبی لدوزا جینر) بۆ ماوەی دوازدە ساڵی ڕەبەق بە تەنیایی ژیا، زۆرجار کەڕێم دەکەوتە فەرەنسا هەوڵی سەردانیم دەدا، بەڵام بە داخەوە هەر هەلم بۆ هەڵنەدەکەوت ببینم زۆرجاریش پیاوانی دیبلۆماسی لە پاریس داوایان لێدەکردم کە زۆر سوور نەبم لەسەر ئەم چاوپێکەوتنەم تا لە ڕووداماتێك (احراج) بۆ حوکمەتەکانی کۆماری چوارەم پەیدا نەکەم، کە زۆرجار لە دە مانگ زیاتر لە سەرکار نەدەمانەوە، ئامۆژگارییەکە لێوەردەگرتن هەرچەندە بە تەواویش لەگەڵ بۆچوونیاندا یەکمان نەدەگرتەوە. مادەکانی دەستوری تازەی کۆماری پێنجەم کە میللەت لە ڕاپرسینێکی گشتیدا بڕیاری لە سەردا لەم ماوەیەدا بەزۆری بووە مایەی بیرکردنەوەم.

بەم چەشنە دیگۆل ڕێی ڕاستی خۆی بڕی و بە دوایا فەرەنساش بووە دەوڵەتێکی مەزن تاکاتی شەڕەکانی هیتلەری، ئەوسا مەزنی دەوڵەتی بەوە پێوانە دەکرا کە تا چەند خاوەنی کەشتیگەلێکی دەریایی بە هێزە پاشان دوای ئەم

شەڕانە ئەم هەڵسەنگاندنە گۆڕا بۆ چەکی ئاسمانی و وایلێهات مەزنی دەوڵەت بەمیان دەپێورا، دیارە ئەمڕۆکەش (سەردەمی نووسینی ئەم بابەتەی نووسەر) ئەو هێزو توانایانە بە قومبەلەی ئەتۆمی پێوانە دەکرێ ئەوی ئەم چەکە بەدەست بێنێ، دیارە ئەم لایەنە سەرکەوتن بۆ خۆی دابین دەکات.

هەر بۆیە دیگۆل سووربوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە فەڕەنسا قومبەلەی ئەتۆمی خۆی دروست بکا و لە بیابانی گەورەیشدا ئەم ئەزموونەی خۆی تاقیبکاتەوە.

بە بڕوای من لەم بۆچوونەیدا بۆ ئەو بارودۆخەی دنیای پیادا دەڕۆیشت بە هەڵەدا نەچووبوو، هەروەها بە بڕوای خۆی تەقاندنەوەی قومبەلەی دووەمی لە مارسی 1960دا لە کاتی سەردانەکەی خرۆشۆف بۆ پاریس مەبەستێکی خۆی هەبوو هیچ نەبێ ئەگەر لە ڕووی پروپاگەندەیشەوەبووبێ.

ئەگەر کەسێك گومانێکی لە سەر توانا داری دیگۆل هەبووبێ سەبارەت بە بەرپرسیارێتی لە کۆماری پێنجەمدا ئەم ئەو گومانەی ڕەوانبۆوە کاتێ گوێی لەو دووانەی (خەتاب)ی بووبێ کە لە ڕۆژی 29 یەنایەری 1960 دای بە گوێی میللەتدا پاش ئەوەی لەوێدا بڕیاری خۆیدا سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی جەزائیر، من ئەوسا لە سویسرابووم گوێم لە دووانەکەی بوو بە ڕاستی ئازایەتی ڕاستەقینە لە قسەکانیا بە دەردەکەوتن، داوای لە میللەت کرد کە دەنگیان یەکخەن، متمانە و پشتگیری تەواوی پێ ببەخشن، هەر بۆیە دەڵێم دووانێکی وا هەر مەگەر لە سەرکردەیەکی وا مەزن و باوەڕبەخۆکردووی واوە هەڵقوڵێ، من بۆ خۆم لە ڕیزی هەرە پێشەوەی سەرکردە مەزنەکانیدا دەنێم.

گومانیشم لەوەدا هەیە کە (دیگول) حەزی بە چارەی بەریتانیادا بێت، بۆخۆم نزیکەی دە ساڵ لە فەڕەنسادا ژیاوم لە نێوان ساڵانی 1948 تا 1958 ئەتوانم دان بەوەدا بنێم کە زۆربەی زۆری فەڕەنسیەکان باوەڕیان وایە کە ئێمەی بەریتانی لە هونەری دوو ڕوویدا دەستێکی باڵامان هەیە، لەمەیشدا بێگومانم

کە مەبەستیان پیاوانی سیاسەتمەداری ئێمەیە نەك گەلی ئینگلیزی بەگشتی ڕەنگە تا ڕادەیەکیش لەمەدا ڕاستییان پێکابێ هەر بۆ نموونە نووسەرێك لەم بارەیەوە دەڵێ:"بۆ ئەوەی بە تەواوی بگەیتە ناو ناخی سیاسەتمەدارانی بەریتانییەوە ئەوە دەبێ لە ناخەوە ببێتە کابرایەکی بەریتانی، ئەگینا هیچ هەلێك بۆ هیچ بیانیەك (لەم وڵاتەدا) نارەخسێ ئەشێ ئەم نووسەرە لەم ڕووەوە ڕاستیی پێکا بێ.

ڕەنگە شارەزاییم لەم خاڵەدا بەهای خۆی هەبێ، لە ئەکتوبەری ساڵێ 1948دا لە خزمەتی کاری حوکمەتی بەریتانیا دوور کەوتمەوە بۆ ئەوەی ببمە پسپۆری سەربازی و لە خزمەتی پازدە حوکمەتی جیاجیادا کار بکەم لەوەوە فێربووم کە لە بۆچوونی ڕای جیهانیەوە دەبێ بڕوانیتە کێشەکان نەك تەنها لە ڕوانگەی بەریتانیاوە بۆیە گرفتەکانی دنیای ئازاد چ سەربازی چ سیاسی بە جۆرێکی تر دەهاتنە بەرچاو. هەروەها ئەوە فێربووم کە ئێمەی بەریتانیایی میللەتێکین بە زەحمەت مامەڵەمان لەتەکدا دەکرێ چونکە لە راوبۆچوونی خۆمان بە موو لانادەین و هەمیشە واتێدەگەین کە ئێمە ڕاستین و خەڵکی تری هەموو هەڵەن.

لەبەرئەمانە و لەبەر زۆر هۆی تری من بۆ خۆم زیاتر لایەنگری بۆچوونەکانی (دیگۆل)م دەکرد سەبارەت بە ئێمە لەوەش زیاتر دەڵێم ئەگەر بمانەوێ رایەکی ڕوون و رەوانتر دەربارەی سیاسەتی حوکمەتی بەریتانیا بزانین پیاو دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆرتر لەو ناوەدا بژی.

لە سەبمتەمبەری ساڵی 1958دا (دیگۆل) مەدالیایەکی سەربازی پێبەخشیم کە گەورەترین مەدالیایە بدرێ بە کارمەندانی سەربازی و زۆر بە دەگمەنیش دەدرێ بە کەسانی بیانی لە کاتی ئاشتیدا، ئەمە بۆ من شکومەندیەکی گەورە و مەزن بوو، هەر لەو مانگەدا دەستم لە کاری فەرماندەیی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ ئینگلتەرا پاش ئەوەی ماوەی دە ساڵی

رابووردووم له فەڕەنسادا گوزەراند لەو ماوەیەدا چاوم پێی نەکەوت تاکو ئەو سەردانەی کردی بۆ لەندەن لە ئەبریلی ساڵی 1960دا وەك سەرەك كۆماری فەڕەنسا، واهاتە بەرچاوم تورە بوو لەسەر شێوازی پێشوازی کردنەکەی پیاو ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکات کە گەل لە لەندەن چۆن پێشوازی لە میوانە بیانیەکانی دەکات، ئەشێ زۆرجار پێشوازییەکان سارد بێ هەر وەکو بەرامبەر بە سەردانەکەی سەرەك كۆماری ئەڵمانیای یەکگرتوو و سەرەك كۆماری ئیتاڵیا ڕوویدا.

من بۆ خۆم یەکێك بووم لەوانەی لەبەردەمی کاتدرائیەی (کڵێسەی) (ویستنمستەر) وەستا بووم کاتێ کەژاوەکە لەویستگەی (فیکتوریا)وە هات وبەبەر دەمما تێپەڕی جەماوەرەکە زۆر پەرۆشی ئەم هاتنە نەبوون، زۆرجار لە بانگەوازەکانیاندا مەبەستیان بەلای (شاژن)دا دەشکایەوە تا (دیگۆل) ئەوەی شایانی گوتنیشبێ (شاژن) لە پاش ئەوەی (ئەندرۆ)ی بوو بوو ئەمە یەکەم خۆ دەرخستنی بوو بۆ ناو جەماوەر.

سەرشاری لەندەن لە وتەیەکیدا لەسەر خوانی نیوەڕۆدای گوتی"گەلی ئێمە لە لەندەن بە پێی فەرمان پێشوازی لە میوانەکانی ناکات، گەرمی چونیەتی ئەو پێشوازییە زیاتر پابەندە بە میوانەکە خۆیەوە" ئیتر ئەوەبوو کاتێ (دیگۆل)چووە بەر پەیکەرەکەی مارشال لەوێ چەپکێ گوڵی لەسەردانا گەل ئەو ڕەفتارەی جارانی نەما بەتایبەتی کاتێ (دیگۆل) لە تەوقی پاسەوانەکانی هاتە دەرەوە و تێکەڵاوی خەڵکەکە بوو پاشان تەوقەی لەگەڵ یەکەیەکەی جەماوەرەکە کرد و ئەوسا جەماوەرەکە بۆیان دەرکەوت کە ئەم پیاوە ئەو سەربازە گرژ و ڕۆح زلە نییە وەکو تێی گەیشتبوون بەڵکو مرۆڤێکی هەست ناسکە.

وتەکەی لە پەرلەماندا لە هەر دوو دانیشتەکەی ڕۆژی 7 ئەبریل تا بڵێی جوان و کاریگەربوون بە تایبەتی کاتێ ستایشی ڕێکخراوە حوکمەتیەکان و سیستەمی پەرلەمانیکرد لە بەریتانیا، لەوەش زیاتر گوتی ئەگەر فەڕەنسا لەم

جۆرە سیستەمەی تێیدا بوایە ئەوە ناچارنەدەبوو سیستەمی دیموکراتی تائێستا دوابخات، لە ڕاستیدا ئەم پیاوە بەم شێوەیە دەم و دەست ڕێزی ئێمەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕبوونی ئەو پیاوە بە خۆی و وردەکاری لە دەربڕین و جوانی لەوتەکانیدا. دیاربوو مەبەستی لە باسکردنی سیستەمی بەریتانیا بەو نیازەوەبوو کە بیبەستێ بە بارودۆخی پاریسەوە.

لە کاتی سەردانەکەی بۆ لەندەن بۆ دووجار هەلم بۆ ڕەخسا بینیم یەکەمیان لە کۆشکی (باکنجهام) و دووەمیان لە ناو باڵوێزخانەی فەڕەنسادا بوو کاتێ شاژنی داوەت کردبوو بۆ سەر خوانی ئێوارە.

پاش نانی شێوان ناردی بە دواما بۆ کۆشکی (باکنجهام) ئەمەیش نیشانەی دۆستایەتی نێوانمان بوو لە هەمانکاتدا سەروەریەکی گەورەبوو بۆ من، لەو سەردانەمدا ئەم کتێبەی خۆم لەژێر ناوی هەنگاونان بەرەو سەرکردایەتی خستە بەرچاوی و داوام لێکرد ئەگەر بتوانم لە کۆتایی ئەم ساڵدا سەردانێکی بکەم لە پاریس تا لەوێ بیروڕای تەواوی بزانم سەبارەت بە گرفتی سەرکردایەتی کە ئەمڕۆکە بۆتە گرفتێکی قورس لەناو کۆمەڵگای دیموکراتیدا.

لەبارەی گرانی ئەم گرفتەوە پشتگیری کردم و ئەوەیشی بۆ ڕوونکردمەوە کە گرانیەکەی زیاتر لە فەڕەنسادا بەرچاو دەکەوێ تا بەریتانیا، هەروەها داوای لێکردم هەر وەختێ بمەوێ سەردانی بکەم بۆ لێدوان لەبارەی ئەم گرفتەوە، ئامادەیە.

لە ناو باڵوێزخانەی فەڕەنسادا کاتێ هەستمکرد بەو پابەند بوونەی لەسەر دۆستایەتی نێوانماندا جارێکی تر لەسەر هەمان بابەت کەوتمەوە باس و لێدوان لەگەڵێدا.

پاشان جارێکی تریش لە خانەی (ئۆپرای پادشا)یدا بینیمەوە ئەو شەوە دوا شەوی سەردانەکەی بوو بۆ لای ئێمە، لە پاڵەوە چاودێریم دەکرد کە لەسەر کورسیەك لەبەری هۆڵەکە دانیشتبوو هەستم کرد ماندوو دیارە ئەوەیش دیاربوو

بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو لێرە لە جوڵەدا بوو، کاریگەریی و شکۆداری پێشوازی لێکردنەکەی و بەرەو بە پیرەوەچوونی جەماوەر بۆ بینینی دیارە کاریگەرییان بەسەریا زاڵبوو بۆیە هەستم دەکرد فرمێسکی خۆشی بەری چاوی گرتبوو.

لە بیرمە ئەو شەوە کاتێ لە خانەی (ئۆپرا) چوومە دەرەوە تووشی ئەزموونێکی سەیر هاتین وەختێ من و فیڵدمارشاڵ هاردنگ و خێزانەکەی ویستمان (تاکسی)یەکمان چنگ کەوێ پێی بڕوینەوە بەڵام بێ هۆدەبوو. پاشان دووراو دوور ئەفسەرێکی پۆلیسمان بینی دیاربوو ئەم وەزعەی ئێمە سەرنجی ڕاکێشابوو بۆیە خێرا ئێمەی خستەناو ئۆتۆمبێلێکی ڕەشەوە لەو ئۆتۆمبێلانە بوو، کە زیاتر بۆ گواستنەوەی زیندانیەکان بەکار دەهێنرێ دیاربوو لەو کاتانەدا لەبەردەم بەشی پۆلیسخانەدا وەستابوو لەبەردەمی شەقامی (بو) لەوێوە گەیاندینە بەر ئۆتیلی (سافوی) کە من بۆ خۆم لەوێ دابەزیبووم پاشان لەوێشەوە ئۆتۆمبێلێکی (تاکسی) فیڵدمارشاڵ هاردنك و خێزانەکەی گەیاندەوە ماڵی خۆیان.

باوەڕناکەم ڕووداوی وا بەرەو ڕووی دووکەسی تر بووبێتەوە کە لە پلەی فیڵدمارشاڵیدابن و بە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی زیندانیان هاتوچۆیانکردبێ وەك ئەوەی بەسەر ئێمەداهات.

ئێستا با بە چاوێکی دیقەتەوە لە (دیگۆل) بڕوانین پاشان هەوڵدەین لە شێوازی بیرکردنەوەی تێبگەین و ئاشنایی لەسەر بیروڕاکانی پەیداکەین کە هەیانە بەرامبەر کێشەکانی دنیای شڵەژاوی ئەمڕۆمان. باشتریش وایە بگەڕێنەوە بۆ ئەو قسەو باسانەی لەم بارەیەوە لە نێوان من و ئەوداکراون.

ئەم پیاوە ئەوەی لە خەڵکی تری جیادەکاتەوە باڵای بەرزی ئاشکرایەتی کە لەگەڵ بەشەکانی تری جەستەیدا هاوسەنگ نابن... هەندێ باوەڕیان وایە کە پیاوێکی ساردەو کەسایەتی ئەو شایستەی ئەوەی پێ نابەخشێ بشێ ببێتە

پێشەوایەکی نیشتمانی، ڕەنگە ئەمە ببەستن بە سەرو سەکوتێەوە بەڵام لە ڕاستیدا تا بڵێی پیاوێکی شەرمنەو دڵێکی پڕ سۆز و پاکی هەیە.

زۆر لەگەڵیا دواوم و زۆر پێی سەرسامم هەر چەندە زۆر کەس دانی خێری پێدانانێن و بەو شێوازەی قایل نین کە گرتویەتەبەر کە ئەویش ئەوەیە ئەم بڕوای وایە کە مەزنی فەڕەنسا نایەتەوە جێی خۆی تا هەنگاو بەرەو پێشەوە نەنێ.

ئەم پیاوە هیچی بۆ خۆی ناوێ بەڵام هەموو شتێکی بۆ فەڕەنسا دەوێ، فەلسەفەی لە ژیانیدا بەندە بەوەی فەڕەنسا بچێتەوە دۆخی جارانی ئەوەی قسەو ململانێی لەسەر نیە ئەوەیە ئەگەر (دیگۆل) شتێ نەکا ئەی باشە کێ هەیە ئەو شتە بکات؟

(دیگۆل) بەلای زۆر کەسەوە وا دێتە بەرچاو کە مرۆیەکی نامۆیە لە دنیای جەنگ و سیاسەتدا تا بڵێی ساردو لە خۆی ڕازیە و بە زەحمەت پیاو تێی دەگا.

ئەمە ڕەنگە بۆ زۆرکەسی تر ڕاستبێ، بەڵام بۆ ئەو پیاوە ڕاست نییە چونکە تا بڵێی پیاوێکی ڕۆح سووکە و بەگەرمی پێشوازیت لێ ئەکا ئەگەرچووبیتە دڵیەوە بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی خۆشی ئەوێن ڕەنگە وا نەبێ، بە بڕوای من ڕەنگە هەر ئەم خاڵەشبێ کە زۆرکەس لەسەری ڕێك ناکەون.

(دیگۆل) هەموو ئەو سیماو خەسڵەتانەی تیادایە کە بەرەگەزی سەرەکی دادەنرێن بۆ سەرکردایەتی سەرکەوتوو لە وولاتانی ڕۆژئاوادا کە لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا دێینە سەر باسکردنیان، ئەم سیماو خەسڵەتانەش زیاتر خۆیان لەم خاڵەدا دەبینن لەوانە هێزی قەناعەت پێهێنان، ڕوونی و ڕەوانی، دەستپاکی و دڵسۆزی لەگەڵ پێداگرتن لەسەر هەق و ئازایەتی سیاسیانە، لەسەر و ئەمانەیشەوە خەسڵەتێکی تری تێدایە ئەویش (توند)یە هەروەکو لەسەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەم بۆ کرد.

بە مانایەکی تر سەربازێکە ئامادەنییە لە پێناوی پلەوپایەدا دەست لە بیروباوەڕی خۆی هەڵبگرێ هەروەکو هەندێ لە سیاسەتمەدارەکان ئەوە پەیڕەودەکەن.

ئەوی ئاشکرایە لە ساڵی 1946دا بە ئارەزووی خۆی دەستی لە کارکێشایەوەو چوو لە ماڵەوە دانیشت تا مەسەلەکان بۆ خۆیان ڕوون دەبنەوە هیچ لەو ماوەیەدا هەوڵی نەدا بە پیلان و فرت و فێڵ دەسەڵات بگرێتەوە دەست، چونکە بڕوای وابوو کە فەڕەنسا بۆ خۆی ڕۆژێ لە ڕۆژان پێویستی پێی دەبێ لەمەیشدا بۆ چوونەکانی ڕاست دەرچوون ئەوە بوو لە ساڵی 1958 میللەت بۆ خۆی داوایکردەوە.

ئێستاش با زیاتر بچینە بنج و بناوانی ئەم پیاوەوە تا بزانین چی لە مێشکیا دێت و دەچێ. پێشتر باسی ئەو وتەیەم بۆ کردن کە ڕووبەڕووی گەلی فەڕەنسای کرد بۆوە لە یەنایەری ساڵی 1960دا سەبارەت بە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە دۆزی جەزائیر، لە قسەو باسێکی دوو قۆڵیماندا داوام لێکرد بە شێوازێکی ئاسانی خۆی ئەو زەحمەتیانەم بۆ ڕوون بکاتەوە کە هاتنە ڕێی کاتێ دەیویست چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە.

لە وەڵامدا گوتی تاقە زەحمەتی سەرەکی کە لەو ڕووەوە دەهاتە ڕێمان خۆی لە ملیۆن و نیوێ فەڕەنسیدا دەنواند کە لە جەزائیر نیشتەجێ بوون، ئەوانە هەموو ژیانیان لەوێ بەسەربردبوو، هیچ دالدەیەکی تریان نەبوو، لە هەمان کاتدا ڕەگی ژیانی ئابووری جەزائیریان پێك هێنابوو، لەم لایشەوە نزیکەی نیو ملیۆن جەزائیری لە فەڕەنسا کاردەکەن و کەس و کاریان بە تەمای ئەو بڕە پارەوپوولەن کە لێرەوە بۆیان دەنێرنەوە ئەگینا ئەوانیش کە خۆیان لە سێ ملیۆن کەس دەدەن لە برسا دەمرن.

## بەڕای (دیگۆل) گرفتەکە چار ناکرێ تا ئەم ڕێگایانە نەگرنە بەر:

1- تەقە ڕاگرتن (ئاگر بەست).

2- ڕاپرسیکی میللی بۆ بڕیار دانی چارەنووس.

3- هەر دوو لا ملکەچی ڕای زۆرینەی بن.

سیاسەتی دیگول لەسەر ئەم سێ خاڵەی سەرەوە بەندبوو بەرای من سیاسەتێکی ماقوڵ و بەجێیە.

ئەو پیاوە بڕوای وابوو کە کێشەی جەزائیر خەرجییەکی قورس و گران دەخاتە سەر فەرەنسا بۆیە دەبێ زۆرینەی سوپای فەرەنسی لە جەزائیر بکشێنەوەو بگەڕێنەوە بۆ فەرەنسا لە ژێر چاودێرییەکی ڕاستەوخۆدا و تا بشکرێ ژمارەیان کەم بکرێتەوە تا لە بری ئەوە پارەیەکی زیاتر بەدەست بهێنرێ و بخرێتە ژێر دەستی هێزەکانی فەرەنساوە بۆ دەستگیرکردنی چەکی ئەتۆمی.

جارێکیان لە بارەی ئەو دووانە (خطبة) بەردەوامیانەیەوە قسەمان دەکرد کە هەمیشە دەیدا بە گوێی گەلی فەرەنسادا تا لەو ڕێیەوە سیاسەتی خۆی و نیازمەندیەکانی خۆی تیا ڕوون بکاتەوە لێم پرسی ئەمە چۆن و تاکەی لە وەڵاما گوتی من لەسەر ئەمە ڕاهاتووم هەر لە سەردەمی جەنگی سەربازیمەوە کاتێ بۆ سەربازەکانم دەدوام و هۆشیارم دەکردنەوە چۆن ئەرکەکانی خۆیان بەجێ بهێنن و لەکاتی شەڕی داهاتوودا دەبێ چی بکەن.

لە دووانی دووەمیدا پاش دووانی یەکەمی سەبارەت بە کێشەی جەزائیر ئەوەبوو لە 31 مایوی ساڵی 1960دا ئەو دووانەیدا و تیایا ئەوەی ڕوونکردەوە کە گەلی فەرەنسا دەبێ چ هەنگاوێ لە مەولا بنێ سەبارەت بەکێشەی ئێستای نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

من لەو کاتانەدا لە سەردانێکمدا بووم بۆ پاریس تاکو لەوێشەوە سەرێکی ئەو بدەم لەم بارەیەوە لێی بپرسم و رای خۆیم پێ بڵێ لە وەڵامدا گوتی گەورەترین مەترسی کە ئەمرۆ بەرەو ڕوومان دەبێتەوە خۆی لە دابەشکردنی جیهاندا دەبینێ کە بۆتە دوو سەربازگای چەکدار یا دوو بلۆك کە لەم بارودۆخەدا چارەنووسی مرۆڤایەتی یا لە مۆسکۆ یا لە واشنتۆن دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێ، بگرە جاری وایە وای بۆ دەچوو کە لە چەند سەعاتێکدا ملیۆنەها خەڵك بە ئارەزووی ئەمانە مەحف بکرێنەوە جا ئەگەر هاتوو جیهان تووشی کارەساتێکی وا مەزن هات ئەوسا ململانێی ئایدۆلۆژی یا گیروگرفتی سنوورەکان چ بەهایەکیان بۆ دەمێنێتەوە.

## بۆیە بۆ ئەوەی لەم مەترسیە خۆمان بپارێزین و بۆ هێنانە دی مەبەستەکانمان دەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنێین:

یەکەم: سووککردنی باری گرژی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەویش بە خولقاندنی کەشێکی دۆستانە لە ڕێی ئاڵۆگۆڕکردنی باری ڕۆشنبیری و گەشت و گوزار و ڕاگرتنی شەڕە قسەو هێرشی ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا، ئەگەر ئەمە نەکرێ ئەوا بێگومان جیهان ڕووبەڕووی جەنگێکی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە، هەروەك ئەوەی ڕوویدا لە کاتی کوشتنی (ئەرشیدوق)دا یا لە شێوەی ئەوەی وەختێ یەکێك ویستی (دانزج) بەریت.

دووەم: دۆزینەوەی هۆکارێکی کاریگەری بۆ چەك داماڵین و ناچار کردنی ئەو دۆخە بۆ چاودێریەکی پتەو و قایم، ئەمەیش لە رۆکێتە دوورهاوێژەکانەوە دەست پێ بکرێ تا دەگا بە موشەکە سەر بە ئەتۆمیەکان. زیاتر لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و گوتی دەبێ کارێکی وابکەین بیرو بۆچوونەکانمان لە یەکتری نزیك بخەینەوە، سەبارەت بە کۆنگرەی (ژنیف)یش باوەڕ ناکەم شتێکی ئەوتۆی لێ

بکەویتەوە، چونکە دەبێ هەنگاوی یەکەممان بۆ ئەوەبێ باری گرژی و شك و گومان لە ناوانەهێڵین پێش ئەمە بەستنی هەر کۆنگرەیەك بۆ چەك دامالێن هیچ سوودێك نابەخشێ.

سێیەم: کارکردن بۆ ڕێکخستنی هاوکاری نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە پێناوی خێری مرۆڤایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی گەلانی دواکەوتوو و یارمەتی دانان لە بوارەکانی ئابووری و فێرکردنـدا، هەروەها شان بە شانی یەکتری بوەستن لە مەیانەکانی توێژینەوەی زانستیدا بۆ ئەوەی دواڕۆژێکی گەشە کردو بۆ هەموو ئادەمیزاد دابین بکەن.

تا ئەو کاتەی ئەم سێ هەنگاوە بەدی دێن، دیگول سیاسەتێکی تایبەتی گرتە بەر ئەویش ئەوەبوو کە دەبێ فەرەنسا پشت بە خۆی ببەستێ و لەسەر پێی خۆی بوەستێ، هەروەها دەبێ هەوڵ و کۆششێکی زۆرتر بدا هەروەکو لە ساڵی 1940دا دای. بەئاشکراش دەیگوت ئەگەر ڕۆئاوا بیەوێ ئەم هاوپەیمانێتیە بەڕاستی بپارێزی دەبێ فەرەنسا بۆ خۆی کەسایەتی سەربەخۆیی خۆی بخولقێنێ.

بەواتایەکی تری ئەگەر هەندێ لەو دەوڵەتانە چەکی ئەتۆمی خۆیان هەبێ ئەوا دەبێ فەرەنساش لەو چەکە ئەتۆمییانەی هەبێت بۆ ئەوەی پشت بە خۆی ببەستێ بۆ بەرگری کردن لە خەڵك و خاکی خۆی. ئەمەو فەرەنسا باوەڕی وایە کە سەرەڕای ئەوەی ئامادەیە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بکات لە هەمان کاتا وای دەبینێ کە چارەنووسی فەرەنسا دەبێ بەدەست هاووڵاتیانی خۆیەوە بێت پیاو بە زەحمەت دەیتوانی پێچەوانەی بۆچوونەکانی بکات، لە راستیشدا من بۆ خۆم دڵسۆزانە پشتگیریم لەو سێ هەنگاوانەی دەکرد کە پێشتر باسمان لێوەکرد.

جارێکیان لەگەڵ دیگولدا باسی نەتەوە یەکگرتووەکانمان دەکرد هەستم کرد بایەخێکی ئەوتۆی بۆ ئەو کۆمەڵەیە دانەدەنا، ڕای وابوو کە کاریگەری خۆی لە دەستداوە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبووبێ.

بەرای ئەو دەنگەکان هاوسەنگییان تێکچووە، هەر بۆ نموونە ئەگەر ژمارەی ڕەشپێستەکان لە چاو ژمارەی دانیشتوانی جیهان دا بگاتە 7٪ دەبینین لە ماوەی چەند ساڵێکی تردا زۆر لە دەوڵەتان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دێنن و دەچنە ناو ریزی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەوسا ئەم ڕێژەیە (واتە 7٪) نزیکەی لە 28٪ هەموو دەنگەکانی ناو کۆمەڵەی گشتی بەدەست دێنێ، لە لایەکی تریشەوە دەبینین (چین) کە نزیکەی چارەکێکی دانیشتوانی جیهان دەبێ تائێستا تاقە دەنگێکی نییە و تائێستاش نەبۆتە ئەندام لە ناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا (دیارە مەبەست ئەو سەردەمەی دیگول).

زۆرجار حەزم دەکرد لە بابەت شەڕی هیتلەریەوە و توویژی لەگەڵدا بکەم. ئەوەبوو جارێکیان لێم پرسی ئەنجامەکان بەچی دەگەیشتن ئەگەر بهاتایە و (جورت) لە مایوی ساڵی 1940دا ئەو ڕێنماییانەی جێبەجێبکردایە کە لەلایەن وەزارەتی جەنگیەوە لە لەندەن بۆی دەرچووبوو کاتێ لەلایەن (نیرنسید)ی فەرماندەی هێزەکانی ئیمپراتۆریەتەوە پێی راگەیەندرا کە ئەویش بریتی بوو لەوەی (جورت) بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بکەوێتە رێ تا لەگەڵ هێزەکانی فەرەنسادا لە باشوور یەك بگرنەوە دیگول وەڵامی دامەوە کە ئەو کارە هیچی لە بارودۆخەکە نەدەگۆڕی و بگرە (جورت) چاکی کرد کە ئەو ڕێنماییانەی ڕەتکردەوە و وای بە باشزانی لە ڕێی (دەنکرك)ەوە بگەڕێتەوە بۆ لەندەن، چونکە کاتێکی زۆر بە سەرچوو بوو کە هەنگاوێکی ئەوتۆ بنرێ، دەبوو پاش ئەوەی کارەساتەکە ڕوویدا بەو جۆرە ڕەفتاربکرێ ئەوەی دەکرێ ڕزگاربکرێ با رزگاربکرێ تا هەلێکی تری لە بار دەرەخسێ بۆ شەڕێکی ئاینده. کە واتە ڕاسترین چارە لە هەڵوێستێکی وا دژاواردا هەر بەوە دەکرا کە سوپای فەرەنسا بکشێتەوە

بەرەو باکووری ئەفریقیاو سوپای بەریتانیش بکشێتەوە بۆ ناو ئینگلتەرا. هەر لەم ڕووەوە پشتگیری لەو رایەی چەرچڵ کرد کاتێ بەوە قایلنەبوو فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیا لە ناو فەرەنسادا بمێنێتەوە و بەتایبەت کاتێ کە بارودۆخەکە بەرەو سەختی دەچوو.

هەر لەم بارەیەوە سوپای فەرەنسا لە باکووری ئەفریقیا دەیتوانی یارمەتی بەریتانیابدا لە جەنگدا دژ بە هێزەکانی جەمسەر نەك وا بکات هێزەکانی بەریتانیا بەتاقی تەنیا ئەو شەڕەبکەن هەروەکو پێشتر ڕوویدا، ئەمەش کارێکی پەسندە ناکرێ مەدەنیەتی ڕۆژئاوا ئەمە لە بیر بکات. ویستم ئەم وتووێژە وەرچەرخێنم بەرەو پڕۆژەی (بانگەوازی یەکگرتن) کەکاتی خۆی حوکمەتی بەریتانی لە 16 یۆنیوی 1940 پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی فەرەنسای کردبوو کە ئەوسا بە سەرۆکایەتی دیگول بەڕێوەدەچوو.

## ئەمەی خوارەوە پوختەی پڕۆژەکەیە:
## (بانگەوازی یەکگرتن)

(لەم کاتە ناسکەی مێژووی جیهانی هاوچەرخدا هەردوو حکومەتی یەکگرتوو (بەریتانیا) و حکومەتی کۆماری فەرەنسی بڕیاریاندا یەکگرتنێکی دوو قۆڵی پێکبهێنن کە لێکپچڕانی تێ نەکەوێ، لە هەوڵ و کۆششی ئەوەیشدابن کە داد و ئازادی بپارێزن دژ بە هەموو ئەو کردەوانەی لە بەهای مرۆڤ کەم دەکەنەوە یا پاڵی پێوە دەنێین بەرەو ژیانی زەلیلی و دیلێتی بچێ.

(هەر دوو حکومەتی فەرەنساو بەریتانیای مەزن ببنە یەك میللەت لە ژێر ناوی یەکگرتنی فەرەنسا و بەریتانیادا).

(بەپێی دەستوری ئەم وڵاتە یەکگرتووە بڕیار دەدرێ کە سیاسەتی دارایی و ئابووری و دەرەوە و بەرگری یەك بخرێ).

(هەموو هاووڵاتیەکی فەرەنسی بۆی هەیە دەم و دەست ڕەگەزنامەی بەریتانی وەربگرێ هەروەها هەموو هاووڵاتیانی بەریتانیش بە هاووڵاتی فەرەنسی دادەنرێن).

(هەردوو دەوڵەتەکە بەرپرسێتی ئەوە لە خۆدەگرن کەسەر لە نوێ نۆژەن کردنەوەی ئەو شوێنانە بگرنە ئەستۆی خۆیان کە لە ئەنجامی شەڕدا لە خاکەکەیاندا خراپ بووە، بە جۆرێ هەر یەکەیان بەشێکی یەکسان لە بودجەی خۆی تەرخان بکات بۆ ئەم مەبەستە)

(لە کاتی بەرپابوونی شەڕیشدا، حوکمەتێکی جەنگی پێکدێ لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی هێزەکانی پیادەو دەریایی و ئاسمانی بەریتانی و فەرەنسی بکات).

ئەم حوکمەتە دەسەڵاتی خۆی بەڕیوە دەبا لەو شوێنەی خۆی دەستنیشانی دەکات هەروەها هەردوو پەرلەمانی بەریتانی و فەرەنسی تێکەڵ بەیەکدی دەبن، گەلانی ناو ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بۆیان دەبێ سوپای خۆیان پێکەوە بنێن بەڵام فەرەنسا تا بۆی بکرێ چاودێری هێزەکانی خۆی بکا لە شوێنە وشکانی و دەریایی و ئاسمانیەکاندا ئەمەو ئەم حوکمەتە یەکگرتوە بۆی هەیە داوا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکات پاڵپشتی بکات لە ڕووی ئابوورییەوە هەروەها دەستی یارمەتی کاریگەری بۆ درێژ بکات بۆ ئەم مەبەستە)

(ئەم حوکمەتە یەکگرتووە هەموو وزەو توانایەکی خۆی تەرخان دەکا دژ بە هەموو دەستدرێژییەك، بێ ئەوەی گوێ بداتە شوێنی بەرپابوونی جەنگەکەش).

(بەم چەشنە ئەنجامی سەرکەوتن بۆ ئەم هاوپەیمانیەمان دەبێ).

ژەنەراڵ دیگول پێی ڕاگەیاندم کە بیرۆکەی پێکهێنانی ئەم حکومەتە یەکگرتووە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێزدار مونیە(هەر ئەویش بە ژەنەراڵ دیگولی ڕاگەیاندوە کە کاتێ بەرەو لەندەن دەکەوتە ڕێ بۆ وتووێژکردن لەگەڵ (چەرچڵ)دا لەسەر گیرو گرفتی بارهێنان و باربردندا ئەم بیرو بۆچوونەش

تـاوتویٚ بکـات لەگـەڵ حکومـەتی بـەریتانیادا تـا ڤایـل بـیٚ پیٚـی و بڕیارەکـە بنێردرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی فەرەنسا کە ئەوسا بە سەرۆکایەتی مـسیو (بـول رینـو) بەڕیٚوەدەچـوو لـە (بـوردو) کـە ئـەمانیش لەلایـەن خۆیانـەوە بڕیارەکـەیان رەتکـردەوە کـاتیٚ خرایـە بەردەسـتیان، لـەم بارەیـەوە (چەرچـل) نووسیویەتی دەڵیٚ: "کەم رێك دەکەویٚ بڕیارێکی وانەرم بـەم شـێوەیە بـەرەنگاری بکرێتەوە".

لەم بارەیەوە ڕای دیگۆلم پرسی لەسەر ئەم حکومەتـە و ئایا هـیچ هـەلێکی وا هەیە حکومەتی (بوردو) پێی ڤایلبیٚ لە وەڵاما دیگول پێی ڕاگەیاندم کە هیچ لەو باوەڕەدانییـە کـە حکومـەتی (بـوردو) بـەم کـارە ڤایـل بێـت، بەهـەرحاڵ باشـی و مەترسی بیروبۆچوونەکە کارێکیانکرد کە مەسـەلەی ڤایلبوون پـیٚ دەچـیٚ بـچێتە خانەی مەحاڵەوە.

دیگول بۆخۆی هزری پێکهێنانی ئەم حکومـەتی یەکگرتنـەی پـیٚ باشـبوو لـەو ڕوانگەیـەوە کـە وەك خـۆی نـاوی لیٚ نـابوو ئەشـیٚ (هیدمەیـەکی دەروونـی) بـۆ وەزیرانی فەرەنسا دروستبیٚ، بەڵام سەبارەت بە گـەلی فەرەنـسا ئەشـیٚ ریزەکانیـان پـیٚ یـەك بخـات کـە هـیچ نـەبیٚ پەرەنـسیبی خۆبەدەسـتەوەدان دوابخـات، کەچـی کاروبارەکە بە پێچەوانەی ئەمـە سـەری هەڵـدا پاشـان لـێم پرسـی ئایـا ئەگـەر لـە سەربۆچـوونی یەکگرتنەکـە ڤایلبوونایـە هـیچ ئـەنجامێکی دەدا لـە وەڵامـدا گـوتی بۆچوونی یەکگرتنەکە بڕیارێکی کردەنـی (عملی) نـەبوو، ئەشـیٚ ئـەم یەکگرتنـە رایکێشایانایە بۆ ململانێیەك کۆتایی نەیەت لە سەر بابەتی شانشینی بـەریتانی و کۆمـاری فەرەنـسیداو چـۆنیەتی هاوسـەنگکردن لـە نێوانیانـدا ئەمـە لەلایـەك لـە لایەکی تریشەوە مەسەلەی پەرلەمانی بـەریتانی و کۆمەڵەی فەرەنـسیەوە، ئەمـە جگـە لـە زۆر بابـەتی تـری یاسـایی و چـەندین گرفتـی وا کـە ئـەم یەکگرتنـە دەیوروژاند. زیاتر لەسەر ڤسەکانی ڕۆیـشت و گـوتی بـەم چەشـنە ئـەم یەکگرتنـە سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. ئەمە جگەلـەوەی کـە (چەرچـل)یـش بـاوەڕی بـە

سەرکەوتنی نەدەهێنا، پاشان من بۆخۆم لەم بارەیەوە راوبۆچوونی (ونستن چەرچل)م وەرگرت سەرنجمدا بۆچوونەکانی زۆر لەگەڵ بۆچوونەکانی (دیگول) یەك دەگرنەوە.

زۆر سەرسام بووم بە بۆچوونەکانی (دیگول) سەبارەت بە یەکێتی ئەوروپی، ئەو باوەڕی وابوو کە یەکێتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا یا خود ئەوروپای فیدرال، زەحمەتە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێتە کایەوە، ئەم بۆچوونەشی لە سەر ئەوە بنیات نابوو کە گەلانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ئێستاکە ئەو ترسەیان لە هەڕەشە سەربازییەکانی رووسیا نەماوە، چونکە ئەم جۆرە هێرشە سەربازییانە زەحمەتە لەم ڕۆژانە بە ئەنجام بگەن لەبەر ئەمانە زەحمەتە ئەمڕۆ یەکێتەیەکی فیدراڵی بێتە ئاراوە، بۆیە باشتر وایە ئەم گەلانە یەکێتیەکی ئابووری تاقیبکەنەوە وەکو بۆ نموونە بازاڕی ئەوروپی (هاوبەش) ئەوجا کاتێ ئەم یەکێتییە نەشونما دەکا و جێ پێی خۆی قایم دەکا ئەوسا پاش چەند ساڵێك وردە وردە و لە سەرخۆ بەرەو ئەوروپایەکی کۆنفدرالی هەنگاودەنێ. لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆمم لا ئاشکرا کرد و گوتم لە ئەنجامی ئەو سەردانانەم بۆ ناو گەلانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوادا باوەڕناکەم مەسەلەی پێکهاتنی ئاوروپای کۆنفدرالی بێتەدی.

پاشان دیگول بایدایەوە بۆ بابەتێکی تری، ئەو باوەری وایە کە پاش ماوەیەك یا پاش بیست ساڵی دی و بگرە زیاتر شێمانەی ئەوە هەیە هەڕەشەیەکی نوێ لە (ئاسیا)وە سەرهەڵبدا لەم بارەوە دەبێ ئەوروپا یا یەکبگرن یا خود ملکەچبن بۆ ئەم هەڕەشەیە. لە سەرئەم رایەی دیگول ئەم بۆچوونەم لا دەربری و گوتم لە سەردانێك بۆ وڵاتی (چین) و قسەکردنم لەگەڵ گەورە پیاوانی ئەوێ و بەچاوی خۆم هەژاری و دواکەوتوویی گەلی ئەو وڵاتەم بینی لەبەرئەوەی (چین) گیروگرفتێکی ناوخۆی هەیە وتا بیست ساڵی تریش و بگرە زیاتریش ئەشێ پێوەی بتلێتەوە تا تێپەربوونی ئەو کاتە پیاو ناتوانێ هیچ پێشبینیەکی ئەوتۆ لەسەر ئەو وڵاتە دامەزرێنێ.

لە یونیۆی ساڵی 1960دا لە (دیگول)م پرسی دەبێ کێ سەرکردایەتی ئەوروپا بکاو دەنگی گەلانی ئەوروپا یەك بخا و کاریش بە پەرەنسیبی ئەو سیاسەتانە بکات کە ئەم نەخشەی بۆ داناون و هێڵی بۆ کێشاون؟ من بۆ خۆم پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئەشێ لە ژێر سەرکردایەتی فەرەنسادا ئەم کارە بەدی بێت و ئەو بتوانێ گەلانی ئەوروپا بەرەو ئەو یەکێتیە بەرێت کە ئەمڕۆ ئێمە زۆر پێویستمانە، ئەوەیشم لاشاشکراکرد کە ئێمەی بەریتانیەکان زیاتر لۆمە و سەرزەنشت هەڵدەگرین، چونکە ئێمە تاقە دەوڵەتێکین کە تا ئێستا شکستیمان نەخواردوەو داگیر نەکراوین، ئەشیا دوای شەڕی هیتلەری ئێمە سەرکردایەتیمان بگرتایەتە دەست بەڵام ئێمە زیاتر خۆمان بەکێشەی ناوخۆی خۆمانەوە خەریك کرد و لەم بیری سەرکردایەتیە دوورکەوتینەوە. دیارە فەرمانی مێژوویش لەم بارەیەوە بەرامبەرمان قورس و گران دەوەستێتەوە لەمەیشا مێژوو هەقی خۆیەتی. هەر لەم ڕووەوە سەرسامی خۆم دەربڕی بەرامبەر بەو بۆچوونانەی هەیەتی سەبارەت بە یەکێتی ئابووری کەڕێ خۆشدەکا بۆ یەکێتیەکی سیاسیانە، چونکە ئەو گرفتانەی تووشی گەلانی ڕۆژئاوا دەبنەوە شێوە گرفتێکی سیاسین پێش ئەوەی شتێکی تربن.

بۆیە توانەوەی ئابووری و دەستەجەمعی سەربازی نایەتەدی تا لایەنی سیاسی ناو گەلان گەشە نەکات و ئەم گەشەکردنەش بەم دەم و دەستە نایەتەدی.

هەروەها لە بارەی پەیمانی باکووری ئەتلەنتیشەوە بیروبۆچوونی خۆمم بۆ ڕوونکردەوە وام ڕاگەیاند کە بنیاتی سیاسی و سەربازی (ئەم پەیمانە) پێویستیەکی زۆر بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە بێ ئەویش هیچ گرفتێك لەو گرفتانە چارەسەر ناکرێن کە لەم ڕۆژانەدا بەرەو ڕوومان دەبێتەوە.

لەهەموو چاو پێکەوتنەکانم لەگەڵ (دیگول)دا کاتێ لێی جیا دەبوومەوە هەستم بە متمانەی زیاتر دەکرد بەرامبەری هەموو جارێکیش سەرسامیم بە کەسایەتی ئەو پیاوەو ڕادەی زیاتر و مەزنی ئەوم لە لا گەورەتر دەبوو.

ئەو وای دەبینێ کە پێویستە بەرفراوانی لە خەرجکردنی ئابوریدا هەبێت و لە پاڵیشیادەبێ دەست بە زۆر شتەوە بگرین هەروەها دەبێ چۆن ئاڵوگۆڕی سەردانی یەکتریمان لە نێواندا هەیە ئاوهایش ئاڵوگۆڕمان هەبێ لە ڕووی بازرگانیەوە، ئەمەو دەبێ هەوڵ بدەین کێشەکانمان لە بەردەمی گەلانی ئەوروپادا بە ئاشکرا و زۆر بە دەستپاکیەوە بخەینە ڕوو، دەبێ ئەوەیش بزانین کە هەڕەشەکردن لەلایەن رووسیاوە بەدوور دەزانرێ و پێویستە هەوڵبدەین کارە سیاسی و ئابورییەکانمان لەسەر بنچینەیەکی ساغ و سەلیم بنیات بنێین، ئەوی ڕاستیبێ بۆچوونەکانی ڕاست و دروستبوون.

من بۆ خۆم بەلای ئەوەدا دەچم کە ئایندەی هاوپەیمانی فەرەنسی و جلەوگرتنی ئەو لە ناکۆکیەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا زیاتر پابەندە بە (دیگول)ەوە ئەو پیاوە سەرکەوت لە خولقاندنی هۆشیاری و بە ئاگاهێنانەوەیەکی نوێ لە فەرەنساداو توانی گیان و کەرامەت بۆ گەلەکەی بگێڕێتەوە.

ڕاستیەکەی ئەوەی ئەم پیاوە بۆ فەرەنسای کردوە دەکرێ بڵێین زۆر مەزنە چونکە فەرەنسیەکان بۆ خۆیان میللەتێکی مەزنن جا بێگومان میللەتێکی وا ئەگەر کاری سەرکردایەتی بەدەست خۆیەوەبێ دەشێ لەوە بگەین کە جیهان پێویستی بە تێگەیشتن و لێهاتوویی ئەم دەبێ.

## پرسیارەکە ئێستا ئەمەیە:

ئایا (دیگول) دەتوانێ ڕووبەڕووی ئەم ئەرکە گەورەیە بێتەوە، باری تەندروستی مۆڵەتی ئەوەی پێ دەدا؟

هەرچەندە زۆرجار دەبینی بە تایبەتی پاش ئەوەی لەو گۆشەگیریەی گەڕایەوە بۆ ئەوەی بناغەی کۆماری پێنجەم دابڕێژێ و ئەوسا لەوپەڕی تەندروست باشیدابوو، پڕبوو لە چالاکی و متمانە بەخۆکردن. ئەو بۆخۆی

دەزانێ چی دەوێ و تواناو سوربوونیشی لە خۆیدا شکدەبرد بۆ جێبەجێکردنیان، ئەمەو بیرتیژییەکەی کە ئەشێ هەندێ بە چەوتی بۆی لێکبدنەوە بەڵام لەلای من ئەوپەڕی ساغە و هیچ هەراسانیەکی پێوە دیارنییە. هەروەها من باوەڕم وایە کە ئەم پیاوە بۆ ماوەی دە ساڵی تریش بەلانی کەمەوە بە کەڵکی ئەوە دێ ئەم ئەرکە قورسە لە ئەستۆ بگرێ (ئەرکی سەرەك کۆماری) بۆیە بوونی پێویستە مادامەکی تائێستا کەسێکی  تری وەك ئەو لە ئاسۆوە بەدەرنەکەوتوە جێی ئەو بگرێتەوە. (ئێستا کە ئەو لە تەمەنی هەفتاویەك ساڵی دایە.)

بە کورتی و بە پوختی ئەم پیاوە هەموو خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدایە لە وانە هێمنی لە کاتی توندیدا، خۆڕاگری لە کاتی کشانەوەداو لە کات و ساتی خۆیدا تا هەلێکی تری بۆ برەخسێ تیایا بیربکاتەوە. لەسەرو ئەمانەیشەوە تواناو هێز و ئازایەتیەکی وەهای تێدایە کە بە ئاشکرا ئەوەی دەیەوێ پێت بڵێ بۆت دەربڕێ، هەروەها دەتوانێ نەخشەی سەرەکی خۆیت بۆ دابڕێژێ بێ ئەوەی بهێڵی بەشتی لابەلاوە نەخشەکەی لێ تێك بچێ. بۆخۆی پیاوێکی ئازادە و لە بۆتەیەکی بێ وێنەیە ئەمرۆکەم سەرکردەی سیاسی وا هەن ئەم خەسڵەتانەیان تیابێ بە تایبەت بوێری و ئازایەتی.

سەرەڕای ئەوەیش دیگول پشت بە خێزانەکەی دەبەستێ چونکە لە ڕاستیدا ئەو خانمە زیرەکانە دەتوانێ لە کۆشکی (ئەلیزیە) پێشوازی لە میوانەکان بکات و جۆرە کەش و هەوایەکی خۆشی بخاتە دڵ و دەروونی خەڵکیەوە بە تایبەتی بەو پێکەنینانەی کە لە ناخیەوە هەڵدەقوڵێن.

بە بڕوای من (دیگول) ئەمرۆ بە یەکێ لە سەرکردە مەزنەکانی چەرخی نوێ دادەنرێ.. سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسیەکی مەزنە لە جیهانی ڕۆژئاوادا بۆیە نەك فەرەنسا بەڵکو ئەوروپایش ناتوانێ دەستبەرداری بێ.

## بەشی هەشتەم

## ونستون چەرچل

پێویست بەوەناکات باس لە سەرەتاکانی ژیانی ئەم پیاوە مەزنە بکەین، چونکە گەلێ کتێب بلاوبوونەتەوە باس لە ژیانی دەکەن، ڕەنگە باشترین کتێب لەم بارەیەوە بلاوبووبێتەوە کتێبی(سەرەتاکانی ژیانم) کە لە نووسینی خۆیەتی و بەیەکێ لە شاکارە ئەدەبیەکان دادەنرێ.

یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ(چەرچڵ)دا دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی ساڵی 1940 پاش ئەوەی لە (دەنکرك) گەڕامەوە کە ئەوسا لە پلەی فەرماندەی تیپی سییەمدا بووم لەو ڕۆژانەدا هەندێ لە پیاوانی سیاسەتمدارم ناسین هەر چەندە خۆشیم پێیان نەدەهات.

چونکە باوەڕم وابوو کە ئەوان بەرپرس بوون بەرامبەر بەو زەحمەتیانەی ڕووبەڕوومان دەبوونەوە، کەچی ئەوی ڕاستیبێ کاتێ چاوم بەم پیاوەکەوت هەموو بۆچوونەکانم پێچەوانەبوونەوە، هەر ئەوسا هەستمکرد کە ئەم پیاوە چەشنێکی تره و پیاوێکی بەهێمەت و بەتاوە، ڕێی خۆشی باش دەناسێتەوەو بایی ئەوەندە ئازایەتی تێدایە و خاوەنی گوروتینێکی وەهایە کە بتوانێ تا کۆتایی ڕێ بەردەوام بێت.

ئازایەتی بە بڕوای ئەم پیاوە یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە دەبێ مرۆڤ هەڵگریانبێ، ئاشکراشە دوو جۆر ئازایەتی هەیە ئازایەتی مادی و ئازایەتی مەعنەوی، ئازایەتی مادی ڕەنگە لە هەموو کەسێکا نەبێ، ئازایەتی مەعنەویش ئەگەر پیاو بیەوێ لە ناخیا پەروەردەی بکات دەبێ بەگوڕو تینەوە بەدوای شتێکا عەودالبێ کە باوەڕبهێنێ ئەو شتە هەق و ڕەوایە. هەر بۆیە دەبێ کەسانی سەرکردایەتی هان بدەین ئەم ڕێبازە بگرنەبەر.

ئـەوی ڕاسـتیبیّ (چەرچـڵ) ئـەم دوو جـۆرە ئازایەتیـەی تێـدابوو، واتـە هـەم ئازایەتی مادی و هـەم ئازایـەتی مەعنـەوی تێدابوو، زۆرجـار ڕێزپـەری (تطـرف) دەکـرد لـە ئازایەتیـدا و هەنـدێ جـاریش جـۆرە مامناوەندیـەکی دەنوانـد لـەم خەسڵەتەیدا.

بەهەرحاڵ ئەم خەسڵەتەی بە ئاشکرا پێوە دیاربوو زیاتریش لـەکاتی جەنگـدا بە دیاردەکەوت و لەکاتی ئاشتیشدا لە هەڵوێستەکانیدا لەناو ئەنجومـەنی گشتیدا (مجلس العمـوم) بەدەردەکـەوتن. تەنانـەت لـە کـاتی نەخۆشیـشدا پێـوەی دیـاربوو چونکە دەمانبینی چۆن لە گەرمەی نەخۆشیدا تێدەکۆشـا، بـەردەوام بـوو لـەکاری ڕۆژانـەیدا و ئەرکـەکانی خـۆی بـە باشـی بـە ئـەنجام دەگەیانـد. توانایـەکی لـەڕادە بەدەری تێدابوو لە دەرککردن بەشتەکان هەنـدێك دەڵـێن لـە ئـەقڵ بـەدەربوو لـە تێگەیشتن و دەرککردنـی بۆچوونەکاندا لەمەیـشدا ڕاسـتی بۆچـووبوون بـەکورتی دەتوانین بڵێین هیچ شتێ نەبوو پشتی ئەم پیاوە سارد بکاتەوە و لە ئیرادەی کـەم بکاتەوە.

لەڕووی کاری سەربازیشەوە زۆرشتی لـەبارەی جـەنگ و نەخـشەدانان دەزانـی، ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆخۆی سەربازێك بووە لە نموونـەی سـەربازانی ئـەو ڕۆژە، ئەمـە جگە لە شارەزایی و پـسپۆری لـە کاروبـاری حوکمەتیـدا لـە کـاتی شـەڕی یەکـەمی جیهانیـدا، ئەمـە و یـەکێکیش بـووە لـە مـەزنترین ئارەزوومەنـدانی توێژینـەوەی مێژوو.

پوختەی قسە لەوەدایە کـە ئـەم پیـاوە هەمیـشە تێڕوانینـەکانی بەرامبـەر بـە مەسـەلە سـتراتیژییە، گرنگـەکان ڕاسـت دەردەچـوون، لـە پـاڵ ئەوەیـشا هەمیـشە سـەبارەت بەشـتە کـەم بایەخـەکان تووشـی هەڵـەدەهات بەتایبـەتی لـە کارەکـانی بواری تاکتیك و ئەو کارانەی پەیوەندی تایبەتیان بە ڕێکخستنەکانەوە هەبوو.

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیـشدا دەبیـنین لەکاتـە سـەخت و دژوارەکانـدا وەکـو سەرکردەیەکی نیشتمانی هەڵدەکەوێ و دەگاتە ئەو پەڕی لووتکەی سەرەوەری بە

تایبەتی لەو کاتانەدا کە چارەنووس و بوونی میللەت لە ژێر شالآوی هەڕەشەدا دەبێت لە ساڵی 1940دا، ئەو کاتە گەلی بەریتانیا هەر چەندە ورەیەکی بەرزی تێدابووە بەڵام پێویستی بە یەکێك بووە، کە پاڵپشتی بکات و هەستی بوروژێنێ، لێرەوە دەبینین چۆن ئەم پیاوە بە دووانەکانی (خوتبەکانی) لەڕێی ئیستگەی ڕادیۆی بەریتانیەوە ڕاستی ئەو مەترسیانەی هەڕەشە لە چارەنووسی میلەت دەکەن دەخستەڕوو بەم چەشنە قسەکانی لە ماڵ بەماڵی ئینگلیزەکان دەنگی دەدایەوە و دەچووە ناو وڵاتەوە، ئاوا باوەڕو متمانەی بۆ خەڵکی دەگێرایەوە، هەمووومان لەو ڕۆژانەمان لە بیرەکاتێ بە دیار ئێستگەوە دادەنیشتین چاوڕوانی دووانەکانی ئەو پیاوەماندەکرد لە ڕۆژانی شەڕی هێتلەریدا، ئەو دووانە مەزنانەی هێز و ورەیان دەخستەناو دڵ و دەروونی میللەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم پیاوە نموونەی پیاوێکی بەریتانی سەر ڕاست و دڵ قایم بوو بەموو لە بیروباوەڕی خۆی لای نەدەدا و ڕێی بە گەردەلوولی ناوەخت نەدەدا کار بکاتە سەر ورەو تاقەتی، ئیتر ئەکرێ بڵێین لەکاتی تەنگانەدا وەك بەرد ڕەقبوو نەرم نەدەبۆوە، لە هەمان کاتا باوەشی هێمنایەتی بۆ هەمووان دەکردەوە تا لەکاتی گێژەلۆکەدا بیانپارێزێ.

کاتێ لە ساڵی 1940دا گێژەلۆکە هەڵی کرد بە سەرمانا مەترسیەکی ترسناکی لەگەڵ خۆیا هێنا کەچی ئەم پیاوە توانی ڕوو بە ڕووی ئەم ڕەشەبایە ببێتەوە، ئەو ساکە هێشتا وڵاتە یەکگرتووەکانی هاوپەیمانمان نەچووبووە ناو شەرەوە لە ڕاستیشدا تا ئەو کاتانەی هێرشی ڕاستەوخۆی نەکەوتەسەر لە (بیرل هاربەر) هێشتا وەکو بە تەواوی نەچووبووە ناو شەرەوە بەم خۆڕاگریە و بەم بارودۆخەی کە وای نیشاندەدا دۆڕاوین (ونستون چەرچڵ) توانی مەدەنیەتی ڕۆژئاواو وڵاتە یەکگرتووەکان بپارێزێ.

کاتێ کە شەر کڵپەی سەند ئەو شەڕەی هێتلەر و موسولینی و ژاپۆنیەکان ئاگرەکەیان خۆشدەکرد ئەم (چەرچڵ) لەناخەوە وەك مەنجەڵ دەکوڵا و

هەوڵیدەدا هەرچی لەبەر دەمیا بوەستێ ڕایماڵێ، ئەی هەر ئەم ئاگرە نییە ئەوەتا چەند ساڵێکی دوور و درێژە لە شەری هیتلەریدا ئێمە پێی دەسوتێین، بەڕاستی ئەم پیاوە لەو ساڵەدا (ساڵی 1940) پیاوی ڕۆژی تەنگانەبوو بەم چەشنە ناو و ناوبانگ و هێزی لەناو هەموو سەرکردەکانی دنیادا دەنگی دایەوە و بووە دوا ئومێدی سەرکەوتنمان ناتوانم سەرژمێری هەموو ئەو سەرەك حکومەتانەت بۆ بکەم کە جڵەوی میللەتەکەیانیان بە درێژایی ئەم دووسەدەی ڕابردوودا گرتۆتە دەست بەڵام دەتوانم بڵێم بلیمەتەکانی نێوانیان زۆرکەم بوون، هەر لەبەرئەوە سەبارەت بە سەدەی بیستەم هەر دەتوانم ناوی دوان لەوانەتان بۆ ئاشکرا بکەم ئەوانیش (لوید جۆرج) و (ونستون چەرچڵ) هەلم بۆ هەڵنەکەوتووە چاوم بە (لوید جورج) بکەوێ بەڵام دەتوانم بڵێم (ونستون چەرچڵ) کەسایەتیەکی هەڵکەوتووبوو هەروەها پیشەوایەکی نیشتمانی بوو گەیشتبووە لووتکە. بۆ یەکەم جار لە شاری (دنکرك) بەخزمەتی گەیشتم لەو پەڕی مەزنیدابوو هەروایش مایەوە تا کۆتایی ساڵی 1943 و پاشان تەندروستی بەرەو تێکچوون دەچوو، زۆرجار تا پێش شەرەکەی (نورماندی)یش دەمدی، ئیتر لە ساڵی 1945دا خۆی خانەنشین کرد.

ونستون چەرچڵ توانی لە گەرمەی ترسناکترین جەنگی مێژوو‌ییدا سەرکردایەتی گەلی ئینگلیز بکات، قەت دەستی لەکار هەڵنەدەگرت نەزانراوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مۆڵەتی وەرگرتبێ لەبەرهەر هۆیەك لە هۆیەکانیش بووبێ، زۆر ڕقی لە هیتلەر و رقی لە بیروڕاکانی دەبۆوە، ڕەنگە هەر ئەمەیش بووبێ کە بە سوربوون و بێ پچڕان سەرقاڵی کاربووبێ، جارێکیان پێم گوت بۆ مۆڵەتێك بۆ خۆت وەرناگری و کەمێ بحەوێیتەوە، زۆر توڕەبوو ئیتر لەوە بەدوا هەولێکی وام لەگەڵیا دووبارەنەکردەوە ئەم پیاوە لەگەڵ تەواو بوونی جەنگ پەیامەکەی ئەمیش تەواوبوو کاتێ کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1945 بەدەرکەوتن سەردانێکم کرد لەوێ واهاتە بەرچاوم کە ماندووە و پێویستی بە حەسانەوە

هەیە پاش ئەوەی باری قورسی سالانی جەنگ پشتی چەماندبۆوە، بەهەرحاڵ ئەو حەسانەوەیەی بەدەست هێنا کە پێویستیبوو تا پاش شەش ساڵی تر جارێکی تر بێتەوەکایە و سەرکردایەتی میللەتەکەی بکات.

ئێستا با هەوڵی ئەوەبدەین بە چاوێکی دیقەتەوە لەم پیاوە بڕوانین و کەسایەتی ئەو شیی بکەینەوە.

هاوڕێتی ڕاستەقینەی من و ئەو لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگەوە دەستی پێکرد، بە بڕوای خۆم باشی دەناسم مەبەستم ئەوەیە کە وەك (پیاو) دەیناسم نەك هەر تەنها وەکو سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لە کاتی جەنگدا.

بەڕاستی هاورێیەکە هەقی تەواوی هاوریەتی دەبەخشێ، زۆرکاری تێکردم سەرەرای ئەوەی ناحەزەکانی زۆریان لەسەر هەڵدەبەست، قسە بێژێکی لێهاتووبوو، ئەیتوانێ سەرنجت بەلای خۆیا ڕابکێشێ کاتێ کە باسی یادەوەریەکانی خۆی بۆ دەکردی لە کۆلێژی (ساندهرست) یا کاتێ کە باسی شەڕی (ئوم دەرمان)ی بۆ دەکردی یا چۆن لە شەڕی (بۆیر)دا بەدیلگیراوە، یان چۆن توانیوەیەتی لەدیلێتی هەڵبێت، زۆرجار ئەوەندە حەزم بەقسەکانی دەکرد تا درەنگانێك بەدیاریەوە دادەنیشتم و کاتی نووستنم لەبیردەچۆوە، ئای کە بەختەوەربووم بەو لە بیرچوونەوەیە.

زۆر بە باشی باسی لە کەسایەتیە سیاسی و سەربازییەکانی هاوچەرخی خۆیدەکرد و بەپاکی رەخنەی لێدەگرتن کتێبێکی لەم بارەیەوە بە چاپ گەیاند لە ژێر ناوی (ناودارەکانی هاوچەرخ) یەکەم چاپی لە ساڵی 1937دا بلاوبۆوە.

(ونستون چەرچڵ)یش وەك هەموو کەسێکی تر هەڵەی هەبوو هەر بۆ نموونە توند تەبیعەت بوو، زوو هەڵدەچوو زۆر بە گومان بوو هەندێ جاریش بەغیل بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا چاکەکانی زۆر لە هەڵەکانی زیاتر بوو تا بڵێی دڵسۆز بوو تا ئەو پەڕی مەبەست ئەرکی لە ئەستۆ دەگرت، چاك گوێی لێدەگرتی بەڵام ئارامی لەبەردەبڕا ئەگەر بهاتایە و قسەکانتی بەدڵنەبوایە، بڕیارەکانی خۆی لە

کاتی پێویستدا دەدا تەنها مەگەر لەو حاڵەتانەدا نەبێ کە ئەو بڕیارە پێویستی بە لێدوان و بیرکردنەوە ببوایە، هەر بۆ نموونە ئەو بڕیارانەی کە پێش کۆتایی شەڕی هێتلەری دابوونی.

زۆر حەزی بە گاڵتە و سوعبەت هەبوو، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییندا کەمێ ئەو حەزەی کزبوون، سەرنجم دەدا لەو سەردانانەی دەمکرد بۆلای زۆربەی هاوڕێکانی دیاربوو لەبەر گەورەیی تەمەنی و ناهەمواری باری تەندروستی هەوڵیاندەدا زۆرتر دڵی بدەنەوە و هەموو دەیانەویست وای تێبگەیەن کە هێشتا وەکو پێویستیان بە بیرو بۆچوونەکانی ئەو هەیە، من زیاتر لەبارەی سەردەمەوە قسەم بۆ دەکرد، ئەویش زۆرجار بیرەوەرییەکانی خۆی دەهێنایەوە یادم کە چۆن لە کاتی شەڕدا سەردانی بارەگای تیپەکەمانی دەکرد، هەروەها زۆر جاریش تریش دەمویست لە بارەی ڕۆژانی ئایندەوە قسەی بۆ بکەم، بەڵام دیاربوو ئەو زۆر حەزی بەوە نەدەکرد بەڵکو بڕوای وابوو کە ئایندە و دوارۆژ دەبێ ڕۆڵەی تری ئەم میللەتە بەڕێوەی بەرن خاڵێکی تر هەیە کە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە ئەم پیاوە زۆر سوودی لەو خوێندنەی نەدیوە لە (هارد) و (ساندهرست) چونکە ئەوسا ئەوەندە پابەندی خوێندن نەبووە.

ڕەنگە ئەمەش ئەوە بگەیەنێ لای ئەو پیاو مەرج نییە لە سەردەمانیکی زوودا هەرچی وزە و توانایەکی هەیە هەر هەمووی دابنێ تا تووشی شکستی نەبێت.

ئەوەی بەسەر ئەودا هات ئەوەبوو ئەو وزەکانی خۆی بەپێی ڕووداو و بارو دۆخ دەخستەگەڕ نەك بەشێوازێکی ڕوون و بەرچاو، ئەکرێ خاڵێکی گرنگ لێرەدا دەست نیشانکەین ئەویش ئەوەیە ئەگەر بهاتایە و شەڕی هیتلەری بەرپا نەبوایە ڕەنگە مێژوو شکستیەکی سیاسیانەی بۆ تۆماربکرادایە و تەنها و تەنها ناوبانگی لە مەیانی نووسینی وێنەکێشیدا بە دەرکەوتایە.

باشه کاروبـار چۆن بەڕێوەچوون، چۆن (ونـستون چەرچـڵ) تـوانی لـە سـاڵی 1940دا وەکو پێشەوایەکی سیاسی ڕۆڵی خۆی لێهاتوانـە بگێـڕێ. ئـەوەی جێـی گومان نییە شارەزاییەکی چاکی لە کاروباری حکومەتیدا هەبوو، گـەلێ پلەوپایـەی وەزاری بینیوە، لە زۆر گرفتی کارەکانی دەزانـی بەڕادەیـەك لـە سـەردەمی خۆیـدا لـە شەخـسی وەزیرەکـان خۆشـیان زیـاتر لـە گرفتـەکان دەگەیـشت، پـەیامنێرێکی جـەنگی سـەرکەوتووبوو لـە هەمووکـەین و بـەینێکی نـاو بنکـەی فەرمانـدەیی و مەیانەکانی شەڕ ئاگاداربوو، زۆر سەفەری دەکرد ئێجگار بە ئاگابوو لـە کاروبـاری وڵاتە کۆلۆنیالیەکان و ناوچـەکانی کـە، لـە ژێـر دەسـەڵاتی بـەریتانیادا بـوون ئـەم پیاوە بە تەواوی لە گەلی بەریتانی گەیـشت بـوو دەیزانـی چۆن قـسەیان بـۆ دەکا سەرەڕای ئەمانەیش هۆکارێکی تـر هـەبوو ئـەکرێ بخرێتـە پـاڵ ئـەو خەسـڵەت و تریەوە ئەمەی خوارەوە وەڵامێکە بۆ ئـەم بۆچوونەمان:"ونـستون" لـەوەدا هـاوڕا بـوو لەگـەڵ (میکافیلیـدا) کـە ناوچـەوان و بـەختکار دەکەنـە سـەر چارەنووس و ژیانی ڕۆژانەیان بە ڕێژەی لـە 50٪ و دەبـێ بـۆ پاشماوەکەشـی پـشت بـە خۆمـان ببەسـتین، ئـەگـەر خۆمـان ئامـادەکرد بـۆ ڕۆژانـی داهـاتوو و بڕوایـشمان بـەکار و ئەرکەکانی خۆمان هەبوو لـەو کاروگرفتانـەی نـاو دارانـی دنیـا فێـری ئـەوەبووین چـۆن بەسـەر گرفتەکانمانـدا زاڵ بـبین ئەوسـا کـار زۆر بـە ئاسـایی و بەباشـی بەڕێوەدەچـێ، لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە (چەرچـڵ) زۆری دەخوێنـدەوە و بەتایبـەتیش لـە بـارەی ژیـانی گـەورە پیاوانــەوە، هــەر چـەندە زۆر گـوێی بـە وردەکاری گرفتەکانیان نەدەدا.

ئەوەی بەلای ئەوەوە سەربەست بوو بیزانـێ بـارودۆخی ئـەو گرفتـەی بەسـەر ئەو کەسەدا هـاتووە و ئـەو هۆکارانـە بزانـێ کـە چـۆن و چـی پـاڵی پێوەنـاوە لـەو کاتەدا بڕیاری چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لە شوێنی خۆیدا بدات. گەڕان بە دوای ئـەم وردەکـاری و توێژینەوانـە فێـری ئـەوەیانکرد چـۆن بـەرەنگاری ئـەو گرفتـە زەحمەتانــە ببیتــەوە و پارســەنگێك بـۆ بـەهای ڕاسـتیەکانی هـەر هەڵوێـستێك

دابنێت. زۆرجار ئەوەی رەت دەکردەوە کە هەمان بڕیار لەسەر گرفتێك بدا کە پێشتر لە کات و شوینیکی تردا بەشێوەیەك لە شێوەکان چارەسەرکرابێ، چونکە باوەری وابووە کە بارودۆخی گرفتێك لە کات و شوێنێکی تر مەرج نییە هەمان گرفت لە بارودۆخێکی ئەمڕۆی بۆ بگونجێ (ونستون چەرچڵ) باوەڕی وایە کە کار لە سەردەمی ڕابردوودا بە هیچ کلۆجێ بەم سەردەمانەی ئێستاوە نا بەستریٚو مەرج نیە بە هەمان شێواز ئەو کارە بکرێتەوە بارودۆخی لە بەرچاوی گرفتی ئەو ڕۆژ و سەردەمە بۆ خۆی جۆرێ بڕیاری چارەسەرکردنی لەسەر داوە.

ئەم چاك لەوەگەیشتبوو کە چی بەمێشکی خەڵکیدا دێت و دەچێ، بۆیە هەندێ جار قسەی ڕەق ووشکی بەکاردەهێنا کاتێ قسەی بۆ فەرماندە سەربازییەکانی خۆیدەکرد بەو مەبەستەی بیانوو بوروژێنێ و هانایان بدا بەرپەرچی قسەکانی بدەنەوە تا لە نزیکەوە لە راوبۆچوونی ڕاست و دروستیان تێ بگا، زۆرجار ڕقی هەڵدەساندن بەلام زۆرجاریش لەم ڕێیەوە گەلێ زانیاری دەستگیردەکرد.

ناکرێ کاتێ باسی(ونستون چەرچڵ) دەکەین، باس لە ڕۆڵی خێزانەکەی ئەکەین کە لەناو ئێمەو هاوڕیانیدا بە ناوی (کلیمی) ناوبانگی دەرکردبوو، لە ڕاستیدا ئافرەتێکی جوانکیلە بوو، گەلێ بەهرەی تێدابوو، من بۆ خۆم زیاد لە پێویست پێی سەرسام بووم، ئەم ئافرەتە هۆگری خوێندنەوە بوو زۆری دەخوێندەوە، تابڵێی قورس و گرانبوو، پیاو لە نزیکەوە هەستی بە ئازایەتی ئەم ئافرەتە دەکرد بە تایبەتی کاتێ کە نەخۆشدەکەوت یا گرفتێکی ترسناکی دەهاتە ڕێ. هەوڵی دەدا لە بارودۆخێکی وا قورسدا بە جۆرێك کارەکان بخاتە ڕوو هەر وەکو هیچ ڕووی نەدابێ. زۆرجار کە تووشی نەخۆشیەك بهاتایە زۆری لەخۆی دەکرد و هەوڵیدەدا زۆر ئاساییانە بێتە بەرچاو تا میوانەکانی هەست بەوەنەکەن چ ئازارێك لە ناخیا دەخولێتەوە.

ئێستاش شەڕی چواری ئەبریلی ساڵی 1955م لەبیر ناچێتەوە کاتێ شاژن و میر (فیلیب) بانگهێشتکرا بوون بۆ خوانی سەر لە ئێوارە لەگەڵ ڕێزدار و نستون چەرچڵ و خێزانەکەیدا بۆ (داوننگ ستریت) لەوکاتادا (کلیمی) بەدەم ئازارەوە دەتلایەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا هەر خۆی ڕاگرت و زۆر سەرکەوتوانە بە درێژایی خوانەکە ڕۆڵی خۆی تێکنەدا ئەم ڕاستیەیش لە چەند کەسێکی کەمی ناو داوەت کاران بەولاوە کەسی تر پێی نەدەزانی، ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکی ئازایەتی دەگمەن دەردەخا کە کەم کەس دەتوانێ ڕۆڵی واببینێ لە لایەکی ترەوە دەبوو لەبەر هۆیەکی تر ئەم ڕۆڵە ئاوا بەم ئازایەتیە بگێرێ چونکە ئەمە دوا خوان بوو کە لە (داونگ ستریت) بکرێت، ئەویش بەو بۆنەیەوەبوو کە دوایین ڕۆژی (ونستون چەرچڵ) بوو لە کاروباری سەرەك وەزیرایەتی دەستی دەکێشایەوە.

ئەوجا هەر شتێکم لەبیربچێتەوە ئەو شەوەم لەبیر ناچێتەوە من ئەوسا بەهۆی کاروباری فەرمانم لە پەیمانی باکوری ئەتلەنتیدا لە فەرەنسا جێنشین بووم ئەو شەوە بۆ ئامادەبوون لەو ئاهەنگی خوانەدا بەرەو لەندەن کەوتمەڕێ. ئەمەیش مایەی شەرەفمەندیبوو بۆ من کە یەکێکبم لە ناو داوەتکراواندا سەبارەت بەدەستکێشانەوەی (ونستون چەرچڵ) سەعات چوار و نیوی سەر لە ئێوارەی ئەو ڕۆژە بەوەمزانی کە (ونستون چەرچڵ) دەست لەکاردەکێشێتەوە ئەو ئێوارەیە کەمێ پێشوەخت گەیشتم زیاتریش مەبەستم بوو لە نزیکەوە هەندێ قسەوباس لەگەڵ (ونستون) ئاڵوگۆڕ بکەم ئیتر بۆخۆی پێشکاتی سەرخوانەکە ئەو هەواڵەی پێراگەیاندم.

لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا (ونستون) وتەیەکی کورتیدا بە گوێی ئامادەبوواندا لە ڕاستیشدا قسەکانی زۆر لە جێی خۆیاندا بوون کاتێ بەباشی باسی لە ڕۆڵی شاژن کرد، لە کاتی وتاردانەکەی دڵ گەرمی پێوە دیاربوو، کاتێ لەوتارەکەی بووەوە بێ دەنگی بۆ چەند چرکەیەك باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، هەر هەموو ئامادەبووان

چاوەڕوانی هەنگاوی دوای ئەوەیاندەکرد، لە پڕ پەرداخەکەی بەرزکردەوە وەکو فەرماندەیەکی سەرکەوتوو هاواریکرد:

(شاژن) ئیتر هەموو هەستاینە سەر پێ و پێکی ئەمەکداریمان هەڵدا، ئەوجا (شاژن) کەوتە قسەو هەندێ قسەی کورت و ئاساییکرد و مەبەستیشی ئەوەبوو کە بەخۆشی تەندروستی (سەرەك وەزیران) دەخواتەوە بەلامانەوە کارێکی کتوپڕ و ناکاوبوو بۆیە لای هەموومان ئەو پرسیارە سەری هەڵدا ئاخۆ پێشتر شاژنی ئینگلترا بەم چەشنە ئەوەندە دلگەرم بووە، تا ئەمڕۆیش هێشتا بەرامبەر بە وەڵامی ئەم پرسیارە خۆم بە سەرسام دەبینم.

بۆڕۆژی دوایین ڕۆژی یەکشەممەبوو سەردانێکی بەڕێز (ونستون چەرچڵ) و خێزانەکەیم کرد لە ناوچەی (شارتول) لەوێ نانی نیوەڕۆمان لەگەڵیان خوارد پاشان بۆ ماوەیەکی زۆر قسەمان پێکەوەکرد لەوێدا (ونستون) زۆر بە بەختەوەر دەهاتە پێشچاو چونکە ئەرکی سیاسیانەی لە کۆڵ بوو بۆوە و خۆی بۆ ژیانێکی هێمنانە و ئاشتیانە تەرخان دەکرد و دەیویست کاتێکی دەستبەتاڵی ئەوتۆی چنگ کەوێ تا تێر بە ئارەزووی خۆی گەشت و گوزار بکات. لەولاشەوە (کلیمی) خێزانی لەم بەختەوەرییەیدا هاوبەشیدەکرد هیچ گومانی تێدا نییە کە سەرکردەی سیاسی پێویستی بە ژنێك هەیە هەمیشە پاڵپشتی مێردەکەی بێت، بۆیە دەکرێ بڵێین (کلیمی) بۆ (ونستون چەرچڵ)کەسێکی وابوو.

تائێستا لە ماڵەوە دوو تابلۆم بۆ یادگاری ماونەتەوە کە بەدەست و فلچەی (ونستون) کێشراون پاراستنی ئەم دووتابلۆیەم بەکارێکی گەورە دەزانم چونکە (ونستون) هەر چەندە بە بدەو دەستبلاو ناسراوبوو بەڵام قەت تابلۆکانی بە فێڕۆ نەدەدا.

ئێستا با بە ئاسوودە بژی، ڕەنگە نەتوانێ وەکو جاران وێنەبکێشێ، تەمەن بواری ناداو لەوە زیاتر ئەرك هەڵناگرێ، بەڵام دەبێ بڕوا بەوەبهێنین کە بینینی

هێشتا چێژ و خۆشیەك بەدڵمان دەگەیەنێ، بەتایبەتی کاتێ کە بەشانازییەوە باس لە بەسەرهاتە شیرینەکانی خۆی دەکات.

## بەشی نۆیەم

## سەرکردایەتی ڕۆژئاوایی

ڕەنگە باسکردن لەم بابەتەوە هەندێ زەحمەت بێ چونکە ئەگەر بێتو بەلای ڕاستیدا دایشکێنم ئەوا بێگومان کەمێ نارەحەتی بۆ هەندێ دامودەستگا دروست دەکەم کە لە رای خۆم نایەمەخوارێ چونکە ئاشکرایە هەمیشە راستیەکان دەبێ لەسەرو هەموو شتێکەوە بن.

بەهەر حاڵ دەبێ بە کراوەیی قسەی خۆم بکەم و لەسەرەتایشەوە لەگێروگرفتەکانی ناوخۆمانبدوێم سەرکردایەتی ڕۆژئاوا ئەمڕۆکە و ساڵی 1961 تا ئێستا روون و ڕەوان نییە، باشتر واشە لە هۆکارەکانی ئەم کار بکۆڵینەوە.

بۆ نموونە کاتێ هێتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست یەکسەر دەستیکرد بە سیاسەتی داگیرکاری و هەوڵیدا زەوی و خاکی تری تازە بخاتە سەر سنورەکانی ئەڵمانیا، بەوەندەیشەوە نەوەستا ئەوەبوو لە ساڵی 1940دا شەڕێکی سەرانسەری بەرپاکرد بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی خۆی لە زووترین کاتدا ئیتر دیتمان بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش سوپای ئەڵمانی کەوتە گیانی دەوڵەتانی ئەوروپا هەر لەم کاتەدا هەموو دنیا سەرنجی بەرەو (کومنویلسی بەریتانیا) وەرگەراندبوو کە چۆن بە تاقی تەنیا بەرامبەر هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و

ئیتالْیا وەستاونەتەوە، وەکو ئاشکرایشە ئەو دوو دەوڵەتە لەو ڕۆژانەدا جڵەوی هەموو کێشوەری ئەوروپا یان بەدەستەوەبوو.

دەبێ ئەوەش بڵێین ئەگەر کەناڵی ئینگلیزی نەبوایە ئێستاکە بەریتانیا چارەنووسێکی خراپی دەهاتە ڕێ بگرە هیچ دوورنەبوو چرای شارستانیەتی ڕۆژئاوا (بەشکستی بەریتانیا) ئەویش بکوژایەتەوە. بەڵام هەر چۆنێك بێ بەریتانیا بەرامبەر بە تەوژمەکە خۆی ڕاگرت ساڵانی 1940 – 1941 دژ بە زریان وەستایەوە شەوانی تاریك و سەختی بەڕێکرد. بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە بۆچی ئێمە ئاوا بەوپەتەویە خۆمان ڕاگرت لە کاتێکا کارەکان وادەهاتنە بەرچاو کە هەموو شتێکمان لە دەست داوە؟ بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم هۆیانە دەڵێین:

یەکەم: ئێمەی بەریتانی گەلێکی ئازاد و سەربەخۆین ئەو ئازادییەی ماوەیەکی زۆرە لە ژێر سایەیدا دەژین فێری ئەوەی کردووین پشت بەخۆمان ببەستین هەروەها باوەری ئەوەی پێ هێناوین کە تاکە تاکی کەسان دەبێ ژیانی ئاسایی خۆیان بژین کام ڕێیان پێ باشە لە ژێر سایەی یاسادا بۆخۆیانی هەڵبژێرن. هەر بۆیە زۆرینەی گەل لە بەریتانیادا بەو چاوەوە لە شەڕی هیتلەری رامان کە شەرێکی چارەنووس سازە و ئازادی و سەربەخۆیی بەریتانیا باڵی بەسەر دڵو دەروونی زۆربەی زۆری گەلی بەریتانیادا کێشابوو.

ڕەنگە وشەی (ئازادی) بەلای زۆر کەسەوە شتێکی ئەوتۆ نەبێ و ئەشێ زۆربەی گەلان بە هۆی فشاری ئابوریەوە یا هەر فشارێکی تر کە مێشکیانی وروژاندبێ وایکردبێ لەمانای راستەقینەی ئازادی نەگەن، بەڵام هەرچۆنێکبێ ئازادی بەو بەرگە باقوبریقەشیی هەر هێشتا نرخ و بەهای لە ئازادی ڕاستەقینە کەمتر نییە، کەواتە ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەری و تەنانەت ئازادی تاکی خۆت شایان بەوەن پیاو لە پێناویانا بجەنگێ. هەر بۆ نموونە ئەگەر ئەڵمانەکان ویستیان ڕێ لە کەسێکی وەکو (تۆم جونز) بگرن و نەهێڵن بچێ بۆ مەیخانە ئەوە بێگومان تۆم جونز لە دژیان دەوستێ و بەرامبەریان دەوەستێتەوە بەم

**شـێوەیە بـەرگری لـە ئـازادی خـۆی دەکـا بـێ ئـەوەی مەسـەلەی بـیرورِا و پاڵپێوەنەرێکشی لەو ساتەدا بە خەیاڵدا بێت.**

## (بریلکیس) لەکاتی شەریدا لەگەڵ (ئیسپارتە)کاندا گوتویەتی:

(ئەوانە ژیانێکی سەخت و زەحمەت دەژین، چوار دەوریان بە ناڕەحەتی و ناخۆشی تەنراوە، کەچی ئێمە لە سایەی ئازادیدا دەژین و ئەو ڕێگایەمان بۆ خۆمان هەڵبژاردووە کە دڵمان حەزی پێدەکا، جا ئەو مەترسیانەی لە ئەنجامی شەڕەوە تووشمان دەبێ تووشی ئەوانیش دەبێ). چەندین جار دوژمنانمان بە هەڵە لەم ڕاستیانە گەیشتوون، باوەڕناکەم سەربازە بەریتانیەکان هێندە وشەی (پاڵنەر) کاریگەر بێ بەسەریانەوە، ئەمان بەسەر ئەو ڕێگا سەخت و پڕ مەترسیانەدا ناڕۆن بۆ ئەوەی دوای وشەکانی ئازادی و دیموکراتیەت و میسالیەت بکەون سەربازی لای ئێمە لە گەرمەی شەڕا پێشرەوی دەکا چونکە دەزانێ فەرماندەکەی لەپێشیەوە دەڕوا و هەست دەکا هاوڕێکانی لەملاولەولایەوە بەپیر جەنگەوە دەچن. لەڕاستیدا ئێمەی دانیشتوانی بەریتانیا هەست بە یەکێتی ریزەکانمان و متمانە بە سەرکردەکانمان دەکەین و هەر ئەمەیشە بۆتە مایەی خۆڕاگریمان لە شەڕی هێتلەریدا.

دووەم: هەروەکو پێشتریش گوتم ئێمە بەسەرکردەی خۆمان شادبووین مەبەستم لەو سەرکردەیە (ونستون چەرچڵ)ە، ئەم پیاوە توانی گیانی ورەی گەلی بەریتانیا بەرزبکاتەوە و هەمیشە سمبولی ئەم نەتەوەیەبووە، هەروەها ئەو ئامانجانەی بۆ میلەتەکەی دیاریکردوە کە دەبێ بە دەستیان بێنێ، ئەمە و متمانەیەکی باشی بەو گەلانە بەخشی کە دوودڵبوون لە نێوان ئەوەدا کە ئایا لایەنگری کام لا بکەن و چاوەڕوانی ئەوەبوون شەڕەکە بەلایەکدا بکەوێ تا بڕیاری لایەنگری تەواوی خۆیان بدەن خاڵی دیار لە سیاسەتی (ونستون چەرچڵ)دا لەوەدا خۆی دەنوانێد کە توانی ڕای جیاوازی گەلان بکا بەیەك و بیانخاتە یەك ڕیزەوە بۆ شەڕی دژ بە وڵاتانی جەمسەر (ئەڵمانیا و ئیتاڵیا)

لەمــەوە دەردەکــەوێ کــە هۆکــار ســەرکردایەتی و یــەکێتی دوو پەرەنــسیبی تــەواوبوون بــۆ بەدەســتهێنانی ســەرکەوتن لــەدوا ئەنجامــدا، هــەر چــەندە دەکــرێ لێرەدا بڵێین خاڵی سەرەکی خۆی لە سەرکردایەتیدا دەبینێتەوە، هەمیشە من رام وابووە کە (چەرچڵ) هەمو تواناو وزەیەکی خۆی خــەرجکردووە زیـاد لــە هــەموو کەســێکی تــر بــۆ بەدەســتهێنانی ســەرکەوتنی وڵاتــانی هاوپــەیمان، ئەمــەیش دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی ئەم پیاوە لەکاری سەرکردایەتیدا.

## گواستنەوەی سەرکردایەتی بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکان

کاتێ شەڕی هیتلەری کۆتاییهات، سەرکردایەتی جیهانی ئازاد کەوتە دەست وڵاتــە یــەکگرتووەکان، لــەو بــاوەڕەدام بــەریتانیا لــە نێــوان ســاڵانی 1945 – 1950دا دەیتوانی سەرکردایەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا بگرێتە دەست.

هۆی سەرکەوتنمان بــۆ وەدەست هێنــانی ئــەم ســەرکردایەتیە دەگەڕێتــەوە بــۆ حکومەتی کرێکاران بە سەروکایەتی (ئــەتلی) ڕەنگــە لۆمــە و سەرزەنــشتی زۆرتــر بکەوێتە سەر شانی (ئەرنست بیڤین) بەو پێیەی ئــەو بەرپرسی یەکەم بــوو لــەم سەرنەکەوتنەمان.

شایانی گوتنە سیاسەتمەدارانی پارتی کریکاران لــەو کاتانــەدا زیــاتر ســەرقاڵی دابین کردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی بوون بۆ بەریتانیا، بیریان لە خۆمــاڵیکردنی پیشەسازی دەکــردەوە لــە گیروگرفتــەکانی خوێنــدەوارییان دەکۆڵیــەوە، دیــارە ئــەم شتانەش گرنگی خۆیان هەبوو، بەڵام هێنانەدی ئەو کارانەش هەروا زوو دەستگیر نەدەبوون، ئەمە وایکرد لــە بــەریتانیا زیــاتر ســەرقاڵی کــارە ناوخۆییــەکانی خــۆی بێت و کێشەکانی دەرەوە پشتگوێ بخات، بۆیە ئاڵای ســەرکردایەتیکردنی ئــەوروپا درایە دەست ئەمریکا، ئەمە ڕاستی مەسەلەکانە، دەبوو بەریتانیا لە یــەك کاتــدا و

شان بەشانی یەك گرنگی بدابایە بە هەردوو لایەنی ناوخۆو دەرەوە بەبێ جیاوازی.

کاتێ ساڵی 1948 چوومە فەرەنسا و لەوێ نیشتەجێ بووم زۆرجار بە سەردان دەگەڕامەوە بۆ لەندەن و سەردانی (بیفین)م دەکرد، ڕێزی ئەم پیاوەم دەگرت بۆیە زۆرجار پێم دەگوت پێویستە کارێکی وابکرێ بەریتانیا لەم گۆشەگیرییەی دەربازکرێ جێ پێی خۆی لە ئەوروپادا قایم بکات بێ ئەوەی زیان بە ئەمریکای هاوپەیمانمان بگات یا دەستبەرداری ئەو بەرپرسیاریانەمان ببینەوە کە بەرامبەر بە دەوڵەتانی (کومنویلس) هەمانە، دیاربوو قسەکانی جێی خۆیان نەدەگرت بۆیە ئەوروپاش بێزاربوو لەم چاوەڕوانیەدا ئێمەش سەرکردایەتی ئەوروپای ڕۆژئاوامان لەدەستدا.

باشە ڕۆژئاوا لە ژێر سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکاندا چ سوودێکی بینیوە؟

لەو باوەڕەدام دەبێ دان بەوەدا بنێین کە سەرکردایەتی کردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لەبەر چەند هۆیەك سەرکردایەتی دروست نەبووە، هەر چەندە سەرەتا بە باشی دەستی پێکرد، ئاشکرایە کاتێ شەڕی هێتلەری کۆتایی هات ئەوروپا بە تێکشکاوی لەم شەڕە هاتەدەرەوە، بەڕادەیەك باری ئابووری جیهانی وای لێهاتبوو مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەبوو، ئیتر لەم ڕووەوە ئەمریکا زۆر بەخشەندانە لە بواری ئابوری و سەربازییەوە دەستی یارمەتی بۆ دوستان و دوژمنانی بەبێ جیاوازی درێژکرد. وای لێهات گەلانی ئەوروپای ڕۆژئاوا زۆر خێرا لە چنگی قەیرانی ئابوری قوتاریان بوو، بەپێچەوانەی ئەوەی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕوویدا، ئەو کاتانە ئەڵمانیای یەکگرتوو لەگەڵ ژاپۆندا سەرکەوتنێکی گەورەیان بە دەست هێنابوو، زیاد لە هەندێ لەو وڵاتانەی کە لەبەرەی دژدا دەجەنگان هەندێ ڕەنگە وای تێبگەن کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەهۆی ئەم یارمەتیی و دەستبڵاویەیان خۆشەویستی گەلانیان بەلای خۆیانا ڕاکێشابێ، بەڵام ئەمە ڕووی نەدا دەبێ هۆیەکەی چیبێ؟

کاتێ دەوڵەتێکی دەوڵەمەند دەیەوێ یارمەتی هەندێ لە دەوڵەتانی هەژار بدات هۆکارێکی گرنگ لەم شوێنەدا سەر هەڵئەدا ئەویش ئەو ڕێبازەیە کە چۆن ئەم یارمەتیەی تیا ئەدرێ بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو دەوڵەتە هەژارە خاوەنی شارستانی و نەریتی کۆنی خۆی بێ و حەزیش بە سەروەری خۆی بکات.

لەوە دەچێ دەسەڵاتدارانی ئەمریکا لەوەنەگەن کە مێژوو پێوانەی دەسەڵاتدارێتی بە ژمارەی ئەو دولارانە ناکات کە دەیانبەخشێ، بەڵکو لەو شێوازە دەڕوانێ کە چۆن چۆنی ئەم یارمەتیانە دراون و چیيان بەدوادا دێت.

ئەمریکیەکان لەو باوەڕەدان کە زۆرجار دەتوانن هەمووشتێ بە دولار بکڕن، بەڵام لە پڕ هەست بە هەڵەی ئەم تێورەی خۆیاندەکەن و بۆیان دەردەکەوێ کە خۆشەویستی گەلان و ڕاکێشانیان بە پارە ناکڕدرێ، بەتایبەتی ئەو گەلانەی بە سەروەری خۆیانەوە دەنازن ئەو گەلانەی حەز بەوەدەکەن کە مافی چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان دەستگیربکەن و بەوەقایل نابن وڵاتە یەکگرتووەکان لەم کارەدا ڕۆڵی ببێ و خۆی بکا بە کوێخا بەسەریانەوە. دیارە ئەمە ئەو گەلانەش دەگرێتەوە کە بارودۆخەکە لە ماوەیەکدا ناچاریکردوون ملکەچی ئەو هەڵویستە بن، خاڵێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە ئەمریکیەکان حەز بە خۆشەویستی گەلان دەکەن بۆیە بەهیچ شتێکی تر رازی نابن، هەر بۆیەش هەڵدەچن کاتێ دەبینن گەلێك لەو گەلانە شۆڕش دژ بە گەلانی ئەوروپی دەکەن ئەمە بە جۆرە سپڵەییەك دادەنێن کاتێ دەبینین ئەمانە ئەو هەموو دولارە خەرج دەکەن کەچی خەڵکانی تر لە پاداشتی ئەوە بەرەو روویان دەبنەوە.

ئێمەی بەریتانیەکان لە زۆر رووەوە لە ئەمریکییەکان جیاوازیمان هەیە، ئێمە باوەڕمان بە خۆشەویستی میللەتان نییە چونکە لە زۆربەی قۆناغەکانی مێژوودا میللەتان رقیان لێمان دەبۆوە و دەیانبوغزاندین، ئیتر لەبەر ئەوەیشی بایی ئەوەندە دولارمان لە دەستا نەبوو لە خۆمان زیادبێ تا بێدەیتە گەلانی تر، هەر

بۆیە ئێمە هەمان هەڵویستمان نەبوو وەك ئەمریكا هەیبوو بەرامبەر بەمیللەتان دیارە لەم ڕووەوە نە گەمژەبووین نەدرندە.

هەر ئەمەیشە وایکردوە لە هەندێ دەوڵەتان سەریان سوربمێنێ لەوەی گەلی ئەمریكا ببینن بكەوێتە ناو دووشەڕی مەزنی جیهانیەوە، (لە كاتێكا گەلی ئەمریكی بەوە ناسراون كە گەلێكی دوودڵن و هەمیشە لە دڵەڕاوكێدان تەنانەت تا هەموو دەوڵەتانی جیهانی ئازاد بۆ چەند ساڵێك بە ئاگری شەڕەكە ئەسووتان خۆیان لەقەرەی شەڕنەدا.. ئێستاش دەیانەوێ بمانگلێنن بە شەڕی سێەمی جیهانیەوە بە بڕوای من ئەمەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێدمەیەی(سەدمەیەی) لە لایەن ژاپۆنیەكانەوە لە (بیرل ھاربەر) چێشتیان لە حەوتی دیسمبەری ساڵی 1941دا لەسەر ئەوە بڕیاریاندا بۆ ئەوەی جارێكی تر تووشی ئەم غەفڵەتكاریانە ئەبن هەمیشە لە ئامادەباشیدابن بۆ شەڕ ئەگەر بارودۆخەكەش بە پێویستی نەزانی تاكو بارودۆخێكی وا بخوڵقێنن هەمیشە گرژی هەبێت لە نێوان هەردوو بلۆكی ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوادا، تا بەواتایەكی تر ماوە لەبارنەبێت بۆ ژیانی ئاشتی خوازی و چەك داماڵین. دوائەنجامیش ئەوەیە بەگشتی بارودۆخی جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپە دەڕوا بەهۆی ئەو سیاسەتەی ئەمریكا گرتویەتەبەر.

ئێمە بۆ خۆمان لە بەریتانیا تا چەند پەیوەندی نێوان وڵاتە یەكگرتوەكان و روسیا بەرەو باشی بڕوا ئەوەندە باری گرژی كەم دەبێتەوە، ئیتر جیهان بەو چاوەوە دەیڕوانیە (خرۆشۆف) كە لەرێی نیەت پاكی ئەو و ژێری ودانایی (ئایزنهاوەر) كە بەپیاوێكی دڵسۆز و نیەت پاك ناسراوە دنیا بەرەو ئاسوودەیی هەنگاوبنێ كەچی لە پڕ ئەستێرەی (ئایزنهاوەر) بەرەو دامێن كشا نیەت پاكی و دڵسۆزییەكانی بە نیسبەت ڕۆژئاواو ئەو نرخەیان نەما بە تایبەتی كاتێ لە مانگی مایۆی ساڵی 1960دا بەرپرسیارێتی خۆی ئاشكراكرد سەبارەت بە فرۆكەی (س2)ی سیخوڕی.

ئـەو لێدوانـەی کارەسـات بـوو بـە تایبـەتی کـە هێـشتا نزیکـەی هەشـت مـانگی مابوو کۆتایی بـە مـاوەی سـەرۆکایەتی بێـت دەیتـوانی لـەو ماوەیـەدا زیـاتر خـۆی نزیك خاتەوەو باری گرژی سووك بکاتەوە، ئەیتوانی لەو ماوەیەدا کـە بڕیـار بـوو لە یونیـوی سالی 1960دا سـەردانی (مۆسـکۆ) بکـات و پاشـان لەوێـشەوە بـەرەو (تۆکیۆ) بکەوێتە ڕێ بە پێی ئـەو نەخـشەیەی داڕێـژرا بـوو برویـشتایە ئـەوا کـار بـەرەو چـاکە دەڕویـشت بـەلام ئـەوەی ڕاسـتی بـێ سـەرکردایەتی ئـەمریکی سـەرکەوتنی بـە دەسـت نـەهێنا لـە چارەسـەرکردنی کێـشەی فڕۆکـەی (س2)ی سیخوڕی، ئەکرا ئەم کێشەیە بە جۆرێك چارەسەر بکرێ ڕێ بۆ سەرۆکی ئەمریکا خۆش بکات بەردەوام بێ لە سووککردنی بـارە گرژەکـان و نیـەت پـاکی و دڵسۆزی نیشاندان بۆ چارەنووسی ئاشتی جیهانی.

بـەلام پـاش ئـەوەی یـەکێتی سـۆڤیەت پـەردەی لەسـەر ئـەو کـارە هـەڵماڵی و سیخوڕێتی فرۆکـە ئەمریکەکـەی ئاشـکرا کـرد لـەوە بـەدوا وڵاتـە یـەکگرتووەکان هـەنگاو بـە هـەنگاو تووشـی پەلـەقاژەهاتن و نـەیانتوانی لـە کارەکـانی لـەوە بەدوایانـدا سـەربکەون. بەمـەیش هاوپـەیمانانی ڕۆژئـاوا بـەم کـارە جـێ پێیـەکی قایمی خۆیان دوراند کە ئەویش دڵسۆزی و نیاز پاکی سەرۆك (ئایزنهاوەر)بوو.

ئـەوی ئاشـکرایە هـەموو وڵاتـانی جیهـان پـشت بـە دەسـتگاکانی هەوالینـستی (مخابەراتی) خۆیـان دەبەسـتن و بـۆ ئـەم مەبەسـتەیش هۆکـار و شـێواز و بنکـەی خۆیان دادەنێن تا لـەو ڕێیـەوە ئـەم وڵاتانـە زانیـاری خۆیـان دەسـتگیربێت. بـەلام وەك دەردەکـەوێ (واشـنتون) لـەم خاڵانـەی دەرچـووبێ کـە هـەموو دەسـتگایەکی هەوالنیستی دەبێ پابەندیان بێت:

1. ڕێ مەدە نهێنیەکانت بکەونە ڕوو.
2. ئەگەر هاتوو نهێنیەکانت کەوتنەڕوو، دان بە هیچ شتیکا مەنێ.
3. تابۆت دەکرێ لۆمەکان بخەرە پاڵ یەکێکی تر.

کێشەی فرۆکەکانی سیخوڕی لەوتوویژی سەربازگای (داڤید) خرایە ڕوو، لەوێ (ئایزنهاوەر) دانی بەڕاستی ڕووداوەکاندا ناو ئاشکرایکرد کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەم چالاکیانە رادەگرێ، هەر ئەمەیش وای کرد رێرەوی وتوویژەکان بە باشی بەڕیوەبچن. ئیتر کاتێ (ئایزنهاوەر) دانی بەوەدا نا کە بۆ خۆی بەرپرسە بەرامبەر بە کاری فرۆکە سیخوڕیەکان تەنانەت ئەوەیشی درکان کە هیچ دوورنییە چالاکی ئەم فرۆکانە دووبارە نەبێتەوە، هەر بۆیە (خرۆشۆف) ناچار بوو ئەو سیاسەتە بگرێتەبەر کە لە پاریس و چەند شوێنێکی تر ئاشکرای کردبوون، وەك ئەنجامێکی ڕەتدانەوەی یەکێتی سوڤیەت بۆ ئەم کارانە و ئەوەی ئاشکراکرد کە ناتوانێ ئەم کارە پشت گوێ بخا با ئەنجامەکانی هەڵنەگرێ.

پوختەی قسە لەوەدایە کە کەش و هەوای و توویژەکانی سەربازگای (داڤید) زۆری نەخایاند لە پڕ کەش و هەوا تێکچوو لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی پێشتر باسمان لێوە کرد. دەبێ دان بەوەدا بنێین کە (واشنتون) بەو ڕەفتارەی لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەوە تووشی شکستی هات لە یەکیتی سوڤیەت و لە ڕۆژهەڵاتی دووریشدا.

## خەون و خەیاڵی ڕۆژئاوا

## (خەیاڵ پڵاوی ئەوروپا)

گەورەترین گێروگرفت کە تووشی ڕۆژئاوا هاتبێ هەڵەی سیاسەتی دەرەکی وڵاتە یەکگرتووەکانە کە لە ئەوروپا و ئاسیادا پەیڕەویان دەکات، ئەم سیاسەتەشی لەسەر خەیاڵ پڵاوی دارشتوە نەك لەسەر بارێکی ڕاستەقینە، ئەشێ ئەم قسەیە شانی (بەریتانیا)ش بگرێتەوە هەر چەندە بارودۆخەکە شتێ جیاوازی هەڵدەگرێ ئەویش بەوەی هەندێجار ئێمە بە دووی چارەسەری گونجاودا ناگەڕێن ئەمەیش لە ترسی ئەوەوەسەر هەڵئەدا کە نامانەوێ

(واشنتۆن) دووچاری روودامان بێت، نەوەکو لە ئەنجامدا خۆمان تووشی سستی پەیوەندی بکەین لەگەڵ وڵاتە یەکگرتوەکان ئەوەی ئاشکرا و ڕوونە دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا تائێستا ئەو ئازایەتی وبوێریە لە خۆیانا شك نابەن تا لە رێیەوە بەشێوازێك بەرەو رووی ڕاستیەکان ببنەوە، هەر بۆ نموونە لەو کارە نەشیاوانەی کە دەچنە خانەی خەیاڵپلاویەوە ئەوەیە کە وای بسەلمێنین کە یەکێتی سۆڤیەت قایل دەبێ بە پەرەنسیبی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا و پڕ چەکیشیان بکات بە چەکی ئەتۆمی تاببنە تەواوکەری ئەو چەکە ئەتومیانەی لە ناو هاوپەیمانیەتی ڕۆژئاوادا هەیە و بەرەو رووی سنووری پۆڵەندا کراونەتەوە. هەروەها خەیاڵپلاویەکی تری کە هەستی پێدەکرێ ئەوەیە کە ئێمە دان بە بوونی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا نانیین یا بۆ ئەوە ناچین کە رووداوەکانی یونیوی ساڵی 1960 لە ژاپۆن بە دەستکردنی تاقمێ لەو کومەنیستانە بوون کە بەدەستی دەرەکیان کاردەکەن، من باوەڕم وایە ژاپۆن هەوڵئەدا چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی بەجێبهێنێ و نایەوێ لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا هەڵسوڕێ ڕەنگە بەرچاوترین وێنەی ئەم خەیاڵپلاویە ئەوەبێ کە وڵاتە یەکگرتوەکان لە سیاسەتی خۆیدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە حکومەتی ڕەوای چین وا لە فەرموزا و قایل نابێ بەوەی دان بە کۆماری چین و حکومەتی (پەکین)دا بنێت. پاشان گرفتێکی تر دێتە ئاراوە کە ئەویش هەڵگیرساندنی جەنگی سێەمە جەنگی ئەتۆمی نیوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەر لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی هیتلەری لە ساڵی 1945دا جیهان بوو بە دوو بەشی جیاوازەوە لە ڕووی بیروبۆچوونەوە، کۆمەڵێکی ڕۆژهەڵاتی بە سەرکردایەتی ڕوسیا و کۆمەڵێکی ڕۆژئاوایی بەسەر کردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە هەمان کاتا بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی 1947، 1952 زۆر کەس لەو باوەڕەدابوون کە شەڕێك لە نێوان ئەم دوو کۆمەڵەدا بقەومێ بە هۆی ئەو ناکۆکیانەی کەوتۆتە نێوانیانەوە بەلام دامەزراندنی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی

و ئەو کارە چاکانەی بە ئـەنجامی هێنـا لـە ڕووی سـتراتیژیەتی سـەربازییەوە کـە ئەویش پێکەوەنانی هێزێکی بەر پەرچدانەوە بوو دژ بە مەترسی بلاوبوونـەوەی چەکی ئـەتۆمی، ئەمـە بـووە هـۆی هەڵتەکانـدنی بیرۆکـەی بلـۆکی ڕۆژهـەلاتی کـە لەســەر پەرەنــسیبی خــۆ ئامادەکــاری بــۆ جــەنگ پێکهــاتبوو، بــە مەبەســتی دابینکردنی ئامانج و پەرەنسیبەکان.

هـەروەها بلـۆکی ڕۆژئـاوا هـەوڵی شـەڕ نـادا بـەڵکو چالاکیەکانی لـەم چـەند سـالآنەی ڕابـردوودا لـە مەبەسـتی بـەرگریکردن بـەولاوە نـاترازێ، بگـرە نیـازی هێـرش بردنـی نییـە بـۆ سـەر کۆمەڵـەی ڕۆژهـەلآتی تـەنها مەگـەر لـە حاڵـەتی بەرگریکردنی ڕەوای خۆیدابێ، کەواتە شالآوی (شەڕی خۆ پارێزی) ناکا.

ئەگەر دەوڵەتانی ڕۆژئاوا جارێکی تـر لـەم ڕاسـتیانە بگـەن ئـەوا دەتـوانن ڕێـی خۆیان بـە ئاسـانی بـەرەو پێـشەوە بـەرن. زیـاد لـەوەش ئەگـەر هەڵگیرسـانی شـەڕ هاتەکایەوە بەهۆی هەڵەیەك یا بە هۆی ڕووداوێکـی کتـوپڕی، بـەلآم ئەگـەر بێتـو لەسەر ئەم ڕاستیەی دووەم ڕێکەوتنێك هەبێ ئەوە دەبێتە یەکەم هەنگاو بۆ کـەم کردنەوەی باری گـرژی نێـوان دوو بلۆکەکـەی (ڕۆژئـاوا و ڕۆژهـەلآت) ئـەم گرژیـە چەند کەم بێتەوە یا نەمێنێ ئەوا ئومیدی چەك داماڵین دێتە ئاراوە، بەلآم ئـەوە هەیە ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەمە قایل نابێت.

هـەر چـەندە هێـزی بەرچـاو لـە رووسـیا و ڕۆژهـەلآت هـەنگاو بـۆ ئـەوە دەنـێ بەلآم ڕۆژئاوا ناتوانێ سیاسەتی خۆی لەسەر خەون و خـەیاڵ دابڕێژێ.

## کێشەی رووسیا

یەکەم کێشەی ئەمرۆ رووبەڕووی سەرکردایەتی ڕۆژئاوا بووبێتەوە بێگومان کێشەی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی بنەڕەتی کە کێشەی ڕووسیایە.

ڕووسیا ڕۆڵێکی باڵای گێڕا لە دروستکردنی شارستانی ئەورووپاو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە سەرانسەری ئەوروپا و هەر وەکو نموونە: موسیقا و بالیە لە بەرچاون. خاڵێکی تر هەیە کە حەز ناکەین ڕووبدا ئەویش هاوپەیمانێتی ڕووسیایە لەگەڵ ئاسیا دژ بە ئەوروپا، لە کاتێکا ئێمەوا دەخوازین بە دڵێکی کراوەوە لە ئەورووپا بڕوانێ بەڵام ئەمە هەروا کارێکی ئاسان نییە مادەمەکی ڕووسیا یەکێك نییە لەو دەوڵەتانەی کە لە شەڕی هیتلەریدا بەشکستی هاتبێتە دەرەوە هەر وەکو ئەمە بەسەر ئەڵمانیادا هات، ڕووسیا دەوڵەتێکی سەرکەوتووە لە جەنگدا و پێشکەوتوویشە لە پیشەسازییدا چواردەوریشی بە هاوپەیمانانی تەنراوە، ئەمە لە کاتێکدا کە هاوپەیمانانی ڕۆژئاوا بە کاتێکی ناهەمواردا تێدەپەڕێ و گرژی ڕووی تێکردوە لەو کاتانەدا کە بەرلینی ڕۆژئاوا لە ساڵی 1948 تووشی ئابلۆقە هاتبوو ئەم گرژییەش گەیشتە ئەوپەڕی لوتکە پاش هەڵگیرسانی شەڕی کوریا لە ساڵی 1950دا. پێکەوەنانی هاوپەیمانێتی ڕۆژئاواش بەو نیازەوە دامەزرا تا ڕێ لەبەر فراوانی ڕووسیا بگرێ لە ئەورووپادا لەمەیشا سەرکەوتنی خۆی بەدەست هێنا.

لە فبرایەری ساڵی 1959دا (ماکمیلان) سەردانێکی مۆسکۆی کرد ئەم سەردانە سەرەتای دوستایەتیەکی نوێبوو لە نێوان سیاسەتمەدارانی هەردوو بلۆکەکە هەر ئەمەیش بووە هۆی تواندنەوەی بەستەڵەکی شەڕی ساردی نێوانیان بەڵام ئەمەیش زۆری نەخایاند بۆ نەگبەتی هەرچی هەبوو لەو کۆنگرەیەدا

تێکشکا کە لە مایوی ساڵی 1960دا لە پاریس بەسترا ئایا ئەکرێ ئەوەی لەگەڵ ڕووسیا لە دەستماندا بەدەستی بهێنینەوە؟ من لەو بڕوایەدام ئەمە بکرێ بەڵام ئەمە زیاتر بەستراوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، بەندە بەتوانای ئەوانەوە پارسەنگی کارەکە ڕابگرن، ئەشێ هەندێ شاڵاومان لە دەست دابێ بەڵام هەموو جەنگەکەمان نەدۆڕاندوە، هێشتا هاوپەیمانیەکە بەهێز و ساغەو هێشتاش وڵاتە یەکگرتووەکان بە هێزترین دەوڵەتی جیهانە بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆژئاوا ئێستایش بێگومان پێویستی بە بارمتەی ئەوە هەیە کە دەستەبەرکردنی هەر یەکلایی کردنەوەیەك لەگەڵ ڕووسیادا پابەندە بە بناغەیەکی پتەو و دڵسۆزییەکی هاوبەش، دەبێ لەم حاڵەتەدا ڕووسیا هەوڵی ئەوەندەدا لە ڕێی هەڕەشەی ئەتۆمیەوە پارسەنگی هەڵویستەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بەواتایەکی تر هەوڵی ئەوەدەدا خۆ ئامادەییەکی ڕاستەقینەی ڕوو بە ڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا بنیات بنێ تا هیچ نەبێ لە نێوەی ڕێگادا لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەیەك بگەنەوە. بەڵام ئێمە ئامادەین لە زۆر ڕێگا و بانەوە ڕوو بە ڕووی ڕووسیا ببینەوە، بەڵام سەختیەکە لەوەدایە چۆن بتوانین قەناعەت بە وڵاتە یەکگرتووەکان بهێنین ڕوو بە ڕووی ئەم گۆڕانکاریە تازانە ببێتەوە، پاشان دەبێ بپرسین ئەم گۆڕانکاریە نوێیانە کامانەن؟ لە ئەبریلی ساڵی 1959دا سەردانێکی مۆسکۆم کرد لەوێ لە کرملین بۆ ماوەی دوو ڕۆژ قسەم لەگەڵ خرۆشۆفدا کرد هەروەها قسەم لەگەڵ وەزیری بەرگری و گەورە ئەفسەرانی سوپاکرد، بە درێژایی ئەو وەختە باسی بەرپابوونی شەڕی سێەمی جیهانی لە ئارادانەبوو، هەر چەندە ئەم تەوەرە هەمیشە باسی بەردەوامی جیهانی ڕۆژئاوابوو، ڕووسەکان لەو باوەڕەدان کە بەرپابوونی جەنگی سێەمی جیهانی زۆر دوورە و هیچ گریمانەیەکی لەسەر نییە، هەر کاتێ هەلێکی سەردانی مۆسکۆت بۆ بڕەخسێ لە هەموو شوێنێ سیمای دۆستایەتیت بەرچاو دەکەوێ.

هەر لە کرملینەوە تا دەگا بەناو شەقامەکانی مۆسکۆ بێ جیاوازی، گەلی ڕووسیا ئەمڕۆ شەیدای کەلوپەلە حەز بەوە دەکا جلشۆر (غساله)و سەهۆلگر (سەلاجە) و ئامێری تەلەفزیونی چنگ کەوێ، هەروەها حەز بە خۆشی ژیان دەکا. ڕووسەکان زۆر بە پەرۆشەوە دەروانە ژیانی گەلانی تر و ڕەنگە ئەمیشیان بۆ یەکەمجار بێ لە مێژوویاندا، چونکە بە درێژایی چەند سەدەیەك لە ژێر باڵی دیواری ئاسنینی ستالیندا ژیاون.

ئەمڕۆ گەلی ڕووسیا حەز دەکا هەمو شتێ بزانێ و وببینێ، پەرۆشی بۆ ئەم کارە لە سنوور بەدەرە. خرۆشۆف دەیەوێ ئەم هەلە لە دەستنەدا تا ئەوەی گەلی ڕووسیا دەیەوێ بۆی دابین بکات تاکو ئەمیش وەکو پاڵەوانێکی ئاشتی و وەکو پیاوێکی بە دیهێنەری هەزرانی و ئاسایش بۆ گەلەکەی بچێتە ناو مێژووەوە بە پێچەوانەی (لینین و ستالین) بەلاّم بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجانەی گەلێ زەحمەتی و کێشە بەرەو ڕووی دەبنەوە، بۆیە یەکەم شت هەوڵی بۆ دەدا ئەمەیە باری گرژی نێودەوڵەتی نەهێڵێ تا بتوانێ سیاسەتی ناوخۆیی جێبەجێ بکات هەر چەندە لەم ڕێیەدا گەلێ بەرهەڵستی ڕوو بەڕوو دەبێتەوە لە ناو یەکێتی سۆڤیەتدا. کاری دووەم لەو گومانەوە سەرهەڵدەدا کە خۆی لە شێوەی ڕەفتاری گەلی چین پیشان دەدا.

بەهەر حاڵ وەختی ئەوە هاتووە لە ڕۆژئاوادا دەستخۆشی لەم هەنگاوە نوێیە بکەم کە لە ڕووسیادا سەری هەڵداوە هەروەها پاڵپشتی لەو هەوڵ و کۆششە بکەم کە خرۆشۆف دەیهاوێ لەم بوارەدا. ئەمە لە کاتێکا کە وڵاتانی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی توانی یان لەگەڵ حکومەتی یەکێتی سۆڤیەتدا بگەنە ڕێکەوتنێك.

ڕێککەوتنێکی وا ڕێ بۆ ڕووسیا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا خۆش دەکا کە بە ئاشتی بژین ئەمەش هەموو لایەك سوودی لێ دەبینێ.

ئەگەر ئەمە ڕاستبێ لەو بڕوایەیشدا بە ڕاستبێ دەبێ ئەوسا وڵاتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا چاوێك بگێڕنەوە بەو سیاسەتەیان بەرامبەر بە ڕووسیا هەر

وەکـو پێـشتریش ئامـاژەم پێـدا، هـەر هـەمان مەبەسـتیش (چـین) دەگرێتـەوە، سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر چین تـا ئێـستا بـەرەو پێشەوە نەچووە و ڕەنگە لـە دوا ڕۆژیشدا هەنگاو بۆ پێشەوە نەنێ.

## چین لـه سەردەمانی ئەمڕۆدا

لـە مـایوی سـاڵی 1960دا ویـستم سـەردانێکی چـین بکـەم تـا چـاوم بـە سەرکردەکانی گـەلی چـین بکـەوێ و لەنزیکـەوە لـە بیروڕایـان بگـەم سـەبارەت بـە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی جیهانی، هەروەها بە چاوی خۆم لایەنێکی چونیەتی ژیـانی ئەم گەلە ببینم، ئـەوی ڕاسـتی بێ وەك هاووڵاتیـەکی ئاسـایی و بـە نوێنەرایـەتی خۆم ئەم سەردانەم هەڵبژارد، لە بەشی داهاتوودا بـاس لـە سـەرکردەکانی چـین و ئامانجەکانیان دەکەم لێرەدا تەنها هەندێ لایەنی دەرکـەوتوی چـین دەخەمـە ڕوو کە لەم سەردەمانەدا پێی ناسراون، بۆیە دەبێ سـەرکردەکانی ڕۆژئـاوا ئـەم لایەنـە لەبەرچاوبگرن.

چـین بـۆ ماوەیـەکی زۆر پێویـستی بـە ئاشـتی هەیـە سـەرکردەکانی وەکـو (ماوتسی تونگ) و (شوان لای) ئەو ماوەیە مەزەندەدەکەن بە پەنجا ساڵ تاکو ئەو زامانەی ناوخۆی گەلی پێ سارێژ بێ کە لە ئەنجامی شـەڕی نـاوخۆ و دەسـتدرێژی دەرەوە ڕوو بـە ڕوویـان بۆتـەوە. بـە واتایـەکی تـر تـا بـە تـەواوی لـە شـوێنەواری ڕابـــردوو ڕزگاریـــان ببـــێ و بناغـــەی ژێرخـــانێکی ئـــابووری ســـەر لـــە نـــوێ دابمەزرێننەوە.

سیاسـەتی دەرەوەی چـین ئێـستاکە لەسـەر ئـەوە بەنـدە کـە ریزەکانی نـاوخۆ پتەو بکەنەوە و مشوری بەرنامەی پیشەسازی و بەرەو پێشەوە بردنی گەلی چین بخۆن تا بتوانن دەوڵەتێکی بـەهێز بنیـات بنـێن. بۆیـە و لەبـەر چـەند هۆکارێکی دی ئاشـتی زۆر پێویـستە بـۆ چـین، هـەر بۆیـە دەبـێ سـەرکردەکانی ڕۆژئـاوا ئـەو

بۆچوونە لە مێشکی خۆیان دەرکەن کە گوایە خرۆشۆف بە پەنجەی (ماوتسی تونگ) دەجولێتەوە بە تایبەتی کاتێ کە لە کۆنگرەی لوتکەی پاریس ئامادەبوو لە مایۆی ساڵی 1960دا.

چین ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بە ئاشتی هەیە، باوەڕ ناکەم بەرژەوەندی لەوەدا بێ فیتی ڕووسیا بدا سیاسەتێکی گرژبوونەوەی نێودەوڵەتی بەرپا بکات کە ئەمەش دیارە ڕێخۆش دەکا بەرەو شەڕبوونەوە، ئەمە و قسەکانم لەگەڵ سەرکردەکانی چیندا لەم ڕووەوە هیچ پاساوێکی دژدانەوەیان لە خۆنەگرت.

لە ماوەی بیست ساڵی داهاتوودا ژمارەی دانیشتوانی چین ڕەنگە بگاتە زیاتر لە هەزار ملیۆن هاووڵاتی، دیارە ئەوسا سوپایەکی بەهێزی پڕچەکی ئەتۆمی دەبێ و لە ڕووی ئابووریشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەنگاوی خێرا دەنێ بۆ پێشەوە.

لەماوەی پەنجا ساڵی داهاتوودا دەسەڵاتی تەواوی بۆ سەر ئاسیا دەبێ و دەبێتە یەکێك لە دەوڵەتە بە هێزەکان وەك هەموو دەوڵەتێکی تری ئەوروپی، دوورنییە ببێتە مەزنترین دەوڵەتی جیهانی، بۆیە سەرکردەکانی ڕۆژئاوا نابێ لەم ڕووەوە غایلە و گومانێك بەری مێشکیان بگرێ.

پێش ئەوەی هەوڵی دۆزینەوەی هەموو گرفتە گرنگەکانی پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بدەین ئەبێ لەو خاڵە وردبینەوە کە ئەویش ڕق و بوغزی گەلی چینە بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان و بگرە ڕقیان لە هەمووشتێکی ئەمریکی دەبێتەوە، ئەم رقەیش وەنەبێ هەر لە چوارچێوەی سەرکردەکانی چیندا لەبەر چاو بێ بگرە پەرەی سەندوەو گەیشتۆتە کەسانی ئاسایی و خەڵکانی جوتیار و ئەو کەسانەی لە دامو دەستگا کشتوکاڵیەکاندا کاردەکەن.

ڕەنگە هەندێ لەو باوەڕەدابن کە ئەمە زۆر شتێکی گرنگ نەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەم کارە مەترسی خۆی هەیە زۆر جێی داخە کە لەلایەکی تریشەوە

ولاَتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدابێ ڕقی دوو دەوڵەتی بلوکی ڕۆژهەلاَت بووروژێنێ کە ئەوانیش ڕووسیا و چینن، بە تایبەتی چین کە یەکێکە لە دەوڵەتە گەورەکانی جیهان.

## سەرکردایەتی و یەکێتی

### کەواتە چارە چییە بۆ ئەم گرفتانەی ڕوو بەڕوومان بوونەتەوە؟

کاتێ ڕۆژئاوا لە سالانی 1940دا لە تەنگ و چەڵەمەدا بوو دەبوو تاقە ڕێگایەك بگرێتەبەر کە ئەویش یەکێتی و سەرکردایەتیەکی وریا بوو هەر ئەمەیش تاقە ڕێگامانە بۆ ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ.

من بۆ خۆم هەمیشە باوەڕم بە سەرکردایەتی بووە، بەلاَم متمانە زۆر پێویستە بۆ ئەم کاری سەرکردایەتیە کە بەداخەوە تا ئێستا ڕۆژئاوا بەدەستیەوە دەناڵێنێ یەکەم ئەرکی سەرکردایەتی ڕۆژئاوا ئەوەیە دەبێ ستراتیژییەکی ئایندە دابڕێژێ بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ ئێمە پێویستمان بە سیاسەتێکی گشتی هەیە کە پابەندی واقع و راستییەکان بێت نەك لە سەرخەون و خەیاڵ دامەزرابێ.

ئەگەر ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیەوێ پێشەوای هاوپەیمانیەتی ڕۆژئاوابێ کە خۆی لە هاوپەیمانی باکووری ئەتلەنتیدا دەبینێتەوە ئەوە دەبێ باوەری بەم سەرکردایەتیە هەبێ، هەر چەندە دەبێ پێش هەمو شتێ چاو بەو سیاسەتانەی خۆیدا بگێڕێتەوە. ئەوی ئاشکرایە یەکەم ئەرکی ئەم سەرکردایەتیەی ڕۆژئاوا ئەوەیە کار بکا بۆ بەهێزکردنی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی لە ڕووی سیاسیەوە، هەروەها دەبێ هەوڵی خوڵقاندنی یەکێتی

ڕاستەقینە بدات لە نێوان هەموو لایەنەکاندا ئەم یەکێتیەی کە هێشتا وەکو نەهاتۆتەدی هەر ئەمەیشە ئەو بارو دۆخەی ئێستای بۆ خولقاندوین.

ئێمەی ئەوروپییەکان دەبێ هەموو یارمەتیەکی وڵاتەیەکگرتووەکان بدەین کە چاوەڕیی دەکەن لێمان، ئەم یارمەتیەش بە پوختی ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەوروپای ڕۆژئاوا یەك ڕیز بن تا لە ئەنجامدا دەبن بە یەك ولێك جیانابنەوە. دەبێ ئێمە (بەریتانیەکانیش) لەم ڕووەوە یەکەم هەنگاوبنێین تا جێ پێی خۆمان لە ئەوروپادا قایم بکەین.

گرفتی سەرەکیش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئەوروپا هێشتا بەگیان یەکانگیرنییە بۆیە بنیات نانی سیاسی و سەربازی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی پێویستی بە گۆڕانکارییەکی فراوان هەیە.

ئەگەر توانیمان ئەمە بکەین ئەوسا دەگەینە سیاسەتێکی داڕێژراو و پتەو لە بواری ستراتیژیی و دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا ئەو سیاسەتەی کە تا ئێستا پەلمان پێی نەگەیشتوە بەیەکگەیشتنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

لە ساڵی 1889دا (کبلنخ)ی شاعیر چەند بەیتە شیعریکی وتوە ئەمە پوختەکەیەتی:

"ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتە و ڕۆژئاواش ڕۆژئاوا، هەرگیز ئەم دوانە ناگەن بە یەك، ئەمانە وەکو ئاسمان و زەوی وان بە فەرمانی خوا لەیەك دوور خراونەتەوە و بە یەکتری ناگەن، بەڵام ئەگەر هاتوو دووپیاوی بەهێز لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەریان هەڵدا و ڕوو بە ڕووی یەکبوونەوە ئەوسا نەسنوور نەرەگەز نامێنێ لە نێواندا و بەیەك دەگەن ئیتر خوای ئەکرد ئەو دوو پیاوە لەو پەڕی دنیاوە دەهاتن".

ئەوەی (کبلنخ) نووسیویەتی پێویستە بیخوێنینەوە ولێی وردبینەوە ئەمە پەندێکە بۆ هەموان، ئێستاکاتی ئەوە هاتووە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەیەك بگەن

هەر چەندە ئەوەی (کبلنخ) نووسیویەتی ئێستا نزیکەی حەفتا ساڵی بەسەرا تێپەڕیووە ئەڵێی بۆ ئەمڕۆ وتراوە.

کاری هەرە گرنگیش لەم بارەیەوە ئەوەیە زۆر بەرەوانی بیر لە (چین) بکەینەوە بەو پێیەی یەکێکە لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلات. وزەی گیانی شاراوە لەم دەڤەرەدا لە شەش سەد و پەنجا ملیۆن ئادەمیزاد تێدەپەڕێنێ، ئەشێ هەلی بۆ هەڵکەوێ و زۆر کاریگەرانە بێتە مەیدانەوە، هەر لە (چین)ی ڕاپەڕیودا هێزی مەزن هەیە زۆر بە سوربوون عەزیمەتەوەکار دەکات، کەواتە پێویستە جیهانی ڕۆژئاوا هەوڵی دوستایەتی گەلی چینی بدات.

کاتێکیش چین گەشەدەکا و بازوی پتەودەبێ ئەوسا بێگومان ڕۆڵی گرنگی خۆی لە مەیانی جیهان دەگێرێ هەر چەندە ئێستا کاروباری زۆری وا هەن هێشتا بە خەیاڵماندا نەهاتوون.

بیروڕای سیاسیش چەندە لە یەکتر جیاواز بێ بەوەی حکومەتی چین پەیڕەوی دەکات بەڵام ئەوی ئاشکرایە پێویستە ڕۆژئاوا هەوڵبدا زیاتر لە گەلی چین و لە سەرکردەکانی بگات.

بۆ ئەم مەبەستە و لەبەر چەند هۆیەکی ئاوها لە مانگی مایۆی ساڵی 1960 سەردانی (چین)م کرد. هەیە تائێستا بانگەشەی ئەوەدەکا کە دەبێ دووره پەرێز بین لە جیهانی کۆمەنیستان و هەموو پەیوەندیەکیان لەگەڵدا بپچڕێنین، من حەز بەڕاست گۆیی ئەمانە ناکەم بگرە جۆرە گۆمانێکم لە دڵسۆزیییان هەیە، چونکە ئەم بۆچوونەی ئەمانە تەنها و تەنها بەرەو جەنگمان دەبات جەنگی ئەتۆمیش کە شارستانیەتی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش پێکەوە لە ناو دەبا.

ئەشێ کارێکی وا بکەین ڕۆڵەکانمان لە ناوجیهانێکی پڕ لە کێشە و ناکۆکیدا بژین؟! جیهانێکی پڕ لە هەڕەشەی جەنگی ئەتۆمی و تەفروتوونابوون، جیهانێك دوور لە ژیانی ئاشتی، ئایا ئێمە ئەوەمان دەوێ لەو باوەڕەدام خوایش بەمە قایل

نابێ. له زۆر دەمێکەوه لام ڕوون بۆتەوه که ئاشتی جیهانی بۆ مەودایەکی دوورو درێژ بەندە بەچینەوه سەرهەڵدانی چین بۆئەوەی سەروەری ئاسیا بگرێتەوه دەست ئەمەش کارێکە هەر دەبێ ڕەنگە خێری هەموو ئادەمیزادی تێدابێت و هەر ئەمەش ببێتە مایەی چەسپاندنی ئاشتی لە جیهاندا ئەو ئاشتیەی هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین ئاواتی بۆ دەخوازن بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ گەیشتن بەم مەبەستە پابەندە بە دنیای ڕۆژئاواوه، بەندە بەوەی تا چەند ڕۆژئاوا دەیەوێ لە چین بگات لەم سەردەمەیدا هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکان کە ئێستا کە بە سەرکردەی ڕۆژئاوا دەژمێردرێن تا چەند ئەویش دەیەوێ ئەم ناکۆکیانە یەکلایی بکاتەوه.

لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ منداڵەکانمان پێبگەن و ببنە نموونەی هاووڵاتی چاك لە دنیایەکی پڕ لە ئاشتیدا لە کانگای دڵمەوە ئاوات بۆ ئەمە دەخوازم کەواتە دەبێ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە زوترین کات بەیەك بگەن و ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان خۆیاندا ببەستن و نابێ چاوەڕوانی ڕۆژی قیامەت کەن.

## گرفتی ڕۆژئاوا

### گرفتی ڕۆژئاوا لەسەر دووخاڵ بەندە ئەوانیش:

یەکەم: پێویستە کار بکات بۆ جێگیرکردنی ئاشتی ئەویش بەوەی دەبێ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا ڕێك بکەوێ، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هۆکارێك بدۆزێتەوە تا دەوڵەتانی جیاواز لە باری کۆمەڵایەتی و ئایدولۆژی پێکەوە ئاشتیانە بژین بێ ئەوەی کەسیان دەست لە کاروباری ئەوی تریان وەردا.

دووەم: نابێ بۆ دابینکردنی ئەم کارە هیچ هەنگاوێکی وەها بهاوێژرێ کاربکاتە سەر زیان بەخشین بۆ سەر کەلەپوری دیانیمان (فەلەییمان) یا کار لەو ئازادییەمان بکات کە چەندین ساڵە بۆی تێدەکۆشین، بە هەزاران گیانی خۆیان

لەم ڕێیەدا بەخشی، هەروەها نابیٚ ئەو پایە بەرزییەی خۆمان لە دەستبدەین کە بەدرێژایی سالآنی جەنگی سارد لە سالّی 1946دوە بەدەستمان هێناوە، نابیٚ ریٚ بدەین شتی وا ڕووبدا چونکە ئەمانەکاری سەرەکین بۆ هەر هەنگاویٚ بمانەویٚ بینین لە پێناو نەهیشتنی ئەو ناکۆکیانەی لە ئارادان.

من باوەڕم وایە هیچ کێشەیەك لە نێوان ئەم دوو خالّەدا نییە هەروا باوەڕم وایە کە ئەمە کارێکی ئەوەندە قورس وگران نییە بۆ چارەکردنی ئەم کێشەیە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە پێشەوایانی ڕۆژئاوا زیاتر ژیرانەتر و خۆراگرانە و بە بوێریکی سیاسیانە هەنگاو بنێن، پێویستە هەموو کەلەبەرەکان بخەنە لاوەو نابیٚ گویٚ بۆ ئەو کەسانە ڕابگرن کە بەرەو بۆچوونێکی تریان دەبەن، ئەگەر ئێستا وای دابنیین کەسەر ژمێری دانیشتوانی جیهان خۆی دەدا لە نزیکەی 2800ملیۆن کەس ئەوسا ئاشکرادەبیٚ کە پاش بیست سالّی دیکە نیوەی دانیشتوانی جیهان دەچنە خانەی کۆمەنیستانەوە بەو پێیە چین ژمارەی دانیشتوانی لە هەزار ملیۆن تێدەپەرێنیٚ و ڕووسیاش ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە دووسەد ملیۆن کەس ئەمە جگە لەو ولآتانەی تری بلۆکی ڕۆژهەلآتی، جا ئەگەر نیوەی دانیشتوانەکەی تری جیهان کە حەز بە ئاشتی دەکەن ڕێگایەکی وەها نەبرن بەرەو ژیانی پێکەوە ئاشتی کردن لەگەلّ نیوەکەی تری ڕۆژهەلآتدا ئەوا ئەوسا جگە لە شەڕ هیچی تر نامێنێتەوە بۆ ئەم دوو بلۆکە ئەمەش ڕاستیەکە نابیٚ خۆمانی لیٚ دەرباز بکەین.

## هەنگاوەکانی یەکەم

ئەگەر هاتوو ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا لە ئاشتیدا ژیان و کەس دەست وەرنەداتە کاروباری ئەوی تریانەوە ئەمە وا دەکات کە کاربکریٚ بۆ نەهێشتنی ئەو گومان و دلّەڕاوکێیەی لە نێواندا هەیە و لەبری ئەوە متمانەیەکی هاوبەش ئالّوگۆڕ بکریٚ،

ئەگەر هەنگاوێكی وا دابنرێ ئەوسا دەبێ ڕۆژئاوا خۆی بۆ ئامادە بكات. ئەگەر پیاو بۆی بلوێ لە چوارچێوەیەكی جیهانیدا كاربكات هەر وەكو لەم ماوەی دەساڵەدا بۆ من لوا، ئەوسا خۆت دەبینیتەوە كە لەگەڵ چەند دەوڵەتیكا مامەڵە دەكەی لە زۆربەی كارە سەرەكیەكاندا هاو دەنگ نین، بگرە هەریەكەیان ئەوی تریان ڕەت دەكاتەوە و ئامادەنییە تۆزقاڵێ قوربانییدا لە پێناو كاری چاكەی گشتیدا، ئەمەیش دیارە دەگەڕێتەوە بۆ دەمارگیری ئەو كەسە بۆ نەتەوەكەی خۆی. لە ڕاستیشدا یەكگرتنێكی ڕاستەقینە نابینی ڕۆژئاوا بەیەكەوە ببەستێتەوە، بەدی هێنانی ئەم یەكێتی و یەكگرتنە دڵسۆزی و متمانەی نێوان حوكمەتەكان دەگەیەنێ ئەمەش كارێكە هێشتا بە دەست نەهاتووە، هەر بۆیە پێویستە پێش هەموو شتێ ڕۆژئاوا یەكبگرن بۆ ئەم یەكگرتنەش پێویستیان بەسەركردایەتی هەیە. ئەو سەركردەیەشی بۆ ئەم كارە دەستبدا زۆر زەحمەتە ئەمڕۆ چنگ بكەوێ، ئەگەر مەبەستمان لەو سەركردە ئەو كەسەبێ كە بتوانێ ئامۆژگاری و پەند ببەخشێ بە هەموو دەوڵەتان و ئەو دەوڵەتانەیش بتوانن متمانەی تەواوی خۆیانی بدەنێ. جا ئەگەر ئەم خەسڵەتانەی باسمان لێوەكردن كە دەبێ لەو سەركردەیەدا هەبێت ئەوا ئەوسا پێویستمان بە پیاوێكی خاوەن دەسەڵات و توانادەبێ، بەڵام بەداخەوە زۆر زەحمەت لە ناو پازدە دەوڵەتی هاوپەیمانی دیموكراسیانە كەسێكی لەو چەشنەیان چنگ بكەوێ. لە ڕاستیشدا پێویستە ئەو سەركردەیە جۆرە ئاهەنگ سازییەك ئەنجامبدا كە هەمووان بتوانن نەغمە و نەوای ئەو پەیرەوبكەن.

ئێستا ئەگەر بێتو باس لە بابەتی یەكگرتنەوەی ڕۆژئاوابكەین دەبینین هەندێك وای دەبینێ كە ئەم یەكگرتنە لە چوارچێوەی ئەورووپای فیدراڵی و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەورووپا ناچێتە دەرەوە.

من بۆ خۆم ئەم باسەم لەگەڵ (ونستون چەرچڵ) باسكردوە وایشمان دەربڕیوە كە مەحاڵە بكرێ ئەورووپایەكی فیدراڵی پێكبێت، چونكە دەوڵەتان بە

پێی شارستانی کۆنیان و بەپێی ئەو ڕەگوریشە کۆنەی هەیانە مەحاڵە بەوە قایلبن پەرلەمانێکی فیدراڵی لە ئەوروپا پێك بێت، ئێمە بۆ خۆمان وەکو دانیشتوانی بەریتانیا ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەینەوە، کەچی چەرچڵ ڕەنگە باوەڕی وابووبێ کە لە سەرەتای شەڕی هیتلەریدا و پێش ئەو (ستالین) دەست بەسەر نیوەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا بگرێ ئەو پیاوە باوەڕی وابوو کە دەکرا ئەم بۆچوونە بەدەست بێت.

من باوەڕم وایە کەسیستەمی فیدراڵی ڕەنگە بەنیسبەت ئەو وڵاتانەی کە تازەکی سەربەخۆیی یان بەدەست هێناوە بێتەدی بەڵام ئەو وڵاتانەی دەمێکە سەربەخۆییان بەدەست هێناوە ئەوە تا ڕادەیەك زەحمەتە بێتەدی.

ئەگەر هاتوو هەنگاوێك لەو هەنگاوانەی یەکێتییان بەدەست هێنا ئەوا دەبێ پەنا بەرینە بەر سڕینەوەی گومان لە دڵ و دەروونی بلۆکی ڕۆژهەڵات کە بەرامبەر بە ئێمە هەیانە، ئەیشتوانم بڵێم کە باشترین ڕێگا بۆ بەدەست هێنانی ئەم مەبەستە خۆی لەوەدا دەبینێ کە دەبێ سوپای هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان و بۆ ناو سنوری خۆیان و دەبێ ڕادەیەك دابنێن بۆ ئەو داگیرکارییەی بەرامبەر بەیەك دی هەیانە چ لە ئەوروپا و چ لە ئاسیا دیارە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش کە بڕیارێکی سیاسییە پێویستی بە ماوەیەك هەیە هەر لە نێوان پێنج ساڵەوە تا دەساڵ دەخایەنێ ئیتر بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ڕووی پەرەنسیبەوە پێویستمان بە پێوانەیەك دەبێ کە هەردوو لایەنی بلۆکەکە بەڕێوەبەرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێکەوتننامەیە هەڵسوکەوت بکات، جا چەند هەستی متمانەی هەردوولا بۆ یەکتر پەرەبسێنێ باشتر دەبێ بە کشانەوەی سوپای هەردوولا و بەرادەی یەکتر ئەنجام بدرێ و لە پاڵیشیا سیستەمێکی کاری چاودێری و پشکنین جێبەجێبکرێ، باوەڕیش ناکەم ببێتە مایەی هاڕینی ئەو هاریکارییەی نیوانیان هەروەکو هەندێ وای بۆ دەچن، هەڵبەتە بەرگری کردنیش لەبەرەی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی دەکرێ بە هۆی

سوپاكانی ئەوروپای ڕۆژئاواوه بەدەست بێت كە وەكو ئاشكرایە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نزیكەی دووسەد ملیون كەس، ئەوی ڕاستیشبێ دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەخوازن سوپاكانی دەوڵەتە دوورەكانی پشت دەریا بەشداری بكەن لەگەڵ سوپاكانی خۆیاندا و ئەمەیش بۆ خۆی نیشانەی بێ متمانەیی دەبەخشێ، دیارە هاوبەشی كردنی سوپای ئەو دەوڵەتە دوورانەیش لە بەرگریكردن لە بەرەكانی شەڕدا دەبێتە بەشێك لە پاڵپشتی هێزەكانیان بەڵام ئەگەر هاتوو ئەوروپای ڕۆژئاوا دەركی بەوەكرد كە ڕووسیا نیازی نییە بەهیچ جۆرێ هێرش بەرێتە سەر ڕۆژئاوا ئەوا ئەوسا كارەكان بەجۆرێكی تر ئاسان كاری لە خۆدەگرن.

ئەمە بەنیسبەت ئەوروپاوە بەڵام بەنیسبەت ئاسیاوە ئەوا پێویستە وڵاتە یەكگرتووكان هەمان كاری هاوچەشن ئەنجام بدا و پێویستە هێزەكانی خۆی لە ژاپون و فەرمۆزا و دەوڵەتانی تر بكێشێتەوە، ئەم كارەیش دیارە پێویستی بەكات هەیە كە ڕەنگە بەلایەنی كەمەوە پێنج ساڵ بخایەنێ بگرە ڕەنگە دەساڵیشی بوێ بۆ وتووێژكردنو ڕێكخستنی خشتەی كشانەوە هەر بۆیە ئەم جۆرە ڕێكەوتننامانە پێویستیان بە دەستەبەركردنی پێویست هەیە جا كات درێژە بكێشێ یا كورت بێ ئەوە زۆر گرنگ نییە بەڵكو ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە لەسەر مەسەلەی هێز كشانەوە ڕێككەوتننامەیەك هەبێ.

ئەگەر بێتو تا ساڵی 1970 هەنگاوی یەكەم نەهاویژرێ بۆ یەكێتی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و رێكەوتن نەبێ لەسەر كشانەوەی سوپاكان بۆ ناو سنووری خۆیان ئەوا پێشخستنی وتووێژی چەك دامالین و چەسپاندنی ئاشتی لە جیهاندا دەبێتە كارێكی مەحاڵ، هەروەها پێویستە لە سەرمان كارێكی وابكەین پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆئاوا پتەوبكەین و دەبێ باوەڕبەوە بهێنین كە كاتی ئەوە هاتووە كەش و هەوایەكی پڕ لە خۆشەویستی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا دابین بكرێت.

کەواتە پوختەی خاڵە سەرەکیەکان بەم چەشنە دەبێ. ئەمڕۆ مەترسی لەوەدا نییە کە گوایە ڕووسیا نیازی وایە پەنا بەرێ بۆ شەڕ بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بەڵکو مەترسیەکە لەوەدایە کە ئەم شەڕە سارده ببێتە مایەی بەگژا چوونی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەوسا ئەم مەترسیەش دەبێتە مایەیماڵوێرانی بۆ هەردوولا و ناکرێ پیشەوایانی هەردوو بلۆکەکە بتوانن نامە لەنێوان یەکتریدا ئاڵوگۆڕ بکەن هەر چەندە ئەو نامەیەی (ماکمیلان) بۆ (خرۆشۆف)ی نارد و لە ڕۆژی 19 یولیوی ساڵی 1960 لە ئەنجوومەنی گشتیدا خوێندرایەوە بە یەکێ لە شاکارەکان دادەنرێ پێش ئەمەش (ماکمیلان) بەو سەردانەی بۆ مۆسکۆ لە فەبرایەری ساڵی 1959دا ویستی ئەم مەترسیە بڕەوێنێتەوە بەڵام بەداخەوە سەرکەوتنی تیا بەدەست نەهێنا.

ئەم سەرنەکەوتنەشی بۆ خۆی ناگەڕێتەوە بە قەدەر ئەوەندەی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵانەی ئەمریکیەکان تێیکەوتون، تاقە ڕێیەکیش بۆ نەهێشتنی ئەم مەترسیەبەوە دەبێ هۆکارەکانی لە بنەڕەتدا نەهێڵێنەوە، پێشتریش پێشنیاری ئەو هەنگاوانەی کرد کە دەبێ بەو ئاراستەیە بەرین بێ ئەوەی بهێڵێن بەهیچ جۆرێ لە پلەو پایەمان کەمبێتەوە، جا ئەگەر ڕۆژئاوا هەنگاوی وای نا ئەوا دەبێ ڕۆژهەڵاتیش هەمان نیەت پاکی خۆی لەم ڕووەوە دەربڕێ.

لەم ڕۆژانەدا زۆر دەنگی پێشەوایانی وڵاتانی جیهانی دەبیستین کە باس لەوشەی ئاشتی وپێکەوە ژیانی ئاشتی نێوان دەوڵەتان دەکەن کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایدولۆژییەوە جیاوازییان هەیە، ئێستا هەر چەندە وابۆ شازدەساڵ دەچێ خەڵکی لە ژێر سایەی ئاشتیدا ئەژین لە کاتێکا ئەوی ڕاستیبێ ئاشتیەکی شلۆقە کەچی هێشتا وەکو هیچ هەنگاوێکی ئەو تۆمان نەناوە بۆ چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی و پێکەوە ژیان کە دەکرێ بڵێم لە ساڵی 1945وە ئێمە هەنگاوی بۆ دەنێین.

ئێستاکە ئەشێ شازدە ساڵی تری ئێمە لە سایەی ئاشتیەکی ساختەکارانەدا بژین ئایا ئەشێ ڕۆڵەکانی ڕۆژئاوا لە ژێر سایەی ئاشتێەکدا بژین کە هاوسەنگی هەردوو بلۆکەکە بۆ ئەوە بێ شان بەشانی یەك هەنگاو بنێن بۆ بوارەکانی مەترسی ئەتۆمی؟.

ئاواتی شتێکی وا ناخوازم بەلاّم ئەگەر هاتوو سیاسەتی ئێستامان لەسەر وەهەم و پاشان ئاودیوکردنی ڕاستیەکان بێت ئەوە بێگومان ئەو ئەنجامە بەرەو شەڕی نێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوامان دەبات، هەروەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا، ئەم شەڕە ساردە بەردەوام دەبێ، بەلاّم ئاشکرایە ئەگەر توانیمان ڕەگەکانی گومان و بێ متمانەیمان وردە وردە لە ناو برد ئەوا بە پێی نەخشەیەکی سەرەکی دەکرێ بلّێین شوێنەواری شەڕی سارد ناهێلّین، ئەوسا تاڵ تاڵی ئاسۆیەکی ڕووناکمان لێ هەلّدێ. جا ئەگەر لەمەدا سەرکەوتین ئەوسا جیهانێکی شکاوەی ئاشتیانە بۆ نەوەکانمان دابین دەکەین، من بۆ خۆم پالّپشتی هەنگاوێکی وەها دەکەم.

## ڕۆڵی سەرکردە لە کۆێدا دەبێ؟

باشە سەرکردە دەبێ لە کوێ دا بێت تا بتوانێ ئەم هەموو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆ، کێ هانی ولاّتانی ڕۆژئاوا دەدا تا ڕوو بە ڕووی ئەو ڕاستیانە بێتەوە و لەسەر سیاسەتێکی گشتی یەکگرتوو ڕێك بکەوێ کە پابەندی واقع بێتەوە نەك پابەندی خەون و خەیاڵ کامەیە ئەو سەرکردەیەی بتوانێ هۆیەکانی ناکۆکی نێوان ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا نەهێلّێ.

پێویستە لەسەرمان پابەندی ئامانجە سەرەکیەکان بین و خۆمان لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی کارە گرنگەکان نەشارینەوە، تا بۆیشمان دەکرێ دەبێ دوورەپەرێز بین لە سیاسەتی فرتوفێڵ و خۆگێل کردن، هەروەها دەبێ شتە هیچ و پووچەکان وەلاوە بنێین و خۆمان بە کارە گرنگەکانەوە خەریك بکەین، هەر

بۆیە دەبێ هەمیشە هەوڵبدەین لە سەر بناغەیەکی پتەو خۆمان بگەیەنین بە چارەسەرییەکان.

هەرکەسێ بەرەنگاری ئەم زەحمەتکاریانە بێتەوە؟ مانای وایە کارێکی چاك دەکا بەمەش گرفتێکی سەرەکی ناهێڵێتەوە کە خۆی لە دوای جاڵجاڵۆکەدا دەبینێتەوە کە داوەکانی زۆر زیرەکانە هونراونەتەوە و ئالاون لە گەردنی ئەنجومەنی پەیمانی باکووری ئەتڵەنتی لە پاریس ئەم کارەش لەوەدەچێ زۆرکەس هاوبەشییان کردبێ لە هۆنینەوەیدا تا پەردەیەکی دوکەڵاوی پەرژ و بلاوبکەنەوە سەبارەت بەو بابەتانەی بەری دڵیان ناگرێ لە خشتەی کاری ڕۆژانەیاندا، ئەوەی شایانی باسە ئەو کەرەسانەی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی پێویستی پێەتی خۆی لە سادەیی و ئازایی و تێگەیشتنێکی ساغ و سەلیمدا دەبینێتەوە ئەمەیش بە کاری پاکتاوکردن و نوێکردنەوەی سەرتاپاگیری بەدەست دێت. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد سەرکردایەتی کردنی پازدە دەوڵەت بەشێوەیەکی هاوکاریانەی دیموکراتیانە کارێکی زۆر زەحمەتە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا مەحاڵ نییە.

## بەم پێیە ئەو خەسڵەتە زیندو بەخشەی پێویستە لە سەرکردەدا هەبێ ئەمانەن:

1. ئیمانێکی بەهێز
2. دەستپاکی و دڵسۆزی
3. سوربوون و جەختکردن
4. ئازایەتی سیاسیانە

هیچ سەرکردەیەکیش ناتوانێ تاسەربمێنێ ئەگەر نەتوانێ خەسڵەتی ئازایەتی سیاسیانەی خۆی نەپارێزێ هەر کەسێ ئەو خەسڵەتانەی سەرەوەی تێدابوو ئەوا

بێگومان هەمیشە لە سەرو ئەو سیاسەتمەدارانە و دەبێ کە دەست پاك و نیاز پاك نەبن ئەوانەی هەمیشە بەدوای راوکردنی دەنگدا دەگەڕێن ئیتر لەپڕ ئەو ناوە پفدراوانە نغرودەبن کە ڕۆژانە لە ئەوروپا و ئەمەریکا دووبارە دەبنەوە. هەر بۆیە پایەندبوون بەڕاشکاوی لەگەڵ هاووڵاتیاندا بەندە بە نەخشەی کارەوە نەك بەندبێ بە خەون و خەیاڵەوە.

جارێکی تر دەپرسینەوە باشە ئەو پیاوە یا ئەو سەرکردەیە لە کوێ بێنین من بۆ خۆم هەموو پیشەوا نیشتمانپەروەرەکانی جیهانی ڕۆژئاوام بینیوە، ئەو پیاوەی بە مەزەندەی من بەکەڵکی ئەم کارە قورسە بێ سەرۆکی فەرەنسی (دیگول)ە، هەر ئەمە کە ئیمانێکی بەهێز و خاوەن بەرنامە و ژیریە و هەروەها ئازایەتیەکی تەواوی هەیە کە بتوانێ لە جێی خۆیدا بڕیاربدا، کەواتە بە هەموو مانای وتە ئەم پیاوە پێشەوایەکی دەست پاك و دڵسۆزە و قایلنابێ بە فرتوفێڵی سیاسیانە یا لە ڕێی پەنابردنە بەر قسەی بۆش و بەتاڵ ئەم پیاوە یەکەم هەنگاوبنێ هەوڵ ئەدا گومان و ترس لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نەهێڵێ، جا تا ئەوەمان بۆ دابیندەبێ چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ کە بتوانین هەنگاو بنێین بۆ پلەی چەك داماڵین.

بۆیە پێویستە ئەوە روون بێ لای هەموان کە مەحاڵە بتوانین باس لە کاروباری جیهانی و چەك داماڵین بکەین ئەبێ گەورەترین دەوڵەتی جیهانی کە (چین)ە لەبەر چاوبگرین.

## بەشی دەیەم

## سەرکردایەتی کۆموّنیستی (ڕۆژهەلاّت)

ئەم بەشە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر جۆری سیستەمی کۆمۆنیستی نییە، من بۆ خۆم ئامادەنیم باس لەو بابەتە بکەم بگرە ئەم کتێبە شوێنی ئەوەی تیا نابێتەوە، ئامانجی سەرەکیم ئەوەیە باسێك لە پێشەواکانی دنیای کۆمۆنیستان بکەم بە تایبەتی ئەوانەی ناسیومن دەمەوێ بڕێ لێکۆڵینەوە و راڤە لەسەر ژیانیان بکەم تا بزانین بە تەمای چین و بایی چەند سەرکردایەتی کۆمۆنیستی کاریگەریی یان هەیە بۆ سەر جیهانی ڕۆژئاوا.

هەر چەندە هەندێ لەو باوەڕەدان کە من بۆ ئەوە ناشێم دەم لەم جۆرە بابەتانەوە بدەم، بەلاّم هیچ مەرج نییە ئەوەی ئەوان دەیڵێن لەگەڵ واقعدا هاوچووتبێ، چونکە من ڕاستوخۆ لەگەڵ زۆربەی ئەو سەرکردانە لە ولاّتی خۆیان چاو پێکەوتنم سازداوە لەوانەی ڕاستەوخۆ قسەم لەتەکدا کردون ئەمانەن:

(1- ستالین 2- خرۆشۆف 3- تیتۆ 4- ماوتسی تۆنگ 5- شواین لای).

هەروەها لەگەڵ زۆر لە فەرماندەی سوپاکانیان و وەزیرانی بەرگرییان قسەمکردووە، بێگومانیشم لەوەی کەسێکی تر هەبێ لە ناوجیهانی ڕۆژئاوادا هەلی بۆ ڕەخسابێ پێش من لەگەڵ ئەم چوارپێنج کەسە و پسپۆرە سەربازیەکانیان قسەی کردبێ. هەر وەکو چۆن لەگەڵ پێشەوایانی جیهانی ڕۆژئاوا و فەرماندە سەربازیەکانیدا قسەمکردووەو ڕۆڵی کاریگەرم گێراوە لە سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا لە کۆتایی جەنگی هیتلەرییەوە ئەم چەند لاپەڕەیەی دوایین تەواوی بیر و بۆچوونی خۆم دیاری دەکا سەبارەت بەم بابەتە.

جا هەر کەسێکی تر توانی سەرکردایەتی کۆمۆنیستان و گیرو گرفتیان تا ئەمڕۆ (1961) بەباشی هەڵسەنگێنێ ئەوە من لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایی لێدەکەم و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

## ستالین

حەزدەکەم لە (ستالین)ەوە دەست پێبکەم مادامەکی گەلی بەریتانیا ئەوەی تێدا دەرکەوت کە بەتەنگ ڕووسیاوە دێت بە تایبەتی پاش ئەوەی بوونە یەکەم هاوپەیمانمان لە جەنگی ئەڵمانیادا دوای ئەوەی ئەڵمانیا لە یونیوی ساڵی 1941 هێرشیان بۆ بردن، ئێمە پێش ئەم بەرواره تاقە دەوڵەتێك بووین کە ئەرکی جەنگمان لە ئەستۆدا بوو، هەر بۆیە گەلی بەریتانیا (ستالین) وا دەناسێ کە باشترین هاوڕێ بێ بۆ بەریتانیا ئیتر زۆری نەبرد ناوی لە هەموو شوێنێکی وڵات کەوتبووە سەرزاران بەڵام وای لێهات دوای جەنگ حاڵەتەکە پێچەوانە بۆوە هەر ئەم پیاوە بووە مایەی وروژاندنی رقی گەلی بەریتانیا و وردە وردە ئەم ڕقە لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو دەبۆوە.

بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەی (بوتدام) کە لە یولیوی ساڵی 1945دا بەسترا چاوم بە (ستالین)کەوت پێش ئەم کۆنگرەیە بە چەند ساڵێك خۆم بەوەوە خەریك کردبوو کە لە سیاسەت و ڕەفتاری ئەم پیاوە وردببمەوە لەو توێژینەوەیەمدا بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە سەرکردەیەکی لێهاتووەو لە هەمان کاتا لێزان و فێڵبازە.

ئەوەمان لەبیر ناچێتەوە کە لە ئۆگستۆسی ساڵی 1939دا پەیماننامەیەکی لەگەڵ هیتلەردا مۆرکرد کە هیچیان دەستدرێژی نەکەنەسەر ئەویتریان پاشان لەگەڵ ئەڵمانەکاندا ڕێکەوت کە بۆی هەبێ دەست بەسەرئەو شوێنانەدا بگرێ کە دەکەونە ڕۆژئاوای ڕووسیاوە و بریتین لە هەرسێ وڵاتەکەی بەڵتیك (ئیستونیا و

لاتیفا و لیتوانیا)، هەروەها بەشی ڕۆژهەلاتی پۆڵەندا و بەشێك لە فنلەندا و بساربیا وبکفانیا و هەندێ دۆرگەی دانوب.

ئەم هاوپەیمانی بەستنەی ستالین لەگەڵ هیتلەردا بۆ خۆی ئەوەی دەگەیاند کە جڵەوشل کات بۆ هێزەکانی ئەڵمانیا تا زیاتر لە بەشی ڕۆژئاوادا پەرەبسێنن. بەلام سەرەڕای ئەو هەوڵ و کۆششانەی ستالین دای بۆ خۆبردنە پێشەوە لە هێتلەر کەچی هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو ڕۆژهەلات کشان لە یونیوی ساڵی 1941دا دەستدرێژییان کردە سەر ڕووسیا. ئەمە ستالینی ناچارکرد هانا بەرێتەبەر هاوپەیمانەکانی بێ ئەوەی حیساب بۆ هیچ ئەنجامێك بکات بەریتانیەکان و ئەمریکیەکان لەو پەڕی ژیری و ئەقڵمەندیدا بوون کاتێ نەیانویست لە ڕێی (مانش)ەوە هێرش بەرنەسەر (نورماندی) تا تەواو دڵنیانەبوون لەوەی لە ڕووی سەربازییەوە لەسەداسەد دەیبەنەوە.

زۆرجار کە بیرم لە ڕابردوودەکردەوە ئەوەم بۆ ساغ دەبۆوە کە ڕۆزفلت لە هەڵسەنگاندنی (ستالین)دا بە هەڵەداچووبوو، باوەڕی وابوو کە بەکەمێ ئارامی و خۆشەویستی ئەتوانین رووس بەلای خۆماندا ڕابکێشین تا وەك ئێمە بیربکەنەوە، هەر ئەو کاتە (ڕۆزفلت) باوەڕی وابوو بەم ڕێگایە دەتوانین بیر و مەبەستەکانمان بهێنینەدی.

هەندێ جار حەزی بەوە دەکرد هەڵویستی لە نێوان هەڵویستی (ستالین) و (چەرچڵ)دابێت بە تایبەتی کاتێ ئەوان ململانیەکی توندوتیژ دەکەوتە نێوانیان هەر وەکو لە نموونەی (پۆڵەندا)دا بەرچاو دەکەوێ.

چەرچڵ هەندێ جار فرتوفێڵەکانی پێشەواکانی رووسیای لە بەرچاو نەدەگرت، بۆ نموونە لە پایزی ساڵی 1944دا قایلبوو بەو پلانەی کە خاڵی جیاکەرەوەی ئەو ناوچانەی دەخستەڕوو کە سوپاکانی رووسیا دەستیان بەسەراگرتبوو لەگەڵ خاڵەکانی ئەو ناوچانەی هێزەکانی ڕۆژئاوا دەستیان بەسەرا گرتبوو، ئەم هێڵەش کە لە سەری رێکەوتبوون دەکشا تا دەگەیشتەوە

پانتاییەکی دوور و درێژ لە ڕۆژئاوای بەرلین! ئەمەش بەرەوانی لەو نامەیەدا بە دیار دەکەوێ کە چەرچل بۆ ستالینی ناردوە لە یولیوی ساڵی 1944 وتیایا هانی دەدا کە هێزەکانی ڕووسیا پێشڕەوی بکەن بەرەو بەرلین، ئەمەش مانایەکی تر دەبەخشێ ئەویش ئەوەیە کە هاوپەیمانان وای بۆ دەچوون کە ڕووسیا پێش ئەوان دەگاتە بەرلین!. کاتێ ستالین دڵنیابوو لەوەی کە حاڵەتی سوپای رووسیاو توانای بۆ شەر پاش ئەو دەستدرێژییەی ئەڵمانیا لە بارە زیاتر چنگی گیرکرد بەسەر ئەو زەویانەی داگیریکردبوون، هەر کە زانیشی هێزەکانی ڕۆژئاوا بەرامبەر بەم ڕەفتارە ناڕازین هەستا پەیتا پەیتا نامەیەك لەسەریەك بۆ رۆزفلت و چەرچڵ نارد و لەو نامانەدا تەواوی سیمای خۆشەویستی و دۆستایەتی خۆی دەردەبڕی نامەکان هەر جارەی بە جۆرێکبوو سەرەتا هێمن و لە سەرخۆ بوون پاشان شێوازێکی وشکیان لە خۆگرت لە کۆتاییشدا شووڵی لێ هەڵکێشا و زیاتر بەرەو سنوور شکاندن دەچوون.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە رۆزفلت نەیتوانی فرت و فێڵی (ستالین) بدۆزێتەوە، مێژوونووسی بە ناوبانگی ئەمریکی (هربرت نز) وای بۆدەچێ کە ئەو هزرەی لای ئەمریکیەکان پەیدابوو بوو لەسەر ستالین زیاتر دەگەڕایەوە بۆهۆی نیەتە خراپەکانی هیتلەر. بەپێچەوانەوە چەرچڵ وەکو (روزفلت) تووشی ئەم داوی هەڵخەڵەتاندنە نەبوو بوو بەڵام هەر چەندی دەکرد بۆچوونی ئەمریکەکانی بۆ ڕاست نەدەکرایەوە، ئێمە ئەوەی لە ڕابردووی (ستالین)ەوە دەمانزانی و بەتایبەتی سەبارەت بە چۆنیەتی دەسەڵات گرتنە دەستی لە ڕووسیا بۆمان دەرکەوتبوو چ فێڵباز و نەگریسە چونکە کەسێکی وابوو کە هەل دەقۆزێتەوە بۆ هێناوەی مەرامەکانی خۆی. بۆ یەکەمجار لە مانگی یولیۆی ساڵی 1945دا چاوم بەستالین کەوت، لەم چاوپێکەوتنەدا داوای لێکردم سەردانێکی بکەم لە مۆسکۆ ئەوەبوو لە ڕۆژی دووی ینایەری ساڵی 1947 بینیم، لە ڕاستیدا لەو بینینەدا بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە کەسایەتیەکە پێویستە بە

باشی بایەخی پێ بدرێ چونکە خاوەنی ئەتلەنتیکی ستراتیژیی سەرسوڕهێنەرە، باوەڕیش ناکەم بۆ یەکجاریش لە ململانێی ستراتیژیەتی جەنگدا هەڵەیکردبێ لە کاتێکا ئێمە هەموومان لە شەڕەکانمان لەگەڵ ئەڵمانیای هیتلەری تووشی هاتین.

کابرایەکی تا بڵێی میوان دۆستبوو لە جێی خۆیا قسەی بۆ دەهات حەزی بە گاڵتەوگەپ دەکرد بەڵام ئەوەی لەم سەردانەدا بۆم ساغبۆوە ئەوەبوو کە میللەت لە ژێرسایەی دەسەڵاتیا گیرۆدەی ستەم و چەوسانەوە هاتووە.

نەك هەر ئەمەم دەربارەی ئەم میللەتە بۆ ڕوونبووبێتەوە کە میللەتێك بوو لە ژێر قورسایی دەردوبەڵای شەر دەیناڵاند بەڵکو میللەتێکە لە هەمان کاتا ترس باڵی بەسەرا کێشاوە بەهۆی ئەو کاروکردەوانەی پۆلیسی ئاسایش دەرحەقی دەیکات. کەسیکت نەدەدیت بتوانێ بە ئازادی بیرو بۆچوونی خۆی دەربڕێ.

تا ماویشم ئەوخوانەی سەر شێوانی ڕۆژی 10ی یەنایەری ساڵی 1947م لەبیر ناچێتەوە کە لە کوشکی کرملین بۆی سازاندم. کاتێ خۆم و چەند ئەفسەرێکی دی لە ناو خۆمانەدا قسەمان دەکرد لەگەڵ میوانەکانی ئەم ئاهەنگەدا پەیتا پەیتاش پەرداخی (مەی) بەسەرماندا دەگەڕا، شوێنەکە هێندە کپ و بێ دەنگ بوو گوێت لە ڕۆیشتنی میروولە دەبوو. لەپڕ ئەو ڕووسیانەی لەوێ ئامادەبوون، دەمیان بوو بە تەڵەی تەقیو یەك سەیری ئەوی تری دەکرد، وەك ناپاکیەکیمان لێ قەومابێ و نهێنییان درکاندبێ، کاتێ دیتیان (ستالین) بە تەنیا و بێ دەنگ خۆیکرد بە هۆڵەکەداو قەت ئەمەم لەبیر ناچێتەوە، بەڕاستی کارێکی ناهەمواربوو بە تایبەتی هەموو ئەو کەسایەتیە ڕووسیانەی لەوێ ئامادەبوون هەر هەموویان لە پلەوپایەی بەرزی وڵاتدا کاربەدەست بوون.

(ستالین) ئاوابوو لە ڕووسیا، لە ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش توند چنگی گیرکردبوو بەرادەیەك خەڵکەکە لە بارو دوخێکی ترسناکدابوون پیاو بەزەیی بە حاڵیانا دەهاتەوە. ئەو خەڵکە بەشێکی کەمی خوراکیان چنگدەکەوت، کەرەسەی ناو بازاڕ و خانووی نیشتەجێبوون ئەوە هەر زۆر بەزەحمەت چنگ دەکەوت.

کاتێ رووسیام بەجێهێشت دوای ئەم سەردانەم بۆم دەرکەوت کە (ستالین) کابرایەکی نەگریسە بەڵام تا بڵێی زیرەك. ئیتر لە دوای ئەو سەردانەوە نەمدیەوە ئەوەبوو لە مارسی ساڵی 1953دا کۆچیدوایی کرد پاش ئەوەی نزیکەی سیی ساڵ ڕۆڵی دیکتاتۆریانەی ستەمکاری گێڕا، بێگومان بەسەدان کەسی بەرهەڵستکاری سیاسی بەدەستی خۆی بە گوللەباران لەناوبردوە، کەس لە چنگی دەرنەدەچوو، تەنانەت دنیا سەری سوڕماوە لەو تاکە تاکەی کەسانەی لەچنگ سێدارەدانی ئەوس قورتاریانبووە.

دوای ستالین (مالنکوف) هاتەجێی نایەتە خەیاڵم لەو سەردانەی ساڵی 1947م بۆ مۆسکۆ دەیبینم ئەم پیاوە بە پێچەوانەی (ستالین)بوو هەوڵیدا ئەو گرژییەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا خاوکاتەوە رێی دا کەرەسەی بازاڕی زۆرتر بڵاوبێتەوە بەمەیش گیانێکی ئومێدی بە ڕۆژئاواییەکان بەخشی، تەنانەت هەندێك باوەڕیان وابوو کە سەردەمی ستالینەت بەسەرچوو ئیتر ناگەڕێتەوە. کەچی لە پڕ (مالنکوف) لە فەرمانڕەوایی دوورخرایەوەو (بولگانین و خوروشوف) هاتنە جێی وەك هاوبەشێك لە کارەکەدا، یەکەمیانم دەناسی و لە مۆسکۆ لە ساڵی 1947دا قسەم لەگەڵاکردبوو، شێوەی لە پیاوێکی توندو شەڕانی دەچوو.

بولگانین و خوروشوف لە ساڵی 1955دا چەند سەردانێکیان کرد بەرەو بەلگرادو ژنێڤ و هیندستانو بورما پاشان لە مایوی ساڵی 1956دا سەردانی (لەندەن)یان کرد بەڵام لەوێ زۆر بە ساردی پێشوازییان لێکرا، ئەویش ڕەنگە لەبەر ئەو تیبینیە خراپانەی خرۆشوف بووبێ کە لەسەر ئێمەی بەریتانی دەریبڕی بوو لە هیندستان روداوەکان دەهاتن و تێدەپەڕین، خوروشوف توانی بە سەر بولگانین و مولوتوف و مارشاڵ زوکوفدا سەرکەوێ و لە کاریان دوورخاتەوە، ئەو سێیانە ناسراوبوون بە تایبەتی زوکوف بڕیاروابوو لە بەهاری 1958دا سەرەرای پلەی سکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی، سەروکایەتی

وەزیـرانیش بگرێتـە دەسـت، بـەڵام خوروشـوف تـوانی بەتـەواوی دەسـت بەسـەر هەموو دامودەستگاکانی حکومەتی دابگرێ وبیخاتە ژێر چنگی خۆیەوە.

## خوروشوف

ئێستا بابێینە سەر باسکردنی پێشەوایانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی، کاتێ کە کارم لـەناو سـوپای بـەریتانی تـەواوبوو، پاشـانیش لـە ریکخـراوی پـەیمانی بـاکووری ئەتلـەنتی کـارم نـەما ئـیتر لـە مـانگی سـەبتەمبەری سـاڵی 1958 بڕیارمـدا سەردانێکی پێشەوایەکانی دنیای کۆمونیستان بکەم.

گوناهـە پـێش ئـەوەی کەسـێك بـە تـەواوی نەناسـی لـە خۆتـەوە بڕیـاری لەسـەربدەی، لەبـەر خۆمـەوە لـە خـۆم دەپرسـی دەبـێ خوروشـوف لـە چ تـەرزە کەسانیك بێ.. پاشان بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارەم وام بەباشـزانی کـە بۆخـۆم بچم بۆ بینینی ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی 1959دا نامەیـەکم بـۆ نـارد تیایـدا داوام لێکرد ئەکرێ سەردانێکی بکەم بۆ مۆسکۆ تاکو لە نزیکەوە باس لـە هەنـدێ هەڵویـستی نێودەوڵـەتی بکـەین بـە خۆشـحاڵیەوە وەڵامـی دامـەوە سـەبارەت بـەم سەردانە، ئەوەبوو ڕێی مۆسکۆم گرتەبەر و لە 28ئـەبریلی 1959دا گەیـشتمە ئەوێ.

ئامانجی سەرەکیم لەم سەردانە ئەوەبوو لە بیروڕای ئەم پیاوە بگـەم سـەبارەت بە گێروگرفتی ئاسایشی ئاڵۆزی ئەوروپا و لە نزیکەوە ببینم.

بەڕاسـتی بـەپیاوێکی مـەزن هاتـە بەرچـاوم، خـاوەنی دانـایی و ئـەقڵێکی ژیرانەبوو، خاوەن هزرێکی ڕوون و ڕەوانبوو پێویـستی بـەوە نـەدەکرد قـسەی بـۆ دووبارەبکەیتەوە. کابرایەکی واقعی بوو، بە درێژایی وەخت لەسەر ڕای خۆی بوو بە موو لە بۆچوونەکانی خۆی لای نـەدەدا. دیـاربوو زۆر لـە ڕاسـتیەکانی دەزانـی، هەر پرسیارێکی لێبکرابایە حازر بەدەستانە وەڵامی دەدایەتەوە.

لەسەر مێزێك دانیشتبووم ڕووبەڕووی خۆی لە کۆشکی (کرملین) بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەسەریەك تێروپڕپێکەوە قسەمان ئالۆگۆر دەکرد، زۆر بە زەحمەت بتوانم باس لە سیما و روخساری بکەم کە چییان لە ژێرەوە حەشارداوە چونکە زوو زوو و بەخێرایی دەگۆڕان، بۆیە لەو باوەڕەدام کە پەیکەرتاشێك بیەوێ وێنەی پەیکەرێکی (خرۆشۆف بکات تووشی ئەزیەت و زەحمەتێکی زۆر دەبێتەوە)، هەر مەگەر بتوانم بڵێم ئەم پیاوە پێشەوایەکی سیاسەتمەداری مەزن بوو مەگەر خەسڵەتێکیوا پڕ بەپێستی ئەوبێ بۆ ئەوەی گوێ لە بیروبۆچوونی ئەو پیاوەبگرین دەبێ سەر لە بەیانیەکی زوو لە خەو هەستین و ڕووبەڕووی ببینەوە تۆ نەئەتوانی بیترسێنی و نەئەشتوانی لەخشتەی بەریت کابرایەکی کەللەڕەقە، بەڵام هەندێجار سۆزی لێدەبارێ کە قەت باوەڕناکەی ئەو سۆزە لە پیاوێکی واوە هەڵقوڵابێ کە سەروسیمای هەمیشە گرژومۆن دیارە.

ئەوپەڕی باوەڕی بەخۆی هەبوو ئەیتوانی لەگەڵ پاشا و میراندا ڕەفتار بکات هەر وەکو چۆن دەیتوانی لەگەڵ پیاوێکی ئاسایی سەرجادەش بەڕوویەکی خۆشەوە قسان بکات.

بێگومان کەسایەتێکی هەڵکەوتووبوو لە مەیانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا شایانی باسە ئەم پیاوە لە ساڵی 1894دا لەدایکبووە، باوکی لە(کان)ی خەڵوزدا کاریکردووە (کرێکاربووە). کاتێ لە مۆسکۆ بووم ویستم لە بیر و بۆچوونی بگەم سەبارەت بەم بابەتانەی خوارەوە:

یەکەم: ئایا ئامادەیە شەڕێکی ئەتۆمی (ناوکی) بەرپابکا بۆ ئەوەی بەخێراترین ڕێگا ئامانجەکانی بێنیتەدی؟

دووەم: رای چییە بەرامبەر بە گەلی ئەڵمانیا؟

سێیەم: بیروبۆچوونی چییە بەرامبەر بەراپەرینی گەلی چین و حکومەتەکەی پەکین؟

ئەمانە پرسیار گەلێکبوون گرنگی خۆیان هەبوو، دیارە وەڵام دانەوەیشیان تاڕادەیەك كاریگەرییان هەیە بۆ سەر سیاسەتی ڕۆژئاوا ئەگەر بیتو ڕاستگۆیانە لێی وەربگیرێ.

## پرسیاری یەکەم: (جەنگ)

پاش چەند ساڵێ ونزیك ساڵی 1953 بوو خرۆشۆف بە بەردەوامی باسی لە توانای یەکێتی سۆڤیەت دەکرد و دەیووت ئامادەیە شەڕێکی ئەتۆمی (ناوکی) بەرپا بکات بەڵام ڕۆژئاوا ئەوەی لە توانادا نییە، وەختێ لەم بارەیەوە قسەمان لە گەڵاکرد زۆر دوژمنکارانە وەڵامی دامەوە، پاشان شێوازی قسەی گۆڕی بە تایبەتی کە دیتی من توانای ڕۆژئاوام بۆ ڕوونکردەوە کە چۆن دەتوانێ وەڵامی دەستدرێژی بداتەوە، پێم ووت ئەویش دەتوانێ چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنێ کە بەشی ئەوەندەدەکا شارە سەرەکیەکان و بنکە پیشەسازییەکان وێران بکا و بەم کارەش ملیۆنەها ئادەمیزاد لە ناو دەچێ.

وام هەستدەکرد لەو ماوەیەی لە تەکیدابووم بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر بێتو جەنگێکی ئەتۆمی ڕووبدا چ ئەنجامێکی دەبێ، بەهەرحاڵ لە سەرەتای ساڵی 1960دا کە قسەی دەکرد باسی لە مەترسیەکانی شەڕی ئەتۆمی دەکرد و دەیووت ئەمە کارەسات بۆ هەموو گەلانی جیهانپەیدادەکات، هەروەها دەیوت نابێ تەنانەت ڕێگا بدەین شەڕی ناوخۆش بەرپابێ چونکە لە ئەنجاما بەرەو شەڕی جیهانی وەردەچەرخێت.

لە یولیوی ساڵی 1960دا لە (ڤینا) و تەیەکی گرنگیدا لەوێدا ژیانی بە کەشتیەکەی (نوح) شوبهاند لەسەر زەویدا، لە کۆتاییدا وتەکەی خۆی بەم ڕستانەی خوارەوە تەواوکرد:"ئەگەر نەتوانی بە ئاشتی لەسەر زەوی بژیت هەر وەکو گیانلەبەرەکان توانییان لەسەر پشتی کەشتیەکەی (نوح) بمێننەوە، ئەگەر

جەنگ تاقە هۆکارمان بێت بۆ نەهێشتنی ناکۆکیەکانمان بەو پێیەی هەندێك ڕەقیان لە سوشیالیستی دەبێتەوە و هەندێکی تریش رقیان لەسەرمایەداری دەبێتەوە ئەوە مانای وایە ئێمە بە دەستی خۆمان کەشتیەکەی (نوح) تێکدەشکێنن کە بۆخۆمان لە سەری دەژین بەواتایەکی تر ئێمە بە دەستی خۆمان سەر زەمین وێراندەکەین لەو وتووێژانەی لە مۆسکۆ لەگەڵ خرۆشۆفدا کردم بە تەواوی بۆ ڕوونبۆوە چ خۆی و چ سەرکردە سەربازییەکانیشی هەر هەموویان بەخۆی ئەو پێشکەوتنانەی ئەم دەوڵەتە پاش سەردەمی ستالینی بەدەستی هێناوە بۆم دەرکەوت کە رووسیا زۆر پێویستی بە ئاشتی هەیە، بۆیە شەڕی ئەتۆمی هەموو ئەو هەڵکەوتە پێشکەوتوانەی لە ڕیشە دەردێنێ کە بەخۆیەوە دیتوە لە چاو ئەو دوا سەردانەم بۆ مۆسکۆ لە ساڵی 1947 ئەگەر شەرێکی وا ڕوویدا بێگومان ئەم وڵاتە پەنجا ساڵی تر بەرەو دواوە دەبات. قەناعەتم هێنا کە خرۆشۆف پشتگیری لەشەڕناکاو نەك هەر بە هەڵەیەکی گەورەی دادەنێ بەڵکو باوەڕی وایە کە یەکیتی سۆڤیەت و هەموو جیهان بەرەو وێرانکاری دەبات.

باوەریش ناکەم پەیڕەوکردنی ڕۆژئاوا بۆ دامالینی چەك و ئامادەسازی ڕاگرتنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی ئەتۆمی ئەگەر تەنانەت هەر لەلایەن خۆیشیەوە بێ (کەباوەڕم نییەشتی وایش بکات) ئەم کارانە بیرو بۆچوونی خرۆشۆف زۆر ناگۆڕێ چونکە ئەم پێش هەمووشتێ هزری شەڕ ڕەتدەکاتەوە و باوەڕی وایە کە ئەم دەستەمایەکەی دۆرانی لە دوایە و لەمەیشا هەقیەتی وای بۆ بچێ ئەمە سەرەتایەك بوو کە دەبوو لەم بابەتەدا لەسەری بڕۆین، ئەگەر ئەوەیشی بدەینەپاڵ کە خرۆشۆف بۆخۆی حەزدەکا ناوی وەك (پیاوێکی ئاشتیخواز) بچێتەناو مێژووەوە، بە کەسێکی وابناسرێ کە ئاسایش و هەرزانی بۆ گەلی سۆڤیەت دابینکردووە، هەروەکو لەبەشەکانی تردا ئاماژەمان پێداوە، ئەوسا ئەو ڕاستیەمان لاروون دەبێتەوە کە دیاریکردنی ئەم پێشەکیە بۆ ئەو باسە

یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەدا، لەلایەکی تریشەوە دەبێ ئەوە بزانین کە خرۆشۆف لەناو خودی یەکێتی سۆڤیەت خۆیدا تووشی فشاردەبێتەوە لەو قسانەی کە لەو ماوەیەدا لەگەڵ سەرکردە و سیاسەتمەدارانی ئەویێ کردم لە مۆسکۆ بۆم دەرکەوت کە دەبن بە دووبەشەوە، بەشی یەکەمیان لەگەڵ تیۆرەکانی (لینین)دا یەکدەگرنەوە کە ئەویش ئەوەیە شەڕ لەگەڵ ڕۆژئاوادا ماوەیەکی دوور و درێژ ناخایەنێ، بەلام بەشی دووەمیان باوەڕیان وایە کە دەکرێ لە شەڕ دووركەونەوە، و لەگەڵ ڕۆژئاوادا ڕێبکەون لە ژێر دروشمی: (بژی و ڕێ بدە خەڵكی تر بۆ خۆیان بژین) واتە پەیڕەوکردنی پەرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، دەستەی یەکەم لەو تەمەن گەورە و بە ساڵاچوانەن کە باوەڕیان بە مارکسی هەیە و جگە لەو ڕێبازە بە هیچی تر قایلنابن، خرۆشۆف پاڵی داوەتەبەر دەستەی دووەم و لەو باوەڕەدایە کە تیورێکی کۆنەو کاتی بەسەرچووە ئەمەو هەموو لاوەکان سەربەم دەستەیەن ئەگەر بێو ناکۆکی بکەوێتە نێوان ئەم دوو دەستەیەوە لە پێناوی دەسەڵات و ئەمەیش چاوەڕواندەکرێ ئەوە بە من بێ ئاوات ئەخوازم سەرکەوتن بۆ خرۆشۆف بێت، بەڵام چالاکی فرۆکەکانی نهێنی (تجسسی) ئەمریکی وەکو ڕوداوەکەی فرۆکەی (یو2) یا فڕینی هەر فرۆکەیەکی تر لە هەر کات و شوێنێکدا بەسەر ئاسمانی سۆڤیەتدا یا هەر کار ڕاییەکی تری کەسیمای دەستدرێژی بە خۆیەوە دەبینێ وەکو چەند بارەکردنەوەی دەوریاتی بومب هاوێژ بەسەر بۆمبی ناوکیەوە بێ هیچ هۆیەك، لەم چەشنە کاراییانە بێگومان دڵەڕاوکێ و گومان پەیدادەکات لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، لە هەمان کاتا بیانوو دەداتە دەست دەستەی پیرانی باوەرهێنەر بە مارکسیەت لە ڕووسیادا.

ئەگەر سەرنجی کێشەکەبدەین لە بەر ڕۆشنایی ئەو قسانەی سەرەوە ئەوسا لەوە دەگەین کە بۆچی جار جارە خرۆشۆف ناچاردەبێ جۆرە ڕەفتارێکی

توندوتیژ و سەرەرۆیانە بەکاربهێنێ بەرامبەر بەو هەوڵ و کۆششانەی ئەمەریکا دەیانوێنێ بۆ زانیاری پەیداکردن لە یەکێتی سۆڤیەت.

ئەو دەرسەی پێویستە بیزانین ئەوەیە ڕۆژئاوا ئەگەر بیەوێ ڕێی ئاشتی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا بگرێتەبەر، ئەوە دەبێ سەرکردەکانمان لەو لایەنە سەربازییانە دوورەوەکەون کە بەرەو نەهامەتیمان دەبات.

هەڵبەتە گەوجانە ڕەفتارکردن بەرەو ئەنجامی خراپمان دەبات کە ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەرێکی ئەتۆمی، هەروەها ئاشکرابوونی هەندێ ڕووداوی نهێنی جێ پێی خرۆشۆف بەهێزدەکا کاتێ هێرش دەباتە سەر هەوڵ و کۆششی هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا بەنیازی کەرت و پەرتکردنی یەکێتی ناو ڕیزەکانی، ئەمە وامان لێدەکا ڕێ نەدەین ئەو جۆرەکارانە ڕووبدەن.

بەڕای من پەیمانی باکووری ئەتلەنتی خەریکە پەشێویی تێدەکەوێ هەر دابەش بوونێکیش لەڕیزکانیان دەبێتە مایەی مەترسی بۆ دەوڵەتە بچوکەکان بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی دراوسێی ڕووسیان وەکو نەرویژ و دانیمارك و تورکیا.

هەر هەموومان دەزانین کە هەموو دەوڵەتان دەستگای هەواڵنیستی (مخابراتی) خۆی هەیە زانیاری بۆ کۆدەکاتەوە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی دژایەتی دەکەن، بەڵام دەبێ ئەم دەستگایانە زۆر بەوریایی و لەسەرخۆ کاربکەن تا دەستیان نەکەوێتەڕوو، کارەکان تا پێش کۆنگرەی لوتکەش لە ئەبریلی ساڵی 1960 زۆر بەباشی دەڕۆیشتن بەڕێوە تا ئەو کاتەی ئەمریکیەکان فرۆکەیەکی نهێنییان نارد بۆ ڕووسیا لە پێش بەستنی کۆنگرەکە بە ماوەیەکی زۆر کورت، ئاشکراکردنی ئەم فڕۆکەیە و خستنی هەڵویستێکی ناخۆشی بەرپاکرد کە بەهیچ جۆرێك ئەم کارە ناچێتە خانەی زیرەکی و ژیریتیەوە بۆ دەستگاکانی هەواڵنیستی ئەمریکییەکان.

## پرسیاری دووەم
## (ئەڵمانیا)

لەقسەکانی خرۆشۆفەوە بۆم دەرکەوت کە ڕووسیا وای دەبینێ کە جارێکی تر ژیان بۆ ئەڵمانیا سەرلەنوێ سەرهەڵبداتەوە و ئەشێ گیانێکی تۆڵەسەندنەوە لەم وڵاتەدا جارێکی دی پەیدا ببێتەوە لە، ئاماژەکردنە بەردەوامیەکەیدا وای نیشاندەدا کە پەشێوو دوودڵە بەرامبەر بە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لەڕووی سیاسی و ئابووری و جوگرافییەوە ئەڵمانیای دیموکراتی بەیەکێ لەو دەوڵەتە گرنگانە دادەنرێ کە لە چوارچێوەی ڕووسیا دەسوڕێنەوە چونکە بەردەوام پارەو سەرمایەکانی خۆی لەوێ دەخاتە گەڕ، وا دیارە رووسیاش لە بارودۆخی ئێستایدا نەیەوێ دەستی خۆی لە ئەڵمانیای دیموکراتی هەڵبگرێ هەروەها نایەوێ لە باری ئێستادا هەر دوو پارچەکەی ئەڵمانیا یەك بگرێتەوە مەگەر بە چەند مەرجێکی تایبەتی دیارە ئەو مەرجانەش ڕۆژئاوا پێی قایل نابێت، بۆیە لەوەدەچێ یەکێتی لەم بارودۆخەی ئێستایدا کارێکی مەحاڵ بێت، خرۆشۆف بۆ خۆشی جەختی لەسەر ئەم ڕاستیەکردەوە کە هیچ گومانێکی تێدانەهێشتەوە، سەرەڕای ئەوەش ڕووداوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە کێشەی بەرلین زەحمەتە چارەسەرکردنی مەگەر کاتێ ئەنجام بدرێ ئەویش بە چارەکردنی کێشەی ئاسایشی ئەورووپا بە شێوەیەك کە هەردوولای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پێ قایل بێت، دیارە لەم ڕووەوە ئەبێ ڕۆژئاوا بەرەوڕووی ئەم ڕاستیە ببێتەوە، بۆ خۆشم هەمیشە هەستم بەوە کردوە کە هەمووان دەرك بەمس ڕاستیانەدەکەن، چونکە دەوڵەتێك نییە حەز بەوە بکات کە هەردوو پارچەکەی ئەڵمانیا یەك بگرنەوە. لە کاتی قسەو گفتوگۆمدا لە گەڵ پێشەوایانی ڕۆژئاوادا لە زۆربۆنەی جیاجیادا بۆم دەرکەوتوە کە حەز بەو بۆچوونەناکەن بەڵام ئەوەندە هەیە ناتوانن بە ئاشکرا بیڵێن نەوەك دڵی گەلی

ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە خۆیان برەنجێنن، ئەو گەلەی کە بۆ خۆشی باوەرناکەم حەزی بەم یەکگرتنەوەیە هەبێ.

ئێمە ئەوەندەمان لەسەرە بەرامبەر ئەڵمانیا پێویستە جارێ هەر لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستا بەردەوام بین لەوانەیش کێشەی بەرلین.

## پرسیاری سێیەم

### (چین)

لەبارەی چینەوە زۆر بەزەحمەت لە بۆچوونەکانی خرۆشوف گەیشتم، قایل نەبوو رێی ئەوەبدا کە ئەشێ لە دوارۆژدا چین ببێتە گرفتێك بۆ رووسیا، من ئەوەم بۆ روونکردەوە کە لەڕووی جوگرافیاوە رووسیا دەکەوێتە نێوان دوو دەوڵەتەوە کە هەریەکەیان دەتوانێ گرفتی بۆ دروست بکات، دانی بەوەدا نا کە مەترسی لە ئەڵمان هەیە، لێم پرسی ئەی لە بارەی چینەوە، کاتێ کە وەلامێکی ئەوتوم لێیەوە دەستگیرنەبوو گومانم لە ڕاستی قسەکانی پەیداکرد، بۆیە یەکسەر ڕاستەوخۆ ئەم پرسیارەم لێکرد:

زۆرتر لەم دووانە (ئەڵمان و چینیەکان) لە کامیان دەترسن لێرەدا خرۆشۆف کە واناسراوە، خێرا وەلام دەداتەوە و لەسەر وەلامدانەوە یەکی ناکەوێ کەچی ئەمجارەیان کەمێ وەستا و ئینجا وتی:"لە کاتی ئێستادا –ئەڵمان-" بە بڕوای خۆم ڕاستی دەکرد چونکە وەلامەکەی پەیوەندیداربوو بە دوا ڕۆژی ئەم دەوڵەتەوە لە ڕۆژهەلاتی دووردا کە زۆر بە هەنگاوی خێرا بەرەو پێشەوە دەروا ئەمەیش جۆرە تەم و مژێك لە خۆی دەپێچێ و زەحمەتە ئەم تەلیسمە وابەئاسانی روونبێتەوە.

کاتێ جێم هێشت شتێ لە مێشکما دەخولایەوە ئەویش ئەوەبوو کە گومانی هەبوو کاروبار لە چین تا مەودایەکی دووریش بەرەو گۆڕانکاری بڕوا هەر وەکو

هەندێ تێیدەگەن، بەڵام وێنەکان وردە وردە ڕووندەبنەوە کاتێ کە باس دێتە سەر پێشەوایانی چین، تاقە شتێ کە زۆر بەڕونی پێوەی دیاربوو ئەوەبوو کە ئەڵمانی بەسەرچاوەی ترسدەزانی، بۆیە لەم ڕووەوە ڕێی نەدەدا کە هیچ هەلێکی وا بەم ئاڕاستەیە بڕەخسێ، پێش ئەوەی خرۆشۆف جێبهێڵێن ئەبێ ئەو ڕاستیە بڵێین کە پێویستە سەرکردەکانی ڕۆژئاوا کاروبارەکان بە باشی کێشانە بکەن لە بارەی ئەو ڕووداوانەی لە ڕووسیا روو دەدەن ئەگەر هاتو خرۆشوف لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی نەما ئەشێ دوای ئەو یەکێکی تر بێت زۆر لەو خراپتربێ.

## تیتۆ

پێش ئەوەی بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور بکەوینەرێ تا باس لە پێشەوایانی (چین) بکەین زۆر لە جێی خۆیدایە لێرەدا باسێك لە (تیتۆ)بکەین... تیتۆ ناوی ڕاستەقینەی خۆی (جوزیف بروز)ە و لە ساڵی 1892 لە دایکبووە بۆ یەکەمجار لە سێبتمبەری ساڵی 1953دا چووم بۆ دیدەنی ئەم پیاوە پاش ئەوەی داوەتێکی بۆ ناردم بۆ ئەوەی لە ناوچەی (زەغرب) چاوم بە مانورەسەربازییەکەی سوپای یوگسلافی بکەوێ لەوێ، من لەو کاتانەدا جێگری سەرکردەی باڵای هێزەکانی پەیمانی باکووری ئەتڵەنتی بووم، لەو باوەڕەدا نەبووم کەس بەربەستیم بکات لەم چوونەمدا بە تایبەتی ژەنەڕاڵ (ریدگوای) سەرکردەی باڵای هێزی هاوپەیمانان، هەر چەندە وڵاتە یەکگرتووەکان تاقە دەوڵەتی ڕۆژئاوابوو کە دەستی یارمەتی ئابوری و سەربازی بۆ یوگسلافیا درێژدەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا ناچاربووم ئەم کارەم ڕووبەڕووی وەزارەتی دەرەوەی خۆمان بکەم لە لەندەن ئەویش قایلبوو بەوەی ئەم کارە ئەنجام بدەم چونکە لە زۆر ڕووەوە سوودی هەبوو ئیتر ئەوەبوو چووم.

تیتـۆم وەك پیـاوێکی بـەهێز و بەسـەرکردەیەکی مـەزن و ڕەوشـت بـەرز هاتـە بەرچـاو ڕۆژ بـە ڕۆژ تـا دەهـات پەیوەنـدیمان بـەهێزتر دەبـوو، بـەو دوایانـە بـۆم نووسـی کـە حـەز دەکـەم سـەردانێکی بکـەم لـە (بـەلگراد) تـا لـە نزیکـەوە لـە بیروبۆچوونی شارەزابم سـەبارەت بـە هەڵویـستی گـشتی لـە بـارەی جیهانـەوە پـێ خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ ئـەم سـەردانە دەربـڕی، بـەم جـۆرە سـەردانی دووەمـم لـە سێبتمبەری ساڵی 1954دا دەسـتی پێکـرد و مـاوەی هەفتەیـەکی خایانـد، لـەم سـەردانەمدا چـەند شـوێنێکم بەسـەرکردەوە لەوانـە سـەردانی قوتابخانەیـەکی سـەرەتایی و پاشـان سـەردانی قوتابخانەیـەکی ئامـادەییم کـرد، پاشـان سـەردانی کێڵگەیـەکی تایبـەتی و کێڵگەیـەکی هـەرەوەزیم کـرد و هـەروا چوومەسـەردانی کیلگەیـەکی رەز و تـرێ، پـاش ئەمانـەش سـەردانی چـەند کارگەیـەکمکرد لـەو کارگانـەی زیـاتر بـە پیـشەسازی قورسـەوە سـەرقاڵن، ئینجـا بـەرەو (سـیرابیڤۆ) کەوتمەڕێ، ئەو شوێنەی یەکـەم بڵێسەی شـەڕی یەکـەمی جیهـانی تیـا هەڵگیرسـا، هـەروەها گـەلێ بنکـەی مەشـقی سـوپای یوگـسلاڤیم بەسـەرکردەوە، ئـەو دوو ئەفسەرەی لـەم گەشـتەدا بـۆ ڕێنـوێنی لـە تـەکمابوون بوونـە هـاوڕێم و هـەروەها گەلی کەسانی تریش لەم گەشتەمدا بوونە دۆستم.

زۆرجاری تـر دوای ئـەوەیش سـەردانی(تیتـۆ)م دەکـرد دوا سـەردانم لـە دووی سبتیمبەری ساڵی 1958بوو کاتێ چوومە خزمـەتی بـۆ ماڵئـاوایی لێکردنـی بـە بۆنەی کۆتایی هاتنی کارەکەم لە ناوچەی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی لە هـەژدەی سیبتمبەر و بەبۆنـەی دەسـتبەرداربوونم لـە کـاری سـوپایی لـە سـوپای بـەریتانیا دوای ئەوە سەردانم نەکردەوە هەر چەندە لە دڵەوە حەزم دەکرد سـەردانی بکـەم بـە بۆنـەی ئـەو دۆسـتایەتیەی لـە نێوانمانـا پتـەو بـوو لـەم چـەند ساڵانەی دواییدا جارێکیان لە (تیتۆ)م پرسی کە باسێکی سەردەمانی منداڵی و هـەرزەکاری خۆیم بۆ بکات لە وەڵامدا پێی وتم سەرەتا ئیشی کارەباییم دەکرد پاشـان چوومە ڕیـزی سـوپای یوگـسلافیەوە لـە سـەردەمانی جـەنگی یەکـەمی جیهانیـدا تـا پلـەم

گەیشتە پلەی (عەریف) پاشان بەدیلی گیرام و حەوت ساڵ لە ڕووسیا مامەوە و لەوێ بووم بە کۆمەنیست، کاتێ گەڕامەوە بۆ یۆگسلافیا بڕیارمدا بچمە ناو ڕیزەکانی کرێکارانەوە و زۆری پێنەچوو بوومە یەکێ لە سەرکردەکانی ئەم بزوتنەوەیە، جارێکی تر ژیانی پەشێوی تێدەکەوێ و سەرلەنوێ بەرەو بەندیخانە ڕاپێچدەکرێتەوە، وای بەباش دەزانێ لەم ماوەیەدا چەند ناوێکی جیاجیا بۆ خۆی دابنێ تا پۆلیس بە ئاسانی بەڕێ و شوێنی نەزانێ، یەکێ لەو ناوانەی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو ناوی (تیتۆ)بوو. هەر وەکو جارێکیان لە گفتوگۆیەکی نێوانماندا پێی وتم ئەم ناوەم (تیتۆ) پێوەلکا و خوشم بەلامەوە خۆشبوو چونکە لە چاو ناوی (بڕۆز) ئاسانتردەهاتە گۆکردن هەر بۆیەش تا ئەمڕۆ خەڵکی بەناوی (تیتۆ)وە ناسیویانم کاتێ سوپای ئەڵمانیا لە ئەبریلی ساڵی 1941دا بەرەو یوگسلافیا کشا تیتۆ بزوتنەوەی کۆمنیستی بەڕوودا ڕێکخستن و کەوتە جەنگی پارتیزانیەوە دژ بە ئەڵمانەکان، باڵێکی ڕاستڕەویش هەبوو لەو کاتەدا لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەرێکی سوپادا بە ناوی (میخائیلوفتش) ئەمانیش هاتنە پاڵیان ئیتر بە هەردوولا دژی ئەڵمان دەجەنگان، بەڵام ئەو دووبەرەیە لە ئەنجاما ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە ئیتر شەڕێکی چەکداری ڕووبەڕووبوونەوە ڕوویدا لە نێویانا لە ئەنجاما (تیتۆ) سەرکەوت بەسەر ئەو باڵەدا، کاتێ لە ساڵی 1945دا شەڕی ئەڵمانیا کۆتایی هات تیتۆ بووە سەرەك وەزیران و پاشان بووە سەرۆکی کۆماری یۆگسلافیا ئەوەی گومانی تێدا نییە تیتۆ خەباتێکی زۆریکردووە لە پێناوی سەر بەرزی یوگسلافیادا، گەورەترین کارێك ئەنجامی دابێ ئەو هەوڵەیەتی کەدای بۆ یەکگرتنەوەی هەر شەش کۆمارەکە تا یۆگسلافیا ببێتە وڵاتێکی یەکگرتوو دیارە وڵاتێکی یەکگرتووی کۆمەنیستی، بەڵام هەر وەکو تیتۆ بۆ خۆی جارێکیان وتویەتی کۆمەنیستی ئەمان لەگەڵ کۆمەنیستی مۆسکۆدا جیاوازی هەیە، ئەمان هەوڵ نادەن بە زۆر و بەزەبری هێز ئایدۆلۆژێتی خۆیان بەسەر وڵاتانی تردا بسەپێنن، تیتۆ دژی کۆمەنیستی جیهانی دەوەستێتەوە ئەو

ڕێبازەی دەیەوێ هەموو جیهان بەرەو سیستەمی کۆمەنیستی بەرێت، لە ڕاستیشدا لەم پێناوەدا گەلێ جار بەرەنگاری مۆسکۆ بۆتەوە و هێرشی کردۆتە سەر سیستەمی کومینفور بە ئاشکرا لە ساڵانی 1948دا تەنانەت لە بلۆکی سۆڤیەتی دوورکەوتۆتەوەو یوگسلافیای کردۆتە وڵاتێکی بێ لایەن تیتۆ ئێستا دەیەوێ بە ئاشتیانە لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی و وای دەوێ وازی لێبهێنن خەریکی گەشە پێدانی سەرمایەی وڵاتەکەی بێت و بارو ئاستی ژیانی گەلەکەی بەرزبکاتەوە، تا ڕادەیەکیش لەم کارەیدا سەرکەوتووبووە، دەرکیشی بەوە کردووە کە ئەگەر بێتو ناکۆکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پەرەبسێنێ مەترسی شەڕێکی سەرتاپاگیر دێتە ئاراوەو ئەمەش ئەنجامی بۆ وڵاتەکەی خراپدەبێ.

من لەو باوەڕەدام لەم بارو دۆخەدا کارێکی وابکا خۆی بێ لایەنبگرێ، هەر چەندە گومانی ئەوە ناکەم کە یوگسلافیەکان لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا (تیتۆ)دا ئامادەن شەڕی هەر دوژمنێك بکەن بیەوێ هێرش بێنێتە سەر وڵاتەکەیان. زۆر بەزەییم بەو هێزە سەربازییەدا دێتەوە کە نیازی وابێ هێرش بێنێتە سەر ئەم وڵاتە.

من ئێستاش ئەو قسانەی (تیتۆ)م لەیادە کاتێ (عەبدولناسر) لە ساڵی 1958 سەردانی کرد لە (بریونی) لەوێ گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لە نێوانیانا بەردەوام بوو تیتۆ باوەڕی وایە کە (عەبدولناسر) جێ پێیەکی بە هێزی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆیە پێویستە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا تا ئەتوانن یارمەتی بدەن هەر وەکو پێشتر ئەوەیان دەکرد بێ ئەوەی بەرژەوەندی و پلەوپایەی بخەنە ژێر هەڕەشەوە.

لەوەدەچی (ناسر) بە تیتوی ڕاگەیاندبێ کە حەز بەوە دەکا دوستایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوادا ببەستێ هەر چەندە ئامانجی سەرەکیشی لەوەدایە کە دەیەوێ یەکێتی عەرەبی بەدەست بێنێ کە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بکات وەکو یەك بێ ئەوەی لادا بەلای یەکێکیاندا و باوەڕی بەوە هەیە کە بێ لایەنیکی

ئەرێیی (ئیجابی) بێت، لەگەڵ ئەوەیشا باوەڕی وایە کە هێنانەدی ئەم ئامانجەش هەندێ کاتی پێویستە (تیتۆ) خۆیشی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بۆ خۆی ئەم سیاسەتە بەکاردێنێ لە یوگسلاڤیا بۆیە هیچ پەشێو نییە بەرامبەر هەڵویستی لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو وای دەبینێ کە مەترسیەکان زیاتر لە دەورو خولی ڕۆژهەڵاتی دوور و ئەفریقیا ئاڵاون.

هەر بۆیەش بەو ئاواتەوەیە کە ڕۆژئاوا لەگەڵ سەرکردەی میسردا بەشێوازێك کە زۆر لە (واقعەوە) نزیکبی مامەڵە بکات و بە سیاسەتی (ئەمری واقع) ڕازی بێت بۆ هێنانەدی یەکێتی عەرەبی و دامەزراندنی قەوارەیەکی بێ لایەن بۆ جیهانی عەرەبی کە لەگەڵ هەموو وڵاتەکاندا بەچاوی یەکسان هەڵسوکەوت بکات.

تیتۆ بەجۆرێك قسەی دەکرد وەك سیاسەتی (ناسر) کاری تێکردبێ باوەڕی وابوو کە ئەو پیاوە سەرکردەیەکە بە ڕوون و ڕەوانی لە ئامانجەکانی خۆی گەیشتوە بەتەواویش دەرك بە ئامانجەکانی خۆی دەکات و ئازایانە بەو زمانە لەگەڵ خەڵکەکەیدا قسەدەکات کە لێی دەگەن دیارە ئەمەیش ئەمرۆ لە ناو زۆر سەرکردەی سیاسیدا نابینرێ زۆر سەرسام بووم بە بۆ چوونەکانی تیتۆ بە تایبەتی ئەو دەسەڵاتەی بەسەر خەڵکیدا هەیبوو، ئەمانە کارێکی گەورەیان لە دەروونمکرد کاتێ کە وتووێژمان دەکرد لەسەر هەندێ بابەت هەستمدەکرد پیاوێکە زۆر قورس و سەنگینە، تاڕادەیەکی زۆریش واقع بینە بە تایبەتی کاتێ کە باس لە کێشەکانی جیهانی دەکات، حەز بەوەدەکا واز لە یوگسلافیا بهێنرێ بۆ خۆی بە تەنیا بەڕیوەبچێ بێ ئەوەی فشارێکی کۆمنیستی جیهانی یا هەر لایەنێکی تری دەرەوەی بەسەرەوەبێ، هەروەها وای دەوێت کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو دەرو دراوسێیدا باش بێت، بەم جۆرە قسەکانی تیتۆ سەبارەت بە یوگسلافیا و بەبڕوای من ئەگەر ماوەی بدەنێ بە ئاشتیانە بژی تا بیست ساڵی تر ئەوا دەبێتە یەکێك لە وڵاتە مەزنە گەشەکردوەکان و تا ئەو کاتەش ژمارەی دانیشتوانی لە 20 بیست ملیۆن کەس تێپەڕدەکات، ئەمە و ڕێبازێکی بێلایەنی بۆ خۆی دەگرێتەبەر و

دۆستایەتی هەموو لایەك پەسەند دەكات من (تیتۆ) دەخەمە ڕیزی پێشەوا نیشتیمان پەروەرەكانی جیهان لە ڕاستیدا سەركردەیەكی بڕوا بەهێزەو لەسەر ڕێباز و باوەری خۆی لانادا و ئازایەتی سیاسی تیا بەدی دەكرێ بە كورتی هەموو خەسڵەتێكی مەزنی تێدایەو دەكرێ بڵێین پیاوێكی مەزنە.

## ماوتسی تونگ

ئێستا بەرەو ڕۆژهەڵات دەكەوینەرێ لەوێ گەلی كۆماری (چین) دەبینین كە (ماوتسی تونگ) فەرمانڕەواییان دەكات دەبێ ماوتسی تۆنگ چ تەرزە كەسێك بێ؟

لە مانگی مایوی ساڵی 1960 بەرەو (چین) كەوتمەرێ تاكو لەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەم دەستكەوێ (ماوتسی تونگ) كوڕی كابرایەكە بە كشتوكاڵەوە خەریك بوو كاتێ گەورەبوو، لەخەم ڕەخسا ویستی بچێتە قوتابخانە بەڵام لەبەر دەست كورتی خێزانەكەی ئەو كارەی بۆ نەلوا بۆیە تاقە ڕێگایەك ئەوەی بۆ ئاسان بكات ئەوەبوو لە قوتابخانەیەكی ناوخۆ وەربگیرێ چونكە لەوێ دەیتوانی هەم فێربێ و هەم خواردن و خەوتنی بە خۆڕایی بێت هەر بۆیە (ماوتسی تۆنگ) وەكو هەموو ڕۆڵە دیموكرات خوازە ڕەسەنەكانی (چین) ئەم ڕێگایەی گرتەبەر هەر چەندە من وام نەبینی كە لاسایی دیموكراتیانە بكات زۆر لەسەرخۆ و نەرم قسان دەكا بە ئاگایانەوە رستە كورتەكانی هەڵدەبژێرێ.

ماوتسی تۆنگ هەندێ وشەی ئینگلیزی دەزانێ كە جار جار، بۆ موجامەلە بەكاریان دێنێ، چونكە گفتوگۆكانم لە تەكیا زیاتر لە ڕێی وەرگێڕەكانەوەبوو، ماوتسی تونگ لە ساڵی 1893 لە دایكبووە، هەر چەندە وای پێوەدیاربوو كە تەمەنی لەوە گەورەتربێ ئەمەیش دیارە كارێكی سەر سوڕێنەر نییە ئەگەر بێتو ئەوە بزانین كە لە سەردەمی منداڵی و سەردەمی تێكۆشانیدا لە شەڕی

درێژخایـەنی دژ بـە ژاپـۆن کـە لـە سـاڵی 1937ەوە دەسـتی پێکـردووە هـەموو ئەمانــە و شــەڕی نــاوخۆش کــە لەســاڵی 1949دا بــە کــشانەوەی هێــزە نیشتیمانیەکانی ژێر سەرکردایەتی (شیانك کای شیك)دا بوون ساڵانێکی پڕ لە ماندووبوون و نارەحـەتی بـوون بـۆی لەگـەڵ بـەردەوام بـوونی وتووێژمانـدا وردە وردە باری سەرنجم بەرامبەری دەگۆڕا چونکە سەرەڕای ئەوەی لە شی پڕ دیاربوو زۆر بەسستیش ئەڕویشت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دیاربوو تەندروستی باشە و تا ئەمڕۆش لە ڕووی وەرزشیەوە حەزی بەمەلەکردن دەکرد.

تـابلێی زیرەکـی پێـوە دیـاربوو، دەیتـوانی ڕووبـەڕووی کێـشە و گرفتـەکان ببیتــەوە، بەســستی دەدوا بــەڵام لــەوە نەئەچـوو بەســستی بیربکاتــەوە، زۆر بـەخێرایی وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایـەوە و مـاوەی ئـەوەی نـەدەدا وەك بـۆی چووبم پیاو گومان لە قسەکانی بکات.

بـە ئاسـانی بـۆم دەرکـەوت کـە توانایـەکی سـەرکەوتوانەی هەیـە لـە فەرمانـدان بەرامبـەر بـە هەڵسوکەوتی خـەڵکی بیروراکـانی لەلایـەن هەنـدێ کەسـایەتی سیاسـی جیهانیەوە لە جیهانی ڕۆژئاوادا لەوانەی من دەیانناسم زۆر بەوردی حسابی بۆ دەکرا.

ماوتسی تونگ لە (چین) نەترازاوە تەنها سەردانێکی (مۆسکۆ)ی کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـا زۆر بەچـاکی دەزانـێ لـە جیهانـدا چـی ڕوودەدا بۆیـە یەکێکـە لەوانـەی زۆر ئارەزووی لەسەر خوێندنەوە هەیە یاخود ڕۆژانە گوێ لە هەواڵەکانی دەرەوە دەگـرێ وەکو هەموو هاووڵاتیەکی چینی حەزی بە گاڵتەوگەپ هەیە، کاتێ کـە بـۆ یەکـەمجار پێی گەیشتم گوتی:"لـەو بـاوەڕەدام ئێـستا بـەلای خۆتـەوە وای تێدەگـەی کـە لەگـەڵ پیاوێکی شەڕانگێزدا قسان دەکەی، ئەی نابینی نەتەوەیـەکگرتووەکان بـەم خەسـڵەتە ناوم دێنێ، جا لاریت لەوەنییە کە قسان لەگەڵ پیاوێکی شەرانگێزدا بکەیت؟".

ئەم قسانەی دەکرد و چاوەکانیشی دەبریقانەوە، وەختێ ئاماژەی ئەوەم بۆ کرد کە لە ناو دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا ئەگەر شتێکی وەهاش هەبێ نابێ لۆمەیان بکەین، بەم قسەیەم لەقوڵایی دڵیەوە پێکەنی.

لە گەرمەی قسەماندا باسمان لە بابەتی شۆڕشەوە دەکرد، کەمێ باسی (کرومویل)ی بۆ کردم و بەم قسانەی سەرم سوڕما، پێم گوت ئەگەر کرومویل لە ڕووداوەکانی مێژوودا دەرنەکەوتایە ئەوە ڕەنگە ئەمڕۆ (ئینگلترا) مان بەم شێوەی ئێستای نەبینیایە، کەواتە ناکرێ شۆڕش بەکارێکی خراپ حیساب بکەین.

هەر بۆ نموونە شۆڕشی ئەمریکا دڵسۆزانی ئیمپراتۆریەتی یەکگرتووی ناچارکرد بەرەو باکوور یکەونەڕێ و لەوێ (کەنەدا)ی ئەمڕۆ پێکەوەبنێن، هەروەها شۆڕشی فەرەنسا بووە هۆی خولقاندنی فەرەنسای نوێ، لە کۆتاییدا ئەوەش بڵێین شۆڕشی چین کە بەسەرکردایەتی ئێوەکرا بووە مایەی لە ناوبردنی دەربەگایەتی و نەهێشتنی گەندەڵی و وڵاتی لە دەست درێژی دەرەوە پاراست.

(ماو) بە پەرۆشەوە گوێی بۆ ڕاگرتبووم پاشان سەیرێکی کردم و بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:"تۆ زۆر ئاگاداری وەکو بۆم دەردەکەوێ" لێم پرسی بۆچی وا سەری سوڕما کە من هێندە ئاگادارم وەڵامی دامەوە ئەو لەوەدا هەڵەبوو کەسەر سورمانی نیشاندا پۆختەی قسە ماوتسی تۆنگ وەك من دەیبینم پیاوێکە مرۆڤ حەز بە بینینی دەکا و دەیەوێ قسەی لەگەڵدا بکات هەروەها لە بیروڕاکانیدا دڵسۆزە، گومانیشی تیا نییە کابرایەکی کومنیستە تاسەر ئێسقان، هەر چەندە وای نیشان نەدەدا کە نیازی وایە دنیا بەرەو سیستەمی کۆمنیستی ببات، ڕەنگە ئەمەیشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چین هێشتا بەدەست گرفتی ناوخۆ وە دەناڵێنێ و ڕێی نەدا بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بڕوا.

ئەگەر بارێکی ناچاری پاڵم پێوەبنێ لەگەڵ (ماو) یا لەگەڵ (خرۆشوف) بەرەو دارستانێك بچم ئەوە بێگومان حەز دەکەم لەگەڵ (ماو)دا بم بۆ ئەوکارە.

## شواین لای

پێویسته لەسەرمان چاوێك بگێڕین بە (شو)دا پێش ئەوەی بیر لە هەرشتێکی تر بکرێتەوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە (چین) ڕوودەدا، ئەم پیاوە ئێستا سەرەك کۆماری چینی میللییە و بەرپرسی یەکەمە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی لیژنەی ناوەندی حزب کە (ماوتسی تونگ) سەرکردایەتی دەکات ئەم پیاوە کوڕی پیاوێکی فەرمانبەرە و زۆر بە باشی پەروەردە کراوە، ئێستا تەمەنی لە شەست ساڵان تێپەڕیکردووە هەر سەرەتا کە سەیری سەروسیمای دەکەیت هەست بەوە دەکەیت کە خاوەن ئەقڵ و زیرەکیەکی بێ هاوتایە بیرمەندێکی مێشك کراوەیە و زوو ئەقڵی بەشت دەشکێ زمان پاراوە و خاوەنی کە سایەتیەکی سەرنج ڕاکێش و ڕۆح سووکە، بە دووقۆڵی و بەیارمەتی دوو وەرگێڕ دوو بە دوو بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت سەعات پێکەوە دانیشتین قسەوباسمان لەو هەڵسوکەوتانەکرد کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی جیهانی پەشێو دەبێتەوە، کە زیاتر خۆی لە ناکۆکی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەبینێتەوە، پاشان داوام لێکرد باسی گیروگرفتە ناوخۆیەکانی چینم بۆ بکات، دیاربوو لە زمانی ئینگلیزی دەگەیشت ئەوەیشم لە کاتی حەوانەوەدا بۆ دەرکەوت کە جار بەجار قسەی پێدەکرد، هەروەها بە زمانی فەرەنسیش دەیتوانی بدوێ بەوەیشا دەزانم کە یەکدووجار بەو زمانە قسەم دەکرد کە شوێنەکە پێویستی بکردایە تا بە باشی مەبەستەکەمی تیا دەربرم، ڕاستیەکەشی ئەو بە زمانی چینی لەگەڵما دەدوا و لەڕێی دوو وەرگێڕەوە کە بەباشی زمانی ئینگلیزییان دەزانی قسەکانم بۆ شیی دەکرایەوە هیچ وەرگیرێکم لەگەڵ خۆما نەبرد وام بەباشزانی کە بەتەنیا بۆ ئەم جۆرە کۆبوونەوانەبچم تا هەلی زیاتر بۆ خانەخۆێکەم برەخسێنم بەڕاشکاوی قسەی خۆی بکات و گومانی ئەوە نەکات بەهۆی وەرگێڕەکەمەوە ئەو قسانەی بۆمی دەکات دەگاتەوە وەزارەتی

دەرەوە لە لەنـدەن، ئـەوەی شـایانی باسـە مـن بۆخـۆم ئـەو قسانەم بـۆ کارمەنـدی کاروباری بەریتانیا نەدرکاند کە لە دواییدا بووە مایـەی توڕەبـوونی هـەر چەندە دوایی بە هۆکارەکەی زانی.

سـەرم سـوڕما لـە چـۆنیەتی کـاری ئـەو دوو وەرگێـڕە کـە یەکـەمیان ئـەرکی وەرگێڕانـی قـسەکان بـوو دووەمیـشیان بـۆ ڕاسـتکردنەوەی هەڵـەی وەرگێڕەکـە تەرخانکرابوو، هـەر بـۆ نموونـە وەرگێـڕ وشـەی (جـەنگ)ی بـەکارهێنا لـە زمـانی سەرەك وەزیرانەوە کەچی وەرگێـری دووەم خێـرا بـۆی ڕاسـتکردەوە و گـوتی کـە (شوین لای) مەبەستی لەو قسەیە (هەڕەشەی جەنگە) دیارە ئەم ڕاسـتکردنەوەیە تەواو مەبەستی گفتوگۆکەی بەلادا خست.

گفتوگۆکانمـان زنجیرەیـەك بابـەتی لـە خۆگرتبـوو، پێـشتر مارشـاڵ (شـن یـی) وەزیـری دەرەوەی چـینم دیتبـوو گـەڵ قـسەمان لـە بـارەی سیاسـەتی دەرەوەی چـینکردبوو بـەڵام جـارێکی تـر هـەمان بابـەتم لەگـەڵ سـەرەك وەزیرانـدا دووبـارەکردەوە، پاشـان چـووینە سەرباسـی سیاسـەتی دەرەوەی بـەریتانیا، بـە تایبەتی هـەروا قسەکردن لـە سـەر کاروبارمـان لـە ئاسـیادا بـە شـێوەیەکی گشتی هەمووجارێکیش لەم گفتوگۆیانەدا لەگەڵ سـەرکردە چینیەکان داوام لێ دەکـردن کە بـە تـەنیا بیـانبینم هـەموویش بـەو داواکاریـەم قایلـدەبوون و ناویـان لێنـابوو (ڕێکەوتننامەی جەنتڵمان) کە مەبەستیان ئـەوەبوو ئـەم قسەوباسانە بـە دوور و درێژی نەچنە ناوباسی ڕۆژنامە نووسیەوە.

هەریەکە لە (ماوتسی تـونگ) (شـواین لای) سـووربوون لەسـەر ئـەوەی ئاسـتی هـاووڵاتی چینی بەرزبکەنـەوە کـە لـە ئـەنجامی فـەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرەکـان و دەسـتی بیـانی ڕۆژئـاواوە زۆر بـەرەو نزمـی چووبوو ئەمـەیش لـە ئـەنجامی ئـەو پرسـیارەوە هـات کـە رووبـەڕووی (شـواین لای) کـردەوە سـەبارەت بـە گالیـسکەی (ریکشو) کە بریتییە لە گالیـسکەیەکی دووپێـچکەیی چینیەکان بـەدوای خۆیانیـا ڕادەکێشن بۆ کاروباری گواستنەوە و هێشتاش لە (هۆنگ کۆنگ) بەکار دەهێنـرێن

كە لە ساڵی 1934دا لە سەردانێكمدا بۆ چین بە چاوی خۆم دیتم، ئەوەندە هەیە ئێستا لەبری زەلام بە پێچكە دەروا و وردە وردەش خەریكە ئەمەیش نامێنێ و تاكسی جێی دەگرێتەوە، لەم بارەیەوە (شواین لای) گوتی گالیسكەی (ریكشو) لە بەهای مرۆڤ كەم دەكاتەوە، چونكە لەم حاڵەتەدا دەبێ مرۆڤەكە جێی ئەسپ بگرێتەوە دیارە سیستەمی كۆمنیستی بەم كارە ڕازی نابێ.

(شواین لای) لە چین بە كەسی دووەم ناژمێردرێ دیارە كەسی یەكەم (ماوتسی تۆنگ)ی سەرۆكی لیژنەی مەركەزی حزبە لە كۆماری میللیدا و پاش ئەویش (لیوشاوشی) سەرۆكی كۆمار و فەرماندەی گشتی هێزە چەكداریەكان و جێگری یەكەمی لیژنەی مەركەزی حزب بە پلەی دووەم دێت، بەڵام جێگری دووەمی لیژنەی مەركەزی حزب دیارە (شواین لای)یە كە بەكەسایەتی سیەم دادەنرێ لە چین.

ئەم سێ پێشەوا راستەقینانەی چین كاتێ كۆ دەبنەوە بە هەرسێكیان بڕیار لەسەر جێگیركردنی سیاسەتی وڵات دەدەن و بە حوكمی ئەوەیش كە شواین لای سەرەك وەزیرانە كارەكان ئەنجام دەدا.

ئەنجومەنی وەزیران لە شازدە وەزیر پێكهاتووە هەر وەزیرە نەخشە وپلانی وەزارەتەكەی خۆی دادەڕێژێ لەم ڕووەوە ئەم ئەنجومەنە لە ئەنجوومەنی وەزیرانی بەریتانی دەچێ تەنها جیاوازیەك لە نێوانیاندا هەبێ ئەوەیە كە سیاسەتی باڵای چین لیژنەی مەركەزی حیزبی كۆمنیست دیاری دەكا و وەزیرەكان بەرپرسن لە ئەنجامدانیا لە ڕووی جێبەجێكردن و كارگێڕیەوە، بەواتایەكی تر ئەركی بریكارانی وەزارەتی بەریتانی دەبینن، لەلایەكی ترەوە ئەركی سكرتێری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی چینی كە (هی شانج شن)ە كتومت لە ئەركی سكرتێری ئەنجومەنی (هویت هۆڵ) دەچێ.

هەر بۆیە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەست سەرکردایەتی لیژنەی ناوەندی حزبەوەیە کە خۆی لەو سێ کەسەدا دەبینێتەوە کە پێشتر ئاماژەم بۆکردن، کە لە ڕاستیدا ئەوان فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی وڵاتی چینن.

ئەگەر بمەوێ ناوی کەسێکی تر بخەمە پاڵ ئەو سێ کەسەوە ئەوا ناوی (کوشەنگ شی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب دەهێنم کە ئێستا بەرپرسی (شەنگەهای)یەو پیاوێکی بە تەمەنە ڕەنگە تەمەنی گەیشتبێتە حەفتا ساڵ لە شەنگەهای بینیم کاتێ بۆ ماوەی چوار سەعات لەوێ لەوتو وێژدابووم لەگەڵ ماوتسی تونگ ئەویش لەوێ ئامادەبوو.

(شواین لای) ئەوەی بۆ ڕوونکردمەوە کە پابەندبوونی سیاسەت و خۆبەستنەوەی بە لووتکەوە کارێکی ئێجگار پێویستە بۆ چینی نوێ ئەگەر بمانەوێ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوەبچێ، وڵاتێکی بەرفراوانی وەکو چین کە ئەمڕۆ دانیشتوانی خۆی دەدا لە 650شەش سەدوپەنجا ملیون و بگرە تا دێ زیادیش دەکا بەڕادەی ساڵانە پازدە ملیۆن کەس، دەبێ بۆ وڵاتێکی ئاوهایی لە لووتکەوە بەڕیوەبچێت ئەگینا لە شیرازە دەردەچێ ئاژاوەی تێدەکەوێ، ئەمەش زیاتر پێویستی دەرکەوت کاتێ لە ساڵی 1949دا کۆماری میللی هاتەکایەوە، من بۆخۆم (مونتگمری) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، هەر ئەمە هۆیەش بوو وایکرد لە ماوتسی تۆنگ دەستبەرداری پلەو پایەی سەرۆکی دەوڵەت بێتەوە و ببێت بە سەرۆکی لیژنەی ناوەندی حزب چونکە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لای حزب کۆدەبێتەوە و هەر ئەویش نەخشەی سیاسەتی گشتی دەوڵەت دادەڕێژێ.

کار بە دەستانی کۆماری چینی میللیم وابینی دەبا ئێستا سیاسەتیان شی بکەینەوە.

## چین بەرەو کوێ دەڕوا؟

ڕەنگە هەموو کەسێك بەو گۆڕانکاریانەی نەزانیبێ کە لە کاتی هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە بەسەر چیندا هاتبێ چینی کۆن ماوەیەکی زۆر بەدەست دوو هۆکارەوە دەیناڵاند یەکەمیان دەست درێـژی دەرەوە (لەمـەدا ئەشـێ هـەر ئێمـەی بـەریتانی بەر لۆمە نەکەوین).

دووەمیـــشیان: چەوســـاندنەوەی نـــاوخۆ بـــە دەســـت دەســـەڵاتدارانی دەرەبەگایەتیەوە.

گـەلیش سـەرجەمی بـە دەسـت هـەژاری و دواکەوتنـەوە دەیناڵانـد، کەچـی بیانیەکان بە ئارەزووی خۆیان خێرو بێری چینیان بـە تـاڵانی بـۆ خۆیـان دەبـرد فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرەکان نموونـەی گەنـدەڵی پێوەدیـاربوو تەنانـەت بـە هـیچ جۆرێك گوێیان بەچینی چەوساوە نەدەدا تا وای لێهات شۆڕشبووە کارێك نەدەکرا خۆیـانی لێ بدزنـەوە. ئـەوەبوو لـە پـڕ بـە سـەرکردایەتی (ماوتـسی تـۆنگ) ئـەم شۆڕشە بـەرپابوو لەگـەڵ خۆیـدا پاشمـاوەی فـەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریـەتی چینی ڕماڵی بەخۆیان و بازرگانانی جەنگ و خاوەن مۆڵکەکانی دانیـشتوی هەنـدەران و هەموو بیانیە خراپەکانی دیش لـە جێـی ئـەوان چینێکی نـوێ لـە دایکبـوو پـاش ئەوەی لەم ڕێیەدا بەهەزاران کەس بوونە قۆچی قوربانی و برینـداربوون لـە پـاڵ ئەمەدا زیاد لە شەش سەد ملیۆن هاووڵاتی خێـری لـەم شۆڕشـە دیت و هەرچـی جوتیـاران و کرێکـاران بـوو ڕزگاریـان بـوو لـە چـنگی چەوسـاندنەوەی سـەردەمی پێشووی دوابڕاو، بەم جۆرە هەر هەموو کەوتنە دووی شۆڕش و لەژێر سیـستەمی نـوێی وڵات ڕاهـاتن تـا لـە ئـەنجاما بـۆ خۆیـان بڕیـار لەسـەر ئەوەبـدەن کـە ئـەم ئەزموونە شایان بەو ماندووبوونەیە کە لە پێناویا خۆیان بۆ بەختکردووە.

ئەگەر ئەمڕۆ لێیان بپرسی ئایا ئەم سیستەمەی ئێستاتان ئەو هەموو ماندوو بوونەی دەهێنا بێ دوو دڵی هەموو لە وەڵامدا دەڵێن: بەڵێ، چونکە هەر هیچ نەبێ ئەمڕۆ ئەمانە دەتوانن ژەمە خۆراکی ڕۆژانەی خۆیان بەدەست بهێنن، هەروەها سەردەمی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوە بەسەرچوو دیارە هەموو پیشەوایانی چینیش لەو باوەڕەدان کە خێر و بێر سەراپای وڵات دەگرێتەوە، هەموویش لەسەر ئەوە کۆکن کە چینی تازە بەرەو سەروەریی و سەربەخۆیی خۆی دەروا و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری دەکا چۆنی بوێ وا ئازادی خۆی بە دەست دێنێ بێ ئەوەی هیچ دەستێ لە دەرەوە خۆی لە کاروباری هەڵقورتێنێ.

دنیای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتووەکان بە تایبەتی سیاسەتێکی چەوت و هەڵە بەرامبەر بە چینی ئەمڕۆ پەیڕەودەکەن، ڕەنگە هەموو کارەکان ئەمڕۆ لە چین هەموویان باش نەبن هەروا بەرامبەر بە جیهانی ڕۆژئاوایشەوە، بەڵام هەر هەموو شتەکان بە جاریٚ خراپ نین وەك هەندێك وای بۆ دەچن، زۆر هەڵەین ئەگەر وا بیربکەینەوە کە چین وڵاتێکی داماوەو گەلەکەی بە ناچاری لە ژێرباری زوڵم و چەوسانەوەدا دەژی و هەمیشە لە ژێر زەبری ترس و لەرزدا بەدەست سەرکردە دڵڕەقەکانیەوە دەناڵێنێ، ڕەنگە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی سەردەمانی پێشوو بووبێ یا ڕەنگە هەمان ئەو وێنانە بێ کە بۆ خۆم لە ساڵی 1934دا بینیومن بەڵام وێنەی ڕاستەقینەی ئەمڕۆی چین وانین. ئەوەی ئەمڕۆ هیچ ململانیەکی لەسەر نییە ئەوەیە کە (ماوتسی تۆنگ) توانیویەتی میللەتێکی یەکگرتووی وابخولقێنێ کە کیان و ئامانج و قسەی خۆی هەبێ کە ئەویش (یاسا)یە، فەرمانڕەوا نوێیەکانی ئەمڕۆ دەیانەوێ دەوڵەتێکی نوێ لە چین پێکەوە بنێن، بەهێزترین دەوڵەت بێ لە ئاسیا و بگرە لە هەموو جیهاندا بێگومان ئەم کارەیان ڕووبەڕووی گەلێ کۆسپی گرنگ دەبێتەوە و ڕێگایشیان دوورە ڕەنگە بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە پەنجا ساڵی دی هەبێ، بەڵام زۆری

ژمارەی دانیشتوانی و حەزی میللەتەکە بە ڕێبازی تێکۆشان ئەم ئەرکە کەم دەکاتەوە. گەلی چین یەکەم گەلی پیشەسازییە لە جیهاندا هەر هەموویشیان بەلێنیانداوە بەردەوام لە کاردابن لە پێناوی سەرکەوتنی چیندا لە ژێر فەرمانڕەوایی ئێستایاندا هەر هەموو میللەتەکەیش پەیڕەوی ئایدولۆژیایەك دەکەن کە خۆی لەو حزبەدا دەنوێنێ کە ئەمڕۆ لەسەرکارە بۆیە هەر هەموویان لەسەر سیستەمێکی ورد کاردەکەن و دڵسۆزی بۆ حوکمی پیشەواکانیان دەردەبڕن هەر هەمووش ئامادەن ئەم بیروباوەڕەی ئێستا قەبوڵ بکەن و لەسەری بڕۆن چونکە هەرچۆنێ بێ لە سیستەمی سەردەمانی پێشووی پڕ زوڵم و زۆری و حوکمی ئیمپراتۆران و بازرگانانی جەنگ باشترە.

ئەگەر ماوتسی تۆنگ بۆخۆی بەم بارودۆخە قایلبێ ئەوا لە سەدا نەوەدی خەڵکەکەش پێی قایلن، ئیتر هیچ شتێکی لەبەردەما نامێنێ لێی بترسێ، من چینی کۆنم ناسیبوو بەراشکاویش دان بەوەدا دەنێم کە چینی تازە زۆر لەوسا باشترە دووشت هەیە پێویستە ئێمەی خەڵکی ڕۆژئاوا لەبارەی چینی نوێوە بیزانین یەکەمیان سیاسەتی ئەمڕۆی چین دووەمیان ئامانجە بالاکانیەتی سیاسەتی ئەمڕۆی چینی پابەندە بە کاروباری ناوخۆییەوە هەر وەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد چونکە چین دەوڵەتێکی هەژار و دواکەوتووە، لە زۆر ڕووەوە گیروگرفتی بێ شومار بەرەو ڕووبۆتەوە هەر لەباری پیشەسازی و کشتوکاڵی و نیشتەجێ و خۆراکەوە بیگرە تا دەگا بە وزەی کارەبایی کە لە ڕێی ڕووبارە مەزنەکانیەوە پێ دەگا و تاکو چۆنیەتی خۆپاراستنیش لەبەربەست کردنی لافاوی ترسناك باری سەرنجی خۆم لەم بارەیەوە بۆ ماوتسی تۆنگ روونکردەوە وپێم راگەیاند کە ڕەنگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە پێویستی بە پەنجا ساڵی دی بێت بەڵام تا بیست ساڵیتر دەتوانێ گەلێ لە کێشەکانی چارەسەربکات پاش ئەم ماوەیە وردەوردە کاروباری وڵاتەکەی بەرەوپێشەوە دەڕوا.

سەرۆك ماو هاوسۆزی خۆی بەرامبەر بە بۆچوونەکانم دەربڕی و گوتیشی چین لەم ماوەیەدا پێویستی بە ئاشتی هەیە، بۆ ئەوەی درك بە ئاشتی بکەین سەبارەت بەچین پێویستە مرۆڤ چەند ڕۆژێکی خۆی لەناو گوندەکانی چیندا بەسەربەرێت و پاشان ڕوو بکاتە شارە گەورەکانی تا بۆی دەرکەوێ کە هەر جەنگێکی تری جیهانی دەبێتە مایەی کارەساتێکی بەرچاو و چینیش بۆ پەنجا ساڵ و بگرە زیاتریش بەرەو دواوە دەبات، لەم ڕووەوە (شواین لای) هاوبەشی لە راکانم کرد.

سیاسەتی ئێستای چین پشت بەوە دەبەستێ کە هاوشانی رووسیا بێ، ئەو قسانەش ڕاست نین کە گوایە ناکۆکی هەیە لەنێوانیاندا، چین بە پلەی یەکەم پشت بە یەکێتی سۆڤیەت دەبەستێ لە بارەی کەلوپەلی سەرمایەداری و شارەزایی هونەرییەوە، هەر چەندە بەم دواییانە وای لێهاتووە وردە وردە پشت بەخۆی دەبەستێ.

رووسیا پسپۆرانی خۆی بۆ چین دەنێرێ تاکو چینەکان فێرکەن چۆن ئەم، کەرەسە تازانە بەکاربهێنن، ئیتر کاتێ چینیەکان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان دەتوانن لەوێ بەباشی کەرەسەکان بخەنە گەڕ. ئەبێ ئامانجی سەرەکی چین چی بێ، ئایا پاش بیست ساڵی دی چی لەچین ڕوودەدا پاش ئەوەی دەبێتە یەکێ لە دەوڵەتە مەزنەکان و ژمارەی دانیشتوانی ڕەنگە بگاتە زیاتر لە هەزار ملیۆن کەس و دەبێتە خاوەنی ئابوریەکی نەتەوایەتی پتەو.

ماوتسی تۆنگ زۆر بە وریایی گوێی بۆ وەرگێڕەکە گرتبوو کاتێ بە زمانی چینی ئەو دوو پرسیارەی ڕوو بە ڕووکرایەوە، ئەویش لە وەڵاما گوتی:

ـ ئاه... لەوە دەچێ تۆ لەو باوەڕەدا بیت کە چین هێرش بۆ دەرەوەی سنووری خۆی دەبات.

وەڵامم دایەوە مەقسەدم ئەوە نەبوو بەڵام بەپێی ئەوەندەی مێژووم خوێندبێ ئەوە دەزانم کە دەوڵەتێك کاتێ هێز پەیدا دەکات وردە وردە بیرلەوە

دەکاتەوە کە دەست بەسەر زەوی و زاری تردا بگرێ لە دەرەوەی سنووری خۆیدا، لەم ڕوویشەوە نموونە زۆرە، ڕەنگەیەکێ لەو نموونانە ئینگلتەرا بوو بێت کە پەنای بۆ ئەم کارەبردبێ، پاش کەمێ بیرکردنەوە وەڵامی دامەوە کە پیاو ناتوانێ بەووردی ئەوە لێکبداتەوە کە چین یا جیهان پاش بیست یا سیی ساڵی تر بەرەو کوێ دەڕوات، ڕەنگە بتوانین هەر بە مەزندە بۆشتەکان بچین.

ئەم و هەموو سەرکردەکانی ئێستای چین تا ئەو کاتانە ڕەنگە کەسیان لەسەر ڕووی زەمیندا نەمابن و کەسانی تر دێنە جێیان و دەسەڵات دەگرنە دەست. بەڵام ئەوەندەی بەم بکرێ تا ئەو چەند ساڵەی لە تەمەنی ماوە هەوڵی ئەوەدەدا کە چین لە سنووری خۆیا بمێنێتەوە و لەڕێی وتووێژەوە ئەو گیروگرفتانە چارەسەربکات کە پەیوەندییان بەباری سنووریەوە هەیە و پەنا ناباتە بەر هێز، ئەوەیشی دووبارە کردەوە کە چین لە رابردوودا گەلێ گیروگرفتی چەشتوە بەدەست هەڕەشە و دەست تێوەردانی دەرەکیەوە بۆیە باوەڕی وایە کە ئەمڕۆ چین بەهیچ جۆرێ بیر لە سیاسەتی دەستدرێژی ناکاتەوە لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکا چین حەز بەوە دەکات ڕێی بدەن بۆ خۆی ئەو ئازارانەی سارێژبێتەوە کە پێشتر چێشتوونی بەڵام هەر کاتێکیش هێرشی بۆ بهێنن ئەوە هەقی خۆیەتی داکۆکی لەخۆی بکات بەهەموو هێزێکیەوە دیارە لەم ڕووەیشەوە لەو پەڕی ئامادەباشیدایە کاتێ کە لەگەڵ مارشاڵ (شن یی) وەزیری دەرەوەی چین لەم خاڵە دەدواین مەسەلەی سنووری یاسایی چینم وروژاند، بۆم دەرکەوت کە ئەوان (هۆنگ کۆنگ) و (تبت) و (فەرموزا)یش بەسنووری خۆیان دەزانن ئاشکرایە دورگەی (هۆنگ کۆنگ) بەشە میراتی بەریتانیەکانە هەر لە ساڵی 1841ەوە بەریتانیا لە چینی وەرگرتووە، ئاشکرایە کۆماری میللی دان بەو پەیماننامانەدا ناهێنێ کە سەد ساڵی بەسەرا تێپەڕی بێ یەکێ لەو پەیماننامانەش پەیماننانەی (نانکیج)ە کە لەگەڵ ئیمپراتۆری مەنشوریا مۆرکراوە، ئەوەندە هەیە زەویە تازەکانی (هۆنگ گۆنگ) و (کولون) ناچنە چوارچێوەی ئەم پەیماننامەیەوە،

پانتـایی ئـەم زەویانـە نزیکـەی (350) میلـی چـوار گۆشـەدەبێ کـاتی خـۆی بـەریتانیا بـەپێی گـرێ بەنـدێك بـە کرێـی گرتـووە بـۆ مـاوەی 99سـاڵ کـە لـە سـەرەتای یولیـوی سـاڵی 1898وە دەسـت پێـدەکا ئـەم گـرێ بەندییـەش دیـارە کۆمـاری چـینی میللـی دانـی پێـدانانێ لەگـەڵ ئەوەیـشا چـین هـەر دۆسـتایەتی بەریتانیای پێ قەبوڵە، لەبەر ئەوە هیچ گرفتێـك لـەبارەی هـۆنگ کـۆنگەوە نـابێ مەگەر لەکاتی شەڕ هەڵگیرساندا یا کاتێ کە بەریتانیا ئامادەنەبێ دان بە کۆمـاری چیندا بنێ، کاتێ لە بارەی (تیبت)ەوە لێم پرسی پشتگیری لەوەدەکەن کـە هـەقی چین بەسەر ئـەو شـوێنەوە هەیـە چـونکە لـە دێرزەمانـەوە ئـەو شـوێنە بەدەسـت چینیەکانەوە بووە.

لــە ســاڵی 1954یــشدا نــەهرۆ پەیماننامەیــەکی لەگــەڵ (شــواین لای) ئیمزاکردووە بەو پێیە هیندستان دانبەوەدا دەنێ کـە (تیبـت) بەشـێکە لـە چـین، بەڵام سـەبارەت بـە (فـەرموزا) ئـەوە تـا بڵێـی ئـاڵۆزە، ئـەوە بـوو چـوار سـەد سـاڵ لەمەوبــەرەوە واتــە لــە ســەدەی شـازدەهەمەوە چــەندین دەوڵــەتی ئیمپریــالی ویـستویانە دەسـت بەسـەر ئـەو دورگەیـەدابگرن لەوانـە پورتوگـال و ئیـسپانیا و هۆڵەندا، پاشان مەنشوریا هەڵیکوتاوەتە سەر چین و زیاتر لە خولیای ئەوەدابووە ئـەم دورگەیـە داگیر بکـات، بـەڵام لـە کۆتـایی سـەدەی حەڤدەهەمـدا فـەرموزا بـە بەشێك لە ئیمپراتۆریـەتی چـین دانـراوە، لـە سـاڵی 1895دا ژاپـۆن ویـستویەتی دەسـت بەسـەر ئـەم دورگەیـەدابگرێ و بنکەیـەکی سـەربازی تیـا دامـەزرێنێ، تەنانەت ژاپۆنیەکان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بە کاریان هێناوە.

لە کۆنگرەی (قاهرە)دا کە لە نۆڤەمبەری ساڵی 1943دا بەسترا (شـانك کـای شیك) ئامادەی بـوو لـەوێ رێکـەوتن لەسـەر ئـەوەی (فـەرموزا) بدرێتـەوە بەچـین پـاش ئـەوەی ژاپۆنیـەکان لـەو جەنگـەدا شکـستیان خـوارد ئـەوەبوو لـە سـاڵی 1945دا ئـەم دوورگەیـە درایـەوە بەچـینی نیـشتمانی لـەو کاتانـەدا چـینی نیشتمانی لە ژێر دەسەڵاتی (شان کای شینك)دابوو.

کاتێ ژاپۆنیەکان لە ساڵی 1945دا شکستیان هێنا ئەوسا دووبەرە لە چیندا هەبوون لە ژێر سەرکردایەتی (شان کای شینك) و (ماوتسی تۆنگ) پێکەوە کاریان دەکرد دژ بە هێرشی ژاپۆنیەکان لە ساڵی 1937دا بەڵام کە بارودۆخ گۆڕا نیوانی ئەم دوو بەرەیە ئاڵۆز بوو ئەوەبوو شەڕێکی ناوخۆ بەرپابوو هێزەکانی (شان کای شینك) فەرمۆزەیان کردە بنکەیەك بۆ خۆیان پاشان کە هێزەکانی ماوتسی تونگ بەسەریاندا زاڵ بوو ناچاربوون هەڵبێن بۆ ئەم دورگەیە. بەم چەشنە چین بوو بە دوو دەوڵەت یەکێکیان کۆماری میللی و حوکمەتەکەی لە (پەکین)بوو دەسەلاتی بەسەر شەش سەد و پەنجا ملیۆن کەسەوە هەبوو، ئەویتریان چینی نیشتمانی لە دوورگەی (فەرموزا) کە هەر دەملیۆن کەسێکی لە ژێر دەستابوو، گرفتەکە ئێستا لەویدایە ئایا کام لەم دوو وڵاتە هەقی سەروەری بەسەر (فەرموزا)دا هەیە چینی میللی یان شان کای شینك و دەستەودایرەکەی.

حکومەتی بەریتانیا دانی بەچینی میللی و حکومەتەکەی (پەکین)دا نا، بێ ئەوەی دان بە حکومەتی فەرموزا و شان کای شینکدا بنێ و ئەمەش بۆ خۆی بڕیارێکی ڕاست و دروستە بە بڕوای من، کەچی وڵاتە یەکگرتوەکان پێچەوانەی ئەم کارەیان کرد چوون دانیان بە شان کای شینکدا نا و قایل نەبوون بەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری میللیدا ببەستن، لەو باوەڕەدام ئەمە بڕیارێکی هەڵەیە، زیاد لەمەش وڵاتە یەکگرتووەکان زنجیرەیەك بنکەی سەربازی لە ڕۆژئاوای باسفیکدا دامەزراند وەك بەشێك لە ستراتیژیەتی خۆی کە چینیەکان ئەمە والێکدەدەنەوە کە بە نیازی هێرش بردن بۆ سەر دەوڵەتی ئەوان هەر چەندە وایش نییە بەڵام چینەکان هەر سوڕن لەسەر ئەم بۆچوونەی خۆیان.

ئەمانەن ئەمڕۆ پێشەوایانی چینی میللی و ئاوایش بیردەکەنەوە، من بۆ خۆم بڕوام وایە کە چین فەرموزای بۆ ئەوە ناوێت تا بیکا بە بنکەیەکی سەربازی ئەمە ئامانجی ئەو نییە بەڵکو فەرموزای هەر بۆ ئەوە دەوێ کە باوەڕی وایە ئەو

شوێنە لە ڕووی یاساییەوە بەشێکە لە خاکی خۆی و من لەم رایەدا لە گەڵیانم، ولاتە یەکگرتووەکان دەبێ لە ئەنجاما پابەندی ڕاستیەکان بن ئەگەر زانیویشیانە بۆ ئەم مەبەستە پێویست دەکا چاوێك بە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا بخشێننەوە یا هیچ نەبێ لە ژێر فشاری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێ.

ئەشێ ئەم پرسیارانەی خوارەوە بوروژێن:

1. ئایا سیستەمی کۆمنیستی لە ژێر سەرکردایەتی ماوتسی تۆنگدا لە چین هەر بەردەوام دەبێ.

2. ئایا ماوتسی تۆنگ بۆ خۆی هەر لەسەر دەسەلات دەمێنێتەوە سەرەڕای ئەوەیشی هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی وا نەنراوە بۆ دەستگیرکردنەوەی ئەو زەویە داگیرکراوانەی چین لەگەڵ ئەوەیشدا باری خوێندەواری پەرەی سەندوەو شارەزایی خۆی لە ناو کۆمەڵگای چینیدا سەری هەڵداوە، پرسیارێکی تر کە ڕەنگە زۆر گرنگ بێ ئەبێ پیاو باوەڕ بەو هەموو قسانە بهێنێ کە دەربارەی چین دەوترێن هەموو ئەم پرسیارانە بەم ڕۆژگارە لەمێشکی هەموو کەسێکا دەخولێنەوە، پوختەی قسەیەك لەم بارەیەوە بوترێ ئەوەیە کە هیمەت و خۆراگری ئەمڕۆ بۆتە سیمای چینیەکان و ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێن.

## پوختەیەك سەبارەت بە سەرکردایەتی کۆمنیستی

ئەوانەی بە ئاشکرا باسم لێوەکرد لەبارەی ئەو پێشەوایانەوە بوو کە چاوم پێیان کەوت بوو ئەوەم لا گەلالە بوو کە ئەم پێشەوایانە ئەرکێکی زۆریان کێشاوە تا دەستیان لە دەسەلات گیربووە، هەر بۆیە کاتێ هەنگاویان ناوە دەسەلات بگرنەدەست هەوڵێکی زۆریانداوە، بۆ لە ناوبردنی نەیارەکانی خۆیان، واتە بە هەڵبژاردنێکی ئازادانە نەهاتونەتە سەرکار، بەواتایەکی تر هیچ خۆپالاوتن و بەرهەڵستکاری پەرلەمانی یان بەخۆوە نەدیتووە، ئێمە لای خۆمان لە ڕۆژئاوا

باوەڕمان وایە کە بۆ ئەوەی حکومەتێکی بەهێز پێکەوە بنیین پێویستمان بەوەیە بەرەیەکی یەکگرتوومان هەبێ و بەرهەڵستکارانیش ڕۆڵی تێدا بگێڕن، هەر ئەمەیشە ناکۆکی نێوان بیری ئێمە و بیری وڵاتانی کۆمنیستی دیارە ئەمەیش ناکۆکیەکی بنەڕەتیە، هەروەکو ماوتسی تۆنگ پێی ڕاگەیاندم ئەوان بەپێی فەلسەفەی کۆمنیستی وا بیردەکەنەوە: (کە هەر کەسە بەپێی توانا و پێویستی خۆی) بەم پێیە دەبێ دابەش کردنی سەروەت و سامان بەم سیستەمە بەڕێوە بچێ، هەر وەکو گوتیشی هێشتا وەکو چین بەرەو دەوڵەتێکی کۆمنیستی هەنگاوی نەناوە، بەڵکو دەوڵەتێکی سوشیالیستە و بەرەو کۆمنیستی هەنگاو دەنێ هەرکاتێ سامان و هێز پەرەی سەند لە ناو میللەتانی کۆمنیستدا دەسەڵات لە ناو دەوڵەتدا خۆی دەنوێنێ و دەبێ ڕێز و پایەداریش هەر بۆ ئەوبێ هەر بۆیە لەناو ئاینی مەسیحیدا بە زەحمەت دەتوانرێ پەیڕەوی سیستەمی کۆمنیستی بکرێ چونکە بەپێی ئەم ئاینە دەبێ بە پلەی یەکەم ڕێزوپابەندبوون بۆ خوداوەند بێت پاشان بۆ دەوڵەت، لەناو زۆربەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا نزیکەی لە 60٪ گەل گوێ بە دیموکراتیەت و ئاینی مەسیحی نادەن بەڵکو زیاتر خەمی خۆیانە، هەندێك لەوانە کە هەر لە 30٪دەبن خۆیان وانیشان دەدەن کە بەڕواڵەت مەسیحین تاکو خەڵکەکە بەچاوێکی ڕێزەوە لێیان بڕوانێ، ئەمێنێتەوە لە 10٪ ئەمانە هەر چەندە مەسیحین بەڵام بڕوایان بە دیموکراتیەت هەیە لە ئەنجامی ئەو سەردانانەم بۆ وڵاتانی کۆمنیست بۆم دەرکەوت کە ئەو ڕێژانە لە هەموو شوێنەکان چوون یەك نیین بە تایبەتی لە ڕووسیا و یوگسلافیا و چیندا هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمە توندوتیژەی کە پێشەوایانی ئەو وڵاتانە بە زەبری هێز بەسەر گەلەکانیاندا دەیسەپێنن.

سومبولی سەرکردایەتی کۆمنیستی بە هەموو مانایەك خۆی لە شێوەی سیستەمی ڕووسیادا دەبینێتەوە، لەوێ دەبینین سەرکردایەتی ئەو شوێنە و بگرە کۆمنیستی جیهانیش لەوێوە نەخشە و ئارەزووی داڕشتنی جیهانێکی کۆمنیستی بۆ

جیهان دادەڕێژن لە سەرەتادا ئەوەم روونکردەوە کە خرۆشۆف هەندێ گرفتی هەیە لە ڕووسیادا و ئەم پیاوە باوەڕی وایە کە شەڕ دادی کەس نادا، نەك لەبەرئەوەی زیانبەخشە بەڵکو دەبێتە مایەی وێرانکردنی یەکێتی سۆڤیەتیش لەبەر ئەم هۆیە و گەلێ هۆی تری زۆرجار حیساب بۆ ئەو خەڵکە مارکسیە دەکات کە تینوی شەڕن.

خرۆشۆف هەندێ سەرە داوی بەدەستەوەیە بەڵام ئایا دەتوانێ لە سوودی خۆیا بەکاریان بهێنێ ئایا بەرەو هەڵدێر هەنگاودەنێ، شکست دەخوا ئەگەر بێتو ڕۆژئاوا لە ژێر سایەی سەرکردایەتیەکی وریا و بە ئاگا یەکبگرنەوە ئەمانە پرسیار گەلێکن وەڵام دانەوەیان گەلێ زەحمەتە.

ئەم روداوانەی ئەم دواییانەی رووسیا بەرەو ئەوەمان ڕادەکێشن کە ڕووسیا بە تەمایە لەناو ئاوی لێڵدا ڕاوبکات مەگەر ڕۆژئاوا دەستی بخاتە ڕوو بەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا رێکەوتننامەیەکی گونجاوی لەگەڵا مۆر بکات و منیش بۆخۆم زۆر بەتوندی پشتگیری لەم بۆچوونەدەکەم، بەڵام سەبارەت بەچین من بۆ خۆم بەپێچەوانە لەم کارە دەروانم، ئەم میللەتە زیاتر چاوی لە ئاسیا بڕیوە نەك جیهان هەر وەکو من ئێستا دەیبینم، ئامانجی چین لەوەدایە دەسەڵاتی ڕۆژئاوا لەم کیشوەرەدا نەهێڵێ هەر وەکو لەناو خاکی خۆیدا نەیهێشت، ئامانجی داهاتوویشی ئەوەیە دەسەڵاتداربێ بەوەی بەسەر ئاسیادا نەك بەزەبری چەك بەڵکو بەوەی سەرنجی ئەو دەوڵەتانە بەلای یەکیندا ڕابکێشێ لە ڕێی فشاری سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە، هەر بەم بۆنەیەوە ڕەنگە خوێنەر ئەوەی لەبیرمابێ ماوتسی تۆنگ چۆن پێی وتم کە چین نایەوێ دەستدرێژی چەکدارانە بکاتە سەرکەس لە دەرەوەی سنووری یاسایی خۆیدا تا ئەم لە ژیانا مابێ من بۆ خۆم بڕوا بەقسەکانی دەکەم چونکە مەسەلەی سنووری یاسایی گەلێ بۆچوون هەڵدەگرێ بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورانە، باوەڕناکەم بتوانێ بە تەواوی فەرمانێکی ڕاست رەوان لەسەر کەسێك بسەپێنێ نەیدیتبێ بۆیە زەحمەتە فەرمان لەسەر میللەتێك بدەی هێشتا

وەكو سەردانێكت نەكردبێ و لەگەڵ خەڵكەكیا یەكترتان نەناسیبێ لە ڕاستیدا فەرماندان لەسەر شتێك كە پێشتر ڕاستەوخۆ پەیوەندیت لە گەڵا نەبووبێ ئەبێتە فەرمانێك پشتی پێ نابەسترێ، هەر بۆیە سەردانی پیشەوایانی رووسیا وچینم كرد لەناو وڵاتەكەی خۆیاندا.

ئەم بەشە كورتە بابەتێكی گرنگ و مەزنبوو، ویستم بەكورتی و سادەیی لە سەری برۆم بۆیە ئەوەی پوختە بوو خستمە بەر دەستتان، ئومێدەوارم ئەوەندە بەس بێ بۆ دیاریكردنی ئەو بناغانەیەی كە سەركردایەتی كۆمنستی پشتی پێ دەبەستێ بۆ هێنانەدی ئامانج و دوا ڕۆژیان هەر وەكو من بە چاوی خۆم بینیمن.

## بەشی یازدەهەم

## پوختەی باسەکانی لەمەوبەرم

ئەگەر هەندێ تەنگوچەڵەمەم هاتبێتەرێ لەکاتی نووسینەوەی بەشی نۆیەمی ئەم کتێبەمدا (سەرکردایەتی ڕۆژئاوا) ئەوا ئەم بەشەی ترم گەلێ لەو گرانتر و سەختترە، زۆرجار دەمویست نووسینەوەی ئەم بەشە دواخەم بگرە هەر دەمویست نەینوسمەوە مادامەکی ئێمە باس لەو ڕێگایانە دەکەین کە بەرەو سەرکردایەتیەکی هۆشیارانەمان دەبات، بەڵام ئەنجام بۆم دەرکەوت کە بەبێ نووسینەوەی ئەم پوختەیە ئەم کتێبە ناتەواو دەبێ نزیکەی پەنجاساڵم بەسەربرد بۆ لێکۆڵینەوەی بەردەوام لەسەر ئەم باسە، جا لەبەر ئەوەی زۆربەی بیروبۆچوونەکانی خۆم لەبەشەکانی تردا باسکردبوو بۆیە باسەکەم لێرەدا کۆتایی پێ دێنم لە سەرەتای ئەم کتێبەدا گوتبووم کە (سەرکردایەتی) واتە جەنگی دڵ و ئەقڵی پیاوان، ئومێدەوارم خوێندەواران لە گەڵما کۆکبن لە کاتێکاوا خەریکین دەگەینە دوا کۆتایی ئەم راو و بۆچوونە.

سەرکردایەتی گەورەترین گرفتی مرۆڤایەتییە، بۆخۆی تۆێژینەوەیە لەسەر سروشتی ئادەمیزاد و دەبێ ئەم راستیەش لای هەمووان روون و ئاشکرابێ بەتایبەتی لای ئەوانەی لە توانای سەرکردایەتی خۆیان ڕادەبینن.

ئادەمیزادان بەپیاو و ژنەوە سمبولی ڕاستەقینەی ئەو جیهانەن کە تیایا دەژین، هەر کاتێ توانیت دڵی ئەوانە رابگری کە لەگەڵتا کاردەکەن و ڕێزی خۆت سەپاند لە ناویانا ئەوسا دەتوانی گەلێ کاری گەورە و مەزن بە دەست بدێنی، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەمەت پشتگوێ خست ئەوا ئەوسا هیچ شتێك بەدەست ناهێنی.

مەزنترین سەرکردە لە هەموو سەردەمەکاندا (محەمەد) و (عیسا) و (بوزا)ن چونکە پەیامەکانی خۆیان گەیاند و کارەکانیان بە درێژایی سەردەمەکان بە نەمری دەمێنێتەوە، ئەمانە پیاوی سادەو بێ فیزبوون جگە لە (بوزا) کە کوڕە میر بووە، ئەمانە لە سروشتی ئادەمیزاد گەیشتوون و توانیویانە پیاوان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و دڵی خەڵکیان بەلای خۆیاندا راکێشاوەو دوایان کەوتوون.

هیچ مەزنیەکی راستەقینەش بە دەست نایەت ئەگەر ئەو کەسە بۆخۆی خووڕەوشتێکی پەسەند پەیڕەونەکات ئەگەر ئەو خووڕەوشتانەش بەتەواوی پەروەردە نەبووبن ئەوا وردە وردە دەکرێ گەشەیان پێبدەیت و بیانخولقێنی، ئەشێ پیاو خووڕەوشتی پاك بێ ئەگەر (عیسایی)ش نەبێت هەر بۆ نموونە لە دنیای ئەمڕۆماندا ئەم پێوانەیە بەسەر (نەهرۆ)دا دەچەسپێ، بەڵام ئەم کارە لە ناو میللەتێکی ڕۆژئاواییدا ڕەنگە بە تەواوی نەچەسپێ، بۆیە لەو شوێنانەی بۆ خۆیان (عیسایی)ن هیچ سەرکردەیەك تیایانا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ تا بەڕاستی پەیڕەوی خووڕەوشتی عیسایی ئەکات.

## سەرکردە سەربازییەکان

مەبەستم ئەوە نییە لێرەدا هەمان ئەو قسانە دووبارە بکەمەوە کە دەربارەی سەرکردە سەربازییەکان گوتومن، بۆ نموونە لە بەشی دووەمدا باسمان لە (مارلبورو) (ولنگتون) کرد و گوتمان نموونەی دوو مەزنن کە تائێستا وەکو سەرکردەیەکی سەربازی لە ناو میللەتی خۆیاندا هەڵکەوتون، هیچ هۆیەکیش نابینم لەم قسەیەم پاش گەزکاتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەگەر هەر لەسەر باسکردنی سەرکردە هاوچەرخەکان نموونە بهێنمەوە ئەوە دەبێ بەڕێز وستایشەوە باس لە کەسانی وەکو (بیل سەلیم) و (جون هاردنگ) بکەم چونکە لەڕاستیدا ئەم دوانە لە هونەری شەڕ بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردنی

پیاواندا توانیویانە ئەو پەڕی لێهاتوویی خۆیان بخەنەکار، یەکەمیان وەکو فەرمانڕەوایەك لە ئوستورالیا و دووەمیشیان وەك فەرمان ڕەوایەك لە قوبرس لە کاتی ئاشتیدا.

هەروەها ئەم دووانە لە ڕووی خەسڵەتیانەوە تا بڵێی شارەزا و بە توانا و دەست پاك و دوور بوونە لە کاری لابەلایی هەروەها توانیویانە چۆن متمانە و ڕێزی دەوروبەریان بەلای خۆیانا ڕابکێشن، چونکە بە زمانی خەڵکەکە دواون، لەگەڵ ئەوەیشا ئەگەر دووکەسی تر بخەمە پاڵ ئەم دوانە ئەوە دەبێ ناوی (هوروکس) و (دیك ئوکونور)یش وەك دوو کەسایەتی هەڵکەوتوو یا دوو سەربازی مەزن ناویان بهێنم.

هەر لێرەدانابێ ڕۆڵی فیلدمارشاڵ (ئەلکسەندەر) لە یادبکەم بەڵکو دەبێ ئەویش لە ڕیزی پلە باڵاکان ناوبێنم، ڕەنگیشە لە زۆر شوێنی تری یاداشتەکانی خۆمدا بەسەرسوڕمانەوە باسم لێوەکردبێ.

## سەرکردە سیاسییەکان

باوەڕناکەم بتوانین کەسێك بە مەزن و بلیمەت لە بواری پێشەوایانی نیشتمانیدا پێناسە بکەین بەو خەسڵەتە ئەگەر بە درێژایی ڕۆژگاری خۆی کارێکی خزمەتگوزاری نەمرانەی بەگەل و نیشتمان نەگەیاندبێ، کەواتە بە پێی ئەم پێوانەیە دەبێ کێ بن ئەوانەی لە ناو لیستەکەی مندا جێیان ببێتەوە، من بۆخۆم شا (ئەلفرید) و (ئەبرەهەم لنکۆلن) وەك دوو نموونەی پێشەوایانی سیاسی دەبینم کە لە دەروازەیەکی فراوانەوە توانیویانە خۆیان لە ناو مێژوودا تۆماربکەن ئەم دووانە بەپێی ئەزموونی سەختیان توانیوایانە سەرکەوتوانە ئەو ڕێیانە ببڕن.

پاشان دیینە سەر پیشەوایانی چەرخی بیستەم، دیارە لەوە ئاگادارن کە من لە بەشەکانی تردا باسم لەو خەسڵەتانە کردووە کە پێویستە لای کەسی سەرکردە هەبێ لەوانە توانای کەسایەتی و توندی و یەکلاکردنەوەی کاروبار.

ڕەنگە ئەم خەسڵەتانە لەکاتی ئاساییدا زۆر پێویست نەبن بۆ سەرکردەی سیاسی بەڵام لەکاتی تەنگانەدا زۆر پێویستن، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە میللەت پێویستی بەسەرکردەیە بۆ بنیات نانەوە: میللەت پێویستی بەو سەرکردەیە یە کە لە کاتە ترسناکەکاندا ئامادەبێ خۆی بەخت کات و بەرەو ڕووی مەترسیەکان بێتەوە، هەر وەکو چۆن کاتێ دەریا هەڵدەچێ و هەمووشتێ سەر ئاودەکەوێ ئاوایش کەسانی دووربین، واتە ئەو کەسانەی کە خاوەنی کەسایەتیەکی بە هێزن لەکاتی وادا سەرهەڵئەدەن، میللەتیش پیاوی وای دەوێ هەر بۆیە هەموو دنیا بەدوای ئەم جۆرە کەسانەدا دەگەڕێن کاتێ کە مەترسی سەر هەڵئەدا.

ئەو جۆرە پیاوانەی لە خۆیان رادەبینن و بڕوایان بە خۆیان هەیە هەمیشە ئامادەن جڵەوی کارەکە لەکاتی تەنگانەدا بگرنە دەست، ئەو پیاوانەی دەتوانن قوربانی بدەن و ئازایەتی و سوربوون و توانای خۆڕاگرییان هەیە تا کۆتایی کاروانەکە، زۆرن لەوانە ئەگەر وەك نموونە لێرەدا ناویان بێنم (ونستون چرچڵ)ە، کە بەداخەوە پاش ئەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێنا زۆرکەس پشتی تێکرد، بەڵام ئەو توانی بەریتانیا و شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە ڕۆژانێکی سەخت و ناهەمواردا ڕزگار بکا، هەر بەڕای من ئەمڕۆ لە جیهانی ڕۆژئاوادا پیاوێکی تر نابینم وەك دیگۆل بێ ئەمیش تا بڵێی ئازایەتی سیاسی و سوربوونو دووربینی تیا بەدی دەکرێ.

گەلێ کاری چاکەی بۆ میللەتەکەی خۆی کردووە، با چاوەڕوان بین دەبینین ئەو کارانەی بۆ فەرەنسای کردوون بە نەمری دەنووسرێنەوە. پیاو دەبێ هەر سێ بەشەکەی کتێبی (یادەشتەکان لەبارەی جەنگەوە) بخوێنیتەوە تا ئەو گرفت و زەحمەتیانەی بۆ دەرکەوێ کە لە ساڵی 1940دا ڕووبەڕووی ڕووخانی فەرەنسا

بوونەوە، ئەم یاداشتانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە چۆن ئەم توانیویەتی بەسەر ئەو گرفت و زەحمەتیانەدا سەربکەوێ، ئەم پیاوە پاش ئەوەی سەروەری میللەتەکەی پاراست چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد میللەتەکەی پشتی تێ بکا، بۆخۆی دەستی لە پلەوپایە هەڵگرت تا جارێکی تر فەرەنسا تووشی مەینەتی هاتەوە ئەوە بوو میللەت بۆ خۆیان بۆ جاری دووەم داوایان لێکرد بگەڕێتەوە ئیتر ئەوەبوو لە ساڵی 1958 جارێکی تر گەڕایەوە، من بۆ خۆم زۆر سەرسامم بەم پیاوە و بەیەکێ لەمەزنەکانی دنیای دادەنێم.

کەسایەتی دووەمی ئەوروپی کە شایان بەوەیە لێرەدا لە ڕیزی سەرکردە مەزنە سیاسیەکانی دابنێم مارشاڵ (تیتۆ)ی سەرەك کۆماری یوگسلافیایە، ئەم پیاوە خەسڵەتی ئازایەتی سیاسی و سوربوون و دەسەڵاتی تێدایە، گەلێ کاری چاکەی بۆ میللەتەکەی کردووە و یەکسانی پاراستوەو ڕێ و ئامانجی بۆ دیاریکردوون.

(تیتۆ) سەرەڕای ئەوەیش خاوەنی خۆوڕەوشتێکی بەرز و پتەوە و کەسایەتیەکی سەرنج ڕاکێشە، بێگومان نموونەی سەرکردەیەکی مەزنە لە هەردووبواری سیاسی و سەربازیدا، خاوەن ئەقڵیەتێکی سیاسی مەزنە، هەر لە سەرەتای دەستبەکار بوونی سیاسی تا ئەو کاتەی گەیشتۆتە پلەی سەرۆکی وڵات گەلێ زەحمەتی دیوە کە ڕەنگە زۆرکەسی تر نەتوانێ بەرگەی ئەو جۆرە زەحمەتیانە بگرێ بەڵام ئەم سەرەڕای ئەوەش توانیویەتی بەسەر هەموو ئەو زەحمەتیانەدا زاڵبێ.. ئای کە پیاوێکی مەزنە.

لە جیهانی ڕۆژهەڵاتیشدا دوو پیاو هەن دەیانخەمە ڕیزی سەرکردە نیشتمانیەکان ئەوانیش (نەهرو) و (ماوتسی تونگ)ن ئەم دوانەش هەر یەکەیان لە بواری خۆیدا پیاوێکی مەزن بووە. هەر لەم کتێبەدا بەشێکی تایبەتم بۆ نەهرۆ دیاریکرد هیچی وام نەماوە لەوە زیاتر لە سەری بڕۆم.

ئەوەندەنەبێ بڵێم کە ئەم پیاوە پێشەوای 400 چوار سەد ملیۆن کەس دەبێ هەر هەمووان لە ڕیزی پێغمبەرێك دایدەنێن ئەگەر باری تەندروستی یارمەتی بدا و گرفتە ئاڵۆزەکانی ناوخۆی چارەبکا ئەوا ئەوسا دەبێتەیەکێ لەو پیاوانەی کە تا چەندین ساڵی تریش لە کیشوەری ئاسیا پشتی پێ دەبەسترێ، هەر چەندە ئەم پیاوە لەسەر ڕێبازی عیسایی نییە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی عیسایی هەڵسوکەوت دەکا من بۆخۆم وەکو سەرکردەیەکی سیاسی بۆ گەلێکی ئاسیایی ڕەسەن گەلێ سەرسامم پێی.

(ماوتسی تۆنگ)یش دیسانەوە سەرکردەیەکی مەزنی کیشوەری ئاسیایە گەلێ کاری چاکەی بۆ میللەتەکەی ئەنجام داوە، بەرەنگاری دەستدرێژی بیانی بۆ تەوەو دژی گەندەڵی و چەوسانەوەی ناوخۆ خەباتیکردووە، ئەنجامیش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئەمڕۆ ئەم پیاوە پێشەوای میللەتێکی یەکگرتووی خاوەن ئامانجە، کە بەلانی کەمەوە سەر ژمێری دەگاتە نزیکەی شەش سەد و پەنجا ملیۆن هاووڵاتی، ئێستا هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی تەرخانکردوە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە ناو وڵاتدا هەروەها بۆ ڕاست کردنەوەی بارە چەوتەکان، ڕەنگە ئەم کارەش گەلێ کاتی زۆری لێبگرێ ئەمیش خەسڵەتی ئازایەتی و سوربوون و بەردەوامی تێدایە و بگرە هەموو خەسڵەتێکی مەزنی تیا بەدی دەکرێ. هەر کەسێ ئەم پیاوە بۆ یەکەمجار ببینێ پێی سەرسام دەبێ هەر چەندە کۆمنیستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشا پیاوێکی تا بڵێی مەزنە.

چەند حەز دەکەم پەیوەندی دۆستایەتی نێوان (نەهرۆ) و (ماوتسی تونگ) پتەوبێت چونکە هەر دوکیان خزمەتێکی گەورەیان بە میللەتەکەی خۆیان بەخشیوە بە تایبەتی بە جوتیاران چونکە ئەو شۆڕشەی لە هیندستان و چین بەرپابوون هەردووکیان شۆڕشێکی جوتیارانە بوون، ئەگەر بێتو ئەم دۆستایەتیە لە نێوان ئەم دوانەدا پەرەبسێنێ بێ ئەوەی هیچ لایەکیان دەست لە کاروباری ئەوای تریان وەربدەن ئەوا ئەوسا ئاشتی لە ئاسیادا بەباشی بەر قەراردەبێ دیارە

ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی سەرەکی دەبێ بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە سەرانسەری جیهاندا من ناوی چوار لە پێشەوا نیشتمانیە سیاسیەکانم هێنا دوانیان لە ئەوروپا و دوانەکەی تریشیان، لە ئاسیا بوون وەکو نموونەی سەرکردە مەزنەکانی جیهان، حەزیشدەکەم (ئەگەر کەسانێك هەبن لیستی ناوی تریان لابێ) بیخەنە پێش چاومان و لەم ڕووەیشەوە ئەو هۆکارانەمان بۆ ڕوونبکەنەوە کەچی پاڵی پێوەناون ئەو ناوانە ڕیزبکەن.

لە ناو ئەو چوار پێشەوایەدا یەکێکیان ئاینی عیسایی پەیڕەودەکرد کە ئەویش (دیگۆل)بوو، دووانیشیان لەسەر پەیڕەوی کۆمنیستی کاریان دەکرد، پرسیارەکە لەوەدایە دەبێ لە جیهانی کۆمنیستەکاندا سەرکردەی مەزن زیاتر هەڵکەوێ تا جیهانی ڕۆژئاوا؟

دیارە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە بە (نەخێر) دەدەینەوە چونکە زۆر زەحمەتە لە جیهانی دیموکرات خوازدا سەرکردایەتی بەئاسانی بێتە بەرهەم، بەڵام لە جیهانی کۆمنیستاندا لەبەرئەوەی حوکمەت بە زەبری هێز خۆی دەسەپێنێ لەبەرئەوە هیچ بوارێکی تر نییە بۆ هەڵبژاردن، بۆیە سەرکردایەتی لە ژێر ئەم سیستەمەدا ئاسانتر دێتە بەرهەم مادامەکی میللەت فەرمانی گوێرایەڵی لەسەرە.

حەزدەکەم خوێنەر ئەوەیش بزانێ کە زۆربەی زۆری سەرکردە مەزنەکان کە گەیشتونەتە لووتکە و دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، هەر هەموویان لە چینی هەژار و کەم دەستبوون جگە لە (نەهرۆ) نەبێ. (سەلیم) و (هاردنگ) تەنها تا پلەی سەرەتایی یان خوێندوە هیچ سەرچاوەیەکی بژێویان نەبووە جگە لەو موچەیەی وەریان گرتوە بەهۆی ئەو کارەی ڕۆژانە ئەنجامیانداوە، یەکەمیان مامۆستای ناوەندی بووە و دووەمیشیان فەرمانبەربووە لە نووسینگەی پۆستە و گەیاندندا.

(دیگول)یش کوڕی کابرایەکی ئەفسەری هەژاربووە لە ناو سوپای فەرەنسیدا، (تیتۆ)ش سەربازێکی ناو سوپای نەمساوی بوو، دیارە (ماوتسی تۆنگ)یش کوڕی

کابرایەکی جوتیاربووە، لەگەڵ ئەوەیشدا هەریەکە لەمانە گەیشتونەتە پلەیەکی بەرزی مەزنایەتی لە ڕاستیشدا پیاوە مەزنەکان لە ناو ژینگەیەکی ئاساییەوە سەریان هەڵداوە و پاشان بە هەوڵ و ڕەنجی خۆیان لەسەردەمێکی ژیانیانا هەڵکەوتون و وردە وردە بەرەو هێزو دەسەڵات هەڵکشاون و لە پاڵیشەوە هەستیان بەگرنگی خۆفێرکردن و پەرەوەردەکردنی خۆیانکردووە، هەر بۆیە هەمیشە بە دوای زانست و زانیاریدا گەڕاون، ئەم پیاوە مەزنانە ژیانی خۆیان تەرخانکردووە بۆبەختەوەرکردنی خەڵکانی دی بێ ئەوەی گوێ بە ژیان و دەسەڵات بدەن یا پەنا بەرنەبەر ژیانی کەیف و سەفا، هەر ئەمانن کە توانیویانە زاڵبن بەسەر ئەو گیروگرفت و زەحمەتیانەی تووشیان هاتوون و توانیویانە بەسەریاندا زاڵبن، ئەمەیش دیارە بۆ خۆی باشترین تاقیکردنەوە و دوا ئەزموونە بۆ کەسایەتی سەرکردە، هەموو ئەم پیاوە مەزن و سەرکردانەی بوارەکانی سیاسەت و سەربازی هەموویان لای من ئاشنابوون و لە نزیکەوە دەمناسین وەکو (ئەلکسەندەر) و (سەلیم) و (هاردنگ) (هوروکسی) و (ئوکونور)، بەڵام سەبارەت بەو سەرکردە سیاسیانەی وەکو (دیگوڵ) و (تیتۆ) و (نەهرۆ)و (ماوتسی تونگ) ئەوە وەکو ئاشکرایە ڕاستەوخۆ سەردانم کردوون لە وڵاتەکانی خۆیاندا، ڕەنگە هەندێ سەریان لەوەسوڕبمێنێ کە چۆن (ماوتسی تۆنگ)م خستۆتە ریزی سەرکردە مەزنەکانی ترەوە، بەڵام دەڵێم ئەوە کردەوەکانی ئەم پیاوە بەڵگەن کە گەلێ سەرکەوتنی بە دەست هێناوە ئەتوانم ئەوەیش بڵێم کە توانیومانە قەناعەتی پێبهێنین کە ئایندەی چین بەوەوە بەندە کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ هیندستان و ڕۆژئاوادا پتەو بکات، دیارە جیهانی ڕۆژئاواش دەتوانێ هەمان هەڵوێستی لەگەڵا ئاڵوگۆڕ بکات، من بەشبەحاڵی خۆم ئامادەم هەموو توانای خۆم بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەم.

ئێستا پاش ئەم هەموو باسە دەگەینە چ ئەنجامێ من بزانم ئەنجام ئەوەیە ئەگەر بێتو دنیای ڕۆژئاوا هەوڵبدا لەگەڵ دنیای بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا لەبابەت

مەسەلەی سەرکردایەتیەوە ڕێکبکەون، ئەوە ئەوسا دەتوانین گەڵ لە بۆچوونەکانمان بگۆڕین و دیارە هەر ئەوساش دەتوانین ڕۆڵەکانمان و لاوانمان فێری ئەوە بکەین چۆن دەبن بەسەرکردە.

چۆن کاری سەرکردایەتی فێر دەبین؟

ئەوەی جێی داخە دنیای ڕۆژئاوا تا ئێستا پێویستی بە سەرکردایەتیەکی ئازاو بوێر هەیە هەر وەکو پێشتریش باسم لێوەکردووە، باشە چۆن چارەسەری ئەم کەموکورتیە بکەین؟

ئەبێ هەر لە سەرەتاوە دەرکبەوە بکەین کە مەسەلەی سەرکردایەتی بە چاوێکی ترس و گومانەوە لەلایەن کۆمەڵگای ڕۆژئاواوە سەیردەکرێ، ئەمەیش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرەنسیبی سەرکردایەتیەی کە لە پارسەنگی هاتۆتە خوارەوە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتەکانی سەدەی بیستەمەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی هەندێ بیروبۆچوونی ڕەسەنی وەهاوە کە بانگەشەدەکا بۆ پەرەنسیبی هاوسەنگی هەل ڕەخساندن لە نێوان هەموو ڕۆڵەکانی گەلدا هەروەها بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی بیری سادەو ساویلکانە سەبارەت بە بواری یەکسانی بەشێوەیەکی گشتی.

لەبەرئەوە لەم لایەنەوە هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەست ناهێنین تا ڕای گشتی ڕۆژئاوا نەگاتە ئەوەی بتوانێ بەهای پێویستی خۆی بۆ سەرکردایەتیەکی دڵسۆز و بەتوانا دابین بکا بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی دیموکراتیەت، ئەم کارەیش تا بێت قورستر دەبێ مادامەکی ئێمە نەتوانین بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروستبکەین لە ئاست پەرەنسیبی یەکسانیدا.

بەڵگەنامەی جاردانی سەربەخۆیی ئەمریکی لە 4 یولیوی ساڵی 1776 ئەوەی سەلماندوە کە پیاوان بۆ ئەوە خولقاون کە هەر هەموو دەبێ یەکسانبن بەلام زۆر زەحمەتە پیاو باوەڕبەوەبهێنێ کە هەموو منداڵان لە قوتابخانەکانی

بەریتانیا یا ئەمریکا هەر هەموو لەسەریەك ئاستی ژیریتی خولقابن، ڕەنگە هەموو ئامێرەکان لە هەموو شتێکا یەکسان بن بەڵام ئەم کارە سەبارەت بە مرۆڤ وانایەتەوە گومانی تێدانییە کە یەزدان هیچ جیاوازییەك ناکا لە نێوان یەکێك و یەکێکی تردا، چونکە هەر هەموویان لە دەستکردی خۆیین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو ئەمانە هەمان بەهرەو توانایان هەیە، ڕاستیەکەی هەموویان لە ڕووی تواناوە یەکسان نابن ئیتر کاتێ گەورە دەبن ئەم جیاوازیانە بە ئاشکرا بەپێی ڕۆژگار ڕوون دەبنەوە. یەکسانی لەوەدایە کە پێویستە هەموو کەسێ یاسا بپارێزێ، هەروەها دەبێ هەر هەموویشیان لە بەرامبەر یاسادا یەکسان بن.

ئێمە لە دنیای ئازاددا هەر هەموو یەکسانین بەرامبەر بە یاسا کاتێ بە چاوێکی میسالیانە (میتافیزیکیانە) لە مەسەلەکان دەڕوانین ئەشێ لەگەڵ باری دیدو بینینماندا یەك نەگرینەوە بە تایبەتی لەم جیهانە پڕ گیرمە و کێشەیەدا، لەگەڵ ئەوەیشا هەمووومان یەکسانین و هیچ جیاوازییەکمان نابێ لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی شێوەی حوکمەتدا بەو جۆرەی خۆمان دەمانەوێ هەر چەندە ئەشێ ئەو حوکمەتە نەتوانێ کاروبار و بەرژەوەندیمان بپارێزێ.

بەمانایەکی تر مافی هەڵبژاردن بۆ هەموو کەسێ دەستەبەر کراوە چ پیاو چ ژن وەك یەك مافی تەواویان هەیە لەم بوارەدا، بەرامبەر بەم مافە ئەویش (حوکمەت) بۆ دیاری کردنی ئەو ڕێبازەی خۆی کاروباری ژیانمان بۆ دابیندەکات پێویستە بەلانی کەمەوە ئێمەش ئامادەکارییمان تێدا بێ بۆ باجدان.

پاش ئەمانە دێینەسەر پەرەنسیبی یەکسانی هەلرەخساندن، هەر چەندە یەکسانی هەلرەخساندنیش کارێکی مەحاڵە، بە هەر حاڵ چەند زۆرتر بیربکەینەوەو زیاتر تێ بکۆشین، ئەوە زیاتر بەرەو هێنانەدی ئەم پەرەنسیبانە هەنگاو دەنێین، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە زۆر زەحمەتە ئەوانەی لەسەرەتای ژیانیانا توانا و سووربوونێك ناخەنە ڕووکەمتر هەلیان بۆ دەرەخسێ، لەبەر بڵاوبوونەوەی هەندێ لەم بیرە سادەو ساکارانە دەربارەی یەکسانی دەبینین

زۆربەی زۆری ئەو دەستگایانەی کە دەچنە پاڵ کۆمەڵگای دیموکراتی ڕۆژئاوا گومان دەکەن لەوەی تا چەند پێویستیان بەو سەرکردایەتیە هەیە و پێویست بە تاقیکردنەوە و ڕاهێنانی تایبەت هەیە لە پێناوی بەرهەم هێنانی ژمارەیەکی پێویست لە سەرکردە، بەڵام دەبێ دڵنیابین لە بوونی سەرانی خاوەن بیر پێش ئەوەی بیانژمێرین، ئیتر هەمیشە سەرو کلکمان بۆ پەیدا دەبن، هەڵبەتە ئەوسا کەشتیەکمان نابێ بێ کەشتیوان، یا تیپێکمان نابێ بەبێ سەرکردە کەواتە سەرکردایەتی لەپێش هەمووشتێکەوەیە، ئیتر هەرشتێ پەیوەندی بە سەرکردایەتیەوە بێت پێویستی بە چاوگێڕانەوە هەیە، یا دەبێ بنج وبناوانی هەڵبدەینەوە بە دەگمەن کەسێکمان چنگ دەکەوێ کە هەموو خەسڵەتەکانی سەرکردەی سەرکەوتوی تیابێ، بەڵام دەتوانین لەڕێی مەشق و ڕاهێنانەوە زۆر شت بکەین لە پێناوی خولقاندنو گەشەکردنی ئەو خەسڵەتانەی پێویستن بێ ئەوەی بەر بڵاوی بەم ئەزموونە بدرێ چونکە دەمانخاتە ناو هەڵەیەکی گەورەوە، بۆیەدەبێ هەموو توانامان تەرخان بکەین لەپێناو ئەو ڕەگەزە چاکانەدا و بۆ نەهێشتنی ئەو ژەنگانەی بە سەرکردە بە هێزەکانەوە دەلکێن، کەواتە سەرکردەکان تاقمێکی کەمن دەبێ لە بوارێکی تەنگدا بخرێنە ژێر باری مەشق و ڕاهێنانەوە، ئەوەی ئاشکرایە میللەت ناتوانێ ژمارەی تەواوی ئەو پیاوانە بەرهەم بهێنێ کە هەموو خەسڵەتە سەرەکیەکانی سەرکردایەتیان تێدایە ئەگەر بەرنامە گەلێکی فێربوون بۆ ئەم مەبەستە بەڕاست و دروستی دانەڕێژرێ، ئەمەش بۆ خۆی زۆر زەحمەتە، بۆیە دەبێ ڕێ و ڕێبازێکی دیاریکراو بگرێتەبەر لە بەرنامەی فێرخوازی و یەکەم بناغەی ئەم کارەش بە دەستنیشانکردنی ماموستای لێهاتوو دەبێ، ئەوەی مایەی سەرنج و تێبینیە تائێستا ماموستایانی قۆناغی ئامادەیی مووچەیەکی ئەوتۆ وەرناگرن کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ ماندووبوونیانا، دیارە ئەو ماموستایەشیی کە مووچەیەکی بەرچاو وەرنەگرێ زۆرجار بەرچاو تەنگدەبێ و لە بوارێکی تەسکدا ڕەفتاردەکا و ماوەیەکی ئەوتۆی

بۆ ناڕەخسێ کە پەیوەندی بە قوتابیەکانیەوە بەردەوامبێ و باش چاودێرییان بکات و لە گیروگرفتیان بکۆڵێتەوە، بۆیە دەبێ مامۆستایان لە قوتابخانەکانماندا لە تاقمە هەرە باشەکاندابن و مووچەیەکی باشیان پێبدرێ، جا ئەگەر هاتوو بەرنامەیەکی فێرخوازی دروست و مامۆستای باشمان دابینکرد، دەبێ گرنگی بە باری ئاینیش بدەین، پێویستە بۆ ئەم لایەنەش بە یارمەتی پیاوانی ئاینی بەرنامەی ڕێکوپێك دابنێین، ئیتر بەشێوەیەکی گشتی پێویستە قوتابخانە و بەرنامەی فێرخوازی ڕاست و دروست بۆ قوتابیان دابڕێژین تاکو ئەو سەرکردانەی دەست لە قوتابخانە هەڵدەگرن بتوانن گیروگرفتەکانی جیهان بەرەو گۆشەیەکی ڕاست بەرن و چارەسەری بکەن.

هەندێ وای دەبینن کە سەرکردایەتی پێویستی بەڕاهێنانی ژیرێتی و تاقیکردنەوەی زیرەکی هەیە، بەڵام ڕاستیەکەی مەسەلەکە زیاد لەوە هەڵدەگرێ، هەر بۆ نموونە ئەوە بۆ پەنجا یا سەد ساڵ دەچێ منداڵان لە قوتابخانەدا فێری زمانی لاتینی و ئەدەبیات و جەبر و ئەندازە و هەندێ لە سەرەتاکانی زمانە زیندوەکان و زانستەکان دەبن، بەڵام هیچ یەك لەم قوتابخانانە هەوڵی ئەوەیان نەداوە وانەی مێژووی نوێ بخوێنن یا هزری قوتابیان بۆ ئەوە سازبکەن کە بەرەو ڕووی ئەو جیهانە ببنەوە کە لە نێویا دەژین، بۆیە من وای دەبینم کە ئەرکی سەرەکی قوتابخانە لەوەدایە قوتابیان ڕابهێنێ بۆ تێگەیشتن لە هەڵویستی سیاسی لە جیهاندا بەشێوەیەکی بێ گرێ و گۆڵ هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی سەرکردایەتی تیایدا هەر بۆ نموونە:

ئێستا لە کێشوەری ئەفریقیا شەپۆلێکی ئاژاوەگێڕی باڵی بەسەر ئەو کیشوەرەدا کێشاوە، ئەشێ یەکێ لەسەر کردەکان وای ببینێ کە تاقە ڕێیەك بۆ سەرکوتکردنی ئەم ئاژاوانە بەوە دەبێ کە هێز بنێرێ بۆ ئەفریقیا و شەڕی کۆمەڵەی (ماو ماو) یا ئەوانی تری پێبکەن، بەڵام لە هەمانکاتا جۆرێکی تری سەرکردایەتی هەیە بەبڕوای من سەرکردەی ڕاستەقینە و بنیات نەرن و کۆشش

بۆ ئەوە دەکەن لە ژینگەی ئەفریقی بگەن و کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دانیشتوانی دەکەن بەو شێوازەی کە جێی ڕەزامەندییانە و ڕێیان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە سەبارەت بەو مەترسیانەی دەوروخولیانی داوەو هانیاندەدا بۆ یارمەتی دانیان تا بگەنە ئەو ئامانجانەی لەگەڵیانا بگونجێ.

بۆیە هەر قوتابخانەیەك ئەو بەر پرسیاریتیەی دەکەوێتە سەرشان کە ئاڕاستەی قوتابیان بکات کە، کەرەسەیەکی دوا ڕۆژن و سەرچاوەی هێز و توانای ئەون و کار بۆ گەشەکردنی بیروهۆشیان و خوڵقاندنی کەسایەتییان بۆ ئەوەی لە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان بگەن و شارەزای ئەو گیروگرفتانە بێ کە دێتە سەر ڕێیان و بزانن چۆن ڕووبەڕووی دەبنەوە، پاشان چارەسەریشی بۆ دادەنێن، لە دواتاقیکردنەوەدا مەودای توانا و ئامادەسازی منداڵ بەدەردەکەوێ پاش بیست یا سی ساڵ، ڕاستیەکەشی ئێمە دەمانەوێ ڕۆڵەکانمان لە ئەنجاما بگەنە کۆتایی گێمەکە(یاریەکە).

ئاشکرایە فێرکاری و بنیاتنانی کەسایەتی هەر تەنها ئەوە نییە کە ئەوەی هەیە بیئاخنینە مێشکی منداڵەکانمانەوە، بەڵام خاڵی زیندوو ئەوەیە کە ئەوان بۆ خۆیان لە ساڵانی ئایندەدا دەتوانن چیی بەم فێرکاریە بکەن، هەر ئەمەیشەوا دەکا بەشێ لەم فێرکارییە کە بخەینە لاوە بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانمانی پێ فێری ئەو خەسڵەتانە بکەین کە پێویستە لە کەسی سەرکردەی سەرکەوتوودا هەبێ، دیارە ئەمەیش بە دەست نایەت تا کارێکی وانەکەین کۆمەڵێ مامۆستای بە توانا و لێهاتوو بەدەست نەهێنین بۆ ئەنجامدانی ئەم پەیامە.

## پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

ئەمەیە ئەو گرفتە گەورەیەی کە ڕووبەڕووی جیهانی پەشێو و شپرزە دەبێتەوە، ئەوەی ئێستا ڕوودەدا هەر بارستاییەك هەوڵ ئەدا بە هەموو توانایەکیەوە لە ئامادەباشیدا بەرامبەر بەو هێزو بارستاییەی تر کە خۆی ئامادەدەکا بۆ هێرشبردنی چەکدارانە بۆ سەر ئەوی تریان، ئەمەیش ڕاستیەکە هیچ پێویستی بە پیلەبازیی نییە، لە ژێر کاریگەری ئەم وەهمەدا هۆکارەکانی گومان پەرەدەسێنن پارە و سامانێکی زۆر بە مەبەستی بەرگریکردن لەم مەیدانەدا خەرج دەکرێ.

ڕەنگە لە ڕووسیا یا ڕۆژهەڵاتدا ئەوەندە باسی شەرنەکرێ کەچی لە دنیای ڕۆژئاوادا رەنگە باس هەرباسی شەربێ بە تایبەتی لە وڵاتە یەکگرتوەکان بۆیە پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزرێتەوە. ئەگەر بێتو لەم کارەدا تووشی شکستی هێنان بین ئەوسا پێشبرکێی خۆچەکدارکردن بەردەوام دەبێ پاشان دەبێتە مایەی بەیەکدادانی هەر دوو هێزەکە.

بۆیە باشتر وایە روو بکەینە چەکداماڵین ئەگەر وردە وردە و بەش بەشیشبێ، ئەمەیش بەو وتووێژ و قسانە بەدەست نایەن کە لە (ژنیف) باسیان لێوەدەکرێ یا بەو نامە گۆڕینانە نایەنە دی کە سەرکردەکان لە نێوان خۆیانا ئاڵوگۆڕی پێ دەکەن. کەواتە هۆکانی گومان دەبێ لەوێشەوە لەناوبرێ، ئەشێ ئەمەیش زۆر بەباشی بێتە دی ئەگەر بێتو هەردوو بارستایەکە (بلۆکەکە) هەستن بەوەی هێزە چەکدارییەکانیان بکێشنەوە بۆ ناو سنورەکانی خۆیان.

بۆ نموونە ئەگەر هاتوو وڵاتە یەکگرتووەکان توانیان هێزەکانی خۆیان لە ژاپۆن یا فەرموزە بکشێنەوە ئەوە گومان لە ڕۆژهەڵاتی دوور یەکسەر کەم دەبێتەوە. رەنگە هەمان شت بەسەر ئەورووپاشدا ساغ بێتەوە ئەگەر بێتو

سوپاکانی رووسیا و ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا بکشانایەوە ئەم کشانەوەیش هەر چەندە کاتێکی زۆری دەوێ بەڵام دەکرێ رێکەوتنێك لەسەرەتاوە بەخێرایی لە لایەن هەردوو بارستایەکە (بلۆکەکە) ئەنجام بدرێ بۆ پاش چەند ساڵێکی دیاریکراو.

بەهەر حاڵ ئەگەر لەسەر پلانی کشانەوە رێك بکەون یا رێکنەکەون، هاوپەیمانیەتی رۆژئاوا پێویستی بە ستراتیژیەتێکی تازە هەیە. هەڵبەتە ستراتیژیەتی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی هەر بۆ ئەوە داڕێژراوە کە بەرەنگاری هێرشی چەکدارانەی رۆژهەڵاتی بێتەوە ئەگەر توانیمان گومانی نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوا کەم بکەینەوە ئەوا تیۆری ئەم هێرشە چەکداریە پووچەڵ دەبێتەوە، رەنگە تەنها هەرەشەی بواری ئایدولۆژی و سیاسی و ئابووری بمێنێتەوە ئاشکرایە هەڕەشەی چەکداری تەنها ناوچەی پەیمانی باکووری ئەتلەنتی نەگرێتەوە بەڵکو باڵبکێشێ بەسەر هەموو جیهاندا.

ئەگەر تیۆری هێرشی چەکداری لە رۆژهەڵاتەوە بخەینە لاوە ئەمە وامان لێ دەکا جارێکی تر چاوبگێرینەوە بە پەیمانی باکووری ئەتلەنتیدا، هەر لەمەیشەوە دەبێ بیر لە ستراتیژیەتێکی نوێ بکەینەوە.

ستراتیژیەتی نوێ ئەبێ لەسەر بنچینەی دۆستایەتی کردن دامەزرێ بێ ئەوەی پرس بە میللەتان بکەین ببنە هاوپەیمان لە گەڵمانا، هەروەها دەبێ ئامانجمان لەم ستراتیژیەتە ئەوەبێ کار بکەین بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی رووسیا ورده ورده بەرەو ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت بکشێنەوە، لەگەڵ ئەوەیشا دەبێ هێزەکانمان لەلایەن خۆیانەوە هەموو کارێکی خۆپارێزی سەربازی بگرنە ئەستۆ.

ئەو گفتوگۆیانەم لەگەڵ (خرۆشۆف)دا بەرەو ئەو گیروگرفتانەی راکێشام کە روو بە روو دەبنەوە لە کاتی جێبەجێکردنی کاری کشانەوەدا ئەو گیروگرفتانەی بە توند و ترسناکی دەکەونە پاڵی لە مەودایەکی دوور و درێژدا ئەگەر هاتوو

رووسیا هێزەکانی خۆی لە رۆژهەلاتی ئەورووپادا هێشتەوە بەپێی ئەو هۆشیاریە نیشتیمانیەی لەم ولاتەدا گەشە دەکا، دیارە ئەم کارەش لەم بارودۆخەدا بە دڵی رووسەکان نابێ.

هەر بۆیە ستراتیژیەتی رۆژئاوا لەبەر رۆشنایی ئەم هۆکارە ئاشکرا و روونانە دەبێ پلانی خۆی بە پێی ئەم بارودۆخە بکێشێ کە هاوشان بێ لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانیدا لە ئەورووپای رۆژئاوا، بەکورتی دەبێ کاربکا بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکردنی کاری سەربازی لە کیشوەری ئەورووپادا، بە جۆرێ کە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی چاودێری و سەرپەرشتی ئەم کارە بخاتە ئەستۆی خۆی.

داگیرکردنی سەربازی سەردەمانێکی زۆری خایاند کە لە ئەنجاما پارەو خەرجیەکی زۆری لە ئەستۆی خۆی گرت، کە ئەشیا ئەو خەرجیە لە بواری فێرکردن و نیشتەجێکردن و کەم کردنەوەی باجدا بەکاربهێنرایە، هەروەها ستراتیژیەتی نوێ پێویستە لەسەر کۆڵەکەیەك خۆی راگرێ ئەویش ئەوەیە کە بەرەنگاری بەگژاچوونی کۆمنیستی لە ئەستۆ بگرێ کە نیازی وایە پێشەوایەتی ئاسیا و ئەفریقیا بکا.

یەکەم شت کە پێویستە لەبەر چاوبگیرێ هەردوو دەوڵەتی هیندستان و پاکستانە ئەگەر هاتوو دۆستایەتی نێوان هندستان و پاکستان پتەو کرا لەلایەکی تریشەوە ئەگەر هاتوو ولاتەیەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی دەستی یارمەتی و ئابوونەی ئابووری مەزنیان بداتێ نەك چەکی سەربازی ئەوە بێگومان باشترین رێگایە بۆ بەرەنگار بوونەوەو بەگژاچونەوەی کۆمنیستی لە ئاسیادا. جا ئەگەر هاتوو ڕوو بەڕووی ئەو بەگژا چوونەوەبووین لە ئاسیاداو رامانگرت، ئەوە نوشوستیەکەی لە ئەفریقیادا زۆر سووك و ئاسانتر دەبێ، بەلام ئەگەر هاتوو لە ئەفریقیاوە، پێش ئاسیا دەستمان پێکرد ئەوە هیچ سەرکەوتنێك بەدەست ناهێنین. دەبێ ولاتە یەکگرتووەکان ئەم کارانە بگرێتە ئەستۆ و چاو بە سیاسەتەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە.

لە سەرەتای پەنجاکانەوە ئەوسا تەنها دوو هێزی مەزنی جیهانی لە ئارادابوون کە ئەوانیش وڵاتە یەکگرتووەکان و رووسیابوون هەر ئەوساش تەنها هێزی سەربازی جەمسەری ناکۆکی بوون بۆ دەسەڵات گرتنە دەست لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا بەڵام ئەمرۆ بارودۆخەکە گۆڕاوە ئەویش بەهۆی چاکبوونی باری ئابووری و دارایی لە رۆژئاوای ئەوروپادا.

لەکاتی شەردا، وڵاتە یەکگرتووەکان پێشەوایەتی چەند دەوڵەتێکی ماندوویان دەکرد کە شەڕ و کوشتاری زیاد لە پێنج ساڵ دژ بە ئەڵمانیای هێتلەری تەواو ماندووی کردبوون، بەڵام ئەمڕۆکە وڵاتە یەکگرتووەکان سەرکردایەتی پەیمانێکی تر دەکەن کە هەر هەموویان دەوڵەتی دەوڵەمەندن و باری ئابووریان چاکە دیارە ئەم کارەساتە وادەکاتە سەرکردایەتی کردنی ئەمڕۆی زەحمەتتر بێت سەردەمی سیاسەتمەدارە ئەمریکیە کۆنەکان بەسەر چوو ئێستا کارەکە هەر بەوەندەوە بەندنییە کە مەسەلەکە تەنها (سەرکردایەتیەکی رووت)بێ یا هەر (مست کێشانبێ بەسەر مێزدا) بەڵکو دنیا تەواو گۆڕاوە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەمرۆ ڕوو بەڕووی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و سەربەخۆ بوونەتەوە، ئەوەی زۆریش مایەی سەرسوڕمانە ئەمڕۆ سەرکردایەتی ئەمریکی بۆ خۆی سیاسەتە کۆنەکانی خۆی ڕەتدەکاتەوە ئێستا کاروبارەکان بە بۆچونێکی تەندروستانە چارەسەردەبێ بە جۆرێك کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا بگونجێ هەروەها پەیتا پەیتا چاو بە ستراتیژیەتی خۆیدا دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم میللەتە مەزنە شکستی هێنا لە پەرەپێدانی خۆیدا تا لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەڵسوکەوت بکات ئەمەش بێگومان دەبێتە مایەی ترسناکیەکی گەورە و مەزن.

(وینستون چەرچل) ئەم شەرەی هیتلەریەکان بەشەری بێ ئەنجام و نا پێویست ناو دەبا. هەر بۆ یەکەش شەری سێیەمی جیهانی دەبێتە شەڕێکی نا پێویست و ئەشتوانین نەهێڵین هەڵبگیرسێ ئەگەر بێتو کەمێ دان بەخۆداگرتن و ژیرێتی بەکاربهێنین یا سەرکردایەتیەکی ئازامان هەبێ لە ڕۆژئاوادا.

جێی داخە ئەگەر وا بیربکەینەوە کە لاوانی ئەمڕۆ یەکەم نەوەی سەدەی بیستەمن بە ئاگری جەنگ نەپرۆکاون ئەگەر ئێستاکە کەمێ بیرەوەرییەکانمان بۆ دواوەبگێرینەوە یا بە ناو گورستانەکانی جەنگدا بسوڕێنەوە ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ کە چەند لەم پیاوانە گیانی پاکیان بەخشی لەپێناوی پاراستنی کەلتووری ئەم وڵاتە نەمرەو هێشتنەوەی نەریتی نەك هەر ئیمپراتۆریەتە دیرینەکەمان بەڵکو بوونە مایەی پاراستنی کەلتووری هەمووجیهانی ئازاد تاکو ئەمڕۆ بێ گەمەکردن و تێکدان بیدەنە دەست ئێمە، ئەوان ئەوەی ویستیان بەجێیان هێنا.

ئێستاش دەبێ پرسیار لە خۆمان بکەین ئایا ئێمە بەڕێی ڕاستدا دەروین بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە شایان بەو رابردوانەی خۆمان بین، ئایا سەردەکەوین لەوەی کەلتووری نەمرمان بە ساغ و سەلیمی بدەینە دەست ئەوانەی دوای خۆمان دێن، کە ئەوانیش لاوانی شەستەکانی ئەم سەدەیەن (سەدەی بیست) ئێمە نامانەوێ جەنگ دروێنەمان بکا هەروەکو دوو نەوەی پێشین بەسەریاناهات. دەبا شەرەفمەندانە و ئابڕوومەندانە خۆمان لە شەڕ دوور خەینەوە.

## بڕێ ئەنجامی کۆتایی

ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە ئەوە روونبکەینەوە کە چۆن دەستنیشانکردنی سەرکردە بە پێی گۆڕانی سەردەم گۆرانی بەسەراهاتووە دیارەکۆنترین سیستەمیش سیستەمی بۆ ماوەییە (میراتی)، ئاشکرایە لەناو خێڵە کۆچەریەکاندا کوڕ جێی باوکی دەگرێتەوە لە سەرکردایەتی کردنی خێڵەکەیدا، ئەم شێوازە تا ئێستاش لە ناو سیستەمی پاشایەتیدا پەیڕەو دەکرێ هەروەها لە بواری هەندێ کۆمپانیا و دامو دەستگای بازرگانیشدا ئەمە پەیڕەو دەکرێ، هەرچەندە خەریکە وردە وردە بەرەو کەمبوونەوە دەچێ، زۆربەی کۆمپانیا و دامودەسگاکان ئێستاکە

خەریکن هەنگاوی پێویست دەهاون بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو کوڕانەی کە توانا و دەسەڵاتیان نییە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە کارانە.

(تیتۆ) وای دەبینێ کە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەتان و حوکمەتان پێویستە لە ڕێی گەلەوە بێت.

ئەمرۆ جیهانی ئازاد بەرەو سیستەمی هەڵبژاردنی دیموکراتی هەنگاو دەنێ، ئەوەتا بەریتانیا گەلەکەی لەو حزبە سیاسیانە هەڵدەبژێرن تا بەڕێوەی بەرێ و حزبەکەش لە لایەی خۆیەوە هەوڵدەدا پێشەوایەك دیاری بکا، لێرەشدا سیستەم سیستەمێکی دەستووریە و هەڵبژاردن تێیدا سەربەستە پاشایەتیە (پیاو بێ یا ژن) لە رییەکی راوێژکردنەوە فەرمان بەڕیوە دەبا.

لە ڕاستیدا ناتوانرێ هەموو خەسڵەتە پێویستیەکانی سەرکردایەتی لە ڕێی تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە دیاری بکرێ ئەم تاقیکردنەوانە تەنها بۆ دەرخستنی ئەوە دەستدەدا کە ئەوە دیاری بکا ئایا ئەو لاوانەی هەندێ زانیارییان خوێندوە دەستئەدەن بۆ مەشقکردن بۆ سەرکردایەتی ئێمە لەبەشی یەکەمدا ئەوەمان ئاشکراکرد کە سەرکردایەتی ئەشێ لەڕێی راهێنانەوە بەدەستبێ کەواتە ئەم کارە هەر وەك چۆن لە دایکدەبێ ئاواهاش ئەشێ دروست بکرێ.

هەڵبژاردنیش بەهۆی پلەوپایەدارییەوە ئەوە شتێکە هەق نییە ئەوەندە لەسەری بوترێ. ئێستا ئەو ڕێگایەی دەیگرنەبەر لە ناو سوپای بەریتانیادا ئەوەیە کە سیستەمی پلەوپایە بەکار دەهێنرێ نەك هۆکاری شایستەیی و بەهرەداری.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە پێشەوا سیاسیەکان هەوڵی ئەوە نادەن دەست نیشانی ئەو کەسانە بکەن کە دوای خۆیان پێویستە جێیانبگرنەوە، هەر وەکو کەسانی وەکو (چەرچڵ و نەهرۆ و خرۆشۆف و دیگول و ئەدنیاوەر، یا دکتۆر سالازار لە پورتوگال ئەنجامیانداوە بەڵام کەسێکی وەك (ماوتسی تۆنگ) لە دوای

خـۆی (لی تشاوتـشی) جێگـری یەکـەمی خـۆی دیـاریکرد بـۆ سـەروکایەتی حزبـی کۆمنیستی (چین).

هەندێجار بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ چیی رووبـدا ئەگـەر بێـتو پێـشەوایەکی سیاسی هەموو کارەکانی خۆی بـەرەو ڕووی یـەکێ لـە یاریـدەرەکانی بکاتـەوە بـەو خەیاڵەی دوا رۆژ ئەو جێی بگرێتەوە، کەچی رێکەوت وادەبـێ بـەهۆی دەسیـسە و پیلانـەوە ئـەو کەسـە نەگاتـە ئـەو پلەیـە کـە پێـشەواکە بـۆی دیـاریکردووە، بگـرە تووشی لە ناو چوونیش دەبێت. هەر بـۆ نموونـە کەسـێکی وەکـو (کرومویـل) وای دانابوو کە (ریتشارد)ی کوڕی پاش خۆی بێتە جێی کەچی کورەکـەی دوای خـۆی بە چەند مانگێك لەو پلەوپایەدا نەمایەوە.

بە بڕوای من سەرکردە جا سـەرکردەی سیاسـی بـێ یـا سـەربازی پێویـستی بـە کەسـێکی دڵـسۆز و زیـرەك هەیـە کـاری بـەڕێوەبردنی نووسـینگەکەی بـۆ بەڕێوەبـەرێو هـەموو ئـەو مەسـەلانەی بـە وردی بـۆ بپـشکنێ تـا سـەرکردە لـەو وردەکاریانە دوورخاتەوە کە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییـە و بـۆ خـۆی بتـوانێ بـە کـارە گرنگەکانـەوە خـەریك بێـت چـونکە ئـەو کەسـەی سـەرقاڵی ورد و درشـتی شـتەکان بێـت بەکـەڵکی ئـەوە نایـەت لـەهیچ مەیانیکـدا سـەرکردەبێ پێویـستە بەڕیوەبـەری نووسـینگەی سـەرکردە ئەوەنـدە لەبەرچـاو نـەبێ و نـابێ هـەوڵی ئەوەبدا هیچ لە کارە پسپۆریەکانی سەرکردە بەلای خۆیدا راکێشێ هەروەها دەبێ ئامادەبێ رای خۆی لەسەر مەسەلە لابەلایەکانیش دەربڕێ. بەواتایـەکی تـر دەبـێ بۆ هەموو شتێك بەدەنگ سەرکردەوە بچێ ونابێ هیچی لێ بـشارێتەوە هـەر بۆیـە بەڕیوەبەری نووسینگە گەوهەرێکە بە پارە و سامان پارەسەنگ ناکرێ.

ئەوەنـدەی مـن بـۆی چـووبم پێـشەوا سیاسـیەکان کـەمتر حەزبـەوە دەکـەن بەڕێوەبەری نووسینگەیان هەبێ بەلام سەرکردە سـەربازیەکان زیـاتر مـەیلی ئـەم کارەیـان هەیـە. لەڕاستیـشدا بـێ بەڕیوەبـەری نووسـینگە سـەرکردە ناچـار دەبـێ سەرقاڵی وردو درشتی هەموو کارەکان بێـت. دەشـێ جیاوازیـەکی ئـەوتۆ نـەبێ لـە

بەریتانیادا لە نێوان سەربازێك و سیاسیەکدا چونکە بێ سێ و دوو هەردووکیان خۆیان بە بەریتانی دەزانن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ناکۆکی نەبێ لە نێوانیانا. مەشقی سەربازی کارێکی وادەکا کە سەرباز ناچار بکات پەیڕەوی سیستەم بکات.

سەربازیش توانای ئەرك هەلگرتنی هەیە شانبەشانی هاوڕێکانی لە هێزی چەکداریدا، ئەمەیش وادەکا کاری سەرکردایەتی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی لای ئەو کارێکی ئاسانبێ. لە لایەکی ترەوە خۆراگری و سوربوون دوو خەسڵەتی بەرچاون لای سەربازانی بەریتانی ئەمە جگەلە خەسڵەتی تری وەك باوەڕبوون بەخۆ و تواناو ئەرك و زەحمەتکێشی، هەر لەو خەسڵەتانەی کە (سەربازی بەریتانی) پێی ناسرابێ ئەوەیە کە زۆر دڵسۆزە بۆ هاوڕیانی خۆی لە هێزی چەکداریدا و قەت بەجێی ناهێڵێ پیلان لە دژی ناکا ویا لەکاتی تەنگانەدا پشتی بەرنادا ئەوەیش ئیسپات بووە کە سەربازی بەریتانی ئەتوانێ زۆر لەسەرخۆ و هێمنانە ڕوو بە ڕووی ئەو هەڵویستە ناسك و ترسناکانە بێتەوە و دەتوانی لە هەمانکاتا زاڵبێ بەسەر ئەو شتانەی لە دەوروبەریا ڕوودەدەن. هەر بۆیە زۆر زەحمەتە سەربازی بەریتانی ببەزێنرێ ئەمەیش وایکردوە بە درێژایی ئەم چەندین ساڵە ئێمە ئەم شوێن و پایەمان هەبێ.

باشە چۆن دەتوانین بەراوردی نێوان کەسێکی سیاسی و کابرایەکی سەربازی بکەین کە ئەم هەموو خەسڵەتەی تیابێ؟ بێگومان بەهیچ جۆرێ جێی بەراوردنین. کەواتە گرنگیەکە لەوەدایە بزانین چۆن لە ناو دام و دەستگا سیاسیە باڵاکانی ناو لەندەن کاروبارەکان بەڕیوەچوون لەکاتی (تەنگەژەی سویس) لە ساڵی 1956دا کاتی کە مەترسی سەری هەڵدا. لەوکاتەدا (ئەنتۆنی ئیدن) لە بارودۆخێکدا بوو کەس ئێرەیی پێ ئەدەبرد کاتێ بەشێ لە هاورێکانی پشتیان تێکرد کە پێشتر لایەنگری بوون.

هەروەها چیرۆکی (ئەنتونی هید) کە لە ساڵی 1957دا دەستی لە کاری وەزیری بەرگری کێشایەوە ئەویش کارێك بوو شایان بەلێدوانە. ئەو سیستەمەی کەوا دەکا سەرباز هەمیشە گوێ رایەڵ و دڵسۆزبێ بۆ سەرکردەکانی سیستەمێکە لە ژیانی سیاسیدا نابینرێ لە چاو ژیانی سەربازیدا کە زۆرجار دڵسۆزی و ئەمەکداریش لە خۆی دەگرێ.

لە ئاهەنگێکی سەر لە شێواندا کە لە لەندەن گێڕایان هەندێك باسیان لە بابەتی ئابرومەندی دەکرد و تا چ ڕادەیەك پەیوەندی بە پیاوانی سیاسەتەوە هەیە، منیش لەم کاتەدا رووی دەمم لە هاوڕێیەکی خۆم کردو پێم وت "ئەو پیاوە دەبینی بەڕاستی یەکێکە لە سیاستمەداره دڵسۆزەکان" هاورێکەم یەکسەر وەڵامی دامەوە (ڕاست ئەکەی... بەڵام سیاسی نییە).

بێگومان هەر چەندە جاری وایە هەڵاوێردی لە بناغە دەردەچێ، پیاوێکی وەکو (ئەنتونی هید) بە دڵسۆز و پیاوێکی ئابرومەند ناسراوە بەڵام پێش ئەوەی سیاسی بوو بێ سەربازێکی چاکبووە.

هەندێجار لەبەر خۆمەوە دەپرسم دەبێ پێکهێنانی حوکمەتی بەریتانی بۆ ئەم سەردەمە بشێ واتە ئایا ئەگونجێ لەگەڵ نیوەی سەدەی بیستەمدا، من بۆ خۆم وای دەبینم کە حوکمەتی بەریتانی بەم بارودۆخەی ئێستای بۆ ئەم سەردەمە ناشێ، دیارە ئەم جیاوازیەش زیاتر روون دەبێتەوە تاکو زیاتر لە سەدەی بیست و یەك نزیك بێتەوە.

دەبینین هات و هاوار زیاتر بەرزبۆوەکاتێ (ماکمیلان) هات وەزیری دەرەوەی لەناو ئەنجومەنی لۆرتەکان هەڵبژارد هەر چەندە ئەم دامەزراندنەی زیاتر گونجاو بوو لەوەی بهاتایە لە ناو ئەنجوومەنی گشتی هەڵبژاردایە چونکە ئەنجوومەنی لورتەکان لە هەفتەیەکا سێ رۆژ کۆدەبنەوە بە پێچەوانەی ئەوانیش ئەنجوومەنی گشتی وا پێویست ئەکا رۆژانە بەردەوام لەوێ بن، دیارە ئەمەیش وا دەکا کە وەزیری دەرەوەی ناو ئەم کابینەیە (ئەنجوومەنی گشتی)

کاتێکی وای ئەو تۆی بە دەستەوە نەمێنێ کارو باری دەرەوە بەڕێوەبەرێت. لەکاتێکا لە وڵاتەیەکگرتووەکان دەستوور وانییە وەزیر لە ئەندامانی کۆنگریسەوەبێت بۆیە دەتوانن بپەرژێنە سەر کاروباری ڕۆژانەیان، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمەش ئەم سیستەمە لە بەریتانیادا بەکاربهێنین دیارە هەر سیستەمە و بۆ شوێنی خۆی سوودی هەیە بەڵام ئەشێ سیستەمێکی وا بەکاربهێنین کە سیستەمی ئێمە و ئەمەریکا لەیەك نزیك بخاتەوە.

بۆنموونە بۆچی ڕێنادرێ ئەو وەزیرانەی لە ئەنجوومەنی لورتەکانەوە دادەنرێن قسە بۆ ئەنجوومەنی گشتی بکەن و لێپرسینەوەیان قسە بۆ ئەنجوومەنی گشتی بکەن و لێپرسینەوەیان لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنەوە لێ بکرێ پاش ڕەزامەندی سەرەك وەزیران، بەبڕوای من هیچ هۆیەکی شیاو نابینم ڕێ لە جێبەجێکردنی ئەم کارە بگرێ.

پوختەی قسە لەوەدایە دەبێ ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بە ئاشتیانە لەگەڵ رووسیادا بژین، ئێمە پێویستمان بە سەرکردایەتیەك هەیە کە بتوانێ خۆڕاگربێ تا بارودۆخەکە لە نێوان هەردوولادا ڕوون دەبێتەوە و بەیەکجاری تەختدەبێ، دیارە ئەمەیش کارێکی مەحاڵ نییە.

ئەگەر قسەمان بخوا ئەوە باوەڕناکەم ڕێ لەوە گیرابێ بەربەستی شەڕبکرێ، هەر چەندە بەداخەوە ئەنجام هەروا دەشکێتەوە کەشەڕ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەر بەرپا دەبێ ئەنجامیش هیچ گومانی تێدا نییە کە زیانەکەی بۆ هەر دوولا دەبێ و گەڕانەوەش دەبێ بۆ دواوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ.

ئەمە گەورەترین گرفتە کە روو بە ڕووی جیهان دەبێتەوە لەم بارودۆخەدا کە مەدەنیەتی ڕۆژئاوا دەیخوازێ بە تایبەتی دایکانی ڕۆڵەونەوەی ئەم سەردەمانە.

پاش ئەم گرفتە (چین) دێتە ئاراوە، هەر چەندە ئەم گرفتە لەم سەردەمەدا هیچ هەڕەشەیەك بە جیهان ناگەیەنێ، چونکە چینیەکان لە هەموو دەوڵەتانی

تـر زیـاتر پێویـستیان بـه ئاشـتی هەیـە ئێمـەش لـە هـەمان کاتـا پێویـستمان بەسەرکردایەتییە کە هەوڵی دۆستایەتییدا لەگەڵ ئەم دەوڵەتـە مەزنـەدا. هـەوڵی راڤەکردنی هەڵویستێکی جیهانی بدا بۆ پیشەوایەتی چین و ئـەو بـارو دۆخانـەی چوار دەوری ئەم میللەتە راپەڕیوەی داوە.

## (ئامۆژگاری بۆ سەرکردە)

## ئەو ئامۆژگاریانە چین کە دەکـرێ پێـشکەش بـە سـەرکردەی بکەین؟

سەرکردە دەبێ ژیانێکی رێکوپێك بەسەر بەرێ، دەبێ کارێکی وابکا وەختێکی تایبەت بە تێرامان و بیرکردنەوە بۆخۆی تەرخان بکا، دیارە باشـترین کـاتیش بـۆ ئـەم مەبەسـتە سـەرلەبەیانیانی زووە لەگـەڵ سـەردەمی ئێـواران. سروشـتی ئەوبریارانەشی دەبدا جا ئەو بڕیارانە دروستبن یا نادروست بـەزۆری بەنـدن بـە ڕادەی ئەو وەختانەوە کە سەرکردە بۆ ئەم مەبەستانە بیری لێکردونەتـەوە پـێش ئەوەی بڕیارەکانی خۆی لەسەر بدا.

دیـارە نـابێ سـەرکردە لـە بریارەکانیـدا کەللـە رەق بـێ بـەڵکو دەبـێ هەمیـشە بڕیارەکانی نەرمونیانی تاکو لەگەڵ رێڕەوی گۆڕانکاریەکاندا بتـوانن هەڵسوکەوت بکەن هەر چەندە جاری وایە هەندێ توندوتیـژی پێویـستدەکا بەتایبـەتی لەگـەڵ ئەو کەسانەی بەرهەمـدارنین و لـە هـیچ کـات بـەفێرۆدەدەن هەڵبەتـە میللـەتیش ئـەم تونـدو تیژیـەی پـێ خۆشـە بـەبیانووی ئـەوەی کـە سـەرکردە بەرامبـەر بـە خۆشـــی توندوتیـــژی بـــەکاردێنێ دەبـــێ ســـەرکردە خەســـڵەتی تـــاودان و دوورنەکەوتنەوەی لە ئامانجەکان تیـابێ. ئەگـەر هـاتوو سـنووری ئـەو سیاسـەتەی بۆخۆی کێشا لەسەری دەرواو ئەو ئامانجەی بۆخۆی دیاریکردووە، دەبێ دەستی لێ هەڵنەگرێ تا بە ئامانجەکەی دەگا ونابێ رێ بـە ترسـنوك وبودەڵـەکان بـدا پـشتی

لەو کارەی خۆی ساردبکەنەوە بەڵکو هەر کە ڕاستی ئەو کەسانەی بۆ دەرکەوت هەوڵبدا بەزوترین کات لە ناویان بەرێ و دووریان خاتەوە لە خۆی ئەمانە هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا هەن، هەردەم، بێزاری و دڵتەنگی خۆیان دەردەبڕن، نەك هەر لەبەر لاوازی و بوودەڵەیی خۆیان بەڵکو لە داخی ئەو رق و قینەی هەیانە بەرامبەر بە هێزداران. ئەمانە ناتوانن باری خۆیان و ژیانیان چاك بکەن مەگەر هەر بەڕێگای خوار وخێچ و پیس و پۆخڵیانەوە کە ئەمیش پشت بە ویرانکاری دەبەستێ نەك بنیاتکاری.

زۆربەی سەرکردەکان باوەڕیان وایە کە بەرپرسیارێتی زۆر و کاری بەردەوامیان لەسەرە کە جاری وایە وەخت بەشیان ناکا -من بۆ خۆم ئەمەم لە ئەزموونی بواری سەربازیمدا رەچاوکردووە- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە کارانەش ئەوەیە نابێ دڵگیربێت بەڵکو تەنها و تەنها ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدا ئەوەیە پەنا بەرێتەبەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و لەسەرخۆ بۆ دیاریکردنی لایەنەکانی گیروگرفتەکە ئیتر پاش ئەوە بڕیاری خۆی بدا بێ ئەوەی خۆی دڵگران بکات.

ئەوەی زۆر پێویستە بیزانی ئەوەیە کە زۆر هەڵپەی خواردن و خواردنەوە و جگەرەکێشان و چالاکە کۆمەڵایەتیەکانت نەبێ، هەروەها ئەبێ ئەوە بزانی کە خەوتنی رێك و پێك و هێمنانە پێویستن لە ژیانی رۆژانەدا.

من بۆ خۆم ژیانی رۆژانەم بریتی بوو لە کاری بەردەوامی —کاتێ مندالبووم هەموو خوویەکم دابووە وەرزش پاشان پەنام بردە بەرکاری بەردەوامی پاش ئەوەی چوومە قۆناغی پیاوەتیەوە- تاقەشتێ کە زۆر پابەندی بووم زوو خەوتن بوو، نەمهێشتوە دوای سەعات 9 . 30 ئێوارانە کەس سەرو دڵم بگرێ تەنانەت لە کاتی گەرمەی شەڕیشدابووبێ.

لەبیرمە مانگی مایۆی ساڵی 1940بوو یەکێ لەو ئەفسەرانەم لە دەستەی سەرکردایەتی لە نیوەشەودا خەبەری کردمەوە بۆ ئەوەی پێم بڵێ ئەڵمانەکان ناوچەی (لوفان) یان داگیرکردوە، منیش ئاگادارم کردەوە کە بە ئامرلیوا کەت

بلّیٚ بـەرەنگاری هێرشـەکە ببێتـەوە و لـە ناوچـەکە دەریانکاو ئـیتر جارێکی تـر دووبارە سەرنەکەنەوە سەرم و چوومەوە یەکسەر خەوتمەوە.

ژەنەراڵ (دیگوڵ) لەبەشە تایبەتەکەی خۆی لە ناو کۆشکیی (ئەلیزیە) لە پاریس هەر لە سەعات (9) ئێوارەوە ئەچێتە بەشەکەی خۆی وڕیٚ نادا کەس سەرو دڵی بگریٚ تاکو بتوانیٚ کاتی خۆی تەرخان دەکا بۆ گیروگرفتەکانی دەوڵەت ئەوەیش باش دەزانیٚ کە پێویستە سەرکردە لە گیروگرفت بگا و ئینجا بگاتە بڕیارێک، ناشکریٚ بڕیارێکی راست دەربکا مەگەر ئەو سەرکردە یە بێت مەسەلەکان بە باشی کێشانە بکات وابیٚ هەموو هۆکارە جیاوازەکان بخاتە بەر دەست کە کار لە گیروگرفتەکە دەکەن ئەمەیش دیارە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی لە سەرخۆ هەیە.

نموونەی سەرکردەی وا وەك ئەو پزیشکە وایە کە ئەرکەکە بەوە دەست پیٚ دەکا لەپێشا دەبیٚ نەخۆشیەکە دیاری بکا پاشان دەرمانەکە دیاری دەکا لەو خووڕەوشتە باشانە ئەوەیە کە لەناوجێگادابی و پێش ئەوەی بخەویٚ خۆت بە خوێندنەوەوە خەریکبکەیت بەمەرجیٚ لەو بابەتانە بخوێنێتەوە کە پەیوەندی بە کاری رۆژانەتەوە نەبیٚ، بۆ نموونە باشتر وایە کتیبی ئاینی و ئەدەبی یا چیرۆکێکی باش بخوێنیتەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەو یارمەتیانەیە کە زۆرجار ژنان پێشکەش بە مێردەمەزنەکانیان دەکەن، دەبنە مایەی ئاسانکاری بۆ پیاوەکانیان، لەو باوەڕەدام زۆر لەوانەی لە ژیاندا ماون ئەم کتێبەی من دەخوێننەوە لەوانە (ماوتسی تۆنگ) کە بۆخۆی لە لێدوانێکیدا لەگەڵما ئاماژەی بۆ ئەم خاڵەکرد هەندیٚ لە پیاوانی ناو کۆمەڵ لە ژیانی هاوسەریدا شکستیان هێناوە چونکە نەیانتوانیوە بەشیٚ لە کاتی خۆیان تەرخان بکەن لەگەڵ ژن و منداڵەکانیان پێکەوە بەسەربەرن دیارە ئەگەر هاتوو ژنەکە لە سەرەتای تەمەنیدا بیٚ و بڕیٚ جوانیش بیٚ پێویستە پیاوەکەی وەختێکی زۆرتری بۆ تەرخان بکا کە پێکەوە ژیانی تیا

بەسەربەرن، ئەگەر پیاو بەشێ لە کاتی خۆی لە ژنەکەی بدزێتەوە لە ئەنجاما تووشی نەهامەتی دەبێ و نموونەش لەسەر ئەمە زۆرە! کاتێ پێشەکی ئەم کتێبەم دەنووسیەوە باسم لەوەکرد کە ئامانجم ئەوەیە بگەڕێم بەدوای ئەو پیاوەدا کە بتوانێ کارو پایەی خۆی لە ئاستی لووتکەدا بخاتە کار بۆ خزمەتی هاوولاتیانی دەبێ ئەو چەمکەیش لای خوێنەر ئاشکرابێ کە پیاو دەبێ هەندێ خەسڵەتی تایبەتی هەبێ گرنگترینیان ئەمانەن:

باوەڕی قووڵ و توند و ئازایەتی، هەروەها سووربوون لەسەر پەرەنسیبەکان، دڵسۆزی و ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووداوەکان و زاڵبوون بەسەریا پاشان سەرکەوتنیش بەسەریا، ئەمە جگەلەوەی دەبێ بە قووڵی لەسروشتی ئادەمیزاد بگا و بزانێ چ هەست و نەستێ لە دڵ و دەروونیا پەنگی خواردۆتەوە.

تێگەیشتنی راستەقینەش کە لەسەر بناغەی واقع و دەربڕینی راشکاوانەی بیروڕادا بنیات نراوە دەبێ کاری لەسەربکرێ، دەبێ لە هەموو گرێ و گۆڵێکی سۆزداری دوورکەوینەوە، ئەگەر سەرکردە گومانی لەوەکرد کە ئەوانەی یاریدەرین و یارمەتی دەدەن کەسانێکن راستگۆنین و لایەنگری راستەقینەی نابن دەبێ سەرکردە لەم حاڵەتەدا ئەم پرسیارە لەخۆی بکا-باشە من دەتوانم لەگەڵ ئەم چەشنە پیاوانە بچمە ناو دارستانەوە؟!.

لەو باوەڕەدام ئەو چوار پیاوەی لەم بەشەدا باسم کردن مەزنترین سەرکردەی نیشتیمانین کە ئەم خەسڵەتانەیان تێدابێ ئەوانیش (دیگۆل) (تیتۆ) و (نەهرۆ)و (ماوتسی تۆنگ)ن.

ئەگەر دوا بژارم بۆ دەست نیشانکەن ئایا دەتوانم لەگەڵ هەر یەك لەمانە بچمە ناو دارستان ئەوا بێ سێ و دوو متمانەی خۆمیان پێ دەبەخشم و دەچم لەگەڵیان.

## ئەگەر بابەتی سەرکردایەتی لە تاقە ڕستەیەکدا چڕ بکەمەوە ئەوە دەڵێم:

سەرکردایەتی لە سەرەتا و لە کۆتاییدا هونەرە جگە لەوەی توانای یەکلایی کردنەوەی کارەکانی دەبێ و لە سروشتی ئادەمیزاد دەگا. سەرکردە دەتوانێ هەلویست وردکاتەوە و بە باشی لەوە بگات چۆن بڕیاردەدا و لەکات و ساتی خۆیدا جێبەجێیان دەکا هەروەها دەبێ لەگەڵ خۆیا راست و روون بێ و دەبێ ئەوەی لە مێشك و دڵیایەتی بە ئاسانی و رەوانی دەریان بڕێ. رەنگە هەندێ بەوە تاوانبارم بکەن کە من لەم کتێبەدا زۆر لەم بارەیەوە ئەم قسانە دووبارە دەکەمەوە دیارە لەسەر هەقیشن ئەوەم بدەنە پاڵ.

جارێکیان (ونستون چەرچڵ) پێی وتم شتێك ئەگەر بزانی راستە هیچ زیانێکی تیانییە ئەگەر جارێك و چەند جارێك دووبارەی کەیتەوە هەر ئەو چیرۆکی ئەو وتاربێژە قوولە رەشەم دێنێتەوە یاد کە چووبووەسەر ئاینی عیسایی و زۆر لە هاوڕەگەزەکانی خۆشیی بەورییەدا بردبوو لییان پرسیبوو بە چی لەم کارەتا بەلای سەردەکەوی، لەو وەلاما وتویەتی:"باسی چیرۆکی دێرین و هەواڵەکانیان بۆ دەگێرمەوە پاشان هەمان شت دووبارە دەکەمەوە، ئینجا دێم داوایان لێ دەکەم ئەوەم بۆ بگێرنەوە کە بۆم باسکردوون ئیتر دێمەوە جارێکیتر ئەوە دەگێرمەوە تا دڵنیابم لەوەی بە تەواوی لە مەبەستەکەم گەیشتوون".

منیش ئەمە پوختەی بیروڕامە لەسەر بابەتی سەرکردایەتی، بەشێکی تری ماوە ئەویش کۆتاییە.

## بەشی دوانزەهەم
## (کۆتایی – لە باخچەکەمدا)

لەم کتێبە بوومەوە و هەرچی بیرو بۆچوونم هەبوو سەبارەت بە سەرکردایەتی هەمووم نووسینەوە هیچم بۆ نەمایەوە تەنها ئەوە نەبێ کە بەشەکانی بخوێنمەوەو بە هەڵەکانیدا بچمەوە وڕاستیان بکەمەوە و ئەم دوابەشەی بخەمە سەر کە کۆتایی یە. ئیتر رۆژێکی دەمەو عەسری هاوین بوو بەرەو باخچەکەی خۆم دەچووم ، کەشوهەوا گەرم بوو بیرم لەوە دەکردەوە رێگایەك بدۆزمەوە کۆتایی ئەم کۆتاییەی لەسەر بنووسم، بەو ئومێدەی ئیلهامێکم بۆ بێ هەر وەکو پێشتر بۆم دەهات، من باخچەکەی خۆمم خۆشدەوێ، زۆر خزمەتم کردووە، پێشتر پارچە زەویەکی چۆڵانی و پڕ لە گژوگیایی دەشتی بوو، ئەوەندە خزمەتم کرد تا گەیاندم بەم شێوە جوانەی کە ئێستا بە گوڵ و گوڵزاری رەنگاو رەنگ رازاوەتەوە سێبەری لق وپۆپی درەختەکانی بەسەر جۆگەلەی ئاوەکەدا پەرژ و بڵاوبوونەتەوە.

ئەو عەسرە هێشتا دنیا گەرم بوو پیاوم ئەویست خۆی بگرێ و خەونەیباتەوە.

لەو کاتەدا بیرم لە ئامۆژگارییەکانی باوکم دەکردەوە و پڕ بە دڵ حەزم دەکرد ئێستا لە ژیاندا بوایە و ڕێیەکی نیشان دامایە تا ئەم کۆتاییەی پێ بنووسم.

لەپڕ هاتە بەرچاو.. بەڵێ خۆی بوو... بینیم لە قەراغی جۆگەلەکەدا و لە تەنیشت حەوزی گوڵە سوور و سپیەکان وەستاوە.

لە سەرەتای ژیانمدا زۆرم خۆش دەویست بەڕادەیەك لە ریزی پیاو چاکانم دادەنا. ئەوەتا ئێستا لەناو باخچەکەمدا وەستاوە لە جێی خۆم راست بوومەوە

رووم تێکرد پڕ بە دڵ حەزم دەکرد قسەی لەگەڵا بکەم تۆ بڵێی قسەم لەگەڵدا بکات؟.

سیمای هێمنی و ئاشتی لە رووخساری دەباری، هەمان ئەو جلوبەرگانەی لەبەردابوو کە زۆرجار دەیپۆشین کاتێ بەپێیان رووی دەکردە گردۆڵکەکانی (دەنگاڵ) یا کەجار جارە دەچوو بۆ راوە ماسی، دەستێ جلی بۆری لەبەردابوو دار عەسایەکیشی بەدەستەوەبوو لەوەی شوانەکان دەیگرن بە دەستەوە.

نەمویست لەوە زیاتر لێی نزیك بمەوە، چونکە زەویەکی پیرۆز لە نێوانماندابوو، پاشان سەیرێکی کردم و وتی:"باخچەیەکی جوانت هەیە، جیایە لەو باخچانەی ماڵە کۆنەکانی ئیرلەندامان، ئەمیان زیاتر رێکوپێکە تۆ لە ژیانتا هەمیشە لە خورەوشت و بیر و هزرتا پەیرەوی کاری سیستەمیت کردووە و هەر ئەمەیش بوو یارمەتی دای لە ژیانی سەربازیتا سەرکەوتووبی هەمیشە وەکو دوا رۆژێکی سەربازی چاودێریمکردوی قەت بیرم بەلای ئەوەدا نەدەچوو رۆژێ لە رۆژان لە کڵێسە نزیك بیتەوە هیچ پەشیمان نیم لەم کارەت بەراستی رێیەکی باشت هەڵبژاردوە، لە پلەوپایەتا گەیشتویتەتە ئاستێکی باڵا، ئایا هەمیشە لە کارەکانتا بەختەوەریت؟

"بەڵێ باوکە زۆر بەختەوەرم، بەڵام هەندێجار کارەکان بە قورسی دەهاتنە پێش، فێری ئەوەبووم کە ئەو کەسەی لە بواری سەربازیدا بیەوێ ناوبانگ دەربکا، زۆر کەس بە هەڵە تێی دەگەن، بەڵام نابێ گوێبداتە ئەوانە ئەگەر کار بگاتە ئەوەی لەووزەو تواناشی بەدەربێ. هەمیشە هەوڵمداوە بەئەرکی خۆم هەڵسم، قەت لەوە نەترساوم بە ئاشکرا ڕای خۆم بخەمە روو ئەگەر زانی بێتم لەسەر ڕاستی و هەقم. هەمیشە لەسەر باوەڕی خۆم پێم دادەگرت هەر چەندە زۆرجار تووشی گیروگرفت دەهاتم لەو رییەدا."

"ئەزانم کوڕم... جاری وابوو ساتە وەختی پرسینەوە دەهاتە پێش کە ئایا لە تواناتایە بەسەر ئەو کۆسپانەدا سەربکەوی کە دەهاتنە رێت بەڵام هەمیشە بە

زەبری ئیمانی قووڵت سەر دەکەوتی، من زۆر شانازییت پێوەدەکەم دڵنیاشم و دەشزانم تۆش شانازی بە کوڕەکەتەوە بکەیت. ئەمەش دیارە خۆشی و ئاسوودەیی دەخاتە دڵمەوە.

ئومیدەوارم نەوەکانیشت بەردەوامبن لە پاراستنی ئەم داب و نەریتەی خێزانەکەمان و ئەرك و کاریان بە باشی بەڕیوەبەرن".

پیاوە پیرەکە سەرنجێکی تێبڕیم وەك نیازی وابێ بڕوا، هەنگاوێکم بۆ ناو وتم:"بابە.. دەکرێ کەمێکی تر لام بمێنیتەوە و برێ باسی دنیای لای خۆتانم بۆ بکەی و هەندێ ئامۆژگاریم بکەیت و دەست بدەیتە باڵم بۆ ئەم چەند ساڵەی تەمەنم لە ژیانی ئەمرۆمدا سوودی لێوەربگرم".

رووی بەلاما وەرچەرخاندو وتی:" کوڕم ... مۆڵەتی ئەوەم نییە زۆر بمێنمەوە، ئەتوانم بڵێم ئەمڕۆ باسێکی زۆر لەسەر ئازادی دەکرێ، بەڵام ئازادی هەرەباش و تاقانە ئازادی هەڵبژاردنە لە نێوان چاکەوخراپەدا، کوڕم کاتێ ئەم دنیایەی ئێوە شیی دەکەمەوە زۆر هەست بە پەشێوی نەوەی دوارۆژتان دەکەم، ئەوان تووشی گەلێ بابەتی کاریگەری دەبن کە من وتۆ تووشی نەهاتووین، ئەوان زوو پێدەگەن و ئەم پێگەیشتنەش لەم جیهانە پەشێوەدا وایان لێدەکا هەموو مەیلێکیان بەرەو ژیانی دنیایی تەرخانبکەن و لە بەها رۆحیەکان دوورکەونەوە، من وادەبینم کە دەبێ هەمیشە وابیربکەنەوە کە ئەرکیان لەم جیهانەدا هەر ئەوەنییە شت فێربن بەڵکو دەبێ ئەوەشی فێری دەبن بیخەنەگەڕ بۆ خزمەتکردنی خەڵکی، دەبێ دەرك بەوە بکەن کە ژیان هەوڵوکۆششە و پڕە لە گیروگرفت و ئازار بۆیە پابەندبوون بە بەها رۆحیەکان تاقە ریگایەکە بۆ ڕزگارکردنیان. جارێکیان گوێم لێتبوو دەتووت:

ئازادی ڕاستەقینە لە وەدایە کە مرۆڤ ئازادبێ لەوەی کاری ڕاست بکا نەك ئارەزووی لەو کارەدا خەرج بکا. بێگومان ئەمە قسەیەکی راستە گەورەترین کێشە کە ئەمڕۆ لاوان بە دەستیەوە دەناڵێنێ ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان

ئەوەدابکا کە حەزی پێ دەکا لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە خۆی کارێك بکا کە دڵو هەستی دەیەوێ، ئەویش لە توانایدا بێ لەو دوانـە یـەکێکیان هەڵبـژێرێ و خـۆی دوا بڕیاری لەسەربدا.

ئەمـەیش وای دەوێ بـۆ ئـەوەی بڕیـاری لەسـەربدا دەبـێ دەسـت بـە ئاینـەوە بگرێو گوێ لە ئامۆژگاری کەسانی وەك تۆ بگرێ. چـەند بەختـەوەرم ببیـنم زۆر لـە کـاتی خـۆت تـەرخان بکـەیت بـۆ یارمـەتی دانـی لاوان، لەسـەر ئـەم رێیـەت بەردەوام بە چونکە ئەوان زۆر پێویستیان بە یارمەتی تۆ هەیە لەم کاتەدا".

کابرا پیرەکە کەمێ بێ دەنگ بوو پاشان چاوێکی بەماڵەکەدا گێڕاو وتی:

"ماڵێکی جوانت هەیە... ئەتوانم سەیرێکی ناوەوەی بکەم و وێنەی بنەماڵەکە ببینم؟ ئێستا ئەبێ بڕۆم و بەجێت بهێڵم... کوڕم خوا پاڵپشتت بـێ"، ویـستم دوا پرسـیاری لێ بکـەم، پرسـیارێکی گـرنگم لـەو کاتـەدا بـەبیرداهات هـاوارمکرد و وتم:"بابـە... هـەر وەڵامـی ئـەم پرسـیارەم بـدەرەوە... (بیتـی) خۆشەویـستم لـە کوێیە، ئایا لەناو ئەم باخچەیەدایە؟"

بزەیــەك گرتــی پــێش ئــەوەی بــەناو راڕەوەکــەدا بــڕوا لــەژێر گــەڵاکانی (لاڤەنــدەر)دا بــەرەو دەرگــای دەرەوەی ماڵــەوە و پاشــان لــەو دیــو یــەکێ لــە درەختەکان لەچاو وونبوو.

لـەم کاتـەدا هەسـتمکرد شـتێ لـەناو باخـچەکەدا روویـداوە و دەبوایـە وریـابم، لەپڕ کزەبایەکی سووك هەڵیکرد و پاشان دەنگە دەنگ و هات و هاوارێك لە نێوان گەڵای درەختەکانەوەهات، هیچ لە دەنگی گەڵای درەخت نەدەچوو کـاتێ کـە (بـا) یەك هەڵدەکا بـەلایا، بـەڵام رووداوەکـە زیـاتر لـە کـرداری مـرۆڤ دەچـوو، یـان لـە چرپەی تایبەتی ئەوان دەچوو.

وام هەستدەکرد کـە تارمـایی هەنـدێ کـەس دەبیـنم تارماییـەك کـە زیـاتر لـە سێبەر دەچوو نەمتوانی بە تەواوی لە یەکیان جیابکەمەوە.

دەبێ ژنە ئازیزەکەم (بیتی)بێ لەناو باخچەکەدا بەناو ڕێڕەوە پڕ گژوگیاکاندا ڕامدەکرد کە حەوزی گوڵەکانی لە یەکتر جیاجیاکردبۆوە بەلای قەراخی رووبارەکەدا و لە ناو بیستانەکانی سێوەکاندا غارم دەدا بەڵام هیچم نەدیت، هەستم کرد دەبێ برێ چاوەڕێ بکەم.

پاشان بێدەنگیەکی ترسناك باڵی کێشا بەسەر ئەو شوێنەدا کپیەیەکی وەها کە خۆی بەسەر شوێنەکەدا سەپاندبوو، ئیتر جگە لە گەڵاو درەختەکان هیچی ترم نەدەدی. لە سەرەتادا بەختەوەرنەبووم بەڵام لە پڕ هاتمەوە سەر دۆخی جارانم و خۆشی و بەختەوەریم بۆ گەڕایەوە کاتێ تێگەیشتم کە پێویستە لە ژیانمانا پشت بە باوەڕ ببەستین، باوەرهێنان بە ئێستامان و بەو کاتانەی تێیدا دەژین و پێش ئەوەی بەرەو دنیای تر هەنگاو بنێین.

لە خەونێکی خۆش بە ئاگاهاتم.. سەرنج بدە، تومەزە لە خەونێکی خۆشدا بووم بەڵام زۆر بەختەوەر بووم و ئاواتەخوازبووم کە خەونێکی وەها تێکەڵ بە یادەوەری باوکم بووبێ کە من لە ژیانمدا دەمپەرست، ئومێدی ئەوەم دەخواست کە ئەم هێزێکی وەهام پێ ببەخشێ بۆ پاشماوەی تەمەنم.

چوومەوە ژوورەکەی خۆم و دەستم کرد بە نووسینەوەی ئەم بابەتە بۆ (کۆتایی) کتێبەکەم.